دیوانی عەونی

دیوانی عەونی

چاپی یەکەم ـ ١٩٩٧

دیوانی عەونی

* چاپی یەکەم سالّی ١٩٩٧ ـ هەولێر

* وێنەی بەرگ : گرفتار کاکەیی

* خۆشنووسی بەرگ: زادە

* پیت لێدانی: سلێمان ئاژگەیی

* هونەرکاری: شکار نەقشەبەندی

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

پێڕست

- پێشەکی
- ژیانی عەونی لە چەند دێرێکدا
- شیعری دڵداری
- شیعری کوردایەتی
- سۆزی دەروون
- وەسف
- پێنج خشتەکی
- چوارینەکان
- خەیام
- مەتەڵ
- تاکە شیعر
- پەخشان

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز، هەر کەسێکی مێژووی ئەم چەند سەدەیەی دوایی شاری کۆیە بخوێنێتەوەو، لەباری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی ئەو مەڵبەندە زیندووەی ئەدەب و هونەری کوردستانی باشوور ورد بێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کۆیە شاری ئەدەبیات و جەرگەی هەست و نەستی نەتەوایەتی و خەباتی نیشتمانیی کورد و شوێنێکی ستراتیژی بازرگانی نێوانی شارە گەورەکانی کوردستانی خواروو و کوردستانی ڕۆژهەلات بووە.

شارێکی گەلێک بەهات وبات و زیندوو بووە، بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەمەوە بەدەیان کەسی کۆمەلایەتی ناودارو شاعیری مەزنی وەکو قاصیدو حاجی قادری کۆیی و ئەمین ئاغای ئەختەرو کەیفی و حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە و حەزینە و نیهانی و مەنفی و مەلای گەورەو حوسەینی لێ هەڵکەوتووەو، لە بواری شیعرو ئەدەبیات و هونەر پەنجەی لە پەنجەی شارە مەزنەکانی دیکەی کوردستان داوەو، ئەو شاعیرانەش دەورێکی پێشڕەوانەو بالایان لە هۆشیار کردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی میللەتی کورددا گێڕاوە.

ئەگەر سەدەی نۆزدەم ئەو شاعیرە گەورەو ناودارانەی بۆ پەروەردە کردبین، ئەوا ئەم سەدەیەشمان، گەلێک شاعیری بەهرەداری هۆشیار و لێ هاتووی دیکەی وەکو عاصی و دلاوەر و زەکی هەناری و سامی عەودال و ڕۆستەم و عەونی و مەیلی و دلدار و دلزارو دەستەیەک لە شاعیری بەهرەداری دیکەی لێ پەروەردە بووەو هەر یەکەیان دەوری شیاوی خۆی لە مەیدانی شیعری کوردی و خزمەتگوزاریی نەتەوەی کورد بینیوە.

عەونی لەناو ئەو دەستە شاعیرە لێ هاتووەی کورد وەک شاعیرێکی بەتوانای کاروانی شیعری دلداری و نیشتمان پەروەریی لە ناوەڕاستی سی یەکانەوە تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٩٢دا دەورێکی دیاری لەو کاروانە ئەدەبی یەی کوردیدا نواندو، هۆنراوەی بەپێزو جوان و ناسکی لە غەزەلی کوردی و شیعری کوردایەتی پێشکەش بەنەتەوەی کورد کرد و جێ یەکی بەرزی لەناو دل ودەروونی ڕۆلەکانی میللەتەکەی بۆ خۆی کردەوە و ناوی شیرینی و هۆنراوە پڕ سۆزەکانی تا هەتایە بە نەمریی لەسەر ڕووپەڕی مێژووی ئەدەبی کوردی مانەوە.

عەونی شاعیری کورد:ـ

عەونی لەسەرەتای سییەکانەوە وەک شاگردێکی قوتابخانە شیعری یەکەی نالی و، وەک شاعیرێکی هەست ناسکی ڕێبازە نەتەوەییەکەی حاجی قادری کۆیی سەری هەلداو لە سالی (١٩٣٥)ەوە دەست وبازووی شاعیرێتی بەتەواوی بەهێزبوو، هۆنراوەی پتەوی بلاوکردەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە، لەلای مەلاو موستەعیدەکان و شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی وەکو حوسەینی و صافی و مەلا محەمەدی دلاوەر و عاصی چاوی بە هۆنراوە دەسنووسەکانی شاعیری مەزنی کورد (نالی) دەکەوت و، لەبەری دەکردن و هەولی دەدا هۆنراوی لە ئاستی ئەوانە دابنێ. لە دواییشدا لە(کۆمەلە شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی) ی سالی ١٩٢٥ی ئاورەحمان سەعید، ئاشنای شیعرە نیشتمانییەکانی ئەو کەلە شاعیرە کوردە

کەریم شارەزا

بوو و، کەوتە سەر شیعری نەتەوەیی و نیشتمانیی دانان.

بەم جۆرە دەبینین عەونی شاعیری بەهرەدارمان کەوتە بەر کاریگەریی هۆنراوەکانی ئەو دوو شاعیرە مەزنەی کورد نالی و حاجی و ڕێبازێکی دوو ڕێچکەیی گرتە بەر، لە غەزەلدا قوتابییەکی زیرەکی نالی بوو، هەردەم بەدوای وردەکاری ڕەوانبێژیی و شیعری پتەودا دەگەڕاو، لەشیعری نیشتمانیشدا شاگردێکی هوشیاری ڕێبازە نەتەوەییەکەی حاجی قادر بوو و، بەدوای هەست و سۆزی کوردایەتیدا وێڵ بوو، هەردوو ڕێچکەکەی وەکو دوو هێڵی تەریبی گرتەبەرو سەرکەوتن و داهێنانی لە هەردوو جۆر وەدەست هێناون و هۆنراوەی جوان و پتەوی پێشکەش بە شیعر دۆستانی نەتەوەکەی کرد.

عەونی و شیعری دڵداری:ـ

وەک لەمەو بەر گوتمان عەونی لەسەرەتای شاعیریتیدا پتر پەیڕەوی شیعرە نایابەکانی نالی دەکرد و هەر غەزەلەکانی ئەو کەڵە شاعیرەش بوون بەرەو جیهانی شیعریان ڕاکێش کردوو، بۆ وەراست گەڕانی ئەم ڕایەشمان با کەمێک لەم هۆنراوە کۆنەی ورد ببینەوە، تاکو بزانین تا چ ڕادەیەک گەوهەری وردەکاریی لەدەریای شیعرەکانی ئەو شاعیرە مەزنەی کورد هەڵێنجاوە و چۆن وەستایانە لە غەزالەکانیدا بەکاری هێناون، هەروەک دەڵێ:ـ

لەم کولبەیی ئەحزانە عەشقی صەنەمێکم بوو
لەم چۆڵ و بیابانە، باخی ئیرەمێکم بوو
ئەی دڵ بەخەتا تاکەی مایل بەخەتاکاریی؟
دوێنێکە دەمێکم بوو، ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو!!

ئەگەر بەکەمێک ورد بوونەوە سەیری دێری دووەمی شیعرەکەی شاعیرمان بکەین، دەبینین بە ئاشکرا تارمایی شاعیریەتی نالی بەسەرەوەیە، هەروەکو ئەو دەیەوێ یاری بە وشەی شیعریی یەوە بکات و وردەکاریی ڕەوانبێـژیی بنوێنێ، هەروەک لە نێوانی وشەکانی (دەمێکم) و(نەدەمێکم)دا کردوویەتی و جۆرە ڕەگەز دۆزیی یەکی پێکەوە ناوە و چونکە وشەی (دەمێکم) مانای (کاتێکم) یا(سەردەمێکم) دەدات و وشەی (نەدەمێکم)یش بە مانای پەشیمانی دێت و خۆی لەم تاکە دێرە شیعرەی نالی نزیک دەکاتەوە کە دەڵێ:ـ

دوێنێ چ بوو دەت دا بەزوبان لافی کەرامەت
ئەمڕۆ نەدەمت بوو، نەدەمت بوو، نەدەمت بوو!

وشە ئارایییەکەی نالی لە وشەکانی (نەدەم) و(دەم)دا دەردەکەوێ کە (نەدەم)ی یەکەم بە مانای پەشیمانی و (دەم)ی دووەم بە لابردنی ئامرازی نەرێ ی(نە) بەمانای دەمی قسە کردن و (دەم)ی سێ یەمیش بەمانای هەناسە دێت(١).

عەونی دوای ئەم سەرەتایە سەرکەوتووەی هۆنراوەکەی لەسەر هەمان تام و بۆی شیعرە پڕ وردە کارییەکەی نالی چەند دێرێکی دیکەمان پێشکەش دەکات و دەڵێ:ـ

بێ هەمدەم و هەمتا مام بۆ خلوەتی تەنیایی
بۆ مونیس و ئەحزانی گوڵ غونچە دەمێکم بوو
ئاخیر فەلەکی بەدکار دووچاری غەمی کردم،
جاری لە خەوا وەصلی لەب، جامی جەمێکم بوو

دەبینین عەونی شاعیری لێ هاتوومان، نالی ئاسا وردەکاریی ڕەوانبێژیی لە وشەکانی (دەم)و (جەم)ی (دەمێکم) و(جەمێکم)دا دەکات و هونەرێکی جوان پێکەوە دەنێ.

ئەگەر بە دوای تارمایی شیعری شاعیری دیکەی کورد لە هۆنراوەکانی عەونی دا بگەڕێین، ئەوا دەتوانین تارمایی یەکی سووکی شیعرێکی مەحوی لەم نموونە شیعرەیدا دەسنیشان بکەین کە دەڵێ:ـ

هەر دەڕۆین و پێ ناگەین
هەر دەڵێین و تێ ناگەین

هەست دەکەین ئەم دێرە شیعرەی عەونی کە لە هۆنراوەیەکی درێژدا قرتێنراوە، تارمایی ئەم دێرە شیعرەی مەحوی بەسەرەوەیە کە دەڵێ:ـ

هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێم وتێ ناگەم،

هەر جوست و جۆمە، کەچی هەر دەڕۆم و پێ ناگەم(٢)

ئەمانە خستمانە ڕوو نموونەی شیعری شیعری سەرەتای شیعردانانی شاعیر بوون، هەوڵدانێک بوون بە دوای دەنگی تایبەتی پەیدا کردن و، لە ئەنجامدا ئەو دەنگەی بۆ خۆی خولقاندووەو، بووەتە شاعیرێکی بە دەستەڵات و توانا.

بەڵام لەیەکەم هەنگاویدا هەندێ جار وشەی ناوچەیی بەکار هێناوەو بە تەواوەتی خۆی بەزمانی ئەدەبی یەکگرتووی قوتابخانە شیعرییەکەی نالی نەبەستۆتەوە. بۆ نموونە: لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی (هات فەسڵی گوڵان) ئەمەی کردووە و چووە وشەی (کێ)ی ئامرازی پرسیار بۆ دیارخستنی شوێنی لە جیاتی وشەی (کوێ)ی بەکار هێناوەو دەڵێ:-

هات فەسڵی گوڵان، بولبولی دێوانە لەکێ یە؟
شەو ڕۆیی ئەدی عاشقی جانانە لە کێ یە؟
مەستم بەهەوای عەنبەری دوو زوڵفی سیاهت
بۆیی سەمەن و سونبول و ڕەیحانە لە کێ یە؟!

ئەگەر لە جیاتی (کێ یە) وشەی (کوێ یە) دابنێین مانای شیعرەکان جوانترو تەواتر دەردەکەوێ، بەڵام لەلایەنی مۆسیقایی کێشی شیعرەکانەوە تارمایی جۆرە گرانییەکی بۆ پەیدا دەکات و، هەرچەند شاعیر وەک خۆی دەی درکاند هەر وشەی (کێ)ی پێ سووکتر بووە لە چاو (کوێ). بەڵام دەبوایە شیعرەکانی وا دارشتبایە کە (کوێ یە) ببوایە سەروا، چونکە بۆ پرسیار کردنە لە شوێن نەک کەس!

دوای ئەو قۆناغەی شاعیری پەتی، شاعیری بەهرەدارمان دەست و بازووی داهێنانی شیعری باش بەهێز دەبێ و دەکەوێتە سەر هۆنینەوەی شیعری پتەویدا، کە وردە وردە لە دەنگی نالی دوور بکەوێتەوە و دەنگی ڕەسەنی خۆی بە شێوەیەکی هونەریی دەربڕێ و لەوشەی ناوچەیی خۆی لابدات و لە فەرهەنگی وشەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کرمانجی خوارووکەرەستەی جوان و ڕازاوە هەڵ دەهێنجێ، هەروەک لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێ. شاعیر لە هۆنراوەیەکی دڵداریدا دەڵێ:-

وەرە مەی گێڕ ئەتۆ بۆم تێکە کەم کەم
مەزەی مەستی منی ماچێکی دەم دەم
بەچاوی تۆ ئەگەر تۆم ئاشنا بی
لەگەڵ خەم ئاشنا نابم هەتا هەم
لە پەروانە ئەمن زووتر دەسووتێم،
بەراورد ناکرێ ڕووی تۆ لەگەڵ شەم!

بەم جۆرە شاعیری لێ هاتوومان هۆنراوە پتەوەکەی دادەڕێژێ و لە کۆتاییدا دەڵێ:-

لەئاسک سلترە ئەم شۆخە (عەونی)
دڵم نایە، دڵی بشکێ بە ئاستەم!!

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دڵداری دیکەیدا بە جۆرێکی نوێ لە زوڵفی یارەکەیەوە دەدوێ، کە چۆن جاران درێژو بەلوول بوو، کەچی ئێستاکە لەبەر مۆدەی سەردەم هەڵپاچرا و لەم بارەیەوە دەڵێ:-

جاری جاران پرچ و زوڵفی دولبەران
وەک حەشارگەو لانەیەک بوون بۆ دڵان
گەریتۆریت دڵ پەنا بۆ کوێ ببات
ئێستە پرچی لوول نەمان هەڵپاچران!

ئنجا شاعیر دەیەوێ ئەو دڵەی لە گوڵزاردا نیشتەجێ بێ و بۆ خۆی لانەیەک لەسەر چڵ و پۆپی گوڵان دروست بکات و، وەک بولبل لەباغان شیوەن بکات و بزانێ کچی شۆخی ڕوومەت گوڵ بەرامبەری دڵ ڕەقن و دەڵێ:-

یا لەگوڵزارێ ببێتە نیشتەجێ
لانەیەک سازکا لەسەر پۆپی چڵان
بولبول ئاسا با بکا شیوەن لە باخ

بابزانێ دڵ ڕەقن ڕوومەت گوڵان

لە هۆنراوەیەکی دڵداری دیکەیدا بە هەمان کێشی ١١ بڕگەیی و دەربڕینی سادەو ناسک، بەناو نیشانی (وەکو قومری) وێنەی شیعریی جوان ورازاوەمان پێشکەش دەکات و دەڵێ:ـ

وەکو قومری لەباخ و جۆیباران
لەبۆ سەروی قەدی شاهی نیگاران
دەڕێژم ئەشکی چاوم عەینی باران
دەناڵێنم لە عەشقی گوڵ عوزاران
وەکو بولبول لە چڵ فەسڵی بەهاران

دوای ئەم سەرەتا سەرکەوتووەی هۆنراوەکەی، شاعیر بەردەوام دەبێ لەسەر دەربڕینی باری گرفتاری لە پێناوی بەژن و باڵاسەرو ـ ینەکەی ئەو یارە شۆخەی و لە پێنج خشتەکی یەکی دیکەیدا دەڵێ:ـ

بەدیەن ڕووت و بێ کەس وەک هەتیوم
وەکو پیرێکی سەد ساڵە ڕزیوم
هەتا مردن دەبێ هەر قوڕ بپێوم
لەژێر باری خەمت من چۆن چەمیوم
بەگەنجی چوومە ڕیزی دەست بەداران!!

شاعیر بەری عەشقی پاکی بۆ کچێکی مەهابادی کە لەساڵانی سی یەکانداماڵیان لە کۆیە بووە و، نموونەیەکی بەرزی جوانی و شۆخ و شەنگی کچی کورد بووە، هۆنراوەیەکی ناسک ونایابی دڵداریی بۆ دادەنێ و، مێژووی دانانی شیعرەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ وبەم جۆرە دەست پێ دەکات و دەڵێ:ـ

لەبەر جەوری کەسێکی کۆیی بێزار بووم بەبێ دادی
فەلەک خستمیە بەردەست چاو جوانێکی مەهابادی!!
کە لێی دام غەمزەیێکی خستمی هەستام وەهام گوت پێ ی
کچی کورد ئافەرین بۆ تۆ کە چالاکی لە صەییادی
گوتی: هەرکەس کە کەوتە بەندوداوی پەرچەمی خاوم
مەحاڵە بەرببێ نابێ بکا قەت بیری ئازادی!

هەر ڕەخنەگرو شیعرناسێکی کورد لەم چەند دێرە شیعرەی عەونی ورد بێتەوە، هەست بە جۆرە نوێ کردنەوەیەکی غەزەلی کوردی دەکات، ئەوەیش لە جۆری دەربڕینی وشەکان و تێکەڵاو کردنی وشەو دەربڕینی نەتەوەیی وەکو (کورد)و(مەهاباد)و (کوردستان) یاخود وشەی سیاسی وەکو (ئازادی) و بە وشەو دەربڕینی عەشق ودڵداری لاوێک بەرامبەر بە کچێکی شۆخ و شەنگی کوردو، شاعیری شیعر ناسکمان لەدوای ئەم دەست پێکردنە جوان و سەرکەوتووە دا لەسەر هۆنراوەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:ـ

لە کوردستان نەبوو سیحروتەلیسم وجادوویی و ئەفسوونی،
لەکوێ فێر بوویی شۆخی و دولبەریی واهێندە ئوستادی؟!
بە شێوەی شیرنی زنجیرەی عەشقی خۆی لە مل کردم
منیش وا لێ براوم بێنمە دی ئاکامی فەرهادی!!

هەر کەسێکی ئەم هۆنراوەیەی عەونی بخوێنێتەوە، جگە لە هەستی ئەڤینی کوڕێکی لاو بۆ کچێکی کوردی شۆخ و شەنگی مەهابادی هەست بە جۆرە سۆزێکی نیشتمانی و نەتەوەیش دەکات، ئەمەیش دیاردەیەکی شیعری نوێ یەو، شاعیرە هاوچەرخەکان بایەخێکێ زۆری پێ دەدەن و بە هیچ جۆرێک خۆشەویستی ئافرەت لە خۆشەویستی گەل و نیشتمانەکەیان جودا ناکەنەوەو، بەیەک مەسەلەی دەزانن.

عەونی نەک هەر لەم هۆنراوەیەیدا جۆشی ئەڤین و هەستی نەتەوایەتی تێکەڵ بە یەکتری دەکات و ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێ دەکاتە ناوەڕۆکێکی تازەو دەیان خاتە ناو چوارچێوەی شیعری نوێی ئەم سەردەمەمان، بەڵکو لە گەلێک شیعری دڵداریی دیکەیشیدا ئەم کارە دەکات بە بەرنامەیەکی هونەریی دیاری کراو بۆ شیعرەکانی. هەروەک لە هۆنراوەیەکیدا بە ناو

نیشانی (جیهانم پشکنیوه) ئەمەی کردووە و دەڵێ:-

جیهانم پشکنیوە
نازدار جوانم زۆر دیوە
بەڵام وەک تۆ نازەنین
نەم دی لەسەر رووی زەمین
نەگوڵی نە هوزاری
جوان و شیرین ڕەفتاری!!

لەدوای ئەم سەرەتایە و دەسنیشان کردنی ئەدگاری جوانی یارەکەی مەسەلەی خۆشەویستی ئافرەت و نیشتمانەکەی دەکاتەوە بەیەک مەسەلەو، ڕوو دەکاتە کچە شۆخەکەو پێی دەڵێ:-

کیژێ تۆم دی وام زانی،
تۆ کچی کوردستانی
ئەگەر ئەوی بەڕاستی
ڕزگار دەبم لە پەستی
نازدارەی ماهـ ڕوخسار
ئەوەی بیست هاتە گوفتار
لەسەرەتا تا ئەنجام
وەهای پێ ووتم وەرام:

ئنجا شاعیر خۆی لە سۆزی دڵداریی ئافرەت دەکێشێتەوەو، دەکەوێتە بواری دەربڕینی هەست و سۆزی نیشتمانی وتێکۆشانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئامانجێکی دیاری کراودا، کە لە یەکگرتنەوەی ریزەکانی ڕۆڵەکانی گەلەکەیەتی و لە کۆتاییدا واقیعێکی تاڵ و ئەنجامێکی ڕەش بینانەمان بۆ دەسنیشان دەکات و دەڵێ:-

من گۆران و تۆ کرمانج
هەردوو بە شوێن یەک ئامانج
هەر دەڕۆین و پێ ناگەین
هەر دەڵێین و تێ ناگەین
شێوەی ئەم گفتوگۆیە
لاوی کورد ڕەنجەڕۆیە !!
نەلەیەک دەگەین
نەبەیەک دەگەین!!

ئێمە لێرەدا دەوەستین و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری سێ دێرە شیعرەکەی دوایی دەکەین و دەڵێین:

ئەگەر لەیەک نەگەیشتین و بەیەک نەگەیشتنی کورد تا ئەم دوایی یەش واقیعێکی تاڵ بووبێ، بەڵام ئایا مەرجە تا سەر هەروابێ ونەگۆڕێ؟!

نابێ مرۆڤ وا ڕەش بینانە سەیری دوا ڕۆژی میللەتەکەی بکات، چونکە گەل و نەتەوە تاکە کەسێک یا دەستەیەک نین تا نا ئومێد ببێت بەڵکو هێزێکی گەورەی لەبن نەهاتووی داهێنەرن و هەر بەرەو پێشەوە دەچن، ڕۆژێک هەر دادی ڕۆڵەکانیان لەیەک تێ بگەن و یەک بگرنەوە.

عەونی و شیعری کوردایەتی:-

عەونی لە سەرەتای شاعیریەتیدا بە شیعری دڵداری چووە ناو دنیای ئەدەبیات، بەڵام زۆری پێ نەچوو هەستی پڕ جۆشی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنا، لە دەرگای شیعری نەتەوەیی ونیشتمانیش بدات. بەتایبەتی لەوکاتەی کە کوردستان لە هەر چوار لاوە، لە تورکیاو ئێران و عێراق و سوریە، لەناوەڕاستی بیستەکان و سەرەتای سییەکانەوە کەوتبووە بەر شاڵاوی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و، شۆڕشەکانی کورد لە هەموو لایەک بە ئاگر و ئاسن دادەمرکێنرانەوەو، ڕۆڵەکانی لەناو دەبران و دەر بەدەر دەکران و بەکار تێکردنی ئەو ڕووداوە جەرگ بڕانە، عەونی شاعیری دڵسۆزی نەتەوەکەی لە ناوەڕاستی سییەکان هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی «ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم» داناوەو لەسەرتاکەیدا دەڵێ:-

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتلوعامی حاکمانی تورکیا وئێران دەکەم
من لە ڕێگای سەربەخۆیی خاک و ڕزگاری گەلم
گیانی خۆم و قەوم و خویشانم هەموو قوربان دەکەم

شاعیر دوای ئەم سەرەتا گەرم گوڕەی هۆنراوەکەی کە دەیەوێ چەک لە دژی دوژمنانی کورد هەڵگرێ و تۆڵەی ڕۆڵە کوژراوەکانی نەتەوەکەی خۆی لە حوکمڕانەکانی تورکیاو ئێران بکاتەوە، بۆیە لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەی گیانی خۆی و کەس وکاروخویشەکانی دەکاتە قوربانی و دەکەوێتە بەڵگە هێنانەوە بۆ ئازایەتی و جەنگاوەریی نەتەوەکەی خۆی و، هەڕەشەش لەو لایەنانە دەکات کە خوێنی کوردیان ڕژاندووە و دەڵێ:ـ

چیم بە ئاشوور کرد لەکاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها
تەخت وبەختی دوژمنانی کورد بەخاک یەکسان دەکەم
هەر کەسێک بێتو لەهەرلا خوێنی کوردی ڕشتبێ
خۆم بە شوێنیدا دەڕۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم

عەونی دیوانەکەی پڕە لە شیعری نیشتمان پەروەریی و نووکی خامەکەی لەگەڵ شکستی یەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەکەی شکستی نەهێناوە بەڵکو بە وردی لەو کارەساتانەوە دواوە وورەی نەوەی نوێی کوردی بەرز کردۆتەوە. هەروەک لەدوای لەناو بردنی کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئێران و لەسێدارە دانی پێشەوای نەمری کورد قازی محەمەد، بڕوای بەوە هەبووە کە میللەتی کورد نامرێ و ڕۆژێکی دادێتەوە هەڵمەت بەرێتەوە سەر دوژمن و تۆڵەی لێ بسێنێتەوە و بە هیچ جۆرێک سێدارە کورد ناترسێنێ و هەر دەبێ گەلی زۆر لێکراو ئازاد بێ و لەهۆنراوەیەکیدا بەناوی (شینی پێشەوا) کە لەسەرەتای مانگی نیسانی ۱۹٤۷دا دایناوە، واتە: چەند ڕۆژێک دوای لەسێدارە دانی پێشەوای کوردو کوژاندنەوەی گڕی ڕووناکی هیوای نەتەوەکەمان بە تێکدانی کۆمارە ساواکەی و بەدڵێکی سووتاوەوە دەڵێ:ـ

لە سی مارتی چل و حەوتا
لەچەپ گەردی چەرخی چەوتا
لە مهاباد لە چوار چرا
داری بێ دادی هەڵکرا!!
ئەو دارەی پێش نیوەی شەوا
وەستا لە ژێریا پێشەوا
گوتی: ئێستا دەڵێم: کوردم
لەڕێ ی ئازادی کورد مردم

دوای ئەم سەرەتایە پڕ لە سۆزی دەروونی کوردە لە بەبیرهێنانەوەی کارەساتی کۆماری مەهاباد بەدەستی ڕژێمی کۆنە پەرستی ئێران لە ناو بردنی پێشەوای کورد، شاعیر دێ وەسفێکی وردی ئەو شەوە پڕ لە خەم و خەفەتەی کوردستان دەکات و دەڵێ:ـ

شەوێکی پڕ تاسەو خەم بوو
لە کوردستانا ماتەم بوو،
شین بوو ڕۆ ڕۆ بوو فریاد بوو
بۆ پێشەوای مەهاباد بوو!
لە مێژووی کورد دا ئەو شەوە
هەتا ئەبەد ناسڕێتەوە!!

شاعیر دوای ئەو کارەساتە جەرگ بڕەش ورە بەرنادات و هێزێکی گیانی بەبەر لاوانی نوێی نەتەوەکەی دا دەکات و دەڵێ:ـ

کورد ناترسێنێ سێدارە،
کرداری دەستی زۆردارە!
هەر دەبێ زۆر دار کەساد بێ
زۆر لێ کراویش ئازاد بێ

کورد دەبێ بۆ خۆی هوشیار بێ
نابێ لەکەس هیوادار بێ
دەبێ زانا و هونەرمەند بێ
لەزانستا دەوڵەمەند بێ!

عەونی شاعیری نەتەوەیی، ترووسکەی رووناکی هیوای دوا رۆژی گەلی کورد، لە هوشیاریی رۆڵەکانی و لە هونەرمەندیی لاوە تازە پێگەیشتووەکانی یەوە پیشانی نەوەی نوێی گەلەکەی خۆی دەدات، کە چۆن دەبێ لەم سەردەمەی ئێستا و لەدوا رۆژدا تەنیا پشت بە خۆیی و بەزانست و هونەری نوێ ببەستی، تاکو تاقی کردنەوەکەی مەهابادی لێ دووبارە نەبێتەوە.

عەونی شاعیری نیشتمان پەروەری کورد لە دوای کارەساتە دڵ تەزێنەکەی ساڵی ١٩٧٥ و پیلانە شومەکەی جەزایر، هۆنراوەیەکی پڕ بەهای لە شیعری کوردایەتی داناوە و ئەو پیلانە بۆگەنە نێو دەوڵەتی یە ریسوا دەکات، کەچۆن ئەو چاڵەیان بۆ چارەنووسی شۆڕشی کورد هەڵکەند، هەر چەندە ماوەیەکی کەمیش بووبێ، هەرەسیان پێ هێناو هۆنراوەیەکی بەناوی «رۆژی رەش» داناوەو جارێکی دیکەش وانەی نەبەزین و خۆڕاگریی بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کوردمان دادەدات و لە بەشێکی هۆنراوە درێژەکەیدا دەڵێ:ـ

گەر نەمردم بەم برینە
ئەمجا ئاکارم ببینە!!
بەکار دێنم بیرو هەستم
سروودێک وا هەڵدەبەستم
قارەمانی ناو سەنگەرێ
دوژمن کوژ و کۆڵنەدەرێ
مووشەکێکی تانک شکێن بێ
هێزێکی دوژمن بەزێن بێ
سروودێک ناوی تۆڵەبێ
دژی ئەم شایە زۆڵە بێ!!

شاعیر لە تۆڵەی ئەو پیلانەی شای ئێران و (صدام حسین)ی عێراقی بەعس لە دژی کوردیان گێرا، سروودێک دادەرێژێ تاکو ببێتە قارەمانی ناو سەنگەری فیداکاریی و ببێتە مووشەک و هێزی دوژمن بشکێنێ و لەناوی ببات.

هەروەها شاعیری شیعری کوردایەتیمان لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ بیستنی هەواڵی جەرگبڕی کۆچی دوایی سەرۆکی میللەتی کورد بارزانی نەمر، هۆنراوەیەکی شیوەنی بەناوی «کاوەی سەدەی بیستەم»ی بۆ دادەنێ و لە پارچەیەکیدا دەڵێ:ـ

لە کوردستانی بەرین
کاوەی سەدەی بیستەمین
کاوەی نەمر بارزانی
ئاڵای خستە سەر شانی!
شۆڕشێکی بەر پاکرد
مافی کوردی داوا کرد
داوای مافی رەوامان
بۆمان نووسرا بە تاوان

تاکو لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا، بارزانی وکاوەی ئاسنگەر دەکاتە دوو قارەمان ودوو رەمزی مەزن و نەمر لەژیانی نەتەوەی کوردا دا و دەڵێ:ـ

نامرن ئەو دوو ناوە،
یەک بارزانی، یەک کاوە!!

شاعیر لە خەباتی بەردەوامی لە پێناوی کوردو کوردستاندا هەموو ئامانجێکی ئەوەبوو پارچەکانی کوردستانی دابەش کراو یەک بگرنەوەو هاتنە دی ئەم ئاواتە مەزنەی کورد و فیداکاریی رۆڵەکانیشی لە پێناویدا، لە هۆنراوەیەکی نەتەوەییدا بە ناوی «نامرێ ئەم گەلە»

دارشتووە و دەڵێ:ـ

گەلێک هەمیشە لە تێکۆشان بێ
دروشمی یامەرگ یا کوردستان بێ
گڕی شۆڕشی ناکوژێتەوە
هێرشی دوژمن ئەگەر تۆفان بێ
مافی سروشتی خۆی دابین دەکا
گەلێ خەباتی کەبێ وچان بێ
ڕۆژێک دێت هەموو یەک دەگرێتەوە
بۆتان و سۆران، موکری وبابان بێ

ئەگەر کەمێک لەم چەند دێڕە شیعرانەی شاعیری نەتەوەییمان ورد بینەوە، هەست بەسادەیی دەربڕینەکانی دەکەین، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دارشتنە ڕاستە و خۆکەی ئەم جۆرە شیعرە سیاسییانەی، مەبەستیشی ئەوە بووە کاروانی تێکۆشانی خەباتگێڕانی نەتەوەی کورد بیکەن بە پەیڕەوو بەرنامەی خەباتی بێ وچانیان، بۆیە دروشمە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەیان بۆ لەناو شیعرەکانیدا دەچەسپێنێ. هەرچەندە ئێستا ئەم جۆرە خستنە ڕووەی دروشمی نیشتمانی بەهاو نرخی جارانی نەماوە بەڵام بۆ ئەو سەردەمەی خەباتی گەلی کورد و هوشیار کردنەوەی لاوە خەباتگێڕەکانی کارێکی ئەدەبی زۆر پێویست بووە.

دوای ئەو قۆناغەی کە شیعری سیاسی بەدروشمی خەباتی بێ وچانی کورد ئاودرا، شاعیر وردە وردە دەکەوێتە سەر شیعری سیاسی پتەو دانان و خۆی لەو ڕاستەو خۆیی یە لادەدات و، دەچێ لەگەڵ بیروباوەڕی فەلسەفییانەی تێکەڵ دەکات و، نموونەی شیعری سیاسی پڕ هێزو وزەی داهێنانمان پێشکەش دەکات و هۆنراوەیەکی پتەویدا دەڵێ:ـ

دوژمنی بەدکاری من هەرچی بکەی لێت ناگرم
بێت دەڵێم من تاکو ئێستا ماوم وقەت نامرم
هەرچی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکە هیچ سوودی نییە
ئەو پرۆژەی خۆم مەبەستمە دەستی لێ هەڵناگرم

لەوانەیە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم دوو دێڕە شیعرەی شاعیری لێ هاتووی خاباتگێڕمان، هەندێ کەس واتێ بگەن هۆنراوەکە سیاسی نییە و بۆ دوژمنێکی کۆمەڵایەتی و نەیارێکی خودی شاعیر گوتراوە، چونکە هیچ نیشانەیەکی ڕاستەو خۆی خەباتی سیاسی بەسەرەوە نییە. بەڵام بە کەمێک ورد بوونەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شیعرێکی سیاسی ناڕاستە خۆیە و مەبەستیشی لە دوژمنی، دوژمنی وڵات و نەتەوەکەیەتی چونکە لە دێری دووەمدا پێی دەڵێت:ـ

(ئەو پرۆژە خۆم مەبەستمە دەستی لێ هەڵناگرم) مەبەستی پرۆژەی خەبات و وەدەست هێنانی مافی نەتەوەکەیەتی و، لەم چەند دێڕەی دواییشدا پتر ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:ـ

وەک هەڵۆ لانەم لەکێوێکی بڵند هەڵ بەستوە
چەندی بەردم تێ گرن تازە بەکەس هەڵ نافڕم
تێگەیشتم چەند هەڵەم کردو فریوم خواردبو
تۆبە بێ تۆبە ئیتر دەستی برای خۆم نابڕم

شاعیر واقعی ژیان و تێکۆشانی میللەتەکەی دەردەبڕێ کە وەک هەڵۆیەک لانەی خۆی لەسەر کێوێکی بەرز بنیات ناوە کەمەبەستی لە کێوە سەرکەشەکانی کوردستانە، بۆیە وا خۆڕاگرە و بەکەس هەڵناقەنێ و لەدوا دێری هۆنراوەکەشدا ئاماژە بۆ فریو خواردنی پێشووی کورد دەکات کە چۆن بە قسەی دوژمن و فرفێڵی، دەستی برای هاونەتەوەیی خۆی بڕیوەو پەیمان دەدات کە لەو هەڵە زلانەی پێشووی تۆبە بکا.

شاعیر لە هەمان ڕێبازی شیعری سیاسی لە قالبی ڕەمز وهێنادا. هۆنراوەیەکی دیکەی بەناوی (گەشتی مانگە شەو) داناوە و لە ڕێبوارێکەوە دەدوێ کە ئاوارە و سەرگەردان بووەو چیا و چۆڵ و بنار و دۆڵ دەبڕی بەو هیوایەی بگاتە قۆناغ و، ڕێبوارەکە خەباتگێڕێکی کوردە و گەشتەکە گەشتی کاروانی خەباتە و ڕێبواری خەباتگێڕ تا لەدەستی دێت و هێزی بینین و توانای

ڕێگە بڕینی هەبێ تێدەکۆشێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات و لەبەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:ـ

هەستام وڕووم کردە چۆڵێک
کەوتمە داوێن هەردەو دۆڵێک
کەوتمە داوێن کۆهسارێک،
ڕێم دەر نەکرد لە کنارێک
تا ماندوو بووم لە پێ کەوتم
هەورازێک بوو سەر نەکەوتم!
لەو کاتەدا مانگ ئاوا بوو
ڕێگەی دوورم لێ کۆتا بوو!!

شاعیر ئەم بابەتە دەکاتە ڕەمزی تێکۆشان و پێ لەو ڕاستییەش دەنێ کە ڕێگەی کاروانی خەبات گەلێک هەورازو هەڵدێری ترسناکی لە پێشە، بۆیە لای نەنگ نییە گەر هەندێ جار بوەستێ. بەڵام شاعیری ئامانجی ئەو ڕێبوارە تێکۆشەرە بە هیوا دادەخات و دەڵێ:ـ

دەبێ چاو لەڕێی کاروان بم
گوێ گری بانگی بەیان بم!!

* عەونی لەسەر هەمان شێوەی شیعریی نەتەوەیی تێکەڵ کردن بەوەسفی سروشتی خاکی وڵاتەکەی و کێشە و بەربەرەکانی نێوان خونچە گوڵێک و بولبول دەکاتە بابەتی هۆنراوەیەکی بەناوی (خونچە گوڵێک) و مەسەلەی دڵداریی نێوانی گوڵ وبولبول بە جۆرێک هەڵ دەگێڕێتەوە کە خونچە گوڵی باخی کوردەواری نایەوێ خۆی بەدەستەوە بدات و هەر بولبولێک بۆی بخوێنێ لێوی خۆی بۆ بکاتەوە(٣) و بە بولبول دەڵێ:ـ

گوتی: بولبول هەرزەکاری
لێت بوویتە خوو شێن وزاری!
هەردەم لەسەر لقی چڵی
هەر ڕۆژ بەرامبەر بە گوڵێ
زۆر خۆت دەکەی ماندوو وشەقی
چقڵێک لە ژێر پێت دەچەقی
من تا ئێستا پارێزراوم،
چقڵی خۆمە دەوری داوم

دوای ئەوەی شاعیر مایەی پارێزراوی (خونچە گوڵ) کە دەیکاتە ڕەمزی میللەتی کورد، دەباتەوە بۆ ئەو چقڵەی کە هەیەتی و هەرچی دەستی بۆ درێژ بکات دەچێتە دەست و پێ و چاوی، ئنجا دەڵێ:

نەتۆ، نە باغەوانی پیر
ناتوانن بمکەن دەستگیر!!
خونچەی باخی کوردەواریم
بەراتی مژدەی ڕزگاریم!!

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەناوی (نەورۆز و کەژاڵ) کە دوو کچی کورد دەنوێنن، نیشانەکانی نەورۆز و بەهار و بنەوشەیان بۆ دەسنیشان دەکات و، وەکو چەند ئینسانێکی کورد، نەک وەکو وشەی ئاسایی مامڵەتیان لەگەڵدا دەکات و جووڵەو دەوری شانۆیی یان بەسەر دابەش دەکات و دەڵێ:ـ

نەورۆز و بەهار وەک جووتە خوشکان
لە شادی کڕین ئەمساڵ تێ شکان!
بەهار بنەوشەی لەزستان کڕی
کراسی جەژنی بۆ نەورۆز بڕی
بۆچی نەی زانی بنەوشەی سەر شێن
بۆ شایی نایەو هەر دەیکا بەشێن
ئەم کە پەروەردەی سەرمای زستانە

سەرکزە لۆکە و چاو بە گریانە
نەورۆز دەیەویست گولی زەردو سوور
شادی هێنەر بێ لە نزیک و دوور!

دوای ئەم سەرەتایە جوان سەرکەوتووە، باوکی (کەژاڵ) دێتە وەلام و دەلێ: «ئەگەرچی نەورۆزی پار خۆش نەبوو، بەلام من بەلێن دەدەم بۆ جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ جلی سەوزو سوور بۆ کەژاڵ بکرم و بیرازێنمەوە بۆ شایی و ئاهەنگی ئەو جەژنە نەتەوەیی یەمان و لەم هەنگاوەی هۆنراوەکەدا شاعیر دەلێ:ـ

ـ بەلێن بێ منیش بۆ جەژنی ئەمساڵ
جلی سەوزو سوور بکەم بۆ کەژاڵ
بیرازێنمەوە وەک بووکی بەهار،
وێنەی تەدی بێ چاوی رۆژگار!!
بچێ بۆ شایی بە شادمانی،
بە ئاوازی خۆش بلێ گۆرانی
چ گۆرانی یەک؟ نەغمەی ئازادی،
دەنگ بداتەوە دژی بێ دادی!

ئەوەی عەونی شاعیر هەست ناسک لەم هۆنراوەیەیدا کردوویەتی لاسایی کردنەوەی هیچ شاعیرێکی پێش خۆی نییە، بەلکو داهێنانێکی نوێیەو، بەرهەمی ئەندێشەی قووڵ و سۆزی ناسکی کوردایەتی خۆیەتی و لەم هۆنراوەیەیدا دەری بریوە، تاکو لە کۆتاییدا، بە شێوەیەکی درامایی ودوای تۆلە سەندنەوەی بەهاری خۆشەویستی لە زستانی ساردو سەخت، (کەژاڵ و نەورۆز) وەک دوو کچی جوان تێکۆشەری کورد، چەپکێک گولی سوور لە گولزاری کوردستان بکەن بەدیاریی سەرکەوتنی گەلەکەیان و هۆنراوەکەی بەم جۆرە و بەبێ بەکار هێنانی دروشمی زەق و ڕاستە و خۆی نیشتمانی و نەتەوەیی کۆتایی پێ دێنێ و دەلێ:ـ

بەهار لە زستان تۆلە بستێنێ
پەیمانی سەهۆڵ بەندان بشکێنێ!
کەژاڵ ونەورۆز بەهاری کاری
چەپکێک گولی سوور بکەن بەدیاری
نەورۆز حەز دەکا گوڵ بۆ بەهار بێ
کەژاڵ دەیەوێ گەلی رزگار بێ!!

شاعیر لەساڵی ١٩٨٥دا پاش ئەوەی باری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەهۆی ناکۆکی ناوخۆگەیشتە پێچێکی زۆر سامناک، هۆنراوەیەکی پڕ پەندو ئامۆژگاریی نەتەوەیی بەناوی (یەکبوون) داناوەو تێیدا داوای یەکگرتنی ڕیزەکانی هێزە خەباتگێڕەکانی کورد دەکات و دەلێ:ـ

تۆش داروی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانین هەموو
گەر هیوادار بم بەیەکبوون شوێن ئەم وئەو ناکەوم
ئاشنا گەر نەم کوژی ترسم نی یە نا ئاشنا
با هەمیشە گوللە بارانم بکا پێ ی ناکەوم
خۆشە نەمرم تاکو ڕۆژی خۆم بەسەربەستی دەدی
بشمرم باکم نی یە، ئەو ساکە شوێن سوێ ناکەوم

عەونی و شیعری خەباتی گەلان:ـ

* عەونی شاعیری شیعری دڵداری و کوردایەتی، نەیدەویست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی لە کاروانی بزووتنەوەی ئازادی خوازیی گەلانی جیهان دابڕێ و بەبیرو باوەڕێکی مرۆڤایەتییانە سەیری تێکۆشان و شۆڕشی چەکدارانەی گەلێکی زۆر لێکراوی وەکو گەلی فەلەستینی کردووە کە چۆن لە دژی داگیرکەری وڵاتەکەی لەخەباتی شۆڕشگێڕیی دایەو، دەلێ:ـ

سلاوی ئێمە لە کوردستانا
لەبەرزترین لووتکەی کێوانا

بۆ برای فیدایی لە فەلەستینا
لەناو خەباتی سەختی خوێنینا
خوا لەگەڵ هەقە و ئێوەش هەقدارن
چەوسێنراوەی دەستی زۆر دارن

دوای بەستنەوەی تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستاندا بە خەباتی خوێنینی فیداکارانی فەلەستین، بەبیرو باوەڕ و پشت بەستن بەهەق. ئەوەمان دەخاتەوە یاد کە لەکاتی جەنگەکانی صەلاحەددینی ئەیووبی (١١٣٨ـ١١٩١ز) لە دژی خاچ پەرستەکان، چۆن خوێنی کوردو عەرەب لەشەڕی حوتین (١١٨٧ز) و شەڕەکانی دیکەی ئەو سەرکردە گەورەیەی کورد، تێکەڵاو بەیەکتر بوون بۆ ڕزگار کردنی شاری قودس و سەر پاکی وڵاتی فەلەستین و دەڵێ:ـ

خۆ شەڕی صەلیب هەر لەبەر چاوە
لەزۆر شوێن ئێستاش ئاساری ماوە
وا پیشان دەدا مێژووی ڕابردوو
ڕژاو تێکەڵ بوو خوێنی من توو
کوردم من نەوەی صەلاحەددینم
برای بەوەفای عەهدی دێرینم

شاعیر لەڕێگەی هەستی مرۆڤایەتییەوە، مێژووی تێکۆشانی نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئێستاش ئامادەیی کورد نیشان دەدات بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشی فەلەستین چونکە برای بەوەفای پەیمانی سەردەمی صەلاحەددینن.

ئنجا دەڵێ: ئەی فیداکاری فەلەستین، نەک هەر، ئێمەی کورد بۆت بە پەرۆشین، بەڵکو هەموو ئازادی خوازانی جیهان پشتیوانی تۆن و دەڵێ:ـ

برای فیدایی نەک هەر من تەنیا
بۆت بەپەرۆشم وەک باوک و برا
هەموو ئازادی خوازانی جیهان
پشتیوانی تۆن وەک من بێ گومان

* عەونی نەیویستووە هەست وبیری شاعیریی هەر لەناو چوارچێوەی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بمێنێتەوە، بەڵکو ویستوویەتی ئەندێشەی دوورتر بڕوات، تابڕ دەکات هەر بڕوات، تا دەگاتە ئەو وڵاتانەی کە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازییان تێدایە و لەدژی دوژمنی داگیرکەر دەجەنگن، دەیەوێ خەباتی گەلەکەی ئەڵقەیەک بێت لە ئەڵقەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی جیهانی سێ یەم و، هەر بەو نیازەوە لە ساڵی ١٩٦٩دا هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕیی بۆ «ڤێتنام»ی بە خوێن سوورکراوی دەستی داگیرکەر دادەنێ و بەبای شەماڵی چیاکانی کوردستان سڵاوی گەلی کوردسان بۆ دەنێرێ و دەڵێ:ـ

شەماڵ فیدات بم وەک پەیکی ڕەوان
پڕۆ بەپەلە بەبێ پشوودان
بەرەو ڤێتنامی بە خوێن سوورکراو
بەرەو ڤێتنامی گڕ تێ بەر دراو
ئەوسا گەیشتی بەبێ ترس و لەرز
بچۆ بارەگای ڤیەتکۆنگی نەبەز
بڵێ: «ئەرکی ڕێ ی دوورم کێشاوە
سڵاوی گەلی کوردم هێناوە!!»

دوای گەیاندنی سڵاوی گەلی کورد بە گەلی ڤێتنامی شۆڕشگێڕ ئەم دێرە شیعرەیان وەک پەندێک یاخود قسەیەکی نەستەقی سیاسی بە بەرگوێی شۆڕشگێڕانی ڤێتنام هەڵ دەدات و دەڵێ:ـ

تا بە خوێنی گەش سوور نەبێ وڵات
هەرگیز ئەو گەلە ناگا بە ئاوات

لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا مژدەی سەرکەوتن بە ڤێتنامی شۆڕشگێڕ دەگەیەنێ و، کۆتری ئاشتی

پیکاسۆ بە چڵی دار زەیتوونەوە مژدەی ئاسایش و هێمنانیی بە گەلی ڤیتنام و شکانی ئیمپریالیزم بە هەموو لایەکی جیهاندا ڕادەگەیەنێ و دەڵێ:ـ

بڵێ: مژدەبێ زۆری نەماوە
زۆردار لە دەنگی گەلان ترساوە
چڵی زەیتوون و کۆتری بیکاسۆ
مژدەیی ئاشتی دەگەیەنن بە تۆ!!

* عەونی وەک شاعیرێکی نەتەوەیی کورد لەمەڵبەندی خۆی و لەناو قاوغە تەسکەکەی شارە بچکۆلانەکەی کۆیە نەمایەوە. بەڵکو لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی سیاسی خۆی و ئەندێشەی قووڵی و بیری پێشکەوتن خوازو ڕووناکی، خۆی گەیاندە ژان و موعاناتی گەلان و، بەشداریی لە ناخۆشیدا لەگەڵدا کردن و شیعری ئاسکی بۆ گوتن ومژدەی سەرکەوتنی پێدان و، دەرسێکی باشیشی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دادا، ئەویش ئەوەیە: دەبێ بە چەکی زانست و هونەر بێنە مەیدانی ژیان و، خەباتی گەلانی جیهان بە خەباتی خۆیان بزانن.(٤)

عەونی و پەیوەندی بە شاعیرانی دیکەی کوردەوە:

عەونی شاعیرێکی بەهرەمەندو هەڵکەوتووی کورد بوو، لە ناوەڕاستی سییەکانەوە، کانیاوی شیعری تەقیەوە و لە دنیای شیعرو شاعیراندا دەنگی خۆی چەسپاندو(٥) و، لەشاری کۆیە دەورێکی تایبەتی گێڕا و پەیوەندیی شاعیریی لەگەڵ دەستەیەکی باش لە شاعیرانی ئەو شارەو زۆر لای کوردستان بەستووە، لەوانە شاعیری ئوستادی غەزەلی کوردی صافی هیرانی و، مەلا سابیری مەیلی و دلزار و دڵداری شاعیری پێشکەوتنخوازی کورد و لە دواییشدا هێمنی مەهابادی ببوە دۆستێکی گیانی بە گیانی و دوور بە دووری شەیدای شیعرە ئاسککانی بوو، بۆیە دەبینین گەلێک لە شیعرە ناودارەکانی کردووە بە پێنج خشتەکی، بۆیە ئێمە لێرەدا کەمێک لە پەیوەندیی ئەم شاعیرەمان بە شاعیریەتی دڵدار و هێمن دەدوێین:

* پەیوەندی بە دڵدارەوە:

عەونی لەناو شاعیرانی شارەکەی خۆی، لەگەڵ دڵداری شاعیری شیعر ئاسک و خاوەنی سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)دا پەیوەندییەکی پتەوی ئەدەبییان بووە و چەند هۆنراوەیەکی سەرکەوتوویان بەیەکەوە داناوەو، بیرو هەستیان لەو هۆنراوانەدا بەتەواوی یەکدی گیربوون و جۆشیان خواردووە. بۆ نموونە: لەهۆنراوەیەکیاندا بەناوی (فەلەک) بەم جۆرە دایان ناوەو لێرەدا چەند دێرێکی لێ دەخەینە ڕوو:ـ

ئەوەی کەس بێ فەلەک دایم لە خوێنی خۆی دەگەوزێنێ،
کە پەنجەی شێری نەگبەت هات، ڕەگی ئاساری دەردێنێ!
کە تالع ڕۆیی نەگبەت هات تەبیعەت قاعیدەی وایە
لە چیمەن دا چەقەڵ هەڵسێ ئەبێ شێرێکی بشکێنێ!

کاتێک لە نیوەی دووەمی دێڕە شیعری دووەم ورد دەبینەوە هەست دەکەین (دڵدار) بەو ناوەی کە نیوە دێڕانەکانی دووەم هی ئەون لە جیاتی وشەی (چەم) یا جەنگەڵ (دارستان) چووە وشەی (چیمەن)ی بەکار هێناوە، لەوانەیە لەبەر کێشی شیعرەکە وای کردبێ، دەنا ڕێوی و شێر لە چیمەندا ناژین و واڕاست بوو بڵێ (لەدارستان) یان (لە جەنگەڵدا). ئنجا لە کۆتایی هۆنراوەکەیان دەڵێن:ـ

لە نێو دنیای ئەمەل (عەونی) بە عەزمێک و نەشاتی تۆ
دەسا فەرزە ئەتۆش (دڵدار) دڵی شێتت بفەوتێنێ!!

هەروەها عەونی لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەناوی (دڵ) بە یەکەوە لەگەڵ دڵداردا دایناوە و نموونەیەکی ئاسکی شیعری دڵداریی کوردی یە و بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێ دەکەن:ـ

دڵ لە بەینی تەلعەتی ڕوو وزولفەکەی دەیجوورتە
گاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهی مەیلی نوورتە
بادەکەت پڕ ژەهری ماربێ بیدە پێم نۆشی دەکەم
چونکە تەبعم هێند موتیعە بەندەیی مەیسوورتە

تاکو بەم دێڕە شیعرە کۆتایی بە هۆنراوەکەیان دەهێنن:ـ

ئارەزووی ئەم شیعرە (دلدار) تۆ لە (عەونی) بۆدەکەی؟
چونکە ئەم غەمبارە دایم بۆ وەتەن مەجبوورتە!!

کاتێک کە لە هەردوو هۆنراوەکەیان ورد دەبینەوە، هەست دەکەین ئەوەندە ناوەڕۆکیان لەگەڵ یەکتری گونجاوە، کەس باوەڕ ناکات دوو شاعیر دایان نابن.

* عەونی و هێمنی مەهابادی:-

هەر کەسێکی بەوردی ئەم دیوانەی عەونی شاعیرمان بخوێنێتەوە، دەبینێ لە هەموو شاعیرێکی دیکەی کورد پتر خۆی لەشیعری هێمنی مەهابادی داوەو گەلێک لە هۆنراوە ناسک و ناودارەکانی کردووە بە پێنج خشتەکی و زۆر بە جوانی شیعرەکانی خۆی لەگەڵ گیانی شیعرەکانی هێمن دا گونجاندووە، هەروەک لە چەند نموونانەی خوارەوەی دەردەکەوێ:-

(١) لە پێنج خشتەکی کردنی هۆنراوە ناودارەکای «عەشق و ئازادی»ی شاعیری مەهابادی دا دەڵێ:-

بە هیوا بووم کە شادی بێت و، خەم بڕوا دەمێکی تر
پزیشکم ساز بکا بۆ چاری زەخمم مەرهەمێکی تر
لەناکاو ئاسمانی گرتە بەر تۆزو تەمێکی تر
ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو لە ناخم دا سەری هەڵدا خەمێکی تر

(٢) لە پێنج خشتەکی کردنی هۆنراوەیەکی دیکەی هێمن دا بە ناوی (ماچی شیرین) دەڵێ:-

ئەگەر بێ پەرچەمی ئاڵۆزو شێواوت لە روو لاچێ
خەم و دەردو پەژارەم دوور نی یە بڕوا لەگەڵ با چێ
دەزانی خۆشەویستیت بۆ لە دڵ چەسپاوە دەرناچێ
بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ!
بەپیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ!

ئەگەر ئێمە شوێن پێی ئەم لێک نزیک بوونەوەی شاعیریەتی عەونی و هێمن لەسەر زەمینەی شیعرەکانی شاعیری لێ هاتوومان هەڵگرین دەبینین خۆی دەگەیەنێتە هۆنراوە ناسکەکانی دووا دووای ژیانی، هەروەک لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی(کە من هۆگر بەتۆ بووم)دا دەڵێ:-

کە من هۆگر بەتۆ بووم تازە بۆچی دولبەرێکی تر،
دەرم کەی لێرە ناڕۆم تاچمە کووچە و دەرێکی تر
منی دیت نیوە کوشتەی نازی چاوی خۆیەتی فەرمووی
خەلاتی مەرگە بۆ تۆ بگرە هادەی خەنجەرێکی تر
لەباسی تۆ نەوەستام بە پیری نازەنینی کورد
ئەگەر پەنجەم قەڵەم بگرێ دەنووسم دەفتەرێکی تر

هەر رەخنەگرێکی شیعری هاوچەرخی کوردی ئەم هۆنراوەیەی عەونی شاعیری لێ هاتووی کورد بەراورد بکات لەگەڵ شیعرە دڵداری یە ناسکەکانی هێمن، ناتوانێ لەوە زیاتر بڵێ کە هەردووکیان لە شاعیریی دا هاوتای یەک بوون و ناتوانێ بڵێ کامیان لە کامیان باڵاترە، بەتایبەتی کە چەند دێرێکی دیکە لە هۆنراوەکەی هەڵسەنگێنێ کە دەڵێ:-

خەیاڵی بووکی شادی بۆ دڵی پەستم زەماوەندە،
دەتەی ژەن لێدە نەی با چووپی بڕوا چەند گەرێکی تر!
لە گوێم دەنگی زرنگا پێ ی گوتم: دڵگیر مەبە (عەونی)
ئەمە چەرخە دەسووڕێ دێتەوە دەوروبەرێکی تر!!
دوای خوێندنەوەی ئەم دێرە شیعرانەی شاعیری شیعر ناسکمان

باسەرنجێکیش بدەینە چەند دێرێکی هۆنراوە ناودارەکەی هێمن کە بەناوی «عەشق وئازادی» دایناوە، هەست دەکەین هەمان کێش و سەروا و هەمان تام و بۆی هۆنراوەکەی عەونی هەیە، بەڵام هیچ کامێکیشیان لە ئەوەکەی تریان وەرنەگیراون:-

ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخم دا خەمێکی تر
هەتاکوو دوا پشووی ڕێبواری ڕێگا عەشق وئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر
بە تۆ چاری چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا مەرهەمێکی تر؟!(٦)

عەونی و شیعری چوارین:ـ

عەونی شاعیرێکی بیر تیژی هەست ناسکی ئەندێشە قووڵ بوو، زۆربەی شیعرەکانی فەلسەفەی ژیانیان گرتۆتە خۆ، بە تایبەتی کۆمەڵە چوارینەکانی بەو بیرە فەلسەفە ئامێزە ئاو داوەو، ناوەڕۆکێکی بە هێزو پتەوی پێ بەخشیون. لێرەدا چەند نموونەیەک لە چوارینانەی دەخەینە ڕوو تاکو خوێنەری ئازیز لە ڕاستی بۆچوونەکەمان ئاگادار بێ و تام و چێژ لەچوارینەکانی وەرگرێ:ـ

١) شاعیر لەبارەی چارەنووسی نەتەوەی کوردەوە ئەم چوارینەی داناوە:ـ

من کە کوردم کەی لە ئازادی وها بێ بەش کرام؟
ئەو دەمەی ماف بەش کرا، ئەو ڕۆژ بوو من بەش کرام
هاتە کار لەوح و قەڵەم بۆ چارەنووسی میللەتان
من حەواڵەی ئینگلیزی ڕوو سپی ڕوو ڕەش کرام!

٢) شاعیر لە چوارینێکی تریدا لە ژیانی گوڵەوە دەدوێ و مەبەستیشی ژیانی ئافرەتی جوان و شۆخە و دەڵێ:ـ

گوڵێکم دیت لە تافی نەوجەوانی
لەسەر تەختی بەهاری شادمانی
گوتم: ئەی گوڵ، مەبە بایی و بترسە
کە تۆ مەحکوومی بایێکی خەزانی!

٣) لە چوارینێکی دیکەیدا بەدابو دەستووری صۆفێتی پەیمان بەستن و جامی تۆ بە شکاندنمان بۆ باس دەکات و دەڵێ:ـ

لەگەڵ پیری موغان دوێنێ لە ڕێ دا
بەسەد پەیمانە پەیمانم گرێ دا
شکاندم جامی تۆبە و زوهد و تەقوا
عەسا و تەزبێح و بەر ماڵم فڕێ دا!!

٤) لە چوارینێکی دیکەیشیدا شاعیر بەم جۆرە گفتوگۆ لەگەڵ یارەکەی دەکات و دەڵێ:ـ

گوتی: زوڵفم؟ گوتم: داوی بەڵایە!
گوتی: ئەبرۆم؟ گوتم: تیغی فەنایە!
گوتی: کولمم؟ گوتم: بۆ شەو چرایە!
گوتی: لێوم؟ گوتم: کانی بەقایە!!

* عەونی و چوارینەکانی خەیام:ـ

عەونی لە ئەدەبیاتی فارسیشدا شارەزا بوو، تام و چێژێکی زۆری لە شیعری شاعیرە بەرزەکانی فارس وەردەگرت. بۆیە بەردەوام دیوانی شاعیرە ناودارەکانی بەوردی دەخوێندەوە، بەتایبەتی چوارینەکانی خەیام وتوانی لە ماوەیەکی کەمدا (١٤١) چوارینی هەڵبژاردە یان لێ بکاتە کوردی و هەر بە شیعر دایان ڕێژێتەوە و بە چاکی لە کارە ئەدەبییەکەیدا سەرکەوێ. ئەوەی سەرنج بداتە وەرگێڕدراوی چوارینەکان، هەست دەکات شاعیری لێهاتوومان هەوڵێکی زۆری داوە گیانی چوارینەکانی شاعیری ئەصلییان تێدا بە زیندویی بهێڵێتەوە بۆیە وەرگێڕانەکەی لە وەرگێڕانەکانی شێخ سەلام و هەژاری موکریانی کەمتر نییە. لێرەدا چەند نموونەیەک لەو چوارینانەی دەخەینە ڕوو تاکو خوێنەری بەڕێز بزانێ عەونی شاعیری لێ هاتوومان تا چ ڕادەیەک لەو کارە ئەدەبییەیدا سەرکەوتووە:ـ

بەوێنەو دیمەن، شۆخ و جوانم

لاله ڕوو، بالا سەروی ڕەوانم
ئاشكرا نەبوو لە جەرگەی خاكا
بۆ دروست كرام؟ بۆ چی؟ نازانم!!

***

ئەم كەونە كاتێک هاتە كايەوە
هەركەس بە جۆرێ لێكی دايەوە
بەڵام تا ئێستا لە ڕوویی ڕاستی
هيچی نەزانی هەروا مايەوە!
ڕێک كەوت ڕێم كەوتە كارگەی گۆزەگەر
ديم لەدەوری چەرخ وەستای پڕ هونەر
لە كەللەی پاشا و لە دەستی وەزير
بۆ گۆزەی دەكرد، مل و دەست و سەر!!

خوێنەری بەڕێز، عەونی لەمەيدانی ئەدەبدا، هەر شاعير نەبوو، بەڵكو پەخشان نووسێكی خامە ڕەنگينيش بوو، هەر وەک لەو چەند نووسينانەيدا بۆمان دەردەكەوێ كە بە دەسنووسی بە جێی هێشتوون، لەوانە چيرۆكێكی يەتی بە ناوی (دياريی لاوێک) و ناوەڕۆكێكی پتەوی هەيە و وا لەگەڵ ئەم ديوانەيدا پێشكەشی دەكەين و، لە كۆتاييدا هيوادارم ئەدەب دۆست و شيعر ناسانی كورد، و چێژێكی خۆش لە هۆنراوەكانی وەرگرن و ئەم بەرهەميشی شوێنێكی ديار لە كتێبخانەی كوردی بگرێت.

هەولێر: ١٩٩٣/٦/٢٤

سەرچاوەو پەراوێز:

(١) دیوانی نالی ـ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم ـ بەغدا ١٩٧٦، ل٣٨٦.
(٢) دیوانی مەحوی ـ لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کریم ـ بەغدا ١٩٧٧، ل ٣٤٣.
(٣) عبدالرزاق بێمار ـ ڕۆژنامەی هاوکاری ـ ژمارە ١٥٢٠ ڕۆژی ١٩٩٢/٨/١١، ل٣.
(٤) کەریم شارەزا ـ گۆڤاری کاروان ـ ژمارە ٣ ساڵی ١٩٨٢.
(٥) عبدالرزاق بیمار ـ هەمان سەرچاوە.
(٦) هێمن ـ ناڵەی جودایی ـ بەغدا ١٩٧٩، ل ٥١.

ژیانی عەونی لە چەند دێڕێکدا

عەونی نازناوی شیعریی شاعیری نەتەوەیی کورد، عوسمان کوڕی حەبیب عەبدوڵڵایە. لە ساڵی ١٩١٤دا لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیە، شاری هونەر و شیعری ڕەسەنی کوردی لەدایک بووەو چاوی ژیانی بە دیمەنی باخ و ڕەزانی کراوەتەوەو گوێی بە ئاوازی بولبولی باخ و کەوی قەد پاڵی باواجی و هەیبەت سوڵتان گۆش بووە.

درەنگ چۆتە بەر خوێندن. لە ساڵی ١٩٢٧دا دەستی بە خوێندن کردووەو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی چووە، بەڵام کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لەبەر ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانەکەی قوتابخانەی بەجێ هێشتووە و لە دوکانی باوکی دانیشتووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە خۆ پێگەیاندن نەهێناوەو هاتوچۆی حوجرەی فەقێیانی کردووەو، لە مزگەوتی «حەتک» لەلای مەلا محەمەدی مەلا برایمی عەودالانی ناسراو بە (دلاوەر)ی شاعیر، هەندێ دەرسی ئایینی وەک (العقائد)و(الشرع)ی خوێندوە لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبیدا. دوای ئەمەش بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک زمانی فارسی لەلای مەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندووە و بە چاکی فێری زمان و ئەدەبیاتی بووە.

دوای دەست هەڵگرتنی لە خوێندنی مزگەوتیشی هەندێ لە برادەرە دڵسۆزەکانی وەکو (میرزا عەبدولکەریم) و(محەمەد حەوێز)ی ناسراو بە (حەمەڕەش) کتێبەکانی خوێندنی پۆلی شەشەمیان پێ تەواو کردووە.

لەرێگەی خۆ پێ گەیاندیشەوە جگە لە زمانی کوردی کە زمانی خۆیەتی، بە چاکی فێری زمانەکانی عارەبی و فارسی و ئەدەبیاتەکەیان بووە بە هۆی چەند مامۆستایەکی کورد پەروەر و رۆشنبیری وەک صالح قەفتان و عەلی ئاگا و عەبدوڵلا عەزیز و رەمزی رەحیمی ناودار بە (مامەند کەرکووکی) و خالید سعید، توانیویەتی هەست بە مانای کوردایەتی و گیانی نەتەوایەتی بکات. چونکە ئەو کورد پەروەرە بەرێزانە دەورێکی بالایان بووە لە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی کورد لە ناو قوتابیانی شارەکەی کۆیە و هەر شارێکی دیکەی کوردستان کە مامۆستایی یان تێدا کردبێ.

لەو سەردەمە زووەوە واتە لەسەرەتای سییەکانەوە، عەونی چۆتە ریزی هەڵگرانی مەشخەڵی کوردایەتی و چالاکانە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێکۆشاوەو دوای دامەزراندنی حزبی هیوا ، لە سەرەتای چلەکانەوە بووەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە کوردییە تێکۆشەرە، تاکو پتر خزمەتی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەی بکات.

تا ئەو حزبەی هیوا لەتێکۆشان دابووە، عەونی وەک ئەندامێکی چالاک و دڵسۆزی ئیشی تێدا کردووە، تاکو لە ساڵی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، ئنجا کەوتووەتە پاڵی و بووەتە ئەندامێکی کارای ئەو حزبە نەتەوەییە پێشکەوتن خوازەی کورد.

عەونی نیشتمان پەروەر هەرگیز لە رێبازی کوردایەتی لای نەداوەو و هەردەم پێی وابووە کە کوردایەتی تاکە رێگایە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی مافە رەواکانی میللەتەکەمان، بۆیە لەسەر ئەم هەڵوێستە مەبدەئییانەی زۆر جار لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسیدا تووشی ئازار و ئەشکەنجەو گرتن بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دەورێکی دیاری لە بزووتنەوەی کوردایەتی و ئاشتی خوازاندا گێراوە چ بە هەڵوێستی رۆژانە چ لە ریگای شیعرەکانیەوە و چەندین جار هەر لە سەرەتای ناوەندی چلەکانەوە ئاشنایەتی بەندیخانەکانی (کۆیە و هەولێر و کەرکوک و بەغدا و کوت و نوگرەسەلمان) کردوەو ساڵی ١٩٦٣ بە خۆی و خێزانەوە توشی دەربەدەری و ئاوارەبوون بووە دواجاریش ساڵی ١٩٦٥ دوای شەڕ دەست پێ کردنەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەی هەولێر توندکراوە

عەونی و ژیانی شاعیری:ـ

عەونی لەساڵی(١٩٣٢)ەوە، دەستی بە شیعر نووسین کردووە، بەڵام ساڵی ١٩٣٥ دادەنرێ بەساڵی ژیانی شاعیری و چوونە ناو دنیای شیعری کوردی، چونکە لەو ساڵەوە هۆنراوەی پتەوی داناوەو جێ پێی خۆی لەسەر زەمینەی شیعری رەسەنی کوردی کردۆتەوە.

لەسەرەتا دا وەک هەموو شاعیرێکی ئەو سەردەمە بەغەزەل دەستی پێکردووە و چەند شیعرێکی ئۆپەرێتی بۆ قوتابییانی قوتابخانەکەی شاری کۆیە داناوە و دەستیشی داوەتە شیعری سیاسی و کوردایەتی.

عەونی لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی کۆیە و کوردستاندا دۆستایەتی بەتینی بووە و شیعریان بەیەکەوە داناوە وبیروڕای خۆیان بەرامبەر بە شیعر وئەدەبیاتی کوردی دەربڕیوە و هۆنراوەی یەکتریان کردوە بە پێنج خشتەکی وەکو صافی هیرانی و مەیلی و دڵدار و

گۆران و هێمن و دڵزار و گەلێک شاعیر و نووسەری دیکەی کوردستان.
لەگەڵ دروست بوونی یەکێتی ئەدیبانی عیراق لەدوای بەرپا بوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبییە و وەک شاعیرێکی کورد پەروەر، دەوری تێدا بینیوە. لە سالانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ وەک شاعیرێکی زمان زانی کورد بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کردووەو لە لیژنەی زمانی کوردیدا ئەندامێکی کارا بووە.
لەساڵی ١٩٧٠دا دوای بەیاننامەی ١١ی ئاداردا و لەپاش دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بە ئەندامی ئەو یەکێتی یە وەرگیراوەو لە هەموو کۆڕو کۆنگرەکانیدا بەشداریی کردووەو، لە دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کوردیش، لەساڵی ١٩٧٢دا بە ئەندامیی یاریدەدەری ئەو کۆڕە وەرگیراوە.
عەونی شاعیری هەڵکەوتووی کورد، بەرهەمی شیعریی لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو گەلاوێژ وبەیان و هەولێر و کاروان و هاوکاریی و برایەتی بلاوکردۆتەوەو ناوبانگی شاعیریی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بلاو بۆتەوە و زۆر جار ئێستەگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنی بەغدا و کەرکووک هەوڵیان داوە چاوپێکەوتنی ئەدەبی لەگەڵدا ساز بکەن و پیشانی بینەرانی کوردی بدەن، بەڵام ئەو ماوەی نەداون چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن و پێشەکی لەوە گەیشتووە کە شیعرە نەتەوەیی یەکانی ڕژێم ماوەی بلاوکردنەوەیان نادا.
عەونی بەرهەمی شیعریی زۆرە و سانسۆری دام و دەزگای ڕژێمی بەعس ماوەی چاپکردنی دیوانەکەی نەداوە. بەڵام ئێستاکە لە سایەی پەرلەمان حکوومەتی هەرێمی کوردستان وا سەرجەمی هۆنراوەکانی لەم دیوانە قەشەنگەیدا پێشکەش بە شیعر دۆستانی نەتەوەی کوردی دەکەین، هیواداریـن بە چاوی هەڵسەنگاندن ونرخاندن سەیری بکەن.
عەونی شاعیر و خەباتگێڕی کورد پەروەر، ژیانێکی پڕ کێشەو ئازارو ئەشکەنجەی بەسەر برد، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای خوشکو برا مردن و کۆست کەوتنی، ڕۆژ بە ڕۆژ بەدەست نەخۆشی هەناسە تەنگییەوە پەرێشانتر دەبوو، ڕژێمی بەعسیش لە دوا پەلەقاژەی نەمانی لە کوردستان، شاری کۆیەی تۆپ باران کرد و ماڵەکەی شاعیر یەکێک بوو لەئامانجی گوللەکانی و چەند پریشکێکی بەرکەوت و بریندا ری کرد، ئەو کارەساتە سامناکە ڕێگای کۆچی دوایی کورت کردەوەو، لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠دا دوعا خوازیی لە کەس وکارو کوردو کوردستان کردو تا هەتایە چاوی ژیانی لێک نا و تەرمی پیرۆزی بەشانی ئەدیب و نووسەران و جەماوەری شارەکەی کۆیەی تێکۆشەر برایە گۆڕستانی باسکی عارەبیان و بەخاکی نیشتمان سپێردرا.
عەونی شاعیر و نیشتمان پەروەر بۆکورد ژیا ولەپێناوی ئامانجەکانی بە هێمن خەباتی کردو بە هێمنیش سەری نایەوەو، دوای هیوای لە ژیاندا ئەوەبوو، لە دوای مردنی کورد بە ئامانجە نەتەوەیی یەکانی خۆی بکات و ڕۆژێک دابێ ئاڵای ئازادی کورد لە هەموو لایەکی کوردستانی سەرفرازدا بشەکێتەوە.

فەرهاد عەونی

شیعری دڵداری

لە دووری تۆ

لەدووری تۆ دڵی زارم ئەگەر زاری نەکا چ بکا
لە چاوان خوێن وەکو دیجلە و فورات جاری نەکا چ بکا

وەکو بولبول بەشین و ناڵە گوڵشەن گەر نە شێوێنێ
لە دەستی باغەوان شەکوا لە بەدکاری نەکا چ بکا

لەشامی پەرچەمت گەر شەمعی روخسارت بگیرسێنێ(١)
وەکو پەروانە دڵ گەر مەشقی دڵداری نەکا چ بکا

لەگۆشەی بێ کەسی دا بێ ئومێد و بێ ئەمەل ماوە
لەژین بێزارە داوای مەرگی یەکجاری نەکا چ بکا

ئەوەی کوشتەی نیگاهت بێ بەدەرمان ناکرێ چاری
لەلای تۆ گەر بەیانی دەردو ئازاری نەکا چ بکا

کەسێ گەر بەستەیی زولفی کەمەندی یاری شیرین بێ
وەکو فەرهاد لە بێستوون کۆهکەن کاری نەکا چ بکا(٢)

گوتی: (عەونی) ئەگەر بێ باخەوان باخی سینەم بێ
بە نارنج و تورنج وسێو وبێ یاری نەکا چ بکا!!

(١) شام: سەرەتای شەو، ئێوارە
(٢) کۆهکەن: کێو هەڵکەندن.

چەندە خۆشە

چەندە خۆشە دڵ لە ڕابردووی من تۆ یاد دەکا
داستانێکە کە باسی شیرین و فەرهاد دەکا!

موڵکی ئاشووری دڵی وێران و خاپوور کردووم،
هێرشی غەمزەت لەسەر بازانی ئازای ماد دەکا

تاقی کیسرایە برۆت چاوت وەکو نەو شیرەوان
داوەرێکە لەم دەرە فەرمان ڕەوایی وداد دەکا(١)

ماوەیێکە دڵ گرفتارە لە چینی پەرچەمت
جەژنە وەعدی فەرمووە گیراوەکان ئازاد دەکا

وا لە ژێر باری خـەمت دەسـتم لە ئەژنۆ گـرتووە
هـەر بزەی لێـوی تووە تەنیـا ئەمن دڵشـاد دەكـا

چاوی باز، ئەبرۆ كـەوان، تیـر بژانگ، زولفی كـەمـەند
هەر بەچاو نوقـاندنێك ڕاوی دووسـەد سـەیاد دەكـا

(عـەونی) پیـری من بەمەی فـتوای حەڵاڵی فـەرمـووە
ئافـەرین لەو پیـرە بێ بۆ گـەل بە خـێـر ئیرشاد دەكـا!!

(١) داوەر: بەداد، دادوەر، حاكم.

وێنەكەت

بەگـریان قـەت نەشۆرا وێنەكـەت هـەرگـیـز لە چاوم دا
دڵۆپێك كـەم نەبوو یادت لە دڵ شـووشـەی شكاوم دا

كە دیتم دولبـەرم دڵگیره لێم، پێم گوت كە بم بەخشە
گـوتی: ئەبرۆ و مـوژەم بۆ كـوشـتنی تۆ تازە سـاوم دا

وەها چەسپا لە جەستەم خۆشەویستی تان تەماشاكە
نیگاری(١) خـۆت دەبینی چۆن لەناو خوێنی ڕژاوم دا

دڵە ڕەنجـاوەكـەم وەك هاتە لای تۆ بێ سـەرو شـوێنە
گـوتی: لێـرە لە ژێر پێم كـەوتبـوو ئێـمـڕۆكـە قـاوم دا

هەڵەی دڵ بوو كە ڕەنجا دلبـەرم فـەرمووی بەڵێن وابێ
هەتا مـاوە دەبێ بەندبێ لە چینی پرچی خـاوم دا

كە دوێنێ نامەكەم دا دەست سەبا بۆ كۆیی(٢) دڵدارم
بەیانم كـردبـوو دەردم لەگـەڵ ڕێزو سـڵاوم دا

• لە كـاڵای (٣) بەرهەمم چەند پارچەیێكم برد لە بازاڕا
بە پارە نەی كـڕی كـەس لێم بەبێ پوول و دراوم دا

(١) نیگار، شكڵ، وێنە
(٢) كۆی: گەڕەك
(٣) كاڵا: كوتاڵ، قوماش

لەگەڵ پیری موغان دا

١٩٨٩/٣/١٤

لەگەڵ پیری موغان دوێنێ لەڕێ دا
بەسەد پەیمانە پەیمانم گرێ دا

شکاندم جامی تۆبە و زوهد وتەقوا
عەساو تەسبیح و بەرماڵم فڕێ دا

هەتا مردن کە دەرناچم لە بەندی
کەمەندی زوڵفی ئەو شۆخەم لە پێ دا

نهێنی جوانی ڕووی تۆم پشکنی بوو
لەدەرسی یێکەمینی ئەلف و بێ دا

کە زانیم دێ یە لام دەردم دەپرسی
سەرم هێنا لە ژێر پێت خستمە ڕێ دا

لە دوو لا پەرچەمت ڕووی گرتە باوەش
منی تۆراند و سامانی بە کێ دا

لە (عەونی) گەر دەپرسی تەندروستی
ئەتۆ خۆش یەک نەفەس ماوە لەڕێ دا

ئابڕوی تکا

١٩٨٦/٨/٩

خونچەی لێوی کردەوە وەک پێکەنی ئابڕوی تکا
چەند دڵۆ پێک شەونمی شەرمی بەسەر روودا تکا

باخەوان شادبوو گوڵی بینی لە باخ پشکوتوە
بولبولیش خۆی ڕەنجەڕۆ زانی دەبێ شیوەن بکا

هێندە بایی بوو بە ڕەنگ و ڕوو لەتافی جوانیا
تاکو وەیشوومەی خەزان لێ یدا لق وپۆپی شکا

تا نەڕەنجێ لێم زیاتر یاری ناسکتر لە گوڵ
لێ ی مەکەن هەرگیز تکا گەر دژ بەمن هەرچی بکا

خـــۆی دەزانێ دڵ کـــە پێکاوی نیگای چاوی ئەوە
دڵ ڕەقـــە ڕەحـــمی نی یە بڕوا مـــەکـــەن چی بۆ بکا

ئاشکرایە لای کـــە چەند خـــۆشم دەوێ ســـوودی نی یە
گـەر ڕەقـیـبی سەگ سیـفـەت سەد هێندە بەدگـۆیی بکا

پەرچەمی لادا لـەســـەر ڕووی وەک چرای دڵ تێگـەیی
چەشنی پەروانە دەبێ شـەو مـەشـقی مـەرگی خۆی بکا

نەخۆشی چاوەکانت

نەخـــۆشی ی چاوەکـــانت هاتە چاوم دەردو و ژانی گـــرت
لەچاوی تۆ بەدوور بێ چاوەکـــانی من کـــە تانی گـــرت

لەژێر باری خـــەمت قـــەدی چەمـــیـــوی من تەمـــاشا کـــە
گـــوناهی چاوتە تـیـری مـــوژەت گـــۆشـــەی کـــەوانی گـــرت

بەمـــەســـتی نازەوە چاوی خـــەواڵووت بێ خـــەوی دامێ
بەڵێ بۆباخی ســـینەی پاســـەوان و باخـــەوانی گـــرت

بە پەنجەی دوگـمـەکـەی سینەی ترازاند من کە نەم زانی
کـەچی شـەو ئاشکرا بوو وا شـەفـەق دەوری بەیانی گرت

کەمانگی ڕووت لە شامی پەرچەمت دەرکەوت چ بەرپا بوو
کـــتوپڕ عـاشـقی ڕووت یەک بەیەک دەردی کـتـانی گرت

بە وێنەی وردە خاڵی ڕووتە شێوەی ئاسـمـان ئیمشەو،
تەرازووی تالعم هەڵهـات و ڕێگای کـاکـە شـانی گرت

پەپوولەی ئارەزووم وەک نیشتە سەر خونچەی دەم و لێوت
خـــدر ئاســـا بەبێ ئەرک چاوەیی ئاوی ژیانی گـــرت

بەشێوەی ڕەنگی زەردی من بوو عەکسی کرد لە ڕوخسارت
بـەهاری شـادمـــانی زووبەزوو شـێـــوەی خـەزانی گـرت

لەگـەڵ (عـەونی) لە کـۆڕی بەزمـتـان مـەیلی نەبوو ساقی
بەناچاری پەنای برد دامـەنی پیـری مـوغـانی گـرت!!

چەند بەدەنگی خۆشەوە

چەند بەدەنگی خۆشـەوە گـۆرانی بیـَژت و جیَ ی نەگـرت
چەندی مەی گیـَڕ فەرموو فەرمووی کردو گویَ ی لیَ نەگرت

مـن گـــــوتم واتیـــــری نازی چاوی تـۆ پیـَکای دلَـم
پیَکەنی فـەرمووی بەرِیَک کەوت بوو نیشـانم لیَ ی نەگرت

کــۆرپەکـــەی ســـاوام لە بیَــشکەی نازدا چەند ڕاژەنـی
هیَندە بیَ هیَـز بوو نەخـۆشی گـرت بوو، قـەت پیَ ی نەگـرت

من کـــە تاوانم نـی یە ئەم شـــۆخـــە بۆ دلَـگیـــرە لیـَم
چەنـدی بانکم کـردوو لیَ ی پاڕامـەوە هیـچ گـویَ ی نەگـرت

دلَ شکاوم بـۆیە فـــرمــــیَـــسکم دەبارِیَنم بـە کـــولَ
تووڕە بـوو فـــەرمــــووی درۆیە من چ بەردم تیَ ی نەگـــرت

لیـَگەڕیَ بەدکـــار بەدەردو ژانی خـــۆی بتلیـَـــتـــەوە
ویـَلَ و سـەر گەردان دەبیَ هەر کـەس بە ڕاستـی ڕیَ ی نەگرت

خـــەم زەدەی خــۆت بو دلَـی بیـَــچـــارە چەند پاڕایەوە
ڕۆژیَ بڕوات پیَ نەکـــرد تـاکـــو لە ژیَـر پیـَت فیَ ی نەگـــرت!

دوێنیَ کە بەتەنیا

دوێنی کـــە بە تـەنیـــا بە چەمـــەندا گـــوزەرم کـــرد
ســـەیری گـــولَ و ڕەیحـــان وگـــولَـی نەیلۆ فـــەرم کـــرد

گـــــولَ ویســــــتی بەناز ویَنـەیی ڕووی تـۆ بنویَنیَ
ئیـــمـــڕۆکـــە بەیانـی بە ســـەرت لیَـــرە دەرم کـــرد!

ڕەیـحـــانـە بە هیـــوا بـوو وەکـــو پـەرچەمی تـۆ بیَ
نەم هیَـــشت بدویَ گـــرتم و بەندی کـــەمـــەرم کـــرد

لافی قـــەدی تۆی کـــەوتە ســـەری ســـەرو و سنەوبەر
ڕاســـتی لەمـــەدا ســـەر زەنشی نەی شـــەکـــەرم کـــرد

شەرحێکی موتەووەل بوو بەیانی سەری زوڵفت
ئیمشەو بە چرای کوڵمەتەوە موختە سەرم کرد،

من ئەو دەمە زانیم چی یە ئازاری جودایی
ئەو ڕۆژە کە نەم زانی بەبێ تۆ سەفەرم کرد

لەم مەجلیسە مەستانە لەبەر دیدەیی مەستت
من بۆ مەزە هێنام و کەبابی جگەرم کرد

موژگان و برۆت تیرو کەوانن لە کەمینن
لەم دیمەنە سامناکە بە ڕاستی حەزەرم کرد!

لەو ساوە دڵم داوە بە تۆ هەروەکو (عەونی)
لێ ی بێ خەبەرم تەسلیمی دەستی قەدەرم کرد!!

هۆگربوون

کەمن هۆگر بە تۆ بووم تازە بۆچی دولبەرێکی تر،
دەرم کەی لێرە ناڕۆم ناچمە کووچەو دەرێکی تر

منی دیت نیوە کوشتەی نازی چاوی خۆبەتی فەرمووی
خەڵاتی مەرگە بۆ تۆ بگرە ها دەی خەنجەرێکی تر

لە سیحری سامیری باکم نی یە ترسم هەیە چاوت
بەمەستی نازەوە بم خاتە دەست ئەفسوونگەرێکی تر

لەفیکری تۆ نەوەستاوم بە پیری نازەنینی کورد
ئەگەر پەنچەم قەڵەم بگرێ دەنووسم دەفتەرێکی تر

لە چەرخی ڕۆژگار گیرۆدە ماوم هێندە دڵ تەنگم
پەنا بۆ مەی نەبەم هیچ چارە ناکا ڕابەرێکی تر

دە مەی گێڕ دەستی من داوێنی تۆ بێ وەک عەرەب سەدجار
فەرامۆشی نەکەی وا تازە هات سەودا سەرێکی تر!!

خەیاڵی بووکی شادی بۆ دڵی پەستم زەماوەندە
دە نەی ژەن لێ دە نەی با چۆپی بڕوا چەند گەرێکی تر

دەبا دە ئاکی بە دخوو خوێن بڕێژێ تاکو ڕۆژی دێ
دەکەوتە بەر شەپۆلی هەڵمەتی ئاسنگەرێکی تر!!

لە گوێم دەنگی زرنگا پێی گوتم دڵگیر مەبە(عەونی)
ئەمە چەرخە دەسووڕێ دێتەوە دەورو بەرێکی ترا!

عەقڵی دا بەر شەق

عەقڵی دا بەر شەق کە ڕووی کردە دڵم سوڵتانی عەشق
ئیختیارم پێ نەما وەک چوومە ژێر فەرمانی عەشق

بێ مەحببەت دۆزەخە، باخی بەهەشت، خولدی بەرین(١)
گوڵشەنێکی زۆر فراوانە لەلام زیندانی عەشق

من سەرم دانالە ڕێ ی دڵداریا سامانی چی
سەد هەزارانی وەکو من بێ سەرو سامانی عەشق

دڵنیامە ئارەزوو وئاواتی من هەر دێتە دی
مژدەیی وەسڵی تیا نووسرا شەوی هیجرانی عەشق

لەیل و مەجنوونی عەرەب، یان شیرن وفەرهادی کورد
زۆر بە زەحمەت تاکو چوونە ڕیزی شاگردانی عەشق

یووسفی میسری عەزیز بۆ چی دەزانی عاقیبەت
کەی دەگەییە مەرتەبە تا نەچووە ناو زیندانی عەشق

واز لەسەر هێنان یەکەم مەرجە کە (عەونی) خۆی دەڵێ:
زۆر لە مێژە ئەو سەری گۆیە لەبەر چەوگانی عەشق(٢)

(١) خولدی بەرین: بەهەشتی پان وبەرین
(٢) چەوگان: گۆچان، قاشۆ

دڵم بەندە

دڵ بەندە بەتای زوڵفی نیگارێک،
سەرم گێژە بە سەودای شەم عوزارێک(١)

هوزار ئاسا کە هۆگر بووم بەزاری(٢)
شەوو ڕۆژم بە یادی خونچە زارێک!

نی یە هیوام بە ڕزگاریم لە بەندت
کە دەرناچێ لە چنگ بازا شکارێک

مەزارگەی دولبەرێکی نازەنینە،
کە من کردوومەتە کەعبەو مەزارێک

بە دوو دڵ دا گەڕام وادی بە وادی
شوێنم بردە داوێن کۆهسارێک(٣)

لەوێ خوێنی ڕژاوم دیت و زانیم
کە پێکاوە بە غەمزەی چاو خومارێک!

عیلاجی گەر نەکا ئەم شۆخە ئیمڕۆ
بە(عەونی) ناکرێ دەرمان وچارێک!

(١) عوزار: ڕوو (٢) هوزار: بولبول (٣) کۆهسار: عەردی شاخاوی

دڵخوازی باڵا

بەیادی بەژن و باڵات تاکو کەی دڵخوازی باڵا بم
بەبێ تاوان وەکو یوسف لە زیندانی زولەیخا بم

هەمیشە من لە تو نێزیکترم ڕووت هەر لەبەر چاوە
لەتاریکی شەوی تەنیاییا من بێ چرا نا بم

دڵی سەرکەش دەزانم چی دەوێ ئەنجام نەزانینە
لە بۆ قەندی مەمت گەر من وەکو منداڵی ساوابم

چەشەم گەر خاڵی گۆنات بێ لەلام خۆشە هەتا مردن
لەبەندو کۆت وزنجیر و کەمەندی زوڵفی تۆ دابم (١)

ئەمەندەم دەردی دووری چەشتووە مەرج و بەڵێن وابێ
ئەگەر بمرم ئەگینا تاکو ماوم لێت جودا نا بم

خومارە، شەڕ فرۆشە، فیتنە بازە، مەست وئاڵۆزە
شەوو ڕۆژ قەت لە سیحری چاوەکانت دڵنیا نابم

گوتم ماچی دەمت نرخی چی یە گیانت دەوێ فەرموو
گوتی: پێم ناکرێ (عەونی) کە هەر سەر گەرمی سەودابم

(١) کەمەند: گوریسی درێژ، گوریسێکی قایمە پێی بە دیوار هەڵدەگەڕێن.

وەرە مەی گێڕ

وەرە مـەی گـێـڕ ئەتۆ بۆم تێکە کـەم کـەم
مـەزەی مـەسـتی ی منە مـاچێکی دەم دەم

ئەتۆش سـاز ژەن دە بۆمـان سـازکـە سـازێ
بەشـادی دەیشکێنم لە شکری غـەم!

بە چاوی تۆ ئەگـەر تۆم ئاشنا بی
لەگـەڵ غـەم ئاشنا نابم هەتا هەم

بە شـوێن دڵ دا گـەڕام هـیـچم نەزانی
لە حـەڵقـەی زولفـیـا یا چینی پەرچەم

بە مـاچێکی دەمی تۆ دەی فـرۆشم
ئەگـەر بم بێ هەمـوو موڵکی کەی و جەم (١)

لە پەروانە ئـەمن زووتر دەسـووتێم
بەراورد نـاکـرێ ڕووی تۆ لەگـەڵ شـەم

لەئاسک سڵـتـرە ئەم شـۆخـە (عـەونی)
دڵم نایێ دڵی بشکێ بە ئاسـتـەم!!

(١) کەی: مەبەستی لە کەیخوسرەوی شای ناودارە
جەم: مەبەستی لە جەمشیدی شای ناوداری ئێرانە.

گلەیی

١٩٨٦/١٢/٢٠
هەڵی کـورد ئاهـ و نـاڵەی بەر بەیـانم
سـەری کـورد خـوێنی ئاڵی چاوەکـانم

لە گـەرمی سـۆزی سـینەی خـۆم دەترسم
کـە ئاگـر بەر بداتە جـیـسم و جـانم!

لەمـەرگی خـۆم پەرۆش نیم خـۆی دەزانێ
کـە دڵشـادیم نەدیت مـاوەی ژیانم!

کـە زانییت کـوشـتنی من بەرژەوەندە،
دەبێ زوو بێ ی بە پێـویسـتی دەزانم

لە بۆ پاراستنی گوڵزاری ڕووی تۆ
شەوو ڕۆژ باخەوان و پاسەوانم

دەمێکە من بە هیوای مژدەیێکم،
کە ساڕێژ کا هەموو زامی بە ژانم

لەلام ئەم ڕۆژە جەژنە گیان بەخت کەم
لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمانم،

ئەگەر بێ بم کوژێت و لەت لەتم کا
گلەی ناکەم لە یاری میهرەبانم

بەرەو پیری بەهاری شادمانی
دەڕۆم ئیمڕۆ دەبێ کۆچ کا خەزانم

لەگەڵ بولبول هەڤاڵم

لە گوڵزارا لەگەڵ بولبول هەڤاڵم
بە ڕۆژ و شەو خەریکی ناڵە ناڵم!

وەکو تۆ شێفتەی گوڵ نیمە بولبول(*)
ئەمن شەیدایی خونچەی لێوی ئاڵم!

مەی و مەی گێڕ و مەیخانە بەڵەد نیم
وەها سەرخۆش و مەستی چاوی کاڵم

چ خۆشە پێ دەنێیە بانی چاوم
بە جاروبی موژەم ژێر پێت بماڵم(١)

چ دەربەست دەردو ئازار و نەخۆشیم
ئەگەر جارێ بپرسی چۆنە حاڵم؟

لە دڵداری ئەمن تەنیا کەسێکم
لەناو بۆتەی ئەوین وەک زێری قاڵم

وەکو (عەونی) لە تۆ دوور نیمە قوربان
هەمیشە وای لەبەر چاوی خەیاڵم!!

(١) جاروب: وشەیەکی فارسییە، بە مانای گەسک دێت

(*) شیفتە: ئاشق

لە شوێنی چی دەچی

لە شـــوێنی چی دەچی ئەی دڵ خـەیاڵت خـاوە دەیزانم
ئەوەی تۆ بۆی خـــەریکی ئەو لـە تۆ تۆراوە دەیزانم

وەکـو دوێنێ مـەبە بێ باک لە ڕێگای خۆشـەویـستی دا،
تەمـاشـای شـێـوەیی ئیـمـڕۆ گـەلێ گـۆڕاوە دەیزانم!

فریبی چاوی مەستی قەت مـەخۆ ئەم شۆخە عەییارە (١)
وەفـــاو عـــەهدو بەڵێنی هەر درۆیە و ناوە دەیزانم

برۆ و موژگـان و غـەمزەت چاوەکـەم پێویست نی یە بێنی
بە تەنیـا کـوشـتنی من یەک ئیشـارەی چاوە دەیزانم

بەهەر لا ڕابکا ڕزگـــاری نابێ دڵ لـەبەر چەنگی
دوو چاوی بازی یاری من کـــە فـــێـــری ڕاوە دەیزانم!

دەبێ داوا بکـەم مـــافی ڕەوای خـــۆم با زەلیـلیش بم
دەبێ هەر خـــۆم وەری بگـرم بەکــــەس نەدراوە دەیزانم

گوتی: (عەونی) نەکەی قەت دڵنیای جەوری ڕەقیبت بی
گـــوتم: قـــوربان ئەوێـستــا بەد ڕەوشـتی باوە دەیزانم

(١) فریب: حیلە تەفرە

جاری جاران

١٩٨٦/١٠/١٨
جـــاری جـــاران پرچ و زوڵفی دولبـــەران
وەک حـــەشـــارگـــەو لانەیەک بوون بۆ دڵان

گـــەر بتـــۆرێت دڵ پەنا بۆ کـــوێ ببـــات
ئێـــســـتـــە پرچی لوول نەمـــان هەڵ پاچران

با لە گـــوڵزارێ ببـــێـــتـــە نیـــشـــتـــەجێ
لانەیەک ســـازکـــا لەســـەر پۆپی چڵان

بولبول ئاسا با بکا شیوەن لە باغ
با بزانی دڵ ڕەقن ڕوومەت گوڵان

زۆر لە مێژە گوڵ کە خۆی فێر کردووە
پێکەنینی دێت بە ناڵەی بولبولان

بەختیاریت ڕۆژێ گەر بۆت ڕێک کەوێ
دەم لەسەر دەم دەست بخەیتە سەر ملان

لافی دڵداری بەبێ مەشق لێ مەدە
چەند سوار چاکان لە مەیدانا گلان

پیاوەتی وعەهدو وەفا جاران هەبوون
ئێستە بێ سوودن لە ناوان دەرکران!

یادی تۆ

یادی تۆ هەروەکو جۆلانە دڵی خستە هەژان
زام و ناسۆری دەروونم کتوپڕ هاتنە ژان

شاری پڕ شۆڕی ئەڤینە کە لەوێ شاه و گەدا
دەست و پێ ی بەستە هەموو کەوتووە بێ ناوو نیشان

سیحری چاوت بۆ منی خستە تەلیسمی زوڵفت
بیری دەرچون لەسەرم دەرچوو بەمان وبەنەمان

من لە ڕێبازی ترسناکی ئەڤین بێ باکم
سەری خۆم ڕۆژی بەری بردە مەکۆگاهی ژوان(۱)

تەختی شاهی چی یە لام من کە خودا پێی داوم
خادیمی مورشیدی پیرم لە خەراباتی (۲) موغان(۳)

وەکو ئەسکەندەری بێ هوودە لە شوێن ئاوی بەقا
مەگەڕێ هەردوو کە بێ هوودە لام مەرگ و ژیان

(عەونی) باوەڕ بکە ئەم نوکتە وەکو حاجی دەڵێ:
{ئەسپی کۆن زەحمەتە دەرچێ لەگەڵ ئاهوو ڕەوشان}

(۱) مەکۆگاه: جێگەی خۆشاردنەوە، مخبأ
(۲) خەرابات: مەیخانە (۳) موغان: کۆی موغە، پیاوە ئایینی یەکانی ئایینی زەردەشتی

خوار وکەچین

١٩٨٦

ڕێ ی خەتا مەگرە دڵە ڕوو بکە چین
گەر دەزانی لە مەبەست بۆچی دەچین

تا نەچین ناگەیە ئاوات و مەبەست
دەست بخە دەستم و ڕێ بگرە بچین

ڕێگە هەرچەندە ترسناکە بەڵام
ئەمە مەرجێکە مەڵێ بۆچی دەچین

بەر لەچوون بیرێ لە داهاتوو مەکە
ئەو دەمە حاڵی دەبی ڕۆژێ دەچین

خۆت دەڵێ ی نابێ نەچین زووکە بچین
گەر بزانی چی یە ئەنجامی نەچین؟

هەر کێ ڕێ بگری بە ڕاست دەی گاتێ
ئێمە ناگەین چی یە؟ گشت خوار و کەچین!!

خاڵی سەر ڕووی چەشەبوو خستی یە داو
هیچ گومانم نی یە دەرناچێ لە چین!!

چاوی تۆیە

چاوی تۆیە کەمنی کردووە بەرگەشتە لە ژین
لەیەکەم ڕۆژەوە دیم بوومەتە مەیخانە نشین

شۆخی تەرسا بەچە، چەند پیری لە دین لا داوە
شێخی سەنعانی کە ناچار بووە بتخانە نشین

قوربەسەر ئەو کەسە بەر هێرشی موژگانی کەوێ
خودا زەحمەتە دەرمانی بکا زام و برین!!

یاری من

یاری من نازداری من خونچەیی گوڵزاری من
خونچەیی گوڵزاری من، یاری من نازداری من

شەمع و شەوی تاری من، کوڵمەو زوڵفی تووە
کوڵمەوو زوڵفی تووە، شەمع و شەوی تاری من

ماهی دەو چواری من ڕەونەقی ئەنجوم دەبا
ڕەونەقی ئەنجوم دەبا، ماهی دەو چواری من (١)

دەفتەری ئەشعاری من، تەعنە لە حافز دەدا
تەعنە لە حافز دەدا، دەفتەری ئەشعاری من!

لەو دڵی بیماری من، خەنجەری موژگانی تۆ(٢)
خەنجەری موژگانی تۆ، لەو دڵی بیماری من

بەسیە تو خوا یاری من، میحنەت و جەورو جەفا
میحنەت و جەورو جەفا، بەسیە تو خوا یاری من

ئەو بتی فەرخاری من سەجدە بە (عەونی) دەبا(٣)
سەجدە بە عەونی دەبا، ئەو بتی فەرخاری من

(١) ماهی دەوچوار: مانگی چواردە (٢) بیمار: نەخۆش، موژگان: برژانگ (٣) بتی فەرخار: بتی لایق و ڕێک.

لەم کوڵبەیی ئەحزانە

لەم کوڵبەیی(١) ئەحزانە، عەشقی سەنەمێکم بوو
لەم چۆڵ و بیابانە، باخی ئیرەمێکم بوو(٢)

ئەی دڵ بەختەتا تاکەی، مایل بەختەتا کاری؟
دوێنێکە دەمێکم بوو، ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو

بێ هاودەم و هەمتا مام، بۆ خلوەتی تەنیایی
بۆ مونیسی ئەحزانی گوڵ غونچە دەمێکم بوو

ئاخر فەلەکی بەدکار دوچاری غەمی کردم
جاریّ لە خەوا وەسڵی لەب جامی جەمێکم بوو(٣)

شایستەیی شاهی بێ، تورەی سەری زولفەینە
لەم جوملە عەلاماتە، قامەت عەلەمێکم بوو

شەوبۆبی سەری زولفی، ئاشفتە دڵی کردم(٤)
دەرناچێ لە دڵ دایم، هەرچەند کە کەمێکم بوو

عەونی کە بە خامۆشی، ڕازی دڵی پەنهانە
باتێن لەخەتەر دایە، پەروانە شەمێکم بوو!

(١) کولبە: کلبە (ف): کولیت، ژوور (٢) ئیرەم: إرم: شاری کۆنی وەک بە هەشت ڕازاوە بووە، ناوی لە قورئان دا هاتووە (٣) جامی جەم: جامێک بوو جەمشیدی شای کۆنی ئێران وەک ئاوێنە ڕووداوی دنیای تێدا دەبینی (٤) ئاشفتە : شێواو، پەشۆکاو

ئەرخەوان

کانونی یەکەم ١٩٨٦

دولبەری شۆخ و نیگارم کە بەیەک غەمزەیی چاو
هەست و هۆش و دڵ و دینی کە ڕفاندم لە نکاو

خۆم دەپاراست و دەترسام لە هەموو ڕووداوێک
لە ووزەی من نەبوو دوبارە منی خستەوە داو!

هەر لە ئێستاوە بە هیوامە ئەگەر ڕێک بکەوێ
چی لە دڵمایە بڵێم پێ ی بە وتو وێژی تەواو

بەسە ئازار و سزاو سەرکەشی بێ ئەندازە
بۆ فەرامۆشی دەکەی ڕۆژی جەزا خانە ڕماو

پێت بڵێم خزمەتی بێگانە چی یە ئەنجامی
ڕوو ڕەشی و چاو لەبەری وملِ کەچی یە وقنگی دڕاو

ئەرخەوان بەم گوڵی سورت مەبە بایی لە بەهار
وێنەیێکە کەوەرت،گرتووە لە خوێنی ڕژاو

تەختی بەلقیسە بەسەر مەرزی منا تێ دەپەڕێ
جێ ی نی یە زۆرو کەمیش پێ ی بکەوێ تیشکی هەتاو

نەکو دڵگیر بێ لەوە شاهی سلێمان ڕۆژێ
لەشکری بێ بگرێ عەردو سەما و ڕووبەری ئاو

هود هودی بادی سەبا بۆنی گوڵی پەخشان کرد
بەسەدان پیری بە ساڵا چوو هەموو بوونەوە لاو

چ بەراتێکە کە سوود بەخشە بە بەرکێ بکەوێ
شادمان بەختەوەرە دوورە لە ئاژاوەو داو

ئەم شەوە دوا شەوی شەعبانە ئەوند خۆت مەست مەکە
تا شەوی جەژنە دەڵێن دەنگی نەما تەپڵی دڕاو!!

گەلاوێژ کاتێ هەڵهات

گەلاوێژ کاتێ هەڵهات نیوە شەو بوو
کە چاوی مەستی ئەو شۆخە لە خەو بوو

بەیان بوو خونچە پشکووت و هوزار یش،
خەواڵوو کەفت و کۆی بێداریی شەو بوو

هەناسەم زوڵفەکەی لادا لەسەر ڕوو
کە مانگ ئاوابوو ئەمجا مانگە شەو بوو

گوتم: بەختی خەواڵوو زووکە! زووکە
دەهەستە هاتنی ڕۆژت بەشەو بوو

مەگەر وا تاریک و ڕوونی بەیانە،
کە ڕۆژ هەڵهات بە بۆنەی کۆچی شەو بوو

کە ئەو ڕۆیی بزانن من نەماوم
کە بوونی من لە سایەی مانی ئەو بوو

لە ڕێ ی هاتا نەهات ئەمجارە (عەونی)
لە مەیدانی گرەو ئەسپی جدەو بوو!!(١)

(١) جدەو بوون: بریندار بوونی پشتی ولاخ لەبەر بار یان زین کردن

((دڵ))

لەگەڵ (دڵدار) داینـاوە

دڵ لە بەینی تەڵعەتی ڕوو و زوڵفەکەی دەیجوورتە(١)
گاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهێ مەیلی نوورتە

بەحری عوممانی سروشکم (٢) وا بەدەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە

بادەکەت پڕ ژەهری مار بێ، بیدە پێم نۆشی دەکەم
چونکە طەبعم هێند موطیعە بەندەیی مەیسوورتە

سا ئەزانی چەند پەشێوە ئەو دڵەی بیماری من
پەی کراوی تیری غەمزەی چاوەکەی مەخموورتە!

ئاسمانی حوسنی ڕوخسارت لە ئەبرۆ و چەرخی ڕوو
تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کولمەی خۆرتە

خونچەکەی نەشکفتەیی لێوت لە باخی مەقصەدم
تا دەمی پشکوتنی دڵ بولبولی مەنظوورتە!

ئارەزووی ئەم شیعرە «دڵدار» تۆ لە «عەونی» بۆ دەکەی
چونکە ئەم غەمبارە دایم بۆ وەتەن مەجبوورتە!!

(١) دەیجور: تاریک (٢) سروشک: فرمێسک، ڕۆندک

جوانی و شۆخی

١٩٨٧/٢/٨

جوانی و شۆخی وەکو تاقی کراوە
کراسێکە بە باڵای تۆ بڕاوە!

کە تۆ ڕووت کردە گوڵشەن ئاشکرابوو
کە سەروو نەی لە پاش باڵات چەماوە

گوڵیش ویستی بەرامبەر ڕووت بوەستێ
هەڵەی کرد و بە دڵ تەنگی گەڕاوە

نیگاری و شۆخی هەر شایانی تۆیە
لە کۆڕی دولبەران وا مۆر کراوە

لە شوێنی خۆم نەجووڵێم بەرژەوەندە،
هەموو ڕێگا لە ڕووی من داخراوە!

بە خەندەو نازی لێوو چاوی کاڵی
چ ئاشووبێکە بۆ من ڕێک خراوە!

بە هەر لادا بڕۆم زەحمەت کە دەرچم،
لە هەر هەنگاوێ سەد داو دانراوە!

لەدەوری تۆ خەیاڵ و هەست و هۆشم
بە شێوەی پەرچەم و زوڵفێکی خاوە

لە دووری تۆ لە خانەی خەم نشینی
ئەوەندەی ماوە ژین مەحکووم کراوە!!

چاوی خومار

١٩٨٦/٤/١٨

چیم لە جامی مەیە من چاوی خومارم گەرەکە!!
بۆ مزەزە ماچی دەم و لەنجەیی یارم گەرەکە

خانمی شۆخ و نیگارم بەسە مەستم کە بەمەی
نەغمەیی عودو کەمان و نەی وتارم گەرەکە

بولبولی گۆشەیی گولزاری هیوام لەم چەمەنە
من لەباخی ئەمەلم خونچەیی زارم گەرەکە

باخەوان لێم مەبە دڵگیر کە لەباخت دەگەڕێم
هیچ نیازم نی یە هەر سێوو هەنارم گەرەکە

شوێنی ئەو ئاسکە کەوتم لە هەموو دەشت و هەرێم
وا مەزانن لە هەموو گەشتێ شکارم گەرەکە!

قامەتی دولبەری من سەروی چەمەن ئارایە
لەم چەمەن زارە بەڵێ لەنجەوولارم گەرەکە!

با هەژاریش بێ بەڵام خوو و ڕەوشتی بەرزی
من مرۆڤ دۆستم و نەک کۆشک و تەلارم گەرەکە

ئەم بەڵێنەی بە منت فەرموو گوتت: «دێمە ژووان»
چاوە ڕێم ڕۆژ و شەوم وەعدەیی پارم گەرەکە

سوودی دەریا کە دەڵێن زۆرە بەڵام ترسی هەیە
زێڕ و زیو نرخی نی یە سەیری کەنارم گەرەکە!!

چوارینەکانی عەونی

تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری

«حافظی شیرازی» (١)

بە خوێنی دڵ کە نووسیم بۆ لای نیگارم نامە
«إني رأيت دهراً، من هجرك القيامة»

هەرچەند سەرو بنم کرد، هیچ فائیدەی نەبەخشی
«مَنْ جرّب المجربّ، حلت بە الندامة»

لە دووری تۆ لە چاوم سەد جۆرە دەردو ژانە
«ليس دموع عيني هذا لنا العلامة!»

پرسیم لە یێکێ زانا ئەحواڵی یارو فەرمووی
«من بعدها عذاب في قربها ندامة»

بەڵا گەردانی تۆ بووم، بۆیە بە پەندو پۆ بووم
«والله ما رأينا حباً بلا ملامة!!»

پێویست نیە کە بیڵێم دەردی دەروونی زارم
«خود میشود محقق از اب چشم خامة!!»

بادی صەبا هەڵیگرت پەردە لە ڕوویی یارم
«كالشمس في ضحاها تطلع من الغمامة»

(حافظ) کە ویستی (عەونی) جامێ شەراب لە ساقی
«حتى يذوق منه كأساً من الكرامة !!»

(١) شاعیرێکی ناوداری فارس بووە، لە نێوانی
(١٣٢٠-١٣٨٩ز)دا ژیاوە.

زوڵفی پەخشان کرد

زوڵفی پەخشـان کـرد لە ڕووی دولبـەر چ داوی نایەوە
لەم هەرێمـە هەر دڵێک ئاوارە بوو پێـچـایەوە!!

ئەی دڵی زارو نەخۆش سـەد ئافـەرین بۆ چاوەکـەی
وەک مـەسـیـحـا مـردوویکی گـیـان بەبەر هێنایەوە!

چەند سولەیمان هاتن و فـەرمـان ڕەوا بوون سـەرەدەمێ
ڕۆژگـار ئەو سـەرگـوزشـتـەی یەک بە یەک گـێـڕایەوە

دژ مـەوەسـتـە هەرچی ڕووداوێک زەمـان هێنایە پێش
گـەر مـەبەسـتت بەرژەوەندی گـشـتـە بێـتـە کـایەوە

کـــافـــری دڵ ڕەق هەژارێکی وەها چی کـــرد بوو ،
بۆچی کـــوشـــتت وا بەزاری چەندی لێت پاڕایەوە

چەندەها گـــرتیـــانە بەر ڕێگا بەرەو ئاوی حـەیات
نەی گەیشتێ کەس هەتا ئێسـتـا کە پێ ی نەخورایەوە

دەســتی پێ کـرد نم نمەی بارانی ڕەحـمـەت دای ڕژاند
هـەرچی تـاوانێـکی ئادەم کـــردبووی شـــۆرایەوە!!

ئەم چیهرە گوڵە

ئەم چیـهـرە گـوڵە سـەروە قـەدەی لالە جـەمـالە
چاو بازە کـەمـەر مـامـزە شـیـرین خـەت و خـاڵە

زولفی شـەوە، مـەسـتی خـەوە، لەنجـەی کـەوە یارم
چاو ئەخـتـەرە(١)، ڕووی بەدرە، برۆی عـەینی هیـلالە

بۆ غـارەتی سـەر چین و خـەتا کـافی یە قـوربان
جـەیشی سـەری زولفی لەگـەڵ ئەم عـەسکەری خـاڵە

باوەڕ بکە هەرچەند بگریێم من لە فـــیـــراقت
خـوێنێ جگەرم جـاری یە هەر شـەو لە مـەجـالە

سـوزیده(٢) نەبێ قـەلبێ لە ناو ئاگری عـەشقـا
ئەم جـیـسـمـە لە ڕوح خالی یە وەک شـووشـە بەتاڵە

خـوێن ڕێژە برۆت شـێـوەی جـەللادی یە چاوت
حـاشـا چ دەکـەی تیری مـوژەت شاهیـدی حـاڵە!

مـەنعی مـەکـە(عـەونی) کـە دەمـێک بێـتـە حزوورت
پەروانەیی ڕووی تۆیە کـە مـوشـتـاقی ویسـاڵە!

(١) ئەختەر: ئەستێرە (٢) سۆزیدە: سوتاو

ئەی کچی کورد

ئەی کـچی کـورد ڕووت بە وێنەی گـوڵ گـەشـە
شـۆخ و شـەنگ باڵات کـە سـەروی سـەرکـەشـە

هەڵگرە ڕوو بەنـد و پێـچـەت بـۆ چی یە؟
تۆ کـە ڕوو سـووری پەچە بۆ ڕووی ڕەشـە!

گـەر بپـۆشی بەرگی ڕەش شـایـسـتـە بۆت
چونکە شین ومـاتـەمین بۆ تۆ بەشـە!

ڕاسـتی فـەرمـوو هێـمنی شـاعـیـر دەڵێ:
ئەوگـەلەی حـاشـا دەکـەن بوونی و هەشـە!

مـن لـە بێ دادی پـەنـا بـۆ کـوێ بـەرم؟
ڕووم نی یە لای کـەس بڵـێم چارەم ڕەشـە

ئەم جـیـهـانەی پڕ لە شـادی و خـۆشی یە
کـوردی گـەر لێ لابەرێ کێ بێ بەشـە؟!

کـونجی بەندیخـانەو سـێـدارەکـان،
هەر بە باڵای کـورد براوە ئەم بەشـە!

تا زووە خـوایە هەلی کـەی بای شـەمـاڵ
سـیس و ژاکـاوین لە دەسـتی بای ڕەشـە!

به هیوای هاتنت

به هیـــوای هاتنت شـــەوتا بەیانی
بە چاوی مـــەســـتی تۆ چاوم لە ڕێ یە!

چی یە جـاریّ گــوزەر فــەرمـووی بە لامـان
نیـشـانەی گــەورەیی و کـاری بە جێ یە!

سـەبا ئیـمـشـۆکـە مـژدەی خـۆشی هێنا
گـوتی: ئـامـادە بە دولبـەر لە ڕێ یە!

کـەسـێک پرسی لە لەیلا خـۆت دەزانی
کـە مـەجنوون وێڵ و سـەرگـەردانی کێ یە؟

یەکەم سەر مەشقی دەرسی عەشقە فەرمووی
لە پۆلێکا هەزار مـەجنوونی لێ یە!

لە بێسـتـوون یادگـاری دەسـتی فـەرهاد،
نـیـگـاری(١) شـیـرنە ئێستـا لەوێ یە !

ئەگـەر دەسـتم لە گـەردەن تەوقی مل بێ
کـەمـەندی زولفی ئەم شـۆخـەم لە پێ یە!

وەکـو (عـەونی) منیش بۆ فـەرشی ژێر پێت
سـەرم دانا، سـەری دانا لە ڕێ یە !!

(١) نیگار: لێرەدا بە مانای نەخش، شکڵ، وێنە دێت.

یاری من

یاری من سەرو قەدە، ڕووی گوڵە، لێو قرمزی یە
چاوی باز، لەنجە کەوە، ڕەوت و ڕەوی مامزی یە

سەیری ئەم دیمەنە شیرینە سەرو گەردەن وملی
تاسی زێڕی لەسەرە دوگمە و دەرزی لە زی یە

بازنی زیوو مەچەک دەستی سپی مووسایە
کێوی توورە بەدەنم بەردی سووتاو رزی یە

خوا بیپارێزی لەدەستی دزو بەدکارو حەسوود
ئەژدهای گەنجینەیی حوسنی دوو ماری کەزی یە

چەمەن ئارابوو بە خەندەی گوڵ و ئاوازی هوزار
پەست وخەمبارە بنەوشە بەشی ئەو سەری کزی یە

لەو دەمە تۆ بە چەمەن دا گوزەرت کردو گوڵیش
ڕەنگی گۆڕاوە لە بازاڕ برەوی دا بەزی یە

وەکو بەختی منە چاوت لە خەوایە شەوو ڕۆژ،
چەندە ئازاری بە من داوە خەوی لێم دزی یە!

بەهرەوەر نابێ کەسێک کاری هونەر کاری نەبێ
بێتە مەیدانێ گرەو چەند بەزی یە(١) هەربەزی یە(٢)

(عەونی) بێچارە لە دووری تۆ کە ئارامی نی یە،
لەو دەمە تۆ بەسەفەر چووی دڵ و جەرگی تەزی یە!

(١) بەزی: ڕای کرد (٢) بەزی: دۆڕاندی

هات فەسڵی گوڵان

هات فەسڵی گوڵان، بولبولی دێوانە لە کێ یە؟
شەو ڕۆیی ئەدی عاشقی پەروانە لە کێ یە؟

تەفرەم مەدە بەم سەروە کە وێنەی قەدی تۆیە
سەرو سەمەن و لە نجەیی جانانە لە کێ یە؟

مەستم بە هەوای عەنبەری دوو زوڵفی سیاهت
بۆیی سەمەن و سونبول و ڕەیحانە لە کێ یە؟

دەنگی دەف و ئاوازی نەی و زەمزەمی ساقی
موتیرب بە فیدات بم ڕەهی مەیخانە لە کێ یە؟

فەرمووی بە تەبەسوم وەرە وا جەژنی ویصاڵە

بێ تەوفی حەرەم جەژنەیی قەربانە لە کێ یە؟(١)
تێنووم بە لەبی کەوسەرو ساقی کەرەمت بێ

غەمزەو نیگەهـ و بادەو پەیمانە لە کێ یە؟(٢)
وای فەرموو گوڵم (عەونی) زەدەی دەستی نیگارە(٣)
ئەم دەنگ و سەدای ناڵەو گریانە لە کێ یە؟!

(١) تەوفی حەرەم: تەوافی کابە لە کاتی حەج کردندا.
(٢) پەیمانە: پەرداخی شەراب، پێک
(٣) زەدە: شکست.

سەرو لافی قەدی تۆی

سەروو لافی قەدی تۆی کەوتە سەری
ڕاستی قەدی چەماوە قوڕ بەسەری

خونچە تەنگی دەمی تۆی دیت گریا
زوو بەزوو تیری حەسەد جەرگی بڕی

گوڵ کە زانی بە گوڵی ڕووت ناگا
چوو بە دەم باوە یەخەی دا دەدڕی

شۆڕشی چاوی گەلاوێژی تووە،
مشتەری کەوتە سەما ڕەنگی پەڕی

تۆزی ڕێ مژدەیی شادی پێ یە وا
من لە ئێوارەوە چاوم دەفڕی

قەت هیوای چاکە لە ڕوو ڕەش ناکەم
بێوەژن شادە کەوا قەڵ دەفڕی

(عەونی) سڵ نابێ لە بەد گۆیی ڕەقیب
لێ گەڕێ لەم دەرە با سەگ بوەڕی

خەوم دی

لە کێ پرسم بڵێیم دوێ شەو خەوم دی
چی یە واتای لە خەو ماهی نەوم دی؟

کە من دیتم بە وێنەی یەک شەوی بوو
بەڵام تا کو بەیانی پرتەوم دی!

لەسەر ئاوێکی ڕوون بووم دەم ڕووانی
بە وێنەی زێڕو زیو زیخ و چەوم دی

لەوێ نێچیر گرێ داوی تەنی بوو
لە نێزیک داوەکە پۆڵ پۆڵ کەوم دی

لەناکاو هاتە خوار هەڵ نیشت هەڵۆیێ
کە دانەو داوی لوول دا خۆم ئەوم دی

فڕی ڕۆیشت بە تاقی ئاسمانا
کە داوی خستە دەریا وەک شەوم دی

کە ئارام بوو نەما هەورە تریشقە،
نەما بوون داو ودانە هەر کەوم دی!!

تکا کارم لە تۆ

تکا کارم لە تۆ مەی گێڕ نەکەی شادیم بەبەر بادەی
خەمی ئێستا و لەمەو پێشم دەبێ ئیمشۆکە بەر بادەی

کە من دڵخوازی بادەو ئارەزووی ئاوازی شمشاڵم
پیاڵەی پڕ لەمەی هێنا گوتم: بۆچی لەنەی نادەی

دەمێکە دوور لە بەزمی ئێوە، گیرۆدەی خەم و دەردم
فەرامۆشی دەکەم گشتی ، ئەگەر پەردە لە ڕووت لادەی

منم تەنیا لە کۆڕێ بادە نۆشان ئاشنای ساقی
کە چی تۆ هەروەکو بێگانە ئاسا ڕوو بە من نادەی

دەمێکە ئارەزووی ماچێکی لێوی تۆم لە دڵ دایە
چ خۆشە من بڵێم زووکە بفەرمووی تۆش بڵێ ی: هادەی

کە پەنجەی زیوی کردە شانە، زوڵفی لوولی دابێنێ
شنەی با دڵ دەبزوێنێ ئەگەر زوڵفت بە بەر بادەی

ئەمن مەیخانەوو ساقی، بە شێخ و خانەقا نادەم
گوتی(عەونی) هەتا ماوی نەکەی لەم ڕێگە قەت لادەی

قوربان وەرە

قوربان وەرە ئەم جەژنە قوربانە ئەگەر چی
ئەم زەحمەت و ئازارو جەفادانە لەسەر چی

گەر دەم کوژی بەم چاوە بڵێ فورسەتە ئیمڕۆ
نەک ڕۆژێ لە پەنهانەوە خوێنم بەهەدەر چی(١)

ڕەنگین کە بە خوێنم وەرە دەی پەنجەیی ئاڵت
شایستە لە جەژنا بتەوێ گەر بەسەفەر چی

دوو زوڵفی سیاهت کە لە ڕووت هاتە تەماشا
نێزیکە فەڕەنگ بێتۆ لەبۆ کەشفی قەمەر چی!

ئاهی منی دێوانە لەگەڵ بولبولی شەیدا،
پڕ سۆزە ئەگەر بێ لە موناجاتی سەحەر چی

مەقسەد نی یە گەر کوشتنی من بۆچی لە دوولا
سەف بەستەو ئامادەیە ئیعلانی بەشەڕ چی

تەرکی نەزەری بادەی مەستانە کە (عەونی)
دووچاری دەبێ چاهی زەلالەت بەنەزەر چی!(٢)

(١) خوێنم بەهەدەر چی: خوێنم بڕژێ
(٢) چاهـ : بیر ، چاڵ

پەری پەیکەر جوان

پەری پەیکەر جوانی خونچە زاری
نیگار شۆخ و شەنگی چاو خوماری

بە ڕووگوڵ، غونچە دەم، سینە وەکو باخ
بەباڵا سەروە، مەم سێو و هەناری

لە کاتی پێکەنین و زەردە خەندە،
دڕ و یاقووت و مرواری دەباری

دەزانی دڵ کە پێکاوی بژانگە
بفەرموو خۆت بکە دەرمانی جاری

بە تاتا پەرچەمی هاتۆتە سەر ڕوو
بەبای دا عەنبەری سارا بە باری

ئەوە جەژنە هەموو کەس شادمانە،
منیش ئاوارەم و دوورم لە یاری

بەهارە چۆپی بە ئاهەنگ و بەزمە
دە نەی ژەن لێ دە ئاوازی قەتاری

وەرە مەی گێڕ بە چاوی مەست وکاڵت
ئەتۆش من مەست و بێ هۆش کە بە جاری

وەکو (عەونی) بە چەشنی ئاسکی کێوی
کە بەستراوم بە سام و تای سواری

خوماری چاو خومارێک

خوماری چاو خومارێکم هەزاران وا خوماریتی(١)
ئەسیری زولفی یارێکم هەموو عالەم شکاریتی (٢)

وەکو لەیلا بەسەد نازو نەزاکەت عەقڵی لێ ساندم
دڵم دایم وەکو مەجنوون لە عەشقا بێ قەراریتی

لە ئیقلیمی مەلاحەت چونکە بێ هاوتایە ئەو شۆخە(٣)
دەبینی چەند شەهەنشا وا موتیعی ڕاگوزاریتی

دەزانم دەم کــــوژی چاوی، تەنافی زولفی داو داوی
برۆی قــەوس و مــوژەی پەیکانی عــوشــاقی هەژاریتی

بە غــەمزەی چاوەکەی عــەقڵ و دڵ و دینم بە غــارەت چو
خــودا چی بوو کە وا ئیمــرۆ هەمــوو کـەس ئینتیــزاریتی

گوڵی ڕوخسارە، خونچەی لێوە، عەرعەر قەددی شۆخیتی
گــەهێ بولبــول، گــەهێ قــومــری، گــەهێ دڵ وا هوزاریتی

شکۆفــەی خــونچــەیی لێــوی لە باخــا وا دەمی داوە
ئەمــە بۆی عــەترە (عــەونی) خــەندەییێکی لێــوو زاریتی

(١) خومار: سەرخۆش
(٢) شکار: ڕاو (٣) مەلاحەت، ملاحە: جوانی
(٤) پەیکان: نووکە تیر (٥) شکوفە: غونچە.

فەلەک

لەگەڵ «دڵدار» داینــاوە

ئەوی کـەس بێ فـەلەک دایم لە خـوێنی خۆی دەگـەوزێنی
کـە پەنجەی شێری نەگبـەت هات ڕەگی ئاساری دەردێنی

لە ژێر پەردەی سەفا بەخشی، لە ساقی بێ دەسی گەردون
بە خــۆشی مــەی هەزار عــاقڵ خــەیاڵاتی خــەمی دێنی

کـە تاڵع ڕۆیی نیگبەت هات، تەبیعەت قاعیدەی وایە
لە چیــمــەن دا چەقــەڵ هەڵسێ ئەبێ شێرێکی بشکێنی!

لە سایەی بەختی بەد بەختی زەمانە هەر کەسێ کەس بێ
نەمــامی داری ئومــێدی بەســەد مــیـحنەت ئەلەرزێنی

دەسا تیــرەی بەشــەر سـەیرێ لە پەردەی سینەمــای ژینا
بەڕەنگی سووری خوێنێ گەش چ گوڵگون ڕەنگی دەنوێنی

غــەرق بوونی هەمــوو کـەس هەر لە نێــو ئاوە بەڵام بۆ من
بە عــەکسی قــاعیـدەی عــالەم هەوا مــاسی دەخنکێنی

ئەگەرچی خوێن ڕژان ناخۆشە ئەمما من لە لام خۆشە
ئەگەر خوێنێ ڕژا ئەمڕۆ سبەینێ لالە ئەڕوێنی

لە نێو دنیای ئەمەل(عەونی) بە عەزمێک و نەشاطێ بە
دەسا فەرزە ئەتۆش (دلدار) دڵی سستیت بفەوتێنی!

دڵم تاکەی دەڕەنجێنی

١٩٨٦/١٢/٧

نیگاری بێ وەفا و دڵ ڕەق، دڵم تاکەی دەڕەنجێنی،
کەمن دێم بۆ تەماشا ئەو دەمە زوڵفت دەشوێنی!

بەقەندم گوت: کە بازاڕت شکا ئەمڕۆ لەبی یارم
بە نیوە پێکە نینێکی بە بار شەککەر دەبارێنی

بە جوانی ڕەنگ و ڕووی خونچە دڵی تەنگ بوو وەکو لێوی
هوزاریش وای دەزانی زویر بووە فرمێسکی دەرژێنی

ئەمن ئاوی حەیاتم بۆ چی یە تازە لە بی یارم
بە ماچێکی ژیانێکی دووبارەم بۆ دەرەخسێنی!

دەمێکە چاوەڕێتم بای شەماڵ ڕابێرە ئەمشۆکە،
بە شادی دڵنیام دەنگێکی خۆش هەستم دەبزوێنی

لە لایەن یاری شیرین نامەیەک هات بۆمی نووسی بوو
بەڵێنێکی کە داوتە بەر لە ئێستا تۆ بە نەشکێنی

دە مەی گێڕ تێکە جامێ هێندە مەستم کە کەبێ هۆشم
هەتا دولبەر بە ناز دێتە سەرینم تا هەڵم سێنی!!

گەزندەم بوو لە دڵداری

١٠ شوباتی ١٩٨٩

گـــەزەندەم بوو لە دڵداری بەگـــەنجی دڵ دەرەنجـــێنێ
نەکـــا ڕۆژێ لە نا کـــاو کـــارەســـاتێکی بخـــولْقـــێنێ

کە پیر بووم من گوتم: زۆر خۆشە ڕزگار بوون لە دڵداری
کە چی من نەم دەزانی داری ووشک زووتر گڕ ئەستێنێ!

لە ســـۆزی ئاگـــری دڵ زامی ناســـۆری دەروون گـــیـــانە
وەرە ســـەرچاوەکـــەی چاوم بە گـــەرمی خـــوێن دەپرژێنێ

بە تینە ئاگـــری دڵ باوەشـــێنی پەرچەمی هەڵکرد
مـــەزە بۆ چاوەکـــەی مـــەســـتی کـــەبابێکی دەبرژێنێ
سروشت گەر هەرکەسێکی گرتە باوەش هەر بەرێکەوتی
نەزان هێند بەرزە کـــا جـــۆرێ هەزار زانا دەتاســـێنێ

دەبێ ســـاوا بەجـــۆرێ فـــێـــر بکەی ســـاوا نەبێ کـــارت
لە هەڵوەستی بەبێ وەســـتـــان لە دوژمن تۆڵە بســـتێنێ

گـــەلێ گـــەر چێـــژی ئازادی بکا هەڵمـــەت دەبا ڕۆژێ
وەها دەیگرتە باوەش تەخـــتـــی زۆر داران دەلەرزێنێ

دڵ لە من تۆراوە

دڵ لە من تۆراوە دیســـــــان هەم دەمی یاری دەوێ
ئارەزووی گـــەشت و گـــوزارە باخ و گـــوڵزاری دەوێ

بولبـــول ئاســـا وا خـــەریکی ئاشـــیـــان هەڵ بەســـتنە
خـــــونچـــەیێکی ناسکی وێنەی دەمی یاری دەوێ!

پەرچەمی چین چین بەڕیز هێنایە دەوری ڕوومـــــەتی
گەنجی ڕوخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ!

فرمێسکی تاڵی

١٩٨٦/١٢/٢٤

لەو ڕۆژە خۆشم ویستی
هەروەک بت دەم پەرستی

ڕووگە و ئارامگەی گیانم بووی
هۆی خۆش بەختی و ژیانم بووی

بەرو بوومی ڕەنج کێشانم،
لە ئەنجامی کۆڵ نەدانم!

چەند ئاوارە و دەر بەدەر بم،
دوو چاری ڕەنج و کەسەر بم!

بیر و هۆشم هەر لای تۆیە
وەک چۆلەکەی دەستەمۆیە

هاتمە شوێنت زۆر لێت گەڕام
لە زۆر ڕێگا کەوتم گلام!

خۆشەویستیت سروشتی یە،
لە ڕێگای تاڵیم چەشتی یە.

کە خۆت لەمن دوور خستەوە،
بە ئەڤین دڵمت بەستەوە!

کە ڕۆیشتی بە جێت هێشتم،
فرمێسکی تاڵیت پێ ڕێشتم

ئێستاش ئەی گیانی شیرینم
بۆچی هەر لە خەو بت بینم؟

گەر بێتە یادت لەو ساوە،
منداڵ بووم بەڵێنم داوە!

گیان بەخت کەم لە پێناوت
بگەیتە خواستی تەواوت

ئەوسا دەتوانم بت بینم
لە ڕووی تۆ چاوم هەڵێنم.

خۆزگە

١٩٨٩/١/٢٥

خۆزگە وەک خۆم دەم ویست وا بام
لەگەڵ شیعر ئاشنا بام!

شۆخی و جوانی تۆم نووسیبا،
لە چاوی بەد نە ترسا بام!

بەختەوەر بووم بم توانیبا یە،
چەند دەفتەرم بنووسیایە

ئەگەر زۆر یش نەبا کەمێک
جوانی تۆم باس بکردایە

گشت توانا و بیرو هەستم
بخستایە دەست مەبەستم

هەر کەس وێنەی تۆی بینیبا
لە ناو ئاوێنەی هەڵبەستم!

سەر سام دەما وەک گێژ ولاڵ
دەی کرد سەد ئەندێشە و خەیاڵ

یەزدان ئاوا نەی داوتە کەس
بە ژن، باڵا، شۆخی، دەلال

پێویست وایە بیپارێزم،
توند توند بیگرمە ئامێزم

لەگەڵ بەدبین و بەد کاران
بەکار بێنم کینە و هێزم!

گیان بەخت کەم هەموو کاتێ
دەستی بەدکاری نە گاتێ

بۆ گەیشتن بەم هیوایە
دەچمە رێ ی هات و نەهاتێ

ئەمجا یاری خۆشەویستم
لە رێ ی دڵداریت ناوەستم

گیان بەخت کەم لە پێناوت
تا پێک دێت هەموو مەبەستم

شۆخی نازەنین

ڕۆژگارێکە شۆخی نازەنین
بە لەنجەولار و عیشوە و پێکەنین

هەروا خەریکە بە نازی چاوی
ڕۆژێک بم گری بم خاتە داوی

بێ مەرج و بەڵێن ببەستی دەستم
دوور بم لە ڕاستی هەست ومەبەستم

هەروا کوێرانە بکەومە شوێنی
چی بکا بەر نەدەم دەست لە داوێنی!

ئەو چی پێ خۆش بێت منیش هەروا بم
با لەناو کۆمەڵ سووک و ڕیسوا بم

خەیاڵی خاوە من بەرزە لا نەم
پارێزراوی ئەو تیر و تا نەم!

من گشت مەبەست وهیوا و ئاواتم
شادی و رزگاری گەلە و وڵاتم

یەکەم هەنگاوی ڕێ ی ڕزگاریمە،
هیوای سەر بەرزیی و بەختیاریمە!!

بۆ خۆم بۆ گەلی زۆر لێ کراوم
بۆ نیشتمانی بەش بەش کراوم

سەردەمێ منیش فەرمان ڕەوا بووم
خاوەن بارەگاو هێزو سووپا بووم

فەرامۆشم کرد لە ڕووی نەزانی
یادی ڕۆژانی میدیاو ساسانی

فەرمان ڕەواییم بوو بە ژێر دەستی
شادی و خۆش بەختیم گۆڕا بە پەستی

ئێستا دوچاری شوورەیی و نەنگم
لە هەموو لاوە مەحکووم بە مەرگم

ئەی کـــیـــژە جـــوانی کـــوردی ئاوارە
بـــەدەنـــگـــی بـــەرز بـــڵـــێ هـــاوارە!

تۆش گـــیـــان فـــیـــدابە هەروەکـــو کـــاکت
بـــۆ پـــارێـــزگـــاری وڵات وخـــاکـــت

بە کـــۆمـــەڵ لاوان بـــەنـــد کـــە لە داوت
ســـەردا نـــەوێـــن بۆ ســـیـــحـــری چـــاوت

یەکـــەم مـــەشـــقت بێ خـــۆ بەخت کـــاری
گـــیـــان فـــیـــداکـــاری هەتا ڕزگـــاری

نـابێ ڕاوەســـتـــی لە هـەڵـمـــەت بـردن
بـــۆ پـــاک کـــردنـــەوەی وڵات لـــە دوژمـــن

تـــا هـیـنـانـه دی مـــافـــێـکی ڕەوا
دامەزرێـنـێ ســـوپـــا و بـــارەگـــا

عـــیـــشـــوەو نـــەزاکـــەت چەکی شـــۆڕش بێ
هـــانـــدانـــت هـــەروا لـــە بـــۆ هـــێـــرش بێ

دڵـت بە شـــادی و خـــۆشی گـــەل شـــاد بێ
جـــەژنـــت ڕۆژێـــک بێ گـــەلـــت ئازاد بێ

بـەڵـێن بێ ئـەوســـا هـەرتـۆم خـــۆش دەوێ
هـاوڕێ ی خـــەبـاتم تـا مـــردن دەوێ

فریشتەی جوانی

فـــریـشـــتـــەی جـــوانی ، شـــۆخی پەری ڕوو
داد لـه دڵـداری، وای لـه دەســـتـــی تـــو

نێـــچـــیـــرت کـــردم بەنیگای چـــاوت
خـــســـتـــمـــتـــە بەندی پەرچەمی خـــاوت

خـــۆ ڕزگـــاربوونم یەکـــجـــار مـــەحـــاڵـە
گـــەیـشـتن بە تۆ خـــەون خـــەیاڵـە

تۆ کـــه هەمـــیـــشـــه بە شـــادمـــانی
لـه پلەی بەرزی و شـــۆخی و جـــوانی

دەڵێ ی پەروەردەی بە هەشـــتی خـــوایی
لـــه بـــەرز فـــــــــــرین لاف و دارایـــی

منیش کـــۆست کـــەوتووی چاڵی خـــەمـــباری
لـــەو پـــەڕی ڕووتـــبی ولاتـــی و هـــەژاری

ئـــای لـــه دڵـــداریـــی دەردی گـــــــرانـــه
تـایـبــــەتی بۆ من کـــــه بێ دەرمــــانـه

ئاســـمـــان وریسمـــان له من ڕووی داوه
گـــەیشتن به تۆ خـــەیاڵی خـــاوه!!

مەی گێڕ

مـــەی گـــێـــڕ به چاوی مـــەست و شـــەڕ فـــرۆش
لـه کـــۆڕی بەزمت نەم کـــەی فـــەرامـــۆش

دەمـــێکه پەســـتی دەســـتی ڕۆژگـــارم،
مـــات و ســـەر ســـامی چەرخی بەد کـــارم!

دەمـــەوێ ســـاتێ دوور بم له پـــەســـتی
کـــات ڕابوێرم بە شـــادی و مـــەســـتی

هێندەش مـــەست نەبم کـــه پێ ی ســـەرخـــۆش بم
نەک بۆ کـــەســـێکی دی شـــەڕ فـــرۆش بم!!

بنۆشم جـــامی مـــەی ڕەنگ ئەرخـــەوان
ئاشـنا دەبین به یەک بێ گـــومـــان

گـــۆرانی بێـــژی بە ئاوازی چەنـگ،
مـــەی گـــێـــڕ ببەخـــشێ پیاڵەی گـوڵ ڕەنگ!

ئـەم بـه ئـاوازی نـەواو قـــــەتـار،
ئـەو بـه نـازکـی و بـەلـەنجـــــەو بـه لار!

ئەم بە قژی زەرد بە چاوی کەژاڵ
ئەو بە سۆزی نەی بە دەنگی شمشاڵ

گاه بۆ تەماشا، دەمێ گوێ دێر بم
دەمەوێ ژیان لەگەڵ تۆ فێر بم

تۆ بە پێکەنین بە غەمزەو و بە ناز
منیش بە هیواو ئاوات و نیاز!!

ئەمە سەرەتای ساڵی تازەیە،
خۆشی من و تۆ، بێ ئەندازەیە!

وەرگێران لە فارسییەوە

دوو دەستم هەردووگیراون، بە زولف و گەردەنی ساقی
پیاڵە وەرگرم کامیان بەرەڵڵا کەم لەلام شەرمە!

سەرینم گەر نەبێ باکم نی یە فرمێسکی دوو چاوم
بەشەو نەرمی دەکا وەک لۆکە ئەو بەردەی لە ژێر سەرمە

شیعری
«کەلیمی هەمەدانی» (١)

(١) کەلیمی هەمەدانی: شاعیرێکی ناوداری ئێران بووە، شیعری بە هێزی بە زمانی فارسی داناوە، لە ساڵی ١٦٥٢ ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

شیعری کوردایەتی

نامرێ ئەو گەلە

گەلێک کە ڕۆڵەی لە کۆڕی شەڕا
هەنگاو هەڵێنێ بەسەر سەنگەرا

چاوی نەترسێ لە تۆپی دوژمن
مل بماڵێنێ بەدەم خەنجەرا

بۆ سەربەخۆیی بە خوێنی ئاڵی
قەڵایێ هەڵنێ لە کەللە سەرا!

نامرێ ئەو گەلە هەر زیندوو دەبێ
سەر فراز دەژی لە ڕووی مەحشەرا

**

گەلێک کە مێژووی بە خوێن نووسرابێ
لە تێکۆشان دا کۆڵی نەدابێ

بۆ وەرگرتنی کەمترین مافی
خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ڕژا بێ

دوکتۆر فوئاد و شێخی پیرانی
سەد سمکۆ و قازی قوربانی دابێ

نامرێ ئەو گەلە هەر ئازاد دەبێ
هەر چەندە چەرخیش دژی وەستابێ

**

گەلێک کە ڕۆڵەی لە نزیک و دوور
بست بست بناسێ هەرێم و سنوور

چاوی ناپۆشێ لە بستێ زەوی
لە بۆی دەڕێژێ خوێنی گەش وسوور

نابێ داگیرکەر پێ ی دڵنیا بێ
دەبێ جێ ی بێڵێ ڕاست و چەپ و ژوور

ئەو گەلە وڵات پاک دەکاتەوە،
لە دوژمنانی پیس و مەندە بوور(١)

**

گەلێک هەمیشە لە تێکۆشان بێ
دروشمی مەرگ یان کوردستان بێ

گڕی شۆڕشی ناکوژێتەوە !!
هێرشی دوژمن ئەگەر تۆفان بێ

مافی شۆڕشی خۆی دابین دەکا
گەلێک خەباتی کەبێ وچان بێ

ڕۆژێک دێت هەموو یەک دەگرێتەوە
بۆتان و سۆران، موکری و بابان بێ!

ئەمجا دەست و برد، بێ وەستان و زوو
سنوور دەشکێنین بە هێزی بازوو

لە ناو چوار چێوەی ئەم کوردستانە
یەکێتی یەکی وا دەهێنینە ڕوو

بێ جیاوازی لەناو کۆمەڵ دا
یەک زمان، یان ڕەنگ، یەک ڕەوشت و خوو

ئاڵای سەربەستی خۆمان هەڵدەکەین
دەچینە ڕیزی گەلانی زیندوو!!

(١) مەندە بوور: مەندە موور: بەد بەخت

یادی شێخی حەفید

سەر گوزشتەی کەربەلاو قەتلی شەهید
لەعنەت و عاری بە جێ هێشت بۆ یەزید

کوشتنی جەعفەر قەڵاچۆی بەرمەکی
سەد ئەوەندە شوورەیی بوو بۆ ڕەشید

حوکمی فاشستی کەمالی تورکەکان،
نەی توانی قەومی کورد کا کەم ئومید

لافی سەرداری لەژێر دارا دەبێ
هەروەکو دوکتۆر فوئاد و شێخ سەعید

پێشەوا قازی لەبن دارا گوتی:
حوکمی زالم هەر زەوالی دێ ئەکید

با سلێمانیش ببێتە کەربەلا!
با بکەین یادی نەمرشێخی حەفید!

عومری چل رۆژە سەگی هار کورد دەڵێ:
مەحوە ئەنجامی هەموو تاغی و عەنید

هەر کچی کوردە بە پیری مەرگەوە
پەت لە ئەستۆی کا بە گۆرانی ونەشید

ساڵێ جارێک جەژنی قوربانی هەیە،
کورد هەموو رۆژێ ئەدا قوربانی عید!!

لاوانی کورد

مەگەر لاوانی کورد وابوون بە مەنسوور
لەسەر لەفزی (انا الحق) چوونە سەردار

بە خوێن وا نەخشی کوردستان دەکێشن
کوڕی ئازاو خەبات گێڕ و فیداکار!

سەری مەردایەتی دا نا نەوێنن
بەرامبەر دوژمنی خوێن رێژ ولاسار

بە خۆ بوون و بەیەکبوونە دەچەسپێ
بە ئاسانی هەموو کارێکی دژوار!

دەبا دەست خەینە ناو دەست یەک برابین
هەتا کەی لێک بکەین شێتانە کوشتار

بەدەردی خـــــــۆ پەسندی و ناتەبایی
بە دەست دێوی نەزانین بووین گـــرفـــتـــار

بەســـە تاکـــەی نەزانین، گـــێـــژ و وێژی
لەخـــەو هەڵســـە برا بۆ نابی هوشـــیـــار

بەدەوری لاشـــەکـــەت شـــەڕیانە هەردەم
ســەگ و گـــورگ و چەقـــەڵ، تا پیـــرە کـــەمـــتـــیـــار

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم(١)

کۆیە ١٩٣٥

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتل و عامی حاکمانی تورکیاو ئێران دەکەم

چونکە ئەم دوو چینی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر ڕژاند
دوژمنی خاک ولاتم پەرت و سەرگەردان دەکەم

ناکەسێک نیم بۆ مەتالیب من لە ڕووی لافەوە
ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم

من لە ڕێگای سەربەخۆیی خاک و ڕزگاری گەلم
گیانی خۆم وقەوم و خوێشانم هەمووی قوربان دەکەم

چیم بە ئاشوور کرد لەکاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها
تەخت بەختی دوژمنانی کورد بە خاک یەکسان دەکەم

هەرکەسێک بێتو لە هەرلا خوێنی کوردی ڕشت بێ
خۆم بە شوێنی دا دەڕۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم

گیان بەخت کردن لە ڕێگای نیشتمان پێویستی یە،
من کە کوردم پەیڕەوی فەرمایشی یەزدان دەکەم

خزمە گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆر بێ چارەیە
من گرینم نەک لەبۆ خۆم، بەڵکو بۆ کوردان دەکەم(٢)

(١)ئەم هۆنراوەیە لە کاتی خۆیدا بزر بووە، لە دوایی سالی١٩٨٥دا بە هۆی برادەرێکی شیعر دۆستی شاعیر بە چنگی کەوتووەتەوە.
(٢) ئەم دێڕە شیعرەی کۆتایی لە نووسینێکی مامۆستا عەبدورەزاق بیمار وەرگیراوە کە بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیرەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٥٢٠ی سالی ١٩٩٢ دا بلاوی کردبوەوە.

ئازادی وڵاتم

خــــواست وگــــەرەکم بوو کــــە ببــــینم لە حــــەیاتم
ئازادی و ڕزگــــاری گــــەل و خــــاکی ولاتم!

هەرچەندە دوایی تەمــــەنم هات بە نەهاتی
هیــــوام هەیە هەر بەر دەگــــرێ داری خــــەباتم

چەند ڕۆژێ ئەگــــەر یەک بگرین وەردەگــــرین زوو
گــشت مــافی ســروشــتی و و دەچەســپێ دەســەڵاتم

لەو ڕۆژەوە مــــاد لە شکری ئاشــــووری لەناو برد
لەو ســاوە کــەمن کــۆیلەییم وەرگــرت بە بەراتم

کــاوە کــە بە خــۆی پێــشڕەوی شــۆڕش بوو دوایی
ســەرکــەوت و گــوتی: ســەربازم و من بێ دەســەڵاتم

زەندی کــە دەمێ حــاکــمی ئێــران زەمین بوو،
دەی فــەرموو وەکــیل دەوڵەتم و حــاکــمی کــاتم

بڕوا بە خــــۆ نەکــــردنە تێکەڵ بە نەزانی
جێ ی خــۆیەتی کــە گــیرۆ دەیی دەست لۆتی و لاتم

هــۆی چارە ڕەشــی نــابێ لــە بێــگــانــە بزانم
ڕاســتی ئەمــەیە بێژە لە دەست خــۆمــە شکاتم!

دوژمنی بەدکار

دوژمنی بەد کــاری من هەرچی بکەی لێت ناگــرم
پێت دەڵێم من تاکــو ئێــســتــا مــاوم و قــەت نامــرم

ســاڵەهای ســاڵە وەکــو ســاوا لە ناو بێشکەی ئەمــەل
لا یە لایەم بۆ دەکــــا دایە کــــەچی پێ ناگــــرم

زۆر زیانم دیت کــە ڕێ ی چەوت و چەوێلم گــرتەبەر
ئەم هەمــوو بەڵگەم لەدەست دایە بەڕاست ڕێ ناگــرم

من لە تۆ هوشــیــارترم ئێــســتــا دەزانم چیت دەوێ
بەد ڕەوشتیم فــێر دەکەی بۆسوودی خۆت لێت نا گرم

هەرچی پێت دەکرێ لگەڵ من بیکە هیچ سوودی نی یە
ئەم پرۆژەی خۆم مەبەستمە دەستی لێ هەڵناگرم

دژ بەکەس ناوەستم وبا کەس نەوەستێ دژ بە من
من کەبارم شووشە بێ بەردیش لە خەڵکی ناگرم

وەک هەڵۆ لانەم لە کێویکی بڵند هەڵ بەستوە
چەندی بەردم تێ گرن تازە بەکەس هەڵ نافرم

تێ گەیشتم چەند هەڵەم کردو فریبم(١) خوارد بوو
تۆبە بێ تۆبە ئیتر دەستی برای خۆم نابڕم

ئێستەزانیم دوژمنی بەدکار کە بۆ پێم هەڵ دەڵێ
خەنجەری داوە لە پشتم ڕۆژێ دەستی ناگرم

بارەکەت گوێزەو خرەی دێت، مشتەری کۆبوونەوە
من دەزانم پووچەڵە گشتی بە پولێک ناکڕم

پێت دەڵێم بارکەو برۆ لەو ڕێگەوە لێی هاتبووی
گەر نەڕۆی تاوانی خۆتە چی دی ڕێزت ناگرم

(١)فریب: فریو، تەفرەدان، فێڵ لێ کردن

کۆشش کردن

بەختیاری دوو جیهان تەنیا بە کۆشش کردنە
هەر کەسێکی کۆڵ نەدەر بێ ڕووی بەرەو سەرکەوتنە

حەز دەکەی گەر بەرگی ئازادی بپۆشی وەک کەوا
نرخی سەربەرزی لە ڕێگای سەر لە ژێری کەوتنە

لافی سەرداری لە ژێر دارا دەبێ ترست نەبێ
دەست هەموو کەس ناکەوێ ڕێگا بە هیوا بردنە!!

چوونە کۆی لەیلا هەموو دەم ڕێگەییێکە ترسناک
چاکترین کارێک لە بۆ ئەم ڕێگە خۆشێت کردنە

چوونە مەیدانی خەبات بۆ بەختیاری قەومەکەت،
دوو دڵی پێ ناوێ(عەونی) پشت بە یەزدان بەستنە

تکا کارم

تکا کارم تکا کاری بفەرموو،
لەلای شۆخی پەری روخساری مەهـ ڕوو

بەڵێن وابێ ئیتر موو نا پسێنم،
ئەگەر زنجیر و تۆقم کەن لە ئەستوو

ژیانی شادیی و پڕ کامەرانی
وەکو ڕۆژانی لاوێنی بە سەر چوو

هیوای چیم بێ ئیتر بەم ڕۆژگارە
پەسەند دەکرێ ڕەوشت و کاری بەدخوو

لە ڕێ ی هات و نەهاتا با سەفەر کەین
ئەوەی بوو بوو، ئەوەی هات و ئەوەی چوو

وڵات وێران بوو، ئاوایی هەموو چۆڵ
سەراسەر بایە قووش کەوتۆتە قوو قوو

ڕەزو و باغات و دار و کانی ئاوی
هەموو سیس و هەموو زەرد وشک بوو

هەتاکەی پەست و بێ هەست دابنیشم
بە زیندوویی خراومە گۆڕی مردوو!!

دەبێ کەی تیشکی هیوا سەر دەرێنێ
کە ڕووناکی بخاتە دەشت و بستوو

منیش ئاسوودە خاتر یەک هەناسە
بڵێم ئازادم و سەربەست و زیندوو

ئەمە پێویستی بەستراوە بە خۆمان
دەبێ یەک بین و یەک بگرین من و توو

هەتا یەک نەگرین ئازادی مەحاڵە
دەبێ بمرین لەژێر باری پەکو پوو

بە هێز دەشکێ و شکاوە کۆتی دیلی
هەموو زنجیرو بەند دەپسێ وەکو موو

چی یە هۆی یەک نەبوونمان ئەی برادەر
نەزانین خۆ پەرستی پوول و بێ چوو!!

چی یە دەرمانی ئەم دەردە کوشندە
بکا چاری بە حیکمەت وەک ئەرەستوو!

وەکو زێری خولاسەدای بڕێژێ،
لە ناو یەک بۆ تەدا یەک ڕەنگ و یەک ڕوو

ببێتە مەرکەزی وەحدەی قیاسی
لە ئیستاوولە ڕابوردوو و لە هاتوو!

کەچی (وەک ئاگری ژێر کاین لەگەڵ یەک)
بەڕەحمەت بێ کە (حاجی) ڕاستی فەرموو!

لەبۆ بێگانە چەند خزمەتگوزارن،
وەفادارو ئەمین و ڕاست و یەک ڕوو!!

لەگەڵ یەکتر بە وێنەی گورگی هارن
شڕو دڕ، ترش و تاڵ و گرژ و بەدخوو

لەگەڵ یەک دا هەموو ئازاو نەبەردن،
بە وێنەی ڕۆستەمی داستان و برزوو

لە ڕۆژێکی چوویە ژێر باری ئایین،
لەبەر کەم هەستی ، ئیمانت لەبیر چوو

وەهات زانی کە قەومیەت درۆیە ،
دەبێ هەر مل بدەیتە نوێژ و ڕۆژوو

لەلات وابوو هەموو ئیسلام برایە،
عەرەب بێ، کورد وفورس وتورک و هیندوو

کە ئێستا تێگەیشتی گشت درۆیە
هەموو بۆ خۆی هەڵی کرد قۆڵ و بازوو

تەماشاکە لە دەوری لاشەکەی تۆ
هەموو کۆیە قەل و داڵاش و قاژوو

لەگەڵ یەک چەند عەجوول و لێک نەبورن
بەڵام دوژمن هەمووی بەستن بەیەک موو

جەواڵ هی خۆتە کاڵای خۆتە ئەمجا،
لە ژێر باری گران شانت چەدەو بوو

بە سامان و دراو وماڵی تۆیە
کە دوژمن شاد، ئەتۆش بێ خێرو خوێڕوو

کە بانگت کا وەڵامت هەر بەڵێ یە
بەڵێ ئامادەیە هەرچیت کە فەرموو

برای کوردم بەسە تاکەی نەزانین؟
موتاڵا کە هەموو پەرتووکی مێژوو

ئەتۆش قەومێکی کۆنی ئاریایی،
ئەتۆش فەرمان ڕەوا بووی سەردەمی زوو

تەوژمی هێرشێکی توندی تۆ بوو
سوپای ئاشوور بە جارێکی لەناو چوو

ئەویستاش دەرفەتە گەر یەک دی بگرن
بەمەرجێکی هەموو یەک ڕەنگ و یەک خوو

وەکو (حاجی) کە فەرمووی یەک دی نەگرن
«دەبینی زوو وڵاتیشت لە دەست چوو»

شەرمەزاری

هەر کەسێکی دژ بە گەل یان نیشتمان جوولایەوە
کۆچی کرد ڕۆیی لە مێژوو ڕوو ڕەشی بۆ مایەوە

ئافەرین بۆ ئەو جوانمەردەی لە ژین کۆڵی نەدا
کردەوەی بەرزی لە دەفتەر یەک بەیەک خوێندرایەوە

ماڵ و دارایی جیهان هەرگیز بەرامبەر ناکرێ
وەک شەهادەت نامەکەی لاوێک بە خوێن نووسرایەوە

یادی سەربازێکی وون بوو بوو لە کۆڕی جەنگ دا
شاهیدی ڕێز گرتنە گۆڕی بە گوڵ ڕازایەوە!

هەر لە ڕۆژێکی گەلان هەستیان بە ماف کرد ڕاپەڕین
ئەم شەڕو شۆڕەی کە هەر نابڕێتەوە ونەبڕایەوە!!

ئاگری ژێر کای تەمەع کە دەستی لێ هەڵ ناگرێ
ساڵەهای ساڵە دەسووتێ بۆچی هەرنەکوژایەوە

ڕاستی وحەق گەر هەبێ هەروا سنوورێکی هەیە
نە چووە ژێر باری کەسێک بۆیە بەبێ کەس مایەوە

هەر کەسێک بۆ خۆی نەژی هەروەک دەڵێن خوا بیکوژێ
هەروەکو ئەو مریشکەیە حاجی کە بۆی گێڕایەوە!!

ئەی برادەران

کۆیە: ١٩٣٧

ئەی برادەران واچاکە ڕوو بکەینە یەک بە یاری
جەوهەر و هیممەت لازمە بۆ قەومی کوردەواری

ئیمڕۆ هیممەت نەنوێنین سبەی بە جێ دەمێنین
بە خودا هیچ پارە ناکا گریان وشین وزاری

کەسێک شاد بێ بە جێگات بە خودا دەبەستی ڕێگات
قوڕ بەسەر بۆ کوێ دەچی دەتکا بە عەبدو جاری(١)

ژیانی دیلی نەنگە ئازادی هەر بە جەنگە
کامیانت لا پەسەندە، تۆ خاوەن ئیختیاری؟

بەسیە لە خەو هەڵستە پشت بە خودا ببەستە
مردن بە مەردی خۆشە نەک ژینی بەندی واری

نیشتمان دایکی تۆیە، چاوی لەدەستی تۆیە
زۆر شەرمە ئەی کوڕی کورد ناچی بۆ هاریکاری

ئازاد و سەربەخۆ بین ، خاوەنی مافی خۆ بین
خەریکی جوست و جۆ(٢) بین، ڕووکەینە بە ختیاری

(١) جاری: جاریە بۆ کێشی شیعرەکە سووک کراوە
(٢) جوست وجۆ: پشکنین

خەونی سەربەستی

هەر لە ڕێبــازی خــەباتا پیــری ئیــرشــادم دەوێ
من گــەلێکی ســەربەخــۆ و ســەربەست و ئازادم دەوێ

مل کەچی و ژێر دەستی پیشەی من نی یە ئەی بەد گومان
باسی مـێـژووی ڕۆژگــاری مــیــدیا و مــادم دەوێ

سەر گوزشتەی قەیس ولەیلا باس مەکە بۆ من ڕەقیب
داســتــانی زین و مــەم، شــیــرین وفــەرهادم دەوێ

ســەر نزم ناکــەم لە بەر هێــزو تەوژمی ڕۆژگــار
تێ دەکــۆشم یان مــەرگ یان ژینی پڕ دادم دەوێ

شــەرتە کــۆڵ نادەم هەتا ڕۆژێک بە ئامــانجم دەگــەم
کــوردم و ڕۆڵەی بە جــەرگ و عــەزمی پۆلادم دەوێ

شۆڕشی شێخی حەفید و شێخی پیران شێخ سەعید
بارەگــای سمکۆی شکاک، قــازی مــەهابادم دەوێ!

قــارەمــانی شۆڕش و ناوداری چەرخی بیســتــەمین
جــافــە ســوڵتــان و قــەدەم خــێــرو پەریزادم دەوێ

هەڵگری ئالای خــەباتن بە چکە شــێــرانی گــەلم
ســەر بلندم، ســەر بلندیی خــۆم و ئەحــفــادم دەوێ

(عــەونی) ســەربەســتی لە ڕێبــازی خــەباتا دێتــە دی
من نەوەی زانــاو بە هەست و ژیر و ئوســتــادم دەوێ

نەوتی خۆمان

کۆیە ١٩٨٣

نەوتی خــۆمــانە گــڕی گــرتووە و دەم ســووتێنێ
ئاوی خــابوور وفــورات، هاتووە دەم خنکێنێ!

دەســتی ناگــاتە ســەرم هێندە بلند وســتــاوم
بەردی ئەڵوەندو حــەســارۆســتــە ســەرم دەشکێنێ

کوڕی خۆم وا چەکی هەڵگرتووە دژم وەستاوە
هەر برای خۆمە لە بۆ دوژمنی دەم ترسێنێ!

دوژمنم شادە کە دەم بینی وەها پێدەکەنی
دۆستم بۆم دەگری دەم دەمە دەم گرێنێ

کوڕی کورد ئەم چەکە ئاڕاستەی دوژمن کە
پشتی من بگرە برا خوێنی برا نەڕێژێنێ

بەسە دەست هەڵگرە لەو من منەکێ و پوولەکی یە
بیر لە ئازادی بکە ئەو کە مرۆڤ دەژێنێ

سەیری مێژووکە کە سەربەستی چلۆن دەست دەکەوێ
گەلێ ئازادی بوێ خوێنی لە ڕێ دەڕژێنێ!!

وتوویێژی لاو و پیر (*)

کۆیە: ١٩٣٣

لاو: ئەی مامە چەند ئیختیاری
تۆ خەڵکی کامە دیاری؟
بۆچی دەکەی شین وزاری؟
بە چ دەردێک گرفتاری؟

پیر: ڕۆڵە من کوردی عیراقم
کەم سەبر پڕ ئیشتیاقم
قەومێکی خاوەن نیفاقم!!
بێ ئابڕوو بووم بە یەکجاری!

لاو: ئەی مامە ئەی نووری چاوم
کوردێکی جگەر سووتاوم،
خزم و برادەر کوژراوم
مەکەن مەنعم بکەم زاری

پیر: ڕۆڵە سەبرت تاڵە شەهدی پێوەیە
کۆششی مەردانە جەهدی پێوەیە!
زوڵمەتی شەو نووری مەهدی پێوەیە
مەگری زۆر بە ئازاری (**)

لاو: ئەی مامە ئەی تاجی سەرم
منیش وەک تۆ قوڕ بەسەرم
لە خاکی خۆم دەر بەدەرم!
دەچێژم دەردی هەژاری

پیر: ڕۆڵە گیان زۆری نەماوە
شۆڕشێکە بەرپا کراوە
لاوی کورد بڕیاری داوە
بۆت بێنن مژدەی ڕزگاری

(*) ئەم دەمە تەقێ یە لەگەڵ تەمسیلی (نیرۆن) کە لەلایەن قوتابی یانەی قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە لەسەر دەمی قایمقامێتی خوا لێ خۆش بوو صالح زەکی صاحیبقران پێشکەش کرا، لەلایەن قوتابی یان (غەریب مستەفا) لەدەوری (لاو) و (حەمەڕەش) لەدەوری - پیر) پێشکەش کرا و شاعیریش لەسەر داوای هەندێک لە قوتابی یانی ئەو قوتابخانەیە دایناوە.
(**) لە هەموو دەسنووسەکاندا ئەم بەشەو نیوە دێرەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەمی لەسەر کێشی ١١ بڕگەیین و نیوە دێڕی چوارەمی وەکو ئەوانی تر ٨ بڕگەیی یە.

گوتم ئەی کچ

کۆیە ١٩٤٠

گوتم: ئەی کچ لە گەشتی
شارستانی یان دەشتی
وا جوان و پاک ڕەوشتی
مەسیحی یان زەردەشتی؟!

ئەو کچە کوردە نازدارە،
ڕەنگ زەردو لێوبەبارە
بەرگی ڕەشی پۆشیوە،
وا مەلوول و غەمبارە!!

ئەو کچە کوردەی وا نازدار
کەمن لێم دەکرد پرسیار،
دەستی کرد بە گرینێ
فرمێسکی دەهاتنە خوار!!

گوتم: ئە کچ توو یەزدان
بۆ دەستت کرد بە گریان؟
کە من وا تۆ دەبینم،
جەرگم دەبێتە بریان!!

گوتی: ئەی برای کوردی من
گەر بزانی دەردی من
هیچ جاری ترنا پرسی
مەلوولی و ڕەنگ زەردی من

کیژێکم لێم قەوماوە،
خزم و برام کوژراوە،
هانام هێناوتە بەرتان
نازانم کێ تان پیاوە؟

ئەو گەورانەی ناسراون
دەڵێن کورد زۆر پیاون
هەموو میللەت فرۆشن،
جاهیل و نا تەواون!!

پەنام بردە بەر گشتیان،
لە وردیان تا درشتیان
هەموو لێم ڕوو گرژبوون
تفوو لە چارەی ڕەشیان!!

تفوو لە چارەیان بێ،
لە مولک وپارەیان بێ
ئەو ڕۆژە شەرمەزاربن
ڕۆژی ژمارەیان بێ

حەیفم لەکوردەواری
بۆلاوانی هوشیاری
خۆڕایی ڕەنجەڕۆ بن
زۆرن تێکدەری کاری!!

جیهانم پشکنیوه

جیهانم پشکنیوه،
نازدار جوانم زۆر دیوه

بەڵام وەک تۆ نازەنین
نەم دی لەسەر ڕووی زەمین

نەگوڵی نە هوزاری
جوان و شیرین ڕەفتاری

بڵێم فرشتەی ئەونی
دەنگت خۆشە وەک کەونی

نە شاهێنی نەبازی
نەکۆتری تەقڵە بازی

نە ساحیری نە جادوو
دڵ و دینمەت چۆن برد توو

نەوەک ماهی تابانی
نە ئەستێرەی بەیانی

گەلاوێژی هەڵاتووی
پێرووی یانە تەرازووی؟

نە پێرووی نە گەلاوێژ
بێ تیغ و بێ چەک خوێن ڕێژ

نەوەک شاهی سەر تەختی
نەوەک گوڵی نەو بەختی

نە سێوی نە هەناری
نە سەرووی نە چناری

شۆخ و شەنگ و شیرینی
فریشتەی ڕووی زەمینی

نەوەک مۆدەی فەرەنسەی
نە کچی نازداری نەمسەی

نە ئادەمی نە پەری
نەوەک کچی کۆچەری

بەم ئاوات و نیازە
بەم دەنگ و بەم ئاوازە

کیژێ تۆم دی وام زانی
تۆ کچی کوردستانی

بەیەزدان و بە زەردەشت
بەو فریشتانەی بەهەشت

ئەگەر ئەوی بە ڕاستی
ڕزگار دەبم لە پەستی

نازدارەی ماه ڕوخسار،
ئەوەی بیست هاتە گوفتار

لەسەرەتا تا ئەنجام،
وەهای پێ گووتم وەرام

من گۆران، تۆ کرمانج
هەردوو بۆ شوێن یەک ئامانج

هەر دەڕۆین و پێ ناگەین
هەر دەڵێین و تێ ناگەین

شێوەی ئەم گفتوگۆیە،
لاوی کورد ڕەنجەڕۆیە!!

نە لە یەک دەگەین
نە بە یەک دەگەین!!

خەون وخەو

ئافرەتێکم لە خەوا دی کزو ڕەنگ زەردو نەخۆش
پەست و دڵگیر بوو کە فرمێسکی دەڕشت زۆر بە پەرۆش

گوتم: ئەی خوشکی بەڕێزم چی یە هاوار و گرین؟
بۆچی کردۆتە بەرت بەرگی ڕەشی ماتەم و شین

گوتی: نازانی مەگەر بۆچی بەسەر هاتی من
شین و ڕۆ ڕۆیە هەموو وەخت و دەم و کاتی من؟

ئێستە نام ناسی یەوە من کچەکەی کەرکووکم؟
خاوەنی نازو نیاز بووم و ئەویستا چووکم!!

ڕەنگ و رووم زەرد بووە دووچاری پەژارە و دەردم
من لە کێم هەستی و بەد بەختی لە عالەم فەردم

وا خەریکن بە هەموو شێوە بگۆڕن ناوم
چونکە بەم ناوە کە ئێستاکە هەمە ناسراوم

من بەشێکی وەتەنی کوردم و کوردستانم
خاوەنی مێژووەکی کۆن و هەزار داستانم!

گوتم: ئەی کچ بەسە پێویست نی یە گریان و شین
دڵنیا بە هەموو تیمار دەکرێن زام و برین

شەقڵم لێ داوە بە کوردی لە هەموو دەشت و بەنت
نا توانن بە درۆ و ساختە بگۆڕن ڕەسەنت!

وا مەزانە نەتەوەی کوردکە لە تۆ بێ خەبەرن
هێندە ئارام بە هەتا بەم زووە یەکتر دەگرن!

چاک دەزانن لە هەموو لاوە نیازی بەدکار
هەر خەریکن کە لە ڕەگ بێننە دەر کوردی هەژار

تۆکە تەنیانی دەناڵێنی لە دەست داگیرکەر
موبتەلایە وەکو تۆ خاک و ولاتمان یەکسەر

بەچە شێران، کوڕی کورد، زێدە بە قین وقارن
تووڕەنە، داخ لە دڵ و دوژمنی بەد ڕەفتارن!

هەر بە کاتێکی لەت وپەت دەکرێن دوژمنی تۆ
قەڵ و داڵ هێزی نی یە دەرچێ لەدەست بازو هەڵۆ

لە چەپ و ڕاست کە پەلامار دەدرێن خوارو ژوور
تا بە سەر شۆڕی هەموو ڕادەکەنە دوورِ لە سنوور

ئەو دەمە شاد بە ئەتۆ بەرگی ڕەشت دا بکەنە
هەر بە ڕوو سووری لە باخت گوڵی هیوا بچنە

خەبەرم بۆوە بەسەر سامی یەوە نیوە شەوە
تێگەیشتم ئەمە هوشیاری نی یە خەون وخەوە!!

کۆیە ١/١/٩٨٥

ساڵی نوێ

١٩٦٨/١٢/٣١
یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ
بە خێر هاتی لە منت کەوێ
دەزانی من چیم لێت دەوێ؟
بۆم بگەڕێ لێرەو لەوێ

لە پزیشکێکی شارەزا،
لە نەخۆشی یەکەم تێ بگا،
لە مێژە ئازارم دەدا
کە نەفت بووم هێزم لێ بڕا

ڕێ ی نیشان دام دڵسۆزانە،
ناردمی بۆ نەخۆشخانە.
پزیشک پرسی برایانە
کێ ئەتۆی هێنا ئێرانە؟

پێ ی گوتم: دەردت دژوارە
زۆر زۆر بە ئێش و ئازارە،
دەرمانی تۆ کوا لەم شارە
چەند ببەخشی پوول و پارە

ئەی بچمە کوێ بۆ دەرمانێک
دەست بدا بۆ دەردو ژانێک،
بە پرسیار و لێ دوانێک،
کە دەستم کەوێ لوقمانێک!

ئەم پزیشکە شارەزایە ،
خاوەن بەهرەو توانایە ،
دەرمانی بۆ تۆ دانایە
بەکارهێنانی ڕەوایە!!

یەکبوون چاکترین دەرمانە ،
ئەو دەرمانەش لای خۆتانە ،
دەرچوون لە دەستی بێگانە
هەڵ دەگری ئەم دەردو ژانە!

لە پزیشک و ساڵی نوێ
ئامۆژگاریم لێ یان دەوێ
منیش گەر هیچم دەست کەوێ
کۆڕێ دەبەستین بۆ شەوێ!!

کام گوڵ؟

کام گوڵ، کام خونچە ، کام وەرزی بەهار
شینی نەگێڕا هوزاری هەژار؟

کام فرمێسکی چاو کام سۆزی دەروون
نەڕژا بە ڕوودا سوور وەک ڕەنگی خوون؟

کام بزەی لێوی کام کۆرپەی ساوا
کام دایکی هەژار ئەسرین لە چاوا؟

کام باوکی پیری ناوقەد دا چەماو
نە گریاو نەڕژا فرمێسکی لە چاو؟

کام ماڵ سووتاوی بێچارەی هەژار
کام بێ تاوانی کە نە درا لە دار ؟

کام دایک دەبینی بەرگی ڕەش نەبێ
لە هەموو مافی ژین بێ بەش نەبێ ؟

کام باوک لە شینی ڕۆڵەی بێ گۆڕی
یاساغ نەبوولێ ی بەرگی بگۆڕی؟

کەی ساوای ئێمە بزەی لە لێوە
هەر چاوی گەشە فرمێسکی پێوە؟

کام ماڵ سووتاوی کوردی ئاوارە
پێ ی نە گوتراوە مەڵێ هاوارە؟

کام خونچە گوڵمان لە باخی ژیان
پێش ڕەنگ هێنانی هەڵیان نەوەران؟

بەرەو هەورازی سەرکەوتن

کۆچ بارکۆچی کرد بەرەو کۆهساران
بنەو بارگەیان خست لە نزاران

بەرەو هەورازی سەرکەوتن دەڕۆن
مژدەی سەربەستی دەدەن بە یاران
دوا حەشارگەم بێ، لانەی خوێناویم
دەگەڕێمەوە لای گیان سپاران!

بە خوێنی سووری زامی ناسۆرم
دەبێ ڕەنگین بێ مەکۆ گای جاران!!

شین بۆ پێشەوا(*)

لە سی مارتی چل و حەوتا
لە چەپ گەردی چەرخی چەوتا

لە مەهاباد لە چوار چرا
داری بێ دادی هەڵکرا

ئەو دارەی پێش نیوە شەوا
وەستا لە ژێریا پێشەوا

گوتی: ئێستا دەڵێم کوردم
لە ڕێ ی ئازادی کورد مردم

شەوێکی پڕ تاسەو خەم بوو
لە کوردستانا ماتەم بوو

شین بوو، ڕۆ ڕۆ بوو فەریاد بوو
بۆ پێشەوای مەهاباد بوو

لە مێژووی کوردا ئەم شەوە
هەتا ئەبەد ناسرێتەوە!

مێژووی کوردی پڕ کرد لە قین
بەرامبەر زۆرداری لەعین

ڕۆژێک دێت کورد هەڵمەت بەرێ
تۆڵەی لە دوژمن وەرگرێ

هەزارانی وەک پێشەوا،
خوێنیان ڕژا بە ناڕەوا!

کورد ناترسێنێ سێدارە،
کرداری دەستی زۆردارە!

هەر دەبێ زۆردار کەساد بێ
زۆر لێ کراویش ئازاد بێ

کورد دەبێ بۆ خۆی هوشیار بێ
نابێ لە کەس هیوادار بێ

دەبێ زاناو هونەرمەند بێ
لە زانستا دەوڵەمەند بێ

پێشەوای کورد بە بێ ترسان
کردیە ملی پەتی خنکان!

لە دوا هەناسەی پێش مەرگی
ئەمەی فەرموو بە دڵ تەنگی:

بۆ شۆرەوی شوورەیی بوو
ئێمە هیوامان بە وی بوو

لە مەهابادی ئازادا،
کە هیوای کوردی بە بادا!!!

(*) ئەم هۆنراوەیە لە ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦١٨ی مانگی ئاداری ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە.

لەم جیهانە

لەم جیـیهـــانە دڵ پەشـێـــوو چاو بە گـریان هەر منم
دەر بەدەر، ئاوارە، بێ کـــەس، خـــانە وێران هەرمنم

شـادو سـەربەستن هەمـوو کـەس وا بە ئازادی دەژین
دیـل و ژێر دەسـت و هـەژارو بەنـدی زینـدان هـەر مـنم

شـەعـبی ئەفـریقـیا خـەریکە یەک بەیەک ئازاد دەبن
کـوردم و تەنیـا کـە بێ بەش مـافی ئینسـان هەر منم
دوژمـنی خـــۆ بوونی خـــۆمم ئاشنای بێگانە بوون
بۆیە شـایانی شـــەق و نەفـــرین و لێ دان هەر منم

کـــانی زێڕینم هەیە پوولم لە گـــیـــرفـــانا نی یە
خــاوەنی عـــەردو بەراو، بێ ئاو و بێ نان هەر منم

ئێمەی کورد

ئێـــمـــەی کـــورد یەکـجـــار کـــەم هەست و خـــاوین
لە قـــافلەی گـــەلان گـــەلێک جێ مـــاوین!!

ئێـــــمـــــەی دواکـــــەوتـوو تـازە وەک مـنداڵ
کـــەوتووینە ســـەرپێ دەکـــەین گـــڕ و گـــاڵ

ژیانی ئێــســـتــــاو ســـەد ســـاڵ لەمـــەو بەر
هـیچ نـەگـــــۆڕاوە لـە پـێ هـەتـا ســـــەر!

نەخـــوێندەوارو کـــــەم هەست و پەســـتین
دژی خـــــوێـنـدن و زانـســت و هـەســـتین

بـۆیـە ژێـر دەسـت و دیـل و دامـــــــاویـن
وەک گـــــای قـــوربـانی بەش بەش کـــراویـن

ئەوەی کـــــەم زانسـت، نیـــو خـــوێندەوارە
بێـگـانـە دۆسـت و خـــــزمـــــەتگوزارە!!

بـۆ پـارە هـەردەم جـــــەرگی پـارەیـە،
تـا مـــردن پیـشـــەی هەر ئەو کـارەیە!

چارەنووسی کورد

نیشتمانی شیرینم،
تۆی هیواو شادی ژینم

خۆشەویستی ی تۆ تەنیا،
بە منی بەخشی هیوا!

من زۆر هیوا بڕاو بووم
ناکام و کاڵ و خاو بووم

خۆشەویستی و دڵداری
خستمیە ڕێ ی هوشیاری

کاتێ خەو دەی بردمەوە
تۆبووی ئاگات کردمەوە

هەستام لە خەوی مەستی
هاتمە ناو کۆڕی هەستی

سەرنجم دا لە هەر لا،
هەر خۆم بینی بە تەنیا

لە گێتی پان و بەرین
من بێ بەش ما بووم لە ژین

مەرجم کرد لەگەڵ یەزدان
سوێندم خوارد بە کوردستان

ڕۆژ و شەوم نەسرەوم،
دەبێ منیش سەرکەوم!!

بە فرمێسکی مرواریم،
تاری ڕشتەی هەژاریم

خەم وپەژارەو تاسە،
لەگەڵ بۆسۆی هەناسە

لە گڕی ناخی دەروون
لە قوڵایی دەریای خوون

گەوهەرێکی نرخدار،
بێنمە بەرچاوی کڕیار!

پارچە پارچە شیعری جوان
بهۆنمەوە بێ وچان!

بیفرۆشم بە یەکجاری
بیبەم بۆلای کڕیاری

پوول و دراو وەربگرم
چەکی شەڕی پێ بکڕم
بیدەم بە تۆپ و تفەنگ
بۆ پێویستی ڕۆژی جەنگ!

بی بەخشم بە کوڕی لاو
لەگەڵ جوانترین سڵاو!

ئەو مافم بۆ وەردەگری
ئەو لێم دەکا بەرگری

ئەو خوێنی خۆی دەڕژێنێ
ئەو تۆڵەم بۆ دەستێنێ

سوێندم بەم نیشتمانە
بەڵێنێکی مەردانە!!

تا گیان مابێ لە لەشم
لە کردەوەت هاو بەشم!

تاکو ئەو ڕۆژە دەمرم،
دەست لە خەبات هەڵ نەگرم!

لەگەڵ لاوانی نەبەرد
بگەڕێم لەدەشتو هەرد

ئەو بە چەک، من بە پێنووس
تا دەگەینە چارەنووس

چارەنووسێک پڕ داد بێ
کوردی تێ دا ئازاد بێ!!

سەربەستی ناکڕێ

دەڵێن سەربەستی ناکڕێ
ماف وەردەگیرێ نادرێ

دەبێ چەکی بۆ هەڵگری
بە پشوو بی بۆ بەرگری

دەبێ خوێنی بۆ بڕژێنی
دەبی ڕۆڵەی بۆ بمرێنی

کوردیش چەکی هەڵگرتووە
خوێنی لاوانی ڕێژتووە

چەند هەزار گوندمان سووتاوە
ماڵیان بە تاڵان براوە!

هەزار دایک بەرگ ڕەشن
لە شادی و خۆشی بێ بەشن

منداڵیان بێ باوک ماوە
ڕۆڵەیان شەهید کراوە!

لە ڕێ ی سەربەستی و ڕزگاری
بۆ مافی گشت کوردەواری

کوردستانی بەش بەش کراو
برا لە برا دابڕاو!!

بۆ ئازادی بۆ یەکگرتن
خەبات ، تێکۆشان تا مردن

هەموو ناکۆکیمان گۆڕ کەن
خۆمان شادو دوژمن کۆڕ کەن

مەرج و بەڵێن وا دانرا
دەست لە ناو دەست کەین وەک برا

کۆیە:٣/١/١٩٧٠

نەسرین

نەسرین گوڵی بەهارم
نمونەی ڕۆژگارم،

کچێکی کوردستانم،
جوانێکی کوردگارم!!

نەسرین ئیمڕۆ بەهارە
خۆشتر لە ساڵی پارە

یابڕۆینە سەیری باخان
لەو دەشت و مێرگوزارە

نەسرین ئیمڕۆ نەورۆزە
لێت بێ جەژنە پیرۆزە

لە کوردستانی ڕەنگین
جەژنی گشت تیرەو هۆزە

ڕۆژێک بە یادی مەستی
دەستم گەیشتە دەستی

پێم گوت: نەسرین تو بی خوا
گەر لێرە ڕانەوەستی!

کە وەستا بانگی کردم
بەم گوتە هۆشی بردم

بۆیە سووکم لەلاتان،
چونکە کچێکی کوردم!!

بەیادی کاوە

کۆیە ١٩٨٣/٨/٢٠

ئای بۆ کاوەیێ، وەک کاوەی نەمر،
بێتە مەیدانێ نەبەرد کت وپڕ!!

بە دەستێ ئالا، بە دەستێ کوتەک
بە بیرو بڕوا بەهێزی مەچەک

هەموو هێزی گەل یەک ڕەنگ یەک بڕوا
بەرەو ئازادی و رزگاری بڕوا

لەگەڵ لاوانی چەوساوەو هەژار
هێرش بەرنە سەر قەڵاتی زۆردار!!

لە ڕەگ و ریشە، هەڵی وەشێنن!
بەردی بنچینەی گشت بەدەر بێنن!

زۆردار پەتک کەن وەک سەگ بە زنجیر
بیکەن بە پەندی ڕۆژگاری پیر

لە دادگای گەل دا بنووسرێ فەرمان
بکرێ بە بەریا بەراتی خنکان!

مافیان وەرگرن زۆر لێ کراوان
کاریش بسپێرێ بە کوڕ کوژراوان!

پاک بکرێتەوە ولات لە زۆردار
گۆڕ بکرێ هەموو دروشمی بەدکار

بۆ بەختیاری بۆ شادمانی
بە حوکمی یاسای زەوی و ئاسمانی

لە ناو کۆمەڵ دا هەرکەس بە تەنیا
لەسەرو ماڵی ببێ دڵنیا

سەر لێ شێواویی و پاشا گەردانی
ئەنجامی ڕەشە دەبێ بیزانی

گەر موتالاکەی مێژووی ڕابردوو،
زۆر ڕووداوی وای لێ هاتووتە ڕوو

ئەوەی حەزبکا بمرێ بە پاکی
شاهیدی ئەدا کردەوەی چاکی

ئەوەی بەد کار بێ ئەنجامی ڕەشە
لەناو کۆمەڵدا سووک وڕوو ڕەشە

ئەوەی کە چاکەی کردۆتە پیشە
نەمرە، نامرێ، دەژی هەمیشە

بۆ هاو ڕەگەزت خزمەت گوزار بە
بۆئازادیان گورج و بەکار بە

سستی مەنوێنە چیت توانایە
پاداشتی چاکەت لەلای خودایە

کورد و کاروانی ئازادی ی گەلان

لەگەڵ کاروانی ئازادیی گەلان
کورد هاوبەش بووە بەبێ پشوو دان

وێڵ و سەرگەردان، لەو بیابانە
ڕەنجی کێشاوە لەم ڕێگەو بانە!

هەرگیز ناوەستێ، قەت نەوەستاوە
هەر بۆپێشەوە هەنگاوی ناوە!

کوردیش هەروەکو گەلانی جیهان
بۆ ئازادی خۆی هاتۆتە مەیدان

لەزۆر مەڵبەندو لە ڕێ گوزارا
چەندان سەرداری کران بەدارا

بەڵێ هەزاران ڕۆڵەی دلێری
پیرو جوانی وەک بە چە شێری

قەڵاچۆکران یان لە زیندانا
مردن و بێ بەش بوون لە ژیانا

هەزاران ماڵیان لێ وێران کردن
ماڵ و سامانیان بە تالان بردن

لەگەڵ ئەم هەموو ئێش و ئازارە
سووتان وخنکان، بەندی و قەنارە

دەم بە دەم خۆشتر هەنگاو هەڵ دەگرن
ناوەستن ڕێگای دوور و سەخت دەبڕن

بۆ ئەوە ڕۆژێک بگەن بە شادی
بچێژن تام و چێژی ئازادی

ئەگەر هەروەها بڕۆن نە سرەون
دەگەن بە ئامانج هەر سەر دەکەون

برا نەوەستی دڵت نە لەرزی
تا کو دەگەیتە سەر لووتکەی بەرزی

ئازادی بە ڕەنج بە تێکۆشانە
بەرهەمی هەوک و خوێن وئێسقانە

گەر نەمری لەڕێ ی ئازادی گەلت
لە دەستت دەڕوا دەرفەت و هەلت

گەلێک ژێر دەست بێ دوور لە ژیانە
بەشی ئەو گەلە مەرگ و نەمانە!

تام چێژی ژیان بە ئازادی یە
گشت بەختەوەری و خۆشی و شادی یە

لەم کاروانەی کورد ناوەستێتەوە
تا سەر بەست نەبێ ناگەرێتەوە!

بە خوێن مۆر دەکا نامەی سەربەستی
تا وەری نەگرێ و نەکەوتە دەستی

سوێندی خواردووە بە کوردستانی
بە گۆڕی قازی و شەهیدەکانی

ژین بە سەربەستی ، مردن بە مەردی
دەبێ چارەنووس وابێ بە کوردی

هەر خەبات دەکا بەبێ وچانی
کۆڵ نادا هەتا مابێ ژیانی!

ئەی بادی شەماڵ

ئەی بادی شەماڵ، ئەی سروەی بەیان
نامەی ناردووە بۆت، دایکی نیشتمان

زوو وەرێ بگرە، ئازاو و دەست و برد
بگەڕێ هەموو نیشتمانی کورد!

بڵێ: گوێ دێرین، لەم بانگەوازە
دایکی نیشتمان ئەمەی دڵخوازە!!

مەڵێن دوژمنمان زۆر ناتەبانە،
بۆ نەمانی کورد گشت وەک برانە

ئێستا لەسەرچی لەگەڵ یەک دژن؟
بۆسوودی دوژمن یەکتر دەکوژن؟!

دژ بەیەک هەردەم لەناو سەنگەرن
ئەی چەند نەزان و چەند ئاخر شەڕن

دوژمن خەریکە هێرشێک بێنێ
خاکت داگیرکا، خوێنت بڕژێنێ

ئێستا دەرفەتە هەموو بەیەک دەنگ
بوەستن لە ڕووی هێزو زەبرو زەنگ

نازانم بۆچی هێندە بەدکارن
لەگەڵ یەک هەموو وەک گورگی هارن؟

هەردەم خەریکی گیانی یەکترن
هەرگیزاو هەرگیز یەکتر ناگرن!

ئاوا خەریکن دایکی نیشتمان
ڕزگار کەن لە ژێر دەستی دوژمنان؟

داخم ئەوەیە من تاکو ماوم،
لەیەک گرتنتان هیوا بڕاوم!

ڕاستتان پێ دەڵێم قەت ڕزگار نابن
هەتا لەگەڵ یەک وا ناتەبا بن!!

ئەستێرەی هیوای کورد

نە لە ڕۆژ ئاوا، نە لە ڕۆژ هەڵات
ئەستێرەی هیوای کورد بۆ هەڵ نەهات؟

دەڵێن لە ماوەی سەد ساڵ دا یەک جار
هەڵدێ ئەستێرەی سووری کلکدار!!

دوو هەزار ساڵە کورد وا مایەوە
ئەستێرەی هیوای نەدرەوشایەوە!

مەسەلێک هەیە بە کوردی دەڵێ
چاوی لە دەرێ خۆڵی تێ وەرێ

گەر ڕۆژ هەڵاتە گەر ڕۆژ ئاوایە،
بۆ گەلی هەژار کەی جێ ی بڕوایە؟

بەرژەوەند پەرست بۆ سوودی خۆیان
بلوێر دەژەنن، کۆگای درۆیان!

بۆ دەست کەوتنی لیترێک نەوتی ڕەش
بە کوشتن دەدەن هەزار سپی و ڕەش

برا چارەمان تەنیا خەباتە!
برایەتی و یەک بوون ڕێگای نەجاتە!

بە هەڵمەت بردن وەک شێری شەرزە
تەختی ڕۆژگار بێنینە لەرزە!

بێ ترس و بێ باک، ئازا و نەبەز بین
بابڕووخێنەری قەڵای ناحەزبین

بە هونەرمەندی و بە زۆری بازوو
خۆمان بخەینە تابەی تەرا زوو!!

نەورۆز و بەهار

نەورۆز و بەهار وەک جووتەی خوشکان
لە شادی کرپن ئەمساڵ تێ شکان!

بەهار بنەوشەی لە زستان کڕی
کراسی جەژنی بۆ نەورۆز بڕی

بۆچی نەی زانی بنەوشەی سەر شین
بۆ شایی نایە هەر دەیکا بە شین؟

ئەم کە پەروەردەی سەرمای زستانە
سەر کزەڵۆکەو چاو بە گریانە
نەورۆز نەی دەویست بابان ویران بێ
گۆرانی و شایی، شین و گریان بێ

یان وا کۆست کەوتوو وا بێ نەوا بێ
شانۆی هەڵپەرکێ ی کۆڕی شینگا بێ

نەورۆز دەیەویست گوڵی زەردو سوور
شادی هێنەر بێ بۆ نزیک و دوور!

- بەڵێن بێ منیش بۆ جەژنی ئەمساڵ
جلی سەوزو سوور بکرم بۆ کەژاڵ

لەسەر پەلکی گوڵ شەونم ببارێ
بۆی بهۆنمەوە ملەی مرواری

بکەم بە بەریا بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ
بێن بۆ تەماشای لە چین وفەڕەنگ

بیرازێنمەوە وەک بووکی بەهار
وێنەی نەدی بێ چاوی ڕۆژگار

بچێ بۆ شایی بە شادمانی
بە ئاوازی خۆش بڵێ گۆرانی

چ گۆرانی یەک نەغمەی ئازادی
دەنگ بداتەوە دژی بێدادی

بەهار لە زستان تۆڵە بستێنێ
پەیمانی سەهۆڵ بەستن بشکێنێ

کەژاڵ و نەورۆز بە هاریکاری
چەپکێک گوڵی سوور بکەن بە دیاری

نەورۆز حەز دەکا گوڵ بۆ بەهار بێ
کەژاڵ دەیەوێ گەلی ڕزگار بێ!

لاوی کورد

لاوی کورد دەبێ بسووتێ وەک شەم
ڕووناک کا بۆ گەل ڕێ ی تاریک و تەم

ئالا هەڵگری ڕێ ی ئازادی بێ
مژدە هێنەری خۆشی ، شادی بێ

دروشمی دەبێ تۆڵە سەندن بێ
نابێ لە بیری خۆ نواندن بێ

لاوی کورد دەبێ چوست و چالاک بێ
لە کاتی پێویست لە گیان بێ باک بێ

لە کاتی ئاشتی زاناو رابەر بێ
لە ڕۆژی شەڕدا شێری سەنگەر بێ

دەبێ نموونەی خوو و ڕەوشت بێ
کارو کردەوەی بۆ سوودی گشت بێ

هیواو ئاواتی هەر یەکیەتی بێ
دوور لە دوو ڕەنگی، کوردی پەتی بێ

کۆڵ نەدان

نە خەڵەتام کۆڵم نەدا،
چەند تەلیسم هاتنە ڕێگا

بە وێنەی دێوو درندە
بە هەڕەشەو بگرەو بەردە

هەر یەک بە ڕەنگێکی دزێو
هاتە بەر چاوم وەکو دێو

مەرامیان بوو بم ترسێنن
ورە بەردەم بم تۆقێنن

بۆ وتو وێژیان گوێ دێربم
چۆنیان بوێ من وا فێربم

بەڵام ئەم هەموو دەعبایە،
هیچیان بۆ نەهاتە کایە!

وەک کورە کوردێکی نەبەز
ڕێ ی لێ نەگرتم ترس ولەرز!

دا نەچڵەکیم دووا نەکەوتم،
لە چەند هەورازێک سەرکەوتم

هەنگاو بە هەنگاو چوومە پێش
ترسم نەبوو لە زام و ئێش

تا گەیشتمە لێرە وا ڕێک،
هاتنە سەر ڕێم چەند چەکدارێک

دەیانە ویست ڕێم پێ بگرن
بە گوللەی وێل جەرگم بدڕن

پێم گوتن: «خزمی خۆتانم
خەڵکی جەزیرە و بۆتانم»!!

هاتنە لاتان بۆ هاوکاری
بچین بۆ ڕێگای ڕزگاری

ئەم چەکەی خستۆتە شانت
بیخە کار دژ دوژمنانت

ئێمە بۆ لەگەڵ یەک دژ بین
دوژمن پەرست و خۆکوژ بین

لە ڕووی دوژمن بیتەقێنین
بێ وەستان خوێنی بڕژێنین

من وتۆلای ئەو یەک کێشین
تا زووە ڕیشەی هەڵکێشین

من وتۆ وەک قاو و چەرخین
لەلای ئەو هەردووک یەک نرخین!

ئەمەی بیست کاکی چەک لە شان
وەک شەنگە بی هاتە هەژان!!

شەهیدان

ئەی شەهیدانی ڕێگای نیشتمان
خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان
لە ڕێ ی ئازادی و سەربەستی ژیان
لە بیر ناچنەوە بە درێژی زەمان
مێژوو دەنووسێ یەک یەک ناوتان

ئەو دەستەی کەوا خوێنی ڕژاندن
ئەو گوللەی کەوا مێشکی پژاندن
ئەو هێزەی هەمووی لە خوێن گەوزاندن
جەرگی هەزاران دایکی سووتاندن
باخێکی دانا نەمامی چاندن!

ئێوە نامرن، نامرن دەژین
گیانی پاکتان لە سەما و زەمین
بانگمان دەکەن وا بە پێکەنین
دەستی یەک بگرن یەک بن هەموو چین
وا چویتە کەمین دوژمنی لە عین

هەروا خەریکە بە فڕو فیشاڵ
لێکمان تەفریق کا بە پوول و بەماڵ
بۆ ئەوەی یەک یەک بمان نێتە چاڵ
دەستمان ببەستێ وەک تەیری بێ باڵ
تا داگیری کا گەنجینەی حەلاڵ!

خەیاڵی پووچە دوێنێ بەسەر چوو
میللەت تێ گەیی فڕو فێڵی توو
عەرەب وکورد و مەسیحی و جوو
هەموو یەک نیاز بیرو یەک ڕوو
سەفیان بەستووە بە یەک ئارەزوو

پێکەوە تێکڕا وا هاوار دەکەن
تف لە ڕەوشتی ئیستیعمار دەکەن
نەعلەت لە ڕووحی گشت زۆردار دەکەن
میللەت لە دیلی زوو ڕزگار دەکەن
دیموکراتیەت چاوە نوارِ دەکەن!

کوردە دەیەوێ ژینی سەربەستی
کوردە دەیەوێ نان و پێویستی
کوردە دەیەوێ دەرچێ لە پەستی
کوردە دەڕژێنێ خوێن بۆ مەبەستی
بمرێ ئیستیعمار، کۆنە پەرستی

ئیتر بەسیەتی فیکری عونسری
بوو بە قسەی کۆن سونی و جەعفەری
یەکێتی عێراق بە موختەسەری
پێک هات بە خوێنی ڕژاوی بەری
تێکیشی نادا دەسایس گەری!

کوردە دەیەوێ خوێنی شەهیدان
کێ بوو موسەبیب بخرێتە زیندان
مەحکەمەی بکا میللەت لە مەیدان
حوکم جاری بێ بۆ وان بە خنکان
بمرێ دوژمنی گەل و نیشتمان!!

(١) ئەم هۆنراوەیە لە ڕاپەرینەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا گوتراوە و شاعیر ئەم شیعرەی لە ڕۆژی چلەی شەهیدان لە مزگەوتی گەورەی کۆیەو لە (کەنیشتێ)ی جوولەکانی ئەو شارە خوێندۆتەوە و خەلکێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی و پیاو ماقوڵانی ئەو سای شاری کۆیە بەشدارییی یان لەو کۆبوونەوانەدا کرد بوو.

چەپکە گوڵێک

١٩٧٧/١/١٨

منی کچـــە کـــوردی خـــاوەن هەست،
شـــوورەیی یە نەی کـــەم چیم بێ لە دەست

لە کـــۆڕی تێکۆشـــانی خـــوێنین ڕەنگ
گـــیـــان بەخت کـــەم بە هێـــمنی و بێ دەنگ

بەتاری قـــژی کـــاڵم چەپکە گـــوڵێک
چڵ چڵـــە بیبـــەســـتم وێنەی دڵێک

هەروەکـــو خـــاتوو زینی دڵ بەخـــەم،
بیکەم بە دیاری بۆ ســـەر گـــۆڕی مـــەم

گـــۆڕی ئەولاوەی کـــە بە چالاکی،
بەخـــتی کـــرد بۆ کـــورد گـــیـــانی پاکی

لە پێناوی گـــەلێکی مـــاف خـــوراودا
گـــەلێکی زۆر لێ کـــراو و دڵ شکاودا

هەر چیـــان پێ کـــرا بەبێ وەســـتـــان،
کـــردیان دوژمنانی کـــوردســـتـــان!

تا نەگـــەن بە ئامـــانج هەر چەند پەلەکـــەن،
نزیک بووە مـــەرگـــیـــان با هەڵەکـــەن

کـــە من مـــردم ئەو ڕۆژە بێ خـــەم
تەرمم بنێـــژن لە تەک گـــۆڕی مـــەم

ســـڵاو لە نیـــشـــتـــمـــانەکـــەی ژینم،
ســـڵاو لە یارەکـــەی دێـــرینم!!

ئەوەندەی کـــە پێم کـــرا تـــوانیم
کـــردم وگـــوتم هەرچی زانیم!!

بۆ ئازادی کورد

کۆیە: ٨/١/١٩٧٠

ژێر هەر دارێک، سەر بەردێک
سوور بووە بە خوێنی کوردێک

بەم خوێنە وەها نووسراوە،
بۆ ئازادی کورد ڕژاوە

ڕۆژێک ئەم خوێنە لافاوی
دوژمن لوول دەدا گەرداوی

دەبێتە لافاو و شەپۆڵ،
دەگرێتە پێش خۆی دەشت وچۆڵ

خاوەنی ئەم خوێنە سوورە
لاوێکی کوردی جەسوورە!

بۆیە بەختی کرد ژیانی
تا ڕزگار بێ کوردستانی

مێژووی کوردمان کۆن وتازە
لای نەداوە لەو ڕێبازە

ئێستا رابوردوو و داهاتی
هەر خوێنینە بەسەر هاتی

لاوێک لە ڕێ ی نیشتمانی
بەخت بکا گیان و ژیانی

هەر دەمێنێ ناو و یادی
شەهیدی ڕێگای ئازادی

سوور هەڵگەڕا ڕووی گوڵاڵە
ئاودرا بەم خوێنە ئاڵە!

مەسەلێکی زۆر مەشهوورە
کورد عاشقی ڕەنگی سوورە

لەم شوێنەی خوێن زۆر ڕژاوە
گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ڕوواوە،

چەپکە گـــــولێک هەڵ دەبژێرم
لەکـــاتی خـــۆی بۆی دەنێـــرم

دەســـــتـــــە گـــــولێکی ڕازاوە
پێـــشکەش بە گـــیـــانی ئەو لاوە

ئـــەو لاوەی زۆر بـــە چـــالاکـــی
بەخـــشی بە کـــورد گـــیـــانی پاکی

بانگەواز

کۆیە: ١٩٦٩

هاواری گـەلی کـــورد لە کـــوردســـتـــان
بۆ ئەنجـــوومـــەنی یەکگرتووی گـــەلان!

وێنەی بۆ لقی مـــافی مـــرۆڤـــان
پێ ی دەڵێن (لیـژنەی حـقـــووقی ئینســـان)

بیـــست وسێ ســـاڵی تەواو لەمـــەو بەر
گـۆڕ کـرا فـــاشـــست مرد شـــەیتـــانی شـــەڕ

یاســـای حـــقـــووقی ئینســـان مـــۆر کـــرا
بانگی ئاســـایش لە جـــیـــهـــان درا

بڕیار بوو هەمـــوو نەتەوەی جـــیـــهـــان
ئازادی بدرێ بە هـەمـــوو گـــەلان

ســـەربەست بێ هەرکـــەس لە کـــارو لە ژین
بێ جـــیـــاوازی لە ڕەگـــەز، لە دین

گـــەلانی ژێر دەست شـــادو مـــەســـروور بوون
بەم بانگەوازە زۆر پشت ئەســـتـــوور بوون

گـــوتیـــان ژێر دەســـتی و زۆر داری نەمـــا
قـــەڵای زۆر داری وخـــوێن ڕێژی ڕمـــا

بەپێچەوانەی هیواو ئارەزوو
خۆزیا سەد خۆزی بە دەوری پێشوو

چەرخی ئەتۆمە مرۆڤ لە گەشتی،
بۆ ناو مانگ دەچێ لە دەورو پشتی!

بیستی گەلاوێژ سالی شەست و نۆ
لە مانگ نیشتەوە کەشتی ئەپۆلۆ

هونەری مرۆڤ مانگی پشکنی
خونچەی لە باخی نهێنی چنی

ئەمجا با بێمە سەر راستی مەبەست
بنووسم بۆتان لە رووی بیرو هەست

لە دوایی رێزو سلاو بێ ژمار
بۆتان دەنووسم هەر یەک لە هەزار

بۆ ئێوەی بەرێز کە داد پەروەرن
دژی زۆرداری و کاری بێ فەرن

کوردیش گەلێکە خاوەن نیشتمان
خاوەن رەوشت و رابوردوو و زمان

بەدەست ئیستیعمار بەش بەش کراوە
وەک لاکی مردوو دەوریان داوە

ئەوە هەشت سالە هەشت سالی تەواو
گەلی هەژاری کوردی ماف خوراو!

لەسەر کەمترین ماف و داخوازی
کار بە دەستانی فاشست و نازی

هەموو کەرەستەی شەڕو شۆڕ و جەنگ
بەکار دەهێنن لەگەڵ زەبرو زەنگ

فڕۆکەی مێک و هەنتەر و هەلوشن
وەکوو کوورەی هەنگ زۆر زۆر بە جۆشن

بۆمبای ناپالم زۆر دەهاوێژن
لەوەش زیاتر تیزاب دەرێژن!!

شارو دێهاتمان بۆ مباران دەکەن
ئاوایی و چۆڵ، چۆڵ وێران دەکەن

گوند دەسووتێنن بێ تاوان دەگرن
سکی منداڵ و ژنان هەڵ دەدڕن!!

نەک هەر قەنارە جەڵەب بەند کردن
بە زیندوویی چاو مرۆڤ گۆڕ کردن

لە بیست و شەشی ئابی شەست و نۆ
لە ژن ومنداڵ شەست و هەشت مرۆ

بڕیار وا درا گشتی بەند کردن
دەبێ بسووتێن ئەوانە کوردن

ژنی هەژارو منداڵی ورد بوون،
تەنیا تاوانیان ئەوە بوو کورد بوون

دژ بە مرۆڤن پەستن بەد کارن
لەسەرکەوتن دا وەک گورگی هارن

جەنگیز، هۆلاکۆ، تا تەیموری لەنگ
بەم کردەوانە دەڵێن عارو نەنگ!

کوڕی گۆبلز و نەوەی هیتلەرن
دژی ئاشتی و ئاشنای شەڕن

ئەی ئەنجوومەنی یەکگرتووی گەلان
لەسەر شانتانە ئەرکێکی گران!!

ئێستە هەر ئێوە دەستەڵات دارن
کە پارێزەری گەلی هەژارن!

دژی زۆر دارو دەست درێژ کەرن
دۆستی هەژارو ڕێ نیشاندەرن!

کەوابێ هەتا زوو کەن درەنگە
بۆ ناوی بەرزی ئێوە زۆر نەنگە

چەرخی ئەتۆم و مانگی دەست کردە
تازە بڕیاری قەلاچۆی کوردە

ئێوەش وەک (عوصبە) گەر چاو بپۆشن!!
لە مافی گەلان چاوتان بپۆشن

ئەگەر زوو دەستی زۆر دار نەبەستن
گەر رابوەستن ئێوەش هەر پەستن!!

گەشتێک

ڕۆژێک لە گەشت بووم، لە کۆهسارێک،
لە ژێری سایەو سێبەری دارێک

دانیشتم ئارام، ماندووم سایەوە
سەرم هەڵبڕی ئاوڕم دایەوە!!

کە تەماشام کرد، پیرە دار بەڕوو
بە شنەی شەماڵ، دەهات و دەچوو

بیرم کردەوە تەمەنی درێژی
گەر لێ ی بپرسم چیم پێ دەبێژێ

گەر رابردووی خۆی بگێڕێتەوە
زۆر نهێنی مان بیر دێنێتەوە!!

گەر لێ ی بپرسم دەنگ بداتەوە
بێ گومان زۆر شت ڕوون دەکاتەوە!

پیرە دار بەڕوو دەنگی دامەوە،
زۆر لە رابردووی بۆ گێڕامەوە!

گوتی: دەوەن بووم کاتێ بووم بە دار
کەوتمە ژێر ترسی چەرخی ڕۆژگار!!

بۆت بگێڕمەوە گشت بەسەر هاتم
کەم دەبێتەوە لەوەخت وکاتم!

یەکەم ڕووداوێک کە دێتە یادم
بۆت دەگێڕمەوە زۆر پێ دڵشادم

ده هەزار سەرباز لەشکری یۆنان
لەگەڵ گەزنەفۆن هاتنە کوردستان

لەسەر چیاکان بەردباران کران
لە دوای شەڕ وشۆڕ، زۆریان لێ کوژران

بەسەر شکاوی بە ورگی دڕاو
پەرت وبڵاو بوون وەک پۆڕی خوراو

هەزارانی تر سەریان دا لەبەرد
هاتنە کوردستان بوونە تۆز و گەرد

پیرە دار گوتی: ڕۆژێک لە ڕۆژان
لەم دەورو بەرە سووپای جەنگیزخان

ڕۆژێکیش تەیموور، ڕۆژێک هۆلاکۆ
کەوتنە تالان و کوشتار و بڕۆ!

ئەم کوردستانە بوو بە گۆمی خوون
کەژو دارستان سووتان بوون بە توون

لێرە لەم کێوە دوژمنی بەدکار
هەڵوەری و ڕژا وەکو گەڵای دار

من چەند سووتام هەر ژیامەوە،
چۆنم دەبینی هەروا مامەوە

چیا بەرزەکان کێوانی سەرکەش
نیشتمانی کورد ناکرێ بەش بەش

ئەوەی کورد بخوا زوو دەڕشێتەوە
بۆی هەزم نابێ دەی هێنێتەوە!!

داگیرکەرانی هاتنە کوردستان
نەگەڕانەوە ، چوون بۆ گۆڕستان

کورد هەروا ژیا ، هەروا مایەوە
نا توێتەوە و نەتاوا یەوە!!

نە سوڵتان سەلیم، نە شای صەفەوی
نەیان توانیوە کورد کەن سەر نەوی

بۆ ئەم مەبەستە، زۆر کۆششیان کرد
کەوا هان بدەن، کورد لە دژی کورد

بۆ ئەوەی خۆیان بە دڵنیایی
کوردستان بەش کەن بە نارەوایی

بەڵام گەلی کورد دژیان ڕاوەستا
ئەم بینەو بەرە، ماوە تا ئێستا

ئێستاش خەریکن کورد بتوێننەوە،
مێژوو بەرەو دوا بگەڕێننەوە !!

خەیاڵیان خاوە کورد ناتوێتەوە
چەرخ بەرەو دوا ناسووڕێتەوە!

کاوەی سەدەی بیستەمین

دوو هەزار ساڵ لەمەو بەر
هەستا کاوەی ئاسنگەر

بوو بە پێشڕەو و ڕابەر،
دەستی کرد بە شۆڕ و شەڕ

بە هێزی بازوو ومەچەک
نایە سەر شانی کووتەک

دژی زۆر دار ڕاوەستا
سوێندی خوارد بە ئاوێستا

دەبێ زۆر دار بمرێنین
خوێنی بەدکار بڕژێنین

لەگەڵ لاوانی دلێر،
هێرشیان برد وەکو شێر

قەڵای بەدکاریان ڕماند
خوێنی زۆر داریان ڕژاند

دەرچوون لەدەست بێ دادی
شەکا ئاڵای ئازادی

چوار سەد ساڵ لە پێش کاوە
کە ئاگر هەڵکراوە،

هێزی یەزدان پەرستی
زاڵ بوو بەسەر خوای پەستی

ئاگر ئەوسا هەڵکرا،
بانگی سەربەستی درا!

لەو سا ئاگر یەکجاری
دروشمە بۆ ڕزگاری

پشت بە پشت هەر مایەوە
بە هیچ هێز نە کوژرایەوە

تاکو سەدەی بیستەم هات
پاش هەزاران کارەسات

لە کوردستانی بەرین
کاوەی سەدەی بیستەمین

کاوەی نەمر بارزانی
ئاڵای خستە سەر شانی

شۆڕشێکی بەرپا کرد،
مافی کوردی داوا کرد

داوای مافی ڕەوامان،
بۆمان نووسرا بە تاوان

دوژمن چەند هێرشی کرد
بۆ لە ناوبردنی کورد

گەلی کوردی قارەمان
نەترسا لە دوژمنان!

بە خوێنی ڕۆڵەکانی،
سووری کرد کوردستانی

هەر ژێر داریٚ سەر بەردیٚ
سوور بوو بە خوێنی کوردیٚ

لە ساڵی بیست تا حەفتا،
دوژمن لە هیچ نەوەستا

بە توندی دەستی وەشاند
چەند توانی خوێنی ڕژاند

نەی توانی کورد سەر شۆڕکا
نامەی پەستی پیٚ مۆر کا!

نا چار خۆی سەری شۆڕ کرد
پەیمانی دۆستیی مۆر کرد!

دانی نا بە مافی کورد
ئۆتۆنۆمی بە یان کرد

یازدەی ئادار بانگ درا
کوردو عەرەب بوونە برا

شەرو شۆڕ بڕایەوە،
جا ئاشتی گەڕایەوە!!

یازدەی ئادار و نەورۆز
دوو جەژنن هەردوو پیرۆز

نامرن ئەم دوو ناوە
یەک بارزانی یەک کاوە!!

سروودێکی تازە

رۆژێک دانیشتبووم تەنیا
سەرم پڕ بوو لە ماخولیا

لە پڕ برادەرێک هاتە لام
دانیشت و لێی کردم سەلام
فەرمووی دەزانی بۆ هاتم
زۆر لەمێژە بە ئاواتم

کە لێت بپرسم پرسیارێ
نەک پرسیاری هەرزەکارێ

تکایە لێم دڵگیر مەبە،
لە پرسیارم زویر مەبە

پێم گوت: «کاکە تۆ برادەرمی
لێم بپرسە بەبێ شەرمی

چیت مەرامە چیت نیازە؟
تا بۆت بەیان کەم ئەم ڕازە!»

گوتی: «جاران تۆ بوێژ بووی
شیرین گوفتار و ڕاوێژ بووی

ئێستا بۆ بێ دەنگ وماتی
دوور لە هەموو کارەساتی!

کز و خەمبار و داماوی
لە ژیان هیوا بڕاوی!»

پێم گوت: «کاکە چاک بزانە
من زۆر هیوام بە ژیانە

ئارام بە هێور بمەوە،
سەر لەنوێ تێ هەڵدەچمەوە

پێت دەڵێم گشت کارەساتم
لەهەموو سەر، بەسەر هاتم!

پێش ماوەیەک لە شەڕ دابووم
شەڕێکی وا تێ گلابووم!!

هێندە توندو دڵ تەزێن بوو
دروشمی هەر مەرگ و خوێن بوو»

ناکاو دەنگێ هاتە بەر گوێم،
بانگی کردم وەهای گوت پێم:

مەترسە من پشتیوانم،
یاریت دەکەم چەند بتوانم!

چیت پێویستە لێم داوا کە
تا پێت بسپێرم ئێستاکە،

من بۆ ئێوە زۆر دڵسۆزم
لە دوژمن دەتان پارێزم

دڵنیا بووم بە بەڵێنی
نەم زانی پشتم دەشکێنی

کە شەڕ دەستی پێ کردەوە،
دڵنیا بووم دەم بردەوە

ڕق ئەستوور بە قار وقین
دوژمنم هێنابووە لەرزین

بەلام ڕۆژێکی کتوپڕ،
بەڵێنەکانی بوو بە تڕ،

دەستی هێنا لە تەنیشتم،
خەنجەرێکی دا لە پشتم!!

لەو ڕۆژەوە دەخولێمەوە،
بە زامی خۆم دەتلێمەوە!

گەر نەمردم بەم برینە
ئەمجا ئاکارم ببینە!!

بەکاردێنم بیر و هەستم
سروودێک وا هەڵدەبەستم!

قارەمانی ناو سەنگەر بێ
پێشمەرگەی دەست بە خەنجەر بێ

مووشەکێکی تانک شکێن بێ
هێزێکی دوژمن بەزێن بێ

مێک بێ، میراج بێ، ڤانتۆم بێ
هەڵگری بۆمبای ئەتۆم بێ

سروودێک ناوی تۆڵە بێ
دژی ئەم (شایە) زۆڵە بێ

خودا یار بێ بدا دەستم
دەبێ دوو دەستی ببەستم

ڕقی ئێستا و زۆر لە مێژم
هەمووی هەر پێدا بڕێژم!!

لە چوار چرا دەی دەم لە دار
ببێتە پەندی ڕۆژگار!!

دەری بێنم لە بنەڕەتی
وەک گۆڕ بە گۆڕی لەعنەتی

ئەمجا سروودێکی تازە،
دەهۆنمەوە بەم ئاوازە!!

مژدە هێنەری شادی بێ
ڕزگاری بێ، ئازادی بێ

ئاشتی بێ، برایەتی بێ
مرۆڤایەتی پەتی بێ

دەست لە ناو دەست یەکتر نانبێ
بەختیاری بێ، ژیان بێ

لە ئازار کەم ئازار تر بێ
لە نەورۆز خۆشی زۆر تر بێ

سۆزی دەروون

رووی سپی کاغەز

ڕووی سپی کاغەز بە نووکی خامە بۆ ڕەش هەڵگەڕا
دوو زمـانی هاتە کـارو نامـە سـەر بەرگی دڕا

بۆیە گـشت ڕازو نهـێنی دڵ بە جـاری هاتە ڕوو
شـەو لە نیـوەی تێپـەڕی خـەتی بەیان بوو ئاشکرا

شەونمی فرمێسکی بولبول وەک ڕژا سەر پەلکی گوڵ
خـونچـەی لێـوی کـردەوە وەک پێکەنی ئابڕووی تکا

سوێند بە ئاوێستا دە خوا پەروانە خۆی زەردە شتی یە
بۆ پەرسـتگا دەچێ، وا ڕوو بە ڕوونـاکی چرا

نەزمی ڕێک و پێک و سـاف ووردە وێنەی شەو چراغ
کـێشی سـووکـە، نرخی زۆرە، تا بە تایە کـێشـرا

هەنگی دڵ وەک نیشتە سەر خونچەی دەمت تا بیمژێ
شـانەیی هەنگوینی هەڵبـەست و گـوڵاوی تێکرا!!

نەی ژەن

گـوێ لە نەی بگرە کـە نەی ژەن فـوو دەکـا
ڕاست دەبێـژێ بـاسی ڕابردوو دەکـا!

پێت دەڵێ: ئەم ڕۆژگـارەی بێ وەفـا
ڕوو ڕەشـێکە هەر شـەوێک سـەد شـوو دەکـا

کـامـێـرایێکی لە دەست وەک وێنەگـر،
پێـچـەوانە ڕاسـتی ی ئاوە ژوو دەکـا!

چاکـە هوشـیـار بی نەکـەوی یە داوی ئەو
بێ گـومـان تۆیش چەشنی خۆی بەد خـوو دەکـا

تیـخی بۆ چاکـە کـولە هیچ نابڕێ
بۆ خـراپی هێندە تیـژە مـوو دەکـا

ئاشنا نابێ بەکەس تا ئەو کەسەش
هەروەکو خۆی سووک و بێ ئابڕوو دەکا

بێ شەنە ئەیداتە دەم باکاو دان،
وەک سەپانێک گشتی تاوو توو دەکا

خۆی دەپارێزێ هەمیشە ئەو کەسەی
وەک موتاڵای لاپەڕەی مێژوو دەکا

عیززەتی نەفس و کەرامەت سەروەتە،
ناوی چاکە مردووان زیندوو دەکا!

ڕێگەیێکی بێ پەناو پێچ بگرە بەر
پیاوی مەرد لەو ڕێگە هاتوو چوو دەکا

بەد ڕەوشتی روو بە وێرانکاریی یە
کوندە بۆیە خاوەنی کووکوو دەکا

ئەم جیهانەی سپڵە پەروەر ئاوسە
هەر بە دەنگی ئاخ و ئۆف بێزوو دەکا

خوو ڕەوشتی بەرز و یەکبوون بێ گومان
ڕێ نومایی چینی دا هاتوو دەکا!!

گوڵزاری ئەمەل

١٩٨٧/٢/٦

لە گوڵزاری ئەمەل خونچەی نە پشکوتوو کە پشکۆکا
دەبێ هەرکەس وەکو بولبول لە گوڵشەن لانە بۆ خۆکا

ئەگەر ڕۆژێ بەهاری شادی ڕووی کردە گەلا ڕێژی
دەبێ حاڵی چ بێ ئەو کاتە بولبول قوڕ بەسەر خۆکا

کە ڕستەی داوی بەدناوی لەدەست و پێ گرێ داوم
دەترسم من لە ئاخیردا حەواڵەی تیغی ئەبرۆکا

بە بیرم دا نەهات ڕۆژێ کە چەرخی ڕۆژگار وایە
ئەوەی سەردانەوێنێ بۆی دەبێ کالای لەبەرخۆکا

ڕقی لێمە ڕەقیب وا لێوی دەکرۆژی لە داخانا
بە وێنەی ئەهریمەن با تۆقی بەدخوێی لە ئەستۆکا

دەمێکە بەختی بەرگەشتە لە تاریکی شەوا خەوتوو
دەبێ هەستێ لەخەو ئیتر بەسە ڕووی خۆی لە ئاسۆ کا

کە پێویستم بە دڵسۆزێکی زانای کوردی لێ زانە
هەموو بیرێکی دژ یەک بوون لەناو یەک بۆتەدا کۆکا

ئەوەی هۆ هۆ دەکا هیچ کاتێ من پێ ی دڵنیا نابم
کەسێکم خۆش دەوێ مەرد بێ هەمیشە حەز بە کۆکۆ کا

بەد ڕەوشتی

بەد ڕەوشتی و نا جوانمەردی چ زوو ساندی ڕەواج
گەر لە بۆ نانیش نەبێ هەر باوە ڕوو کردن لە ساج

زۆر جیاوازی لە ئێستا و دەوری ڕابردوو هەیە
تاج لە بۆ سەر بوو، بەڵام ئێستاکە هەر بۆ پێ یە تاج

ئەو کەسەی دوێنێکە داوای تەختی پاشایی دەکرد
ئیمڕۆ سەد کرنووش دەکێشێ، بیکەنە مەئمووری باج

پێ لەسەر نان و جوێندانت بە زانا یانی خۆت
تف لە ڕووی خۆ کردنە وەک لەعنەتی راهیب لە خاچ

هێند بە نزمی وا سەری خۆی نایە ژێر پێ ی دوژمنی
قەت لە بازاڕ نافرۆشن شت بە پوولی نا ڕەواج

ڕووکەشی پاقڵ بکا وەستا مەحاڵە ببتە زێڕ
ئەو کەسەی نا مەردە هەر نا مەردە بچتە بورجی عاج

کۆنە بارگیر چۆن دەبێتە ئەسپی تازی ئەی نەزان
ڕەخت و زین هەرچەند بگۆڕێ چی دەکا وەستای سەراج

بۆ مەرگی خوالێ خۆشبوو
ئیدریس بارزانی

گوێم لە ڕادیۆ گرت بوو تا هەست بکەم دەنگێکی خۆش
خستیە بەر گوێم کت وپڕ دەنگی پڕ سۆز و پەرۆش

دەنگی مەرگی خۆشەویستێکە لە بیر ناچێتەوە
هەر کە بیستم هێندە دڵگیر بووم نەما لام هەست و هۆش

ڕۆژگار رووت سوور نە بێ هەروا بەشت بێ ڕوویی ڕەش
روو ڕەش و دڵگیر و پەست بی هەر بە ئازار و نەخۆش

خۆت نەگرت ڕۆژێک بە باسێکی کەمێک دڵ خۆش بکا
غەیری گریەو شیوەنێک هەستی مرۆڤ بێنێتە جۆش

ڕۆژی«سی و ئێکی کانوون» نۆ سەدو هەشتاو حەوت
هەر کە بیستم ڕاچەنیم لەرزیم و کەوتم چووم لە هۆش

ڕێم ببێ دەستە گوڵێک بەستم لە بۆ سەر گۆڕەکەی
پێ ی بڵێم تۆ نامری ناوت دەژی ژینێکی خۆش!

بەر لە خۆر کەوتن

بەر لە خۆر کەوتن بەیانی چوومە باغ
تاوەکو بولبول بدەم زاخی دەماغ

یادی ڕەنگ و رووی نیگارێکم دەکرد
بۆ شەوی تاریک ببێتە شەو چراغ

نێرگزی چاو مەست کە فرمێسکی ڕژاند
لالە سوور بوو نایە دڵ سەد دەردو داغ

سووسنی روو سوور کە لێوی کردەوە
هەر وەکو زاری شەقایق روو لە باغ

هات وەکو مەستان سوراحی گرتە دەست
بوو بە مەی گێڕ خستیە سەر پەنجەی ئەیاغ

هێندە سەرکەش بوو بە جوانی ڕەنگ و ڕوو
چەند هوزاری خستە سەر کاسەی فەراغ

ڕیزی بگرە کاتی لاوێنی جەوان
نامە هێنەر چی هەیە غەیری بەلاغ

گەشتی دەریا بێ گومان سوودی هەیە
ترسی زۆرە کەسبی لەعل و شەو چراغ

پیاوەتی تا ڕەنج نەدەی دەست ناکەوێ
شەوقی نابێ خۆی نەسووتێنێ چراغ

کرداری فەلەک

هەرچی کردی لەگەڵ ئێمە، بە نەزانی بوو فەلەک،
دەستی بەستم منی دا، دەست عەجەم و تورک و وەلەک

کەرو گا حاکمی غاباتە، لە جێ ی شێر و پڵنگ
چەقەڵ و ڕێوی گەریش، خۆ دەفرۆشن بە دەڵەک

لەعل و مرواری و یاقووت، هەموویان بێ برەون
مس و پاقڵ بوونەتە، زێڕی خولاسەیی مەحەک

ڕاستی بە جارێ گوم بووە، نای دۆزی یەوە بێ سوودە
برەوی سەندووە دەست برین و فریبوو فێڵ و کەڵەک

ڕاستی وا پشتی چەماوە بووەتە گۆشی کەوان
خوارو خێچیش بە خسوسی دەکەنە دۆخی خەڕەک

ئەمڕۆ ڕۆژگارێکە هەموو خوو ڕەوشتمان گۆڕاوە
داد لە بێ دادی یەوە هاتووە، یاسا و قانون لە کوتەک

(عەونی) نەکەی بێزار بی تۆ، هەر یادی بکە ڕابردوو،
دڵ مەگۆڕە، نەوەک ڕۆژێ لە پڕێک بێتەوە نەک!

خودایە

خودایە تۆ دروستت کرد سروشتم،
لە خوانی نیعمەتی تۆ پێگەیشتم!

نی یە چاکەم لە بۆ ڕۆژی حیسابم،
کە لوتفی تۆ نەبێ من بەد ڕەوشتم!

بە بێ هوودە ژیانی خۆم بەسەر برد
لە بێ بەختی درەنگ من تێگەیشتم!

لە تاوان ئەسپی خۆم لینگ دا بەبێ ڕێ
سەراسیمە (١) کە وێڵی چۆڵ و دەشتم!

پەنا بۆکوێ بەرم بێ سوودە ئیمڕۆ
لە زۆری کردەوەی نارێک و زوشتم*!!

لە بەدکاری و بەد خوویی ی ڕەوشتم،
لە ژێر باری گوناها کۆمە پشتم!

شیاوی ئاگری دۆزەخ منم من
بە ڕەحمی خوا هیواداری بە هەشتم!

کە هۆی بەد بەختی خۆت هەر خۆتی (عەونی)
مەڵێ وابوو لە ئەووەل سەر نویشتم(٢)!

(١) سەراسیمە: بە پەلە.
(*) زوشت: خراپ
(٢) سەر نوێشت: قەدەر. بەسەر هات.

ئەگەر من

ئەگەر من تاجی پاشایی لەسەر کەم،
وە یاخود بەرگی دەروێشی لەبەر کەم

جیاوازی چی یە بۆ مەرگ و ژینم،
کە وایە بۆچی خۆم تووشی کەدەر کەم

بخـــوازم گـــەر لە گـــێـــتی بەهرە مـــەند بم،
دەبێ خـــۆم هۆگـــری فـــەزل و هونەر کـــەم!

جـــوان مـــەردی و ڕەوشـــتی چاک پەســـەندە
بە چاکـــە لازمـــە خـــۆم بەهرەوەر کـــەم

دژی بـــەدکـــــــار دەبـــێ دژبم بـــە تـــونـدی
ئەگـــەر من خـــزمـــەتی جنسی بەشـــەر کـــەم!

پەنـا دەگـــرم بە خـــوا ، خـــوا یاری دەربێ
لە دوو گـــێـــتی دەبێ خـــۆم بەختـــەوەر کـــەم!

گەرمی ئەتۆم و سۆزی دڵ

نیـــســبـــەتی گـــەرمی ئەتۆم تێکەڵ بە ســـۆزی دڵ دەکـــەم
گـــەر بگریەم هەر بە لافـــاوێک جـــیـــهـــان کـــاول دەکـــەم

ڕەنگی گـوڵ سوورە لە ڕوو سووربی کـچـێکی کـورد دەکـا
دوور لە مـــیکیـــاج ئارەزووی چاوی ڕەشی بێ کل دەکـــەم

داوی ئالـۆزاوی زولفـــیـــم دیت لە دەوری خـــالـی ڕوو
ترس و لـەرزی زۆرمـــــــە لـەم داوو دانـە سڵ دەکـــــەم

بۆ گـــولـی هیـــوایە هەردەم ئاه و نالـەم بێ وچان
وا مـــەزانن بولبـــولم مـــەیلی گـــولی ســـەر چڵ دەکـــەم

دولبـــەری دڵخـوازی من هەر نیـــشـــتـــمـانە نیـــشـــتـــمـان
گـــەر خـــودا دەســـتم بدا دەســـتی لە شـــان و مل دەکـــەم

قـەت لە مـەولا ڕێ هەڵە و چەوت و چەوێڵ ناگـرمـە بەر
گـــوێ لە بۆ گـــشت پەند و ئامـــۆژگـــاری زانا شل دەکـــەم

تف لە ئاکـــارو ڕەوشـتی دۆســـتی گـــەوج و هیچ نەزان
من هەمـــیـــشـــە ئافـــەرینی دژمنی ئاقڵ دەکـــەم!

گـــەر لەگـــەڵ بەدکـــار و بەد بین دا بگونجێم بێ گـــومـــان
زێڕی قـــاڵ و خـــالیـــسی خـــۆم تێکەڵی پاقڵ دەکـــەم!!

یەکبوون(١)

ئێستە من پیر بووم وشوێن دڵداری لاوی ناکەوم
ڕێ سەرەو هەورازە بۆ خۆم تێ دەگەم سەر ناکەوم!

دوای هەموو زانست و تاقی کردنەوەم ماوەی ژیان
من بە هاندانی ئەم و ئەو تازە هیچ تێ ناکەوم

من بەڵێنم داوە تا ماوم بەسەر بەرزی بژیم
گەر سەرم بڕوا لە ڕێ دا قەت لە ژێر پێ ناکەوم

تەندروستیم هەر نی یە ئیمڕۆ مەترسی مەرگمە
تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم

نۆش دارووی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانین هەموو
گەر هیوا داربم بە یەکبوون شوێن ئەم و ئەو ناکەوم

ئاشنا گەر نەم کوژێ ترسم نی یە نا ئاشنا
یا هەمیشە گوللە بارانم بکا پێ ی ناکەوم!!

خۆشە نەمرم تاکو ڕۆژێ خۆم بە سەربەستی دەدی
بشمرم باکم نی یە ئەو ساکە شوێن سوێ ناکەوم

(١) ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٨٨)ی ساڵی ١٩٩٠ دا بلاو کراوەتەوە.

برایان

برایان، ئاشنایان، دۆست ویاران
دەناڵێنم وەکو هەوری بەهاران!

لە سۆزی سینەو جەرگی بڕاوم
کە خوێن سەرکا لەچاوم عەینی باران

مەکەن لۆمەم کە بێ ئارام وسەبرم
وەکو شێت گەر بکەومە کۆهساران!

نەبینن ئێوە قەت مەرگی عەزیزان
نەکەن شێوەن لەداخی کۆچی یاران

کەسێک گەر موبتەلا بوو بەم بەلایە
هەتا دەمرێ مەحالە شادی جاران

تیماری ناکرێ زامێکی سەختە،
بەسەد هاوین و زستان و بەهاران

خودایە خۆت بکە ڕەحمێ بە حالم
کە ڕەحمی تۆیە چاری دەردە داران

کە دەردی مەرگ نەبوو هەرگیز علاجی
لە هیچ چەرخ وزەمان و ڕۆژگاران!!

لەبو فەرمانی حەق سەردا نەوێنە،
کە (عەونی) بچی یە ڕێزی هەرزەکاران!

فەلەک

فەلەک پابەندی کردم هەم شکاری ناکەسی کردم
مەحەببەت غەدری لێ کردم دوچاری ناکەسی کردم

عەجەب قیسمەت هەڵی گرتم بە چۆڵ و بادیەی عەشقا
بە ناکامی چلۆن تووشی دیاری ناکەسی کردم

زمامی دڵ بەدەستی من نەبوو چ بکەم ڕەفیقانم
ئەزەل تەقدیری وا بو تەفرەخواری ناکەسی کردم

باری خەم (١)

لە ژێر باری خەمت ئەی سەروو قامەتم نوونە
لەسەرما سایەیی سەروی قەدت بۆچی لەکەم بوونە

چ بوو تاوانی فەرهاد پێم بڵێ ئەی شیرینی ئەرمەن
دڵۆپی خوێنی ئاڵی ئەو گوڵاڵەی کێوی بێستوونە

ئەگەر لەیلا بە هۆی مەجنوونەوە مەشهووری عالەم بوو
لە سایەی عشقی لەیلا دەشتی نەجدیش قەسری مەجنوونە

وەکو یەعقووب لە گۆشەی خەم نشینی کەوتووم هەردەم
بە هیوای مژدەییێکی ئەو کەسەم لێم بێ سەرو شوونە!

(١) ئەم هۆنراوەیە لە جێ ی خۆی حەوت دێڕ شیعر بووە، بەڵام ون بووە و کە دۆزراوەتەوە تەنیا ئەم چوار دێڕە چنگ کەوتووە.

ئاشنایێکم هەبێ

ئاشنایێکم هەبێ لەم عالەمە تەنیا غەمە
ماڵی ئاوابێ وەفاداری وەها ئەمڕۆ کەمە

هەمدەمی ڕۆژ و شەوانم هەر ئەوەو هەر ئەو دەبێ
ئەو نەبێ من بێ کەسم قوربانی بێ هەرچی هەمە

هۆگری شادی نەبووم قەت بۆیە ڕووناکاتە من
من دڵی خۆم دا بە غەم شادی لەوێ نا مەحرەمە

موبتەلای دەردێکی وا بووم لە دەردی میللەتم
پێکەنیم گریەیە، خۆشیم هەمووی هەر ماتەمە

من کە کوردم عیززەتی نەفسم ئەبەد لێم ناگەڕێ
خزمەتی بێگانە کردن لام شتێکی ئەستەمە!

مردنم لا خۆشترە سەد جار لە ژینێکی کەوا
وێڵ و ئاوارەی وڵاتان بم وەکو ئێستا هەمە

پادشایی بۆچی یە گەر ژینی دەروێشی ببێ
گۆشەیی کونجی قەناعەت من لەمەو دوا جێگەمە

ئەو فریبی خوارد بوو بۆیە لە جەننەت دەرکرا
هەرچی تاوانێکی من دەیکەم لە ئەستۆی ئادەمە

(عەونی) هوشیار بوو نەکەوتە داوو بەندی ڕۆژگار
خۆ فرۆشتن ئیمرۆ زۆر باوە بەڵام نرخی کەمە!!

به توندی پێ مەنێ

بە توندی پێ مـــەنێ ســـەر خـــاک و ئەندامی نیگارێکە(١)
نەکـەی پێ ی دا برۆی چونکە لە جـەســتـــەی چەند هەزارێکە

بە ســـووکی تێ مـەگـە ئەم خـاکـە لاتان زۆر بە قـیـمـەت بێ
هەمـــووی هـەر خـــاکی دەست وپێ و چاوو لێـــوو زارێکە

ئەگــەر تۆهەڵکەنی ســا ناو دڵی خـــاک بۆت بەدەربێـــخی
چ جـــێگای ئاوەدانی بێ، چ جـــێگای شـــوێنە وارێکە!

ئەگـــەر بێــتـــو بە چاوی دڵ ســــەرنج بگری دەزانی تۆ
کـــە شـــار وێران بووە وێرانەیە ئێـــســـتـــاکـــە شـــارێکە!

هەمـــوو جێ شـــانشـــینە ئێـــســـتـــا وا خـــانووی هەژارانە
هەمـــووی کـــوخـتی هەژارە، ئێـــســـتـــە قـەســری شـەهریارێکە

دروســـتی کـــردووی وا ئافـــەریدگـــار(٢) چـــی دەزانـــی تـــۆ
ســـــروشـــــتت پادشـــــایە، یان گـــەدایە، یان هەژارێکە

ئەوەی هۆگـــــر ڕەوشت و خـــوویی چاک بوو چاکی لێ زانی
لە دوو گـــێـتی بەڕاســـتی بە خـــتـــیـــار و بەخـــتـــیـــارێکە!

مـــەبە بایی بە دارایی جـــیـــهـــان ئەم پیـــرە مـــەکـــرۆیە
ئەگـــەر قـــەندت لەدەم کـــا بێ گـــومـــان هەر ژاری مـــارێکە

بە هیـــوای شـــادی و خـــۆشی لە گـــێـــتی دوور لە زانینە
ئەوەی شـــادی دەبینێ لێ ی بپـــرســـــە دەردە دارێکە

شەوو ڕۆژ، مانگ و خۆر، دەریا و زەوی ، چەرخ و فەلەک گشتی
ئەتۆ بڕوا بکە(عـــەونی) کـــە کـــاری کـــرد گـــارێکە!!

(١)نیگار: یاری جوانی خۆشەویست
(٢) ئافەریدگار: خالیق، خودای گەورە

ئەو دەمەی(١)

ئەو دەمەی دڵ بیر و یادی پەرچەم و روخسار دەکا
رێ ی(خەتا) دەگرێ دەچێ بۆ چین لە عەنبەر بار دەکا

چاوەکانی مەستی نازن شەڕ فرۆشن نازەنین
هەر بە رەمزێکی تیماری سەد دڵی بیمار دەکا

ئەو دەمە تۆ پێکەنی دڵ ڕاچەنی ئەوسا گوتم:
حەقیەتی بولبول کە مەشقی گوڵشەن و گوڵزار دەکا

تا لە شەودا هەڵ نەگیرسا وەک چرا روخساری تۆ
نەقدی پەروانەم دەکرد بۆچی لە رۆح بێزار دەکا

(١) ئەم غەزەلە لە جێی خۆی دا حەوت دێڕە شیعر بووە، بەڵام ون بووە و هەر ئەم چوار دێڕەمان چنگ کەوتوەتەوە.
(٢) خەتا: ناوی کۆنی ناوچەکانی باکووری وڵاتی چینە بە موشک بەناوبانگە.

پارچە شیعرێکی
ئەبولعەلای مەعری(١)

لە لا زقیە شەرو هەرا بوو،
لەناو گاورو ئیسلام بەرپا بوو!

یەک بە زەنگوڵە لێ دان خەریک بوو
یەک بانگی دەدا هەستن نوێژ ڕابوو

هەر یەک ئایینی خۆی پەسەند دەکرد
خۆزیا دەم زانی کامیان ڕەوا بوو؟!

ئەبولعەلای مەعەری: شاعیری ناوداری عەرب، لە نێوانی سالانی (٩٧٣-١٠٥٧)ی زایینی دا ژیاوە، گەلێک شیعری فەلسەفە ئامێزی داناوە.

چەند سلێمان هاتن

زولفی پەخشان کرد لە ڕووی دولبەرچ داوی نایەوە
لەم هەرێمە هەر دڵێک ئاوارە بوو پێچایەوە!

ئەی دڵی زارو نەخۆش سەد ئافەرین بۆ چاوەکەی
وەک مەسیحا مردوویێکی گیان بە بەر هێنایەوە

چەند سلێمان هاتن و فەرمانڕەوا بوون سەردەمێ
ڕۆژگار ئەو سەرگوزشتەی یەک بە یەک گێڕایەوە

دژ مەوەستە هەرچی ڕووداوێک زەمان هێنایە پێش
گەر مەبەستت بەرژەوندیی گشتە بێتە کایەوە!

کافری دڵ ڕەق هەژارێکی وەها چی کردبوو
بۆچی کوشتت وا بە زاری چەندی لێت پاڕایەوە

چەندەها گرتیانە بەر ڕێگا بەرەو ئاوی حەیات
نەی گەیشتێ کەس هەتا ئێستا کە پێ ی نەخورایەوە

دەستی پێ کرد نم نمەی بارانی ڕەحمەت دای ڕژاند
هەرچی تاونێکی ئادەم کرد بووی شۆرایەوە!!

فریشتەی ئاشتی

با دەری کەین ئەهرەمەن، شەڕ خوازی دوور بخرێتەوە
با فرِیشتەی ئاشتیمان پێشوازی لێ بکرێتەوە!

با جیهان بخرێتە ژێر سێبەری باڵی هوما
ئاگری شەڕ دا بمرکێت خوێن ڕژان ببڕێتەوە

لەم جیهانەی وا بەرین هەرکەس بە ئازادی بژی
هەر گەلێ مافی خوراوە مافی زوو بدرێتەوە

با دروشمی خۆشەویستی و برایەتی یەک هەڵگرین
هەرکەسە ئازاد لە خاک و مەرزی خۆی بخولێتەوە

نرخی ئەم ساروخ و تۆپ و گوللە و بۆمبای ئەتۆم
هەر لە کیسەی چەند کەسێکی پیسە کۆ دەکرێتەوە

با لە جێگای نرکەیی تۆپ و تەق و تۆقی تفەنگ
بەزم و هەڵپەرکێ و گۆرانی لە جێ ی بکرێتەوە!!

پشت بە کێ بەستم

پشت بە کێ بەستم کە بڕواییم بە هیچ لا یێ نی یە
گوێ لە چی بگرم کە دەنگی من لە هیچ نا یێ نی یە

هۆشی خۆم گەر دەربڕم تاوانە دەم کوت چاترە
دادگایی داوەری ئیمڕۆ لە دنیایێ نی یە

من لە ئەنجامی بەسەر هات و هەڵەی خۆم تێگەییم
گەر لە بۆشایی نەبێ شاییم بە هیچ شایێ نی یە

ماف و دادو ڕاستی گەر ڕاستت دەوێ هەر سێ درۆن
گەر هەبێ بۆ دەست بڕان ئاسایە یاسایێ نی یە

(سوورەتا) بێ و(تا ڕەشە) بۆ من جیاوازی چی یە
من لە ترسی (سێبەڕۆ) ئاگام لە هیچ تایێ نی یە

یاسای سروشت

هەموو سۆزی دەروون هەست وئەڤینە
دڵی دلدار کە کوورەی ئاگرینە!

ئەمە یاسای سروشتی ڕۆژگارە
لە ئادەم تاکو ئێستا چین بە چینە!

نەکەی لەم ڕۆژگارە دڵنیا بی
بە راتی ژان و فرمێسک و گرینە!

کەسێک هۆگر نەبوو بۆ بەد ڕەوشتی
شیاوی ڕێزە، جێگای ئافەرینە

لە بۆ چاکە کەسێ گیانی بەخت کا،
سولەیمانێکە خاوەن سەد نگینە!

گومان ناکەم چ تاوانم هەبێ من
زەمان بۆچی لەگەڵ من وا بە قینە؟!

لە زیندانی ئەڤین هەر کەس وەکو مەم
کە بەندی داوی زولفی خاتو زینە

بە یادی چاوی لەیلا بۆیە مەجنوون
کە چۆلی نەجدی لا وەک شانشینە

ئەوەی دڵداری بۆ خۆی کردە پیشە
چ دەر بەست شین و شایی و مەرگ و ژینە

نە چی بۆ دیتنی دولبەر لە شەو دا
ترسناکە هەمووی بۆ سەو کەمینە!

لە لووتکەی بەرزیا هەرکەس کە سەر کەوت
گومانی ناوێ دوایی دا بەزینە

ئەوەی ڕۆژێک لە ژین دا پێکەنی بێ
سزای ئەولای کەمی ساڵێک گرینە!

ئەگریجە(١)

ئەگریجەو پەشمینە لەسەر کولمە کە لاچێ
ڕۆم و عەجەم و عوربە هەمووی قیمەتی ماچێ

بۆ تەرکی وەفای هێندە جەفای دام کە بناڵم
عەشقی لە دڵم سابیتە زۆر زەحمەتە لاچێ

دەی فەرموو گوڵم هەر کەسی بەدگۆ و عەدوومە
یا ڕەب لە جیهان هەروەکو (عەونی) بە فەناچێ

(١) ئەم پارچە شیعرە هۆنراوەیەک بووە لە ناو چووە و تەنیا ئەم سێ دێڕەی چنگ کەوتۆتەوە.

بەرزەوەندی

قـــــەدو بالایی شـــــۆخت بێ بەلا بێ
کــــە ســێک گــەروا نە بێــژێ بەر بەلا بێ

لــە چــاو وزاری بــەدکـــــــاران بــە دوور بێ
لـە ژێـر ســـــایەیی بالـی هومـــــا بێ

ئەوەی خـــۆشت نەویست دژ بەو دوعـــاکـــە
بەدەردی خــود پەســـەندی مـوبتــەلابێ

ئەوە مـــــەردە هەمـــــوو دەم دژ بوەســـتێ
لــە هــەر بڕیار و کـــــارێک نـا ڕەوا بێ

لە پێـنـاو بـەرژەوەندیی ئـادەمــــــیزاد
مـــەبەســـتت هەر ڕەزامـــەندیی خـــودا بێ

ڕەوشـــــتی بەرزو هۆگـــــر بوون بە چاکـــــە
لە مـــاوەی ژین کـــەســێک پێ ی ئاشنا بێ

ئەوە پاداشــــــتی کـــــرداری پەســـــــەندە
لە تاریکی شــــــەوا شــــوعلەی چرا بێ

ئەوەی ئاژاوە خـــوازو بەد ڕەوشــــــتە
هەمـــــوو دەم بەندی زیندانی ســــزا بێ

بە یادی لاوێنی

وەرە مـــەی گـــێــڕ لەمـــەی ڕەنگ ئەرخـــەوانی
بــە یــادی ڕۆژی لاوێــنــی و جـــــوانــی

بە یادی ڕۆژگـــــارێکی بەســـــەر چوو،
کـــەوا پڕ بوو لە خـــۆشی و کـــامـــەرانی

بە یادی ئەو دەمـــەی ئێـــوارە وەخـــتـــان
بەرامــبــەر باخــەکــەی ئۆمـــەر خـو چانی(١)

بە یادی ئەو دەمـــەی کـــۆڕی هەڤـــاڵان
بە گـــۆرانی و بەســـتـــە و نەغـــمـــە خـــوانی

لە کـــاتێک دا نسێ(٢) باڵی دەکـــێـــشـــا
بەســـــەر باخ و چەم و ڕووبار و کـــانـــی

لەســـەر گـــردی (جـــووان) ئەمـــجـــا بەرەو شـــار
بە شـــادیی و بە خـــتـــیـــاری و کـــامـــەرانی

لە مـــاڵێک دا بە کـــۆمـــەڵ دا دەنیـــشـــتین،
بە بەزم و شـــــادی تـا کـــاتی بەیانـی

ئەکـــەی دڵگـــیـــر ببی گـــەر لێت بپـــرسم
لە کـــوێن ئێـــســـتـــاکـــە یارانی گـــیـــانی

بە خـــوا ســـوێندت دەدەم ئێـــســـتـــا لە کـــوێ یە
بە ڕاســـتـــی پێم بڵێ: گـــەر هیـــچ دەزانی

وەڵامی دامـــەوە مـــەی گـــێـــڕ گـــوتی پێم:
گـــەلێک دڵگـــیـــر دەبی ڕاســـتـــی بزانی

بـــرایـــان، ئـــاشـــنـــایـــان، دۆســـت ویـــاران
کـــە ڕوویان کـــردە دنیـــای جـــاویدانی

لەوە دڵگـــیـــر مـــەبە یاســـای ســـروشـــتـــە
کـــە کـــەس ڕزگـــاری نابێ چاک دەزانی

کـــەســـێک گـــەر حـــەز بکا ناوی بمێنێ
بە چاکـــە بەخت بکا مـــاوەی ژیانی

لە پێناو ئادەمی زادا بە گـــشـــتـــی،
بە تایبـــەت بۆ گـــەل و بۆ نیـــشـــتـــمـــانی

له پێناو خۆشەویستی

له پێناو خـۆشـەویسـتی و مـیـهـرەبانی
دڵـم دابـوو سـەریشم نـایـە بـانـی

قـەڵـەم مـەرجم هەیە گـەر پێت بنووسم
دەبێ واز بێنی بەس کـەی دوو زمـانـی

ڕەقـیـبیش خـۆی مـەڵاس دابوو لە پەنهـان
هـەتـا رازی نـهـێـنـی دڵ بزانـی

مـنـیش بۆیـە لـە ترسی چاوی بـەدکـار
لـە تـاریکـی شـەوا چوم بـۆ ژوانـی

لە سـەر چڵ دا لە گـوڵشـەن بۆ گـوڵی ڕووی
کـە شـەوگـاری درێژم تا بـەیانـی

مـەبا دا دەسـتی بـەدکـاری بگاتێ
بـە ئـەرکی خـۆم دەزانی پاسـەوانی

بـەڵام ڕۆژێـک لـە نـاکـاوا کـت و پڕ،
هـەڵـی کـرد باو بۆرانـی خـەزانی

گـەڵاڕێزان و گـوڵ با بردی، بولبـول
بە ناچاری بە جێ ی هێـشت ئاشـیـانی[1].

دەبێ من سـەرپەرشـتی باخـەکـەم کـەم
لە کـاروباری مـەرجی باخـەوانی

بە دەسـتـووری سـروشت گـەر دڵنیا بین
لە پاش ناخـۆشی یە دێت شـادمـانی

(١) ئاشیان: هێلانە

بێ وەفایی

سەری هەڵداوە شێوەی بێ وەفایی
نەما لای کەس نیشانەی ئاشنایی

دەبێ مل کەچ بکا ئیمڕۆ هونەرمەند
لەبەر دەردی هەژاری و بێ نەوایی

ئەوانەی بەهرەمەندن تاکو ماون،
لە بەندی خەم کە نا بین ڕەهایی

کەسانێکی نەزان و هەرجو مەرجن،
لە ڕیزی پێشەوەن بۆ ڕێ نومایی

بنووسێ شاعیرێک هەڵبەستی هەر چەند،
کە دڵ پڕکا لە شادی و ڕۆشنایی

بە پوولێ نای کڕن ئیمڕۆ لە بازاڕ
هەزار حاجی و وگۆران و وەفایی

کە دەنگی هاتە گوێم فەرمووی برادەر
بڕۆ ئارام بە مەگرە ڕێ ی جودایی

کە مرشد حەز بکا با ڕەش بەڵەک بێ
دەبێ شێخ بگری خۆی سەر چۆپی شایی

وەرە عەونی من و تۆ لێرە دەرچین
کە هەرگیز ناگرین ڕێ ی ڕووسیایی

گۆرانی بێژێ

گۆرانی بێژێ گەرەکمە نایێ
بچڕێ قەتارێ خاوکەر نەوایێ

یان هۆرەی جافی یان ئەڵلا وەیسی
لاوک، حەیرانێ، ڕاستێ، سەبایێ

دەشتێ، پایزێ، سوارۆ، سەحەرێ
بەیات، ماهووری، شۆڕێ، سێگایێ

شمشاڵێ، زیلێ، عوودێ، کەمانێ
نەیێ، بلوێرێ، پیکی زورنایێ

یارێ، دولبەرێ، شۆخێ، نیگارێ
فرشتە خوویێ، پەری سیمایێ

خاتوو زینێ ڕەنگێ، شیرین شێوەیێ
کاکە مەم ڕەوشت، فەرهاد ئاسایێ

کۆڕی نەی ژەنێ، مەیێ، مەی گێڕێ
بە زمی سەیرانێ، سەیرێ، سەفایێ

شەوێکی تارێ، ڕێ ترسناکێ
خوداوەند سازوو هەڵکەی چرایێ!!

بای شەماڵ

دڵ بە ئازارە هەمیشە کە دەکا داد و برۆی،
خەمی یاری بە هەزار خستوەتە سەر خەمی خۆی!

بای شەماڵ ڕۆژێ بە کۆی دولبەری من تێ دەپەڕێ،
هیچ فەرامۆشی نەکەی عەرزی سەلامم هەیە بۆی

پێ ی بلێ لەو دەمە پاساری دڵم گیراوە
زۆر پەرێشان و بە ئازارە لە دەست چاوی هەڵۆی

دەرفەتە ئێستە ئەگەر مەیلی هەبێ چاری بکا
خۆ ئەگەر لوتفی نی یە بیدەوە دەست خاوەنی خۆی

تووڕە بوو دایەوە دەستم دڵی ئازارو نەخۆش
گوتی : پێویستە هەر ئێستاکە دەبێ لێرە بڕۆی

دڵ گوتی: نایەمەوە لێم گەڕێ واز بێنە بڕۆ
مردن و دەردە سەریم خۆشترە نەک بێمەوە کۆی

کون کون و لەت لەتە جەرگ و دڵی من بەر لە دەمێ
بەتیر ئاوێژی بژانگ و چ بە شمشێری برۆی!!

هەر کاتێ کاتم بێ

لە بۆ قوربانی تۆ ئامادەمە هەر کاتێ کاتم بێ
بە مەرجێ کاتێ هاتی، بم کوژی بەڵگەی خەڵاتم بێ

ئەگەر سەد هێندە ئازارم بدەی زاری لە تۆ ناکەم
لە دووریت بشمرم بڕوا مەکە ڕۆژێ شکاتم بێ

ئەتۆ بڕیاری مەرگم دەربکەی خۆم دێمە پێشوازی
لە دەست ئەم ڕۆژگارە بەدخووە بازو نەجاتم بێ

لە ژێر باری گرانی دەردو خەم دانا چلەکێ شانم
بەسەریا زاڵ دەبم بۆ خۆم دەبێ عەزم و سەباتم بێ

وڵاتم کەعبەیی ئامالە جێ ی نایەڵم ڕۆژێ
لە جێگای دڵنوازیم سا ئەگەر مەرگم بەراتم بێ

لە دەستی هێرشی موژگانی دەر ناچم بە ئاسانی
ئەگەر بێتو هەزاران کۆنگر و بورج و قەڵاتم بێ

زەوی (دێم)یم ئەوەند کێڵاوە کردوومە بە کشتوکاڵ
بەشی ناکا ئەگەر گشت ئاوی سەرچاوەی فوراتم بێ
پەنا بۆ کوێ بەرم ئەی شۆخی دڵ ڕەق ڕێنماییم کە
کە هات ڕۆژێ لە ڕۆژان من لەدەستی تۆ شکاتم بێ

بە شوێنی چارەنووس کەوتووم و ڕاستی ڕێگە بەر نادەم
بە پێ ی زانست و زانین هەردەبێ لەم ڕێگە هاتم بێ!

مانگی تازە

مانگی تازە دەرکەوێ وێنەی هیلالێکی دەوێ
گەر تەمەن دوو حەفتە بوو ئەوسا کەمالێکی دەوێ

ماوەیەک پشت گوێ خرابوو تیغی ژەنگاوی خەیاڵ
بۆ جەلا ئێستاکە سەقڵ و مشت و ماڵێکی دەوێ

ڕاستە حەق ژێر ناکەوێ پێویست بە تێکۆشان دەکا
ئاشکرایە بانگی ڕاستی خۆ بیلالێکی دەوێ!

گەر کەسێک ویستی کە ڕۆژێ ڕێنمایی بۆ بکەی
کەمترین ماوە لە بۆ ئەم حاڵە ساڵێکی دەوێ

دڵنیا بە هەروەکو یوسف لە ڕێگای چارەنووس
بۆ هەموو سەرکەوتنێک زیندان و چاڵێکی دەوێ

سەیری بورجی کەوکەبەی بەختم بکا ئەستێرە ناس
دوو دڵی بوون بۆ هەموو کارێکی فاڵێکی دەوێ

تا گەیە ئامانج هەتا فوتوا نەدا پیری موغان
سەرپەرشتی مەیکەدەی کەی دیدە کاڵێکی دەوێ!

خۆشە لە جیهانی خەیاڵ

خۆشە لە جیهانی خەیاڵ
مرۆڤ بفڕی وەک مەل بە باڵ

لەسەر دارێکی زۆر بڵند
لانە هەڵ بەستێ دەستو برد

بیپارێزێ هەموو کاتێ
دەستی زۆرداری نەگاتێ

بەدکار بەرد بگرێتە لانەت
لێت تێک بدات مەرزو خانەت

دەستێکی لێ بوەشێنێ
بێ وەستان خوێنی بڕژێنێ

قۆڵی لێ هەڵکەی مەردانە
بێ ڕەتجێنی لەم دەورانە!

کارێکی پێ بکەی تا ماوە
ڕوو نەکاتەوە ئەم ناوە

. بیکەی بە پەندی زەمانە!
بەدکار ئەنجامی نەمانە!!

ڕێ ی چارە ڕەشی

گــــەلێـک ڕووی کـــــردە ڕێ ی چارەڕەشــی
ئـەم کــــردەوانە دە بـێــــتــــــە بـەشی!

گـــێـڵ و هیـچ نـەزان، دەبێـــتـــــە ســـەرکــــار
پوشـت و ترسنۆک دەبێـــتــــــە چەکــــدار

زانیــــــاری و زانسـت نـای مـــــــینێ بـرەو
زانـا ســـــــووک دەبـێ لـەلای ئـەم و ئـەو

دارایی دەچـتــــــە لای پـیــــــاوی لـە چەر
ڕیزبـان دەگـــیــــرێ پیــاوی شـێت و کــەر

دوژمـن دەبێــتـــــە کــــارگـــێــڕی کــــاری
دۆسـت بێ دەســــتـــەڵات نـای مـــینێ چاری

ڕەوشـــــتی پـاک و خــــووی جـــوانمـەردی
لــێ ی بـێــــــــــزار دەبـێ درشـت و وردی

کـــــــردەوەی پـووچەڵ دزی و بـەدکـــــاری
بـرەو دەســــــــتـــــێنێ نـرخ و بـازاڕی

بـە ڕاست بـێـــــژ دەڵـێـن وتـاری ڕەقـــــە
درۆ و دەلـەســــــە وتـەی نـەســــتـــەقـــە!

خـــــوایە کـــوزد دوور بێ لـەم کـــــردەوانە
هـەرگـــــیـــــز نـە چێنتـــــە ئـەو ڕێگە و بانە!!

باسی کۆیە

دانیـــــشــــە لام خـــــۆشــــەویـســـــتم
دەســــتت بێنە بیــــخـــــە دەســـــتم

داســــتـــــانێکە نـەک ئـەفـــســـــانە
بـاسی کـــــۆیـەی خنجـــــیــــلانە!!

وەکــــــــــو دڵــێن: هـــەبـوو نـەبـوو
لــە ڕۆژگـــــــــــــاری ڕابـوردوو،

ئێمە منداڵ بووین و لاو بووین
چوستە و چالاک و پاراو بووین

وەرزی بەهار، ڕۆژی هەزار،
سەر چڵ دەگەڕاین وەک هوزار

(ئۆمەر خوچان) باخی (شەمە)
سەیرانگای شاربوون ئەو دەمە

(شاخی مشکە) وەک کێوی (توور)
ئەدرەوشایەوە دوور بە دوور

سەر (قۆنگرە) و (کانی بسکان)
(کەندەکۆخ) و (سەر پلووسکان)

لە (حەمامۆک) تازە یاران
دەبوو بە کۆڕی شایەران

(هەیبەت سوڵتان) تا (پوور تاوس) (١)
جوانتر لە شاری (کەیکاوس)

ناو باخەکانی (تۆبزاوە)
وێنەی بەهەشت بوو ڕازاوە!

خێزان خێزان، دەستە دەستە!
دادەنیشتن وەک گوڵ بەستە

سەماوەری زەردی میر سوار،
قۆریەی سوور پیاڵەی گوڵدار

چێشت و نان و هێلکەی کولاو
ماست وپەنیر، گۆشتی برژاو

ژن لەگەڵ ژن، پیاو لەگەڵ پیاو
هێندی خێزانیش تێکەڵاو!!

پاش خواردن و خواردنەوە،
ئەمجا هەموو کۆبوونەوە!

دەبوو بە بەستەو گۆرانی
هەڵپەرکێ و شایی وشێخانی

دەست لەناو دەست بوو کیژۆلاو
دڵدار ودولبەر تێکەڵاو،

دیمەنی کیژی ئەو کاتە
دەت گوت فریشتەی ئاواتە

تاسی لەسەر، تاسی زیوین
لا گیرەو دەسرۆکە و پۆشین

گوارەی زێڕی بە لەرزانە
پۆیلەو ملوانکە و گەردانە

باونج لە زیبی سوخمەی سووری
دەیبەست لە سینگی بلووری

کەمەرەی زیوو هەیاسە،
هەر کەس دەی بینی و دەتاسا

گۆزینگ بە خاش خاش و خرخاڵ
سەرو سەر پۆش، مل و دەسماڵ

لە پێ سۆل و پانی بەرزی
لەنجەو لارو باڵای بەرزی

کچی کورد بەم وێنە و شێوە،
ئەوسا وا دەچوو بە رێوە!

لە بێ گەردی و داوێن پاکی
چوو بوونە باوەش خوای چاکی

دەبوو بە شایی ی ڕەش بەڵەک
تێکەڵ دەبوو حۆرو مەلەک

وێنەی فرشتەو بە هەشت بوو
پۆل پۆل سەیرانکار لە گەشت بوو

(عەزە) کە زورنای دەژەنی
دڵی دڵدار ڕادە چەنی!

دەنگی دە هۆڵ دەبڕایەوە،
شایی تەواو دە کۆژایەوە

دەبوو بە بەزمی سازو نەی
ساقی دەی گێڕا جامی مەی

(بەندی لەشکری) بە شمشاڵ،
بۆی دەگوتین (حەمەی خەیاڵ)

دەنگ خۆشان گۆرانی بێژان
هونەرمەندان و بوێژان،

دەنگی خۆشی خاڵە (سێوە)(٢)
سەدای دەداوە لەو کێوە!

کراسی شەنگی (شەنگ مێرەم)ە(٣)
مەقامێکە وێنەی کەمە!

(نیوە شەو) (سوارۆ) و (سەحەر)
(ئازیز) و(پایز)، (بووک گەوهەر)(٤)

ڕێکو پێک و ساف وردن
ئاوێنەی ڕابوردووی کوردن

دەنگی خۆشی (کاکە مەلا)(٥)
بە ئاوازی (شوور) و(سەبا)!

(بەیات) و (دیوان) و (نەوا)
(دەشت) و (ماهوور) و (چوار گا)

ئەمجا بەستەی (شلەو خانان)
دەیان گوت لەسەر گۆی بانان

(گۆجە)و(کەچەڵ)، (سێوە)و (مەلا)(٦)
هەر چوار بەیەک بەزم و نەوا

(١) ئەم ناوانەی لە ناو جوت کەوانەن ناوی سەیرانگاو شوێنی خۆشی شاری کۆیەن.
(٢) سێوە: مەقامبێژێکی هونەرمەندی کورد بوو (١٨٨٤-١٩٦٤).
(٣) شەنگ مێرەم: مەقامێکی زۆر خۆشی سێوەی هەونەرمەند بوو.
(٤) ئەم ناوانەی ناو جووت کەوانەکان ناوی مەقامی کوردین ولە کۆیە دەکوتران.
(٥) کاکە مەلا: مەبەستی لە مەلا ئەسعەدی گۆرانی بێژە (١٨٩٠-١٩٥٨).
(٦) گۆجەو کەچەڵ و سێوە و مەلا: مەبەستی لە مەحەمەدەمینە گۆجە و قاڵە کەچەڵ و سێوەومەلا ئەسعەدی گۆرانی بێژی ناسروای کۆیە بووە.

کاتی ئێواران ڕۆژ ئاوا،
بووکیان دەهێنا بۆزاوا

(ئەحمەد) بە (ئای شیرین بەهار)
خۆشتر لە ئاوازی هوزار

لە ئێوارە تا نیوەی شەو
خۆشتر لە بەزمی کەی خوسرەو

بەزم وئاهەنگ و شادی بوو
دوور لە خەم و بێ دادی بوو

نەک وەک دۆست و ئاشنا بووین
هەمووی لەگەڵ یەک برا بووین

نە سینەما و سینەما بوو،
ئەوسا هەڵپەڕکێ و سەما بوو!

لە شین دام

یاران لە شین دام یاران لە شین دام
نیوە سەر بڕاو، لە خاک و خوێن دام

ئەو تیرەی غەمزەی لە ئەبرۆی کەوان
نیشانت لێ گرت وەک نێچیرەوان

هیچ سەری نەکرد پێکای نیشانە،
لانەی یادی تۆی کردم وێرانە

ئێستا دڵەکەم بێ لانەو مەرزە
ئاوارەو گەڕۆک وەک لاوی هەرزە

هیچ ئارام نابێ دڵەی ئازووردە(١)
زۆر خەمبارترە لە ئازیز مردە!

هەر بە یادی تۆژیانی مـــــا بوو
ئەستێرەی هیوای دیسان ئاوا بوو

هەر کاری بکرێت بێ تاقیکاری
چاوەڕێ دەکرێ ئێش و ئازاری

ئەمە ئەنجامی هەموو نەزانە
کە خۆی بسپێرێ بە دەست بێگانە!!

کە بەرژەوەندی خۆی هاتە کایە
فوتوای مەرگی تۆی لەلا ڕەوایە

لە مردنی تۆ زۆر زۆر بێ باکە
وەر بگرە نەزان ئەمەت بۆ چاکە!

(١) ئازووردە: دڵ شکاو

ڕەنج دەکێشم (*)

ئەی کەمان ژەن لێ دە ئاوازی (نەوا)
بێژە (ڕاست) تا دێیتە سەر (شۆر) و (سەبا)

ئەو دەمە ئارام بوەستە تا بەیان
دەم لەسەر دەم دەست دەچێتە سەر (بەیان)

شەو کە ڕادەبرێ کش و ئارام و مات
کێ دەزانێ تا بەیان چی ڕوو دەدات؟

من کەبێ ئارامم و دڵ پڕ لە دەرد
دژ بە من وەستاوە چەرخی لا جەورد!

شەڕ فرۆش و زویرە لێم دڵ پڕ لە قین
بەد ڕەوشتی گەیوەتە حەددی یەقین

سەر نزم ناکەم ئەگەر سەر هەڵبڕم
بێ گومان سەد بەرد دەهاوێ بۆ سەرم

ئاشنا نابین لەگەڵ یەک چونکە من
نابمە هەم سایەی ئەوانەی بێ خەمن

ڕەنج دەکێشم، تێ دەکۆشم، ڕۆژ و شەو
تا بەدەست دێنم هەموو مەرجی گرەو!!

ئەو دەمە زۆر سەر فراز و بەختیار
دەچمە ڕیزی چینی داماو و هەژار!

خۆ بە زۆر دانان و بایی بوون بە خۆ
ئافەتێکە مەرد دەکا سووک و خەڕۆ!

چەند بە نرخی گەر بزانی نرخی خۆت
چەشنی موو دەپسێ لە پێت زنجیر وکۆت

ڕاست برۆی گیرو گرفت چەند بێتە ڕێت
دڵنیا بە چقڵێ هەڵناچێ لە پێت

ئەی کەمان ژەن بیرکەوە وا هات بەیان
شەو بەسەر چوو چیت نەکرد بۆمان بەیان

پێ ی گوتم: (عەونی) وەرە ئێستا برۆ
زۆر نەماوە دێیتەوە سەر گفتوگۆ!!

(*) ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٦٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٨٦ دا بڵاو کراوەتەوە.

گەشتی مانگە شەو

١٩٨٦/١٢/٣٠

هاوین شەوێکی مانگە شەو،
دانیشتم چاوم نە چووە خەو!

کەوتمە بیری دوور ئەندێشی،
کە سەرنجم ڕا دەکێشی!!

بەرەو جیهانێکی بەرین،
کە ئێمە لێ ی بێ خەبەرین،

ئاسمانێکی بێ سنووره
ڕێگەی زۆر بە ترس و دووره!!

هەستام چووم ڕووم کرده چۆڵێک
کەوتمە داوێن هەردو دۆڵێک

منی ئاواره و سەرگەردان،
بە بیرم دا نەهات ترسان

زۆر گەڕام لەو چۆڵ و دەشتە
ئەو دەشتەی وێنەی بە هەشتە!!

کەوتمە داوین کۆهسارێک
ڕێم دەر نەکرد لە کنارێک

تا ماندوو بووم لە پێ کەوتم
هەورازێک بوو، سەر نە کەوتم!!

لەو کاتەدا مانگ ئاوابوو
ڕێگای دوورم لێ کۆتا بوو

دەبێ چاو لە ڕێ ی کاروان بم
گوێ گری بانگی بەیان بم

هونەری جوان

هەڵبەست و وێژه، مۆسیقا و وێنه
هونەری جوانن، هەر سێ بێ وێنه

وێنه ئایاتی سیحر وبەیانه
مۆسیقا، ئاواز خۆراکی گیانه

هەمووی بەرهەمی پەنجەی هونەرن
نرخیان وەکو ڕشتەی گەوهەرن

هەرگەڵێک هونەر بوو بەسامانی
ڕێزی بۆ دانێ نرخی بزانی

ئەو نەتەوەیە ناوی لە ناوا
هەر نەمر دەبێ وڵاتی ئاوا!!

وەرزش ، هەڵپەڕکێ، سەما هونەرن
بیکەن زۆر کەڵکیان لێ وەر دەگرن!!

جیهان

پرسیان لە جیهان بۆچی شووت نەکرد هەروا مایەوە،
سەری هەڵبڕی ناسک لەسەر خۆ جوابی دایەوە!

ئەو کەسەی ویستم من شووی پێ بکەم کە خۆشم دەویست
زۆر کۆششم کرد لە بەختی ڕەشم ئەو منی نەویست

هێندێک لە وانەی خۆشیان دەویستم هاتنە داخوازی
شووم پێ نەکردن بە هیچ کام لەوان من نەبووم ڕازی

جا لەو ساوە هەم وەکو دەم بینی هەروا مامەوە
دڵنیات دەکەم هیچ کەس ناتوانێ بێ بەلامەوە!

سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو کەسانە دەژین مەردانە
سەر نزم ناکەن، خۆ نا فرۆشن، بە پوول و ئانە!

نازێ

ڕاوەستا بووم لە ڕێ بازێ
کیژێکم بینی ناو (نازێ)

کیژێک شۆخ و شەنگ و ناسک
جوانتر و سڵتر لە ئاسک

وا دیار بوو هێندێک گریا بوو
فرمێسکی لە چاوا وەستا بوو

پێم گوت: ئەی کیژ تو جوانیت
تۆ خۆشەویستەکەی گیانیت

بۆ وا پەرۆش و داماوی؟
گیرۆدەی عەشقی کام لاوی؟

کە ئەمەی بیست کیژۆڵەی ژیر
گوتی: مامە، ئەی مامەی پیر

سوێند بە یەزدانی بێ هاوتا
دڵم لا ی خۆمە تا ئێستا!

من کە گیرۆدەی ئەڤین نیم
لە بیرو یادی کەس دا نیم!

برام شەهید بووە، ڕۆژ و شەو
بێ ئارامم بێ خواردن وخەو

لەو بیرە دام چەک هەڵگرم
تۆڵەی خوێنی ئەو وەرگرم

پێکەنین ناچتە سەر لێوم
شاد نابێ دڵەی پەشێوم!

حەز دەکەم منیش وەک کاکم
بە خوێنی خۆم سوور کەم خاکم

بەرگری بکەم لە نیشتمان،
نە کەوێتە دەست دوژمنان!!

- ئافەرین بۆ هەستی پاکت!
خوشکی دڵسۆزی بۆ کاکت

ڕۆڵەی وەک تۆی بێ نیشتمان
قوڕ بەسەری داگیرکەران!!

دەبێ لێی دەرچن بێ وەستان
خاوەنی هەیە کوردستان!

ڕۆڵەی ئازا و جوامێرن،
لە هەڵمەت بردن وەک شێرن

دوور نی یە ئەو ڕۆژە بەیەک دەنگ
بشکێنن تۆقی عەبارو نەنگ!

حاجی دەڵێ: گەر یەک بگرن
دەورو پشتی خۆیان دەگرن

واز بێنن لە ناتە بایی
بێ گومان دەکەن بە شایی

دەست لە دەستی یەک خەن، هەستن
یەک دەنگ بن، پشت بە خوا بەستن!

ئەی لاوی ژیر

گوێ بگرە ئەی لاوی ژیر
پەند و ئامۆژگاری پیر!

وەک زێڕ بیخە گیرفانت
بۆ ڕۆژی لێ قەومانت

ڕووداوی سات و کاتە،
دەسبتکەوتی بەسەر هاتە!

لە ڕۆژانی پێویستی،
بۆ ژین و تەندروستی

لە پێناو خۆشی و شادی
پۆ سەر بەرزی و ئازادی

ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە
بۆت دەبێتە سەرمایە!!

چرای شەوی تاریکە،
رابەری رێ ی باریکە!

لە بیرت بێ هەمیشە،
بۆ خۆت بیکە بە پیشە!

هاورێ ی نەزان بێ سوودە
رەنجت دەروا بێ هوودە

رێگەی پێش خۆت ببینە،
ئەمجا هەنگاو هەڵێنە!!

مەبە مەلی بەرزە فڕ
دەکەویە خوار کتوپڕ!

ئەمەت بیستوە لە مێژە
«زۆر ببیە کەم ببێژە!!»

کارێکت گەر نەزانی
لێ ی مەدوێ بە نەزانی

لە ئەم لە ئەو بپرسە
زوو فێر دەبی مەترسە

فەرموویانە لەمەو پێش
«خێر بە خۆیش نەک بە دەروێش»

لە رەنجی دەست و شانت
بخۆ لە نان و خوانت

چاو چنۆکی و بەخیلی
دەتخاتە چاڵی دیلی

چاکە بکە چەند دەتوانی،
نا بینی پەشیمانی!

تۆ بۆ خۆت چیت پێ خۆشە
کردەوەت وابێ خۆشە!

دەست و داوێنت پاک بێ
کردوەت بەرزو چاک بێ

لە درۆ خۆت بپارێزە،
درۆزن سووک و بێ ڕێزە!

لەگەڵ ڕاستی ئاشنابە
لە کۆمەڵ جێی بڕوابە!

هەر کەس کاری کەوتە لات
بە پێی هێزو دەسەڵات

بە جێ بێنە پێویستی
لە لای خوا خۆشەویستی

کێ خاوەن هەستی پاکە،
خوی هۆگرکا بۆ چاکە!

هەموو ئامۆژگاریی پیر،
بۆ تۆیە ئەی لاوی ژیر

با گەلت سەرفراز بێ
جێگای هیواو نیاز بێ!!

با ڕزگاربین

با بۆی دەرچین، با ڕزگاربین
بۆچی لە ژیان بێزار بین

ژینی وا پڕ تاڵی و تاسە
دوور لە شادی یەک هەناسە

ئێمەش مرۆڤین دەزانین
پێویستی خۆشی ژیانین

تاکەی وەها چارە ڕەش بین
لە شادی و خۆشی بێ بەش بین

وا چاکە دەستی یەک بگرین
ڕێگای زۆر دوور و سەخت ببڕین

بڕۆین بڕۆین تا دەتوانین
بەرەو ئاسۆی گەش بڕوانین

ڕێگە زۆر پڕ ترس و لەرزە
چیای هیوا لوتکەی بەرزە!!

بەڵام لەوێ کە سەرکەوتین
خاوەنی ماف وەدەسکەوتین
دەچین بۆ جیهانی تازە
جێ ی هیواو خواست و نیازە

ئەوەی لەوێ بەهرەوەر بێ
دەشێ لە ژین بەختەوەر بێ

دوور لە بەدکاری و ئاژاوە
هەموو مافێک پارێز راوە!

لە وێ تێکۆشان و خەبات
دەتبا لە بۆ ڕێگای نەجات

نە شەڕو شۆڕ، نە خوێن ڕێژی
نە تاونکاری و بەد بێژی

نە خوێن مژین، نە زۆر داری
نە بێ کاری، نە هەژاری

هەر کەس بۆخۆی تێ دەکۆشێ
دەخوا، دەخەوێ، دەنۆشێ!!

وەیشوومەی خەزان

وەیشـــوومـــەی خـــەزان، باخی شـــێـــواندم
گـــــەڵای درەخـــتی هیـــوای وەرانـدم!
بە هاری ســـەوزو ســـووری زەرد کـــردم
خـــونچـــەی نا کـــامی بە تـاڵان بردم

ســـــروەی بەیـانم بـووە گـــــەردە لـوول
ئـادارم گـــــۆڕا ، دیســـــان بە ئەیلـوول

کـــــردی بە شـــێـــوەن بولبـــول لە چڵـــدا
چقـــــــڵی ئـازاری گـــــوڵی لە دڵـدا!

بـاخـــــەوان کـــــردی بـە شین و زاری
قـــــینی خـــــەزانی لە ڕووی دەباری

تف لە ڕەوشـــــتی چەرخی بەد کـــــردار
خـــۆی کـــرد بە کـــوتەک بۆ دەســـتی زۆردار

خـــــەزانیش دەڕوا بەهـار دێتـــــەوە
«گـــیـــا لەســـەر پنجی خـــۆی دەڕوێتـــەوە»

خونچە گوڵێک

خونچە گوڵێک، لەسەر چڵێک
گوێ ی گرت بوو، لە بولبولێک

بولبول بە دڵێکی پڕ لە جۆش
جیهانی کردبوو فەرامۆش

وەستا بوو بەرامبەر بە گوڵ
فرمێسکی دەرژاند زۆر بە کوڵ

دەی خوێند هەردەم بە ئاوازێک
بۆی ئاشکرا دەکرد ڕازێک!!

خونچەی دڵ تەنگ بێ بەزەیی
لە نهێنی بولبول گەیی

پەردەی لە ڕووی لا کردەوە،
لەسەر خۆ لێوی کردەوە!

گوتی: بولبول هەر زەکاری
لێت بۆتە خوو شین و زاری

هەردەم لەسەر لقی چڵی
هەر ڕۆژ بەرامبەر بە گوڵی

فرمێسکی خوێنین دەرێژی
گۆرانی خۆش دەبێژی

هەر بۆ ئەوەی بەدکەی نێوم
لێوت بخەیتە سەر لێوم

زۆر خۆت دەکەی ماندوو وشەقی
چقڵێک لە ژێر پێت دەچەقی

من تا ئێستا پارێزراوم،
چقڵی خۆمە دەوری داوم!

نە تۆ نە باخەوانی پیر
نا توانن بم کەن دەست گیر!!

خونچەی باخی کوردەواریم
بەراتی مژدەی ڕزگاریم!!

خانمی مەی گێڕ

١٩٨٢-١٩٨١

خانمی مەی گێڕ وەرە بۆم تێکەوە
ڕێگە دوور و زۆر بە ترسە ڕێم کەوە

پەستم و کەو توومەتە ناو چاڵی غەم
بگرە دەستم زویر مەبە لێم تاکو هەم

زۆر پەرێشانم بە دەست ئەم چەرخەوە
بەختی بەد ڕەفتار بەسە وەر چەرخەوە

تۆکە دەم بینی بە بێ هێزو زەبوون
سیس و ژاکاو کەوتمە نا گۆمی خوون

وا بەزامی خۆمەوە دەتلێمەوە،
بێ کەس و ئاوارەمە دەخولێمەوە

گوم بووە لێم ڕێگەیی ڕاستی نەجات
کێ دەزانێ چارەنووس بۆکێم دەبات

ئاشنایێک بێتە ڕێ نیشاندەرم
پێم بڵێ ڕاستی پەنا بۆکوێ بەرم؟

چاکە خۆم ئامادە کەم بۆ بەرگری
دوژمنم لاسارە دەست هەڵناگری

ڕیزی خۆم ڕێک خەم بە زانست و بە هۆش
هێزی خۆم یەک خەم وەکو هەنگ بێمە جۆش

تا بەیەک هێرش لە مەیدانی نەبەرد
دوژمنم پەرت کەم ببێتە تۆزو گەرد

خانمی مەی گێڕ بە جامێ رووکە من
تا نە شێواوم و وزەم پێ ماوە من

هەر کەسێک بەردێک بهاوێژێتە من
پێ ی دەبەستم دەستی زوو دەبڕم لەبن

دەی کەمە پەند تا ببین دوژمنان
من کە کوورەی ئاگرێکم بێ ئەمان

دێمە مەیدانی شەڕی مان ونەمان
تا بە جارێک تارو مار کەم دوژمنان

چۆن ببینم نیشتمانی بەش بەشم
بویتە مۆڵگەی دوژمن و من بێ بەشم

دەبمە نا پاڵم وەیان بۆمبای ئەتۆم
تا بسووتێنم ئەوانەی دژ بە خۆم

ئەو دەمە دەرمان دەبن زام وبرین
سەر لە نو دەست پێ دەکا دووبارە ژین

خاک و مەرزم لەو پەڕی تا ئەو پەڕی
نا یەڵم دوژمن بە ناویا تێ پەڕی

دەستی دەبڕم قاچی دەشکێنم بە بەرد
چۆن دەبێ لێم بۆ گەکا پاوانی هەرد

سەر لەنوێ بۆی دێمەوە کۆڕی خەبات
سەد بەڵێن بێ کۆڵ نەدەربم تا مەمات

گشت برینی کۆن و تازەم هاتە سوو
بۆ پزیشکێ بێ بکا دەرمانی زوو

خانمی مەی گێڕ بە جامێ ڕوو کە من
تا نەشێواوم، وزەم پێ ماوە من

گەرچی پێویستم هەیە بۆ سانەوە
خۆشترە بمرم بە دەردو ژانەوە

خۆشترە بمرم لە کۆڕی جەنگەوە،
نەک ژیانێک پڕ لە عارو نەنگەوە

گیان بەخت کردن لە ڕێگای نیشتمان
بۆ هەمیشە زۆر پیرۆزە کۆڵ نەدان

دوژمنت گەر هەست بکا هێزت هەیە
ئەو حسابت بۆ دەکا ڕێزت هەیە

دێمە مەیدان بۆ فیداکاری و نەبەرد
تا لە دوژمن تەنگ بکەم ڕێ ی دەشت و هەرد

شاری مێرووی لێ ببێته قەیسەری
ناهێڵم گیانی بە هیچ لا دەر پەڕی

گەر ئەمن زوو نەی کوژم ئەو دەم کوژی
خوا موعین بێ نایەڵم چیتر بژی

ئەو کەسەی من بۆ ی دەگریەم ڕۆژ و شەو
وا حەرامم کرد لە خۆم خۆراک و خەو!!

ئەو چەکی هەڵگرتووە دێت دەم کوژی
پێم دەڵێ تۆ زۆر بڵێ ی نابێ بژی!

ئەی برای کورد بەسیە تاکەی بیر کەوە
خۆت لە زەڵکاوی نەزانی دەرکەوە!!

«خانمی مەی گێڕ بەجامێ پڕ لەمەی
ئارەزوومەندم فەرامۆشم نەکەی!!»

هەر ئەوەی گیانی لە ڕێگا بەخت دەکەی
ڕێ ی بە ترس و لەرزی وا بۆ تەخت دەکەی

ئەو هەلی بۆ هەڵکەوێ دەتکا بە قووت
کاتێ زانیت کەوتیە ناو زاری حووت!!

سوود نابەخشێ پەشیمان بوونەوە
ماوە نامێنێ لە بۆ دەرچوونەوە!!

من بە پێویستی دەزانم ڕۆژ و شەو
هەر بە چاکە ڕێنماییت بۆ بکەم

بەرگری کردن لە کاری بەد ڕەوشت
ئەرکی سەر شانە لەسەر وردو درشت

تا لە خاک ومەرزی خۆم نەی نێمە دەر
دەستی لێ هەڵناگرم خاکی بەسەر

دەیکەمە پەند بۆ هەموو دەس درێژەکان
چی دیکە ژێر پێ ی نەخەن مافی گەلان

ڕێ ی نەجات دەگرم لە دوژمن ڕا نەکا
تا قیامەت فیتنەیەک بەر پا نەکا

بۆ ڕەزامەندی خوداو پێغەمبەران،
زۆر پیرۆزە بەرگری دەست درێژ کەران!

بەم گوتە بڕوا مەکە حەق ژێر کەوێ
هەر درۆیە! نابێ نا حەق سەرکەوێ

«خانمی مەی گێڕ وەرە واهات بەیان
تێکە جامێک لا بەرێ گشت دەردو ژان!»

نا گەیە ئامانج بە دانیشتن برا،
«لیس للانسان الا ما سعی»

بەرهەمی ڕەنج و فیداکاری و خەبات
سەر بڵندی و بەختیاریت دەست دەخات

من لە لایەن خۆم لەگەڵ داگیرکەران
دژ دەوەستم تاکو ماوم بێ وچان

کورد لە کوردستان ببینێ یەک نەفەر
نابێ داگیرکەر بکا گەشت و گوزەر

کورد هەیە! کورد خوا موعین بێ هەر دەژی
نایەڵێ قەت خەونی دوژمن بێتە دی

جارەها دوژمن کە سەریان دا لە بەرد
هاتنە کوردستان و بوونە تۆزو گەرد!

هەروەکو جارانی پێشوو و زێدە تر،
نەوت وپووشە دوژمنم خۆم دەبمە گڕ

ئاگری تێ بەر دەدەم نە کوژێتەوە،
وا بسووتێ تا ئەبەد نەکوژێتەوە

بۆ قەل و داڵ چۆن دەبێ لانەی هەڵۆ
چۆن بکا ڕێوی لە جێ ی شێر هات و چۆ؟

خانمی مەی گێڕ لە دوژمن دڵ پڕم،
تاکو ماوم دەستی لێ هەڵناگرم!

تێکە بۆ من لەو مەیەی دوو بارەیە
تا بجەنگم شەرتی هەر ئەم جارەیە

چۆڵ بکەم مەیدان و دوژمن سەرکەوێ
زۆر بە زەحمەت جارێکی تر دەرکەوێ

وەک هەڵۆ چەنگی لە خاکم گیر بکا
زۆر بە ئاسانی منیش دەستگیر بکا

هەر کەوا بێ ئەرکی سەر شانی تووە
گیان فیداکەی ئەی برا هەر چەند زووە

تار ومار کەین دوژمنان پەرت وبلاو
با زەوی دێم کەین لە خوێنی وان بەراو

بەرگری کردن لە کاری بەد ڕەوشت
ئەرکی سەر شانە لە بۆ وردو درشت

زۆری وا هەن ئێستێکە هەرگیز نەبوون
هاتنە نێو مەیدانی زانست و فنوون

ئێستە ئەندامن لە ڕیزی دەوڵەتان،
خاوەنی هێزو سوپا و فەرمانڕەوان!!

نێو چاوانی من بە تەنیا مۆر کرا
شەقڵی ژێر دەستیم لە چوار لا لێدرا

ئاشنایێکم نی یە لەم عالەمە
چونکە خۆم بڕوام بە بوونی خۆم کەمە

ڕوو لە هەر ڕێگا دەکەم بەستراوە لێم
سەر بە هەر کوێ دادەکەم نا پرسی کێم؟

«خانمی مەی گێڕ خەم و دەردو کەسەر
دەوریان داوم بە زەحمەت بچمە دەر»

گورگی بەد ڕەفتارە دوژمن برسی یە،
مەڕ شوانی گەر نەبوو ترسی نی یە!

خۆی دەزانێ بوونی من بۆ مافی ئەو
ترسناکە ڕۆژی گەر هەستم لە خەو

بۆ قەل و داڵ چۆن دەبێ لانەی هەڵۆ
چۆن بکا ڕێوی لە جێ ی شێر هاتو چۆ؟

تێگەیشتم ئێستە هوشیارم ئەمن
وای بە چی دەردێک گرفتارم ئەمن

دژ بە یەکتر بووینمان چۆن فێر ئەکەن
یەک نە ناسین بۆیە چاومان کوێر دەکەن

زۆر لە مێژە موبتەلام بەم دەردەوە
وەک لە خەو هەستام و چاوم کردەوە

تێگەیشتم من هەڵەم زۆر کردووە!
بۆچی بۆپارە برای خۆم کوشتووە؟

یەک لە وانەی وا پەشیمان بوونەوە
ئێستە بۆ ڕیزی شەرەف هاتوونەوە

گوێ گرە چیت بۆ دەبێژی ئەی برا
دەستی یەک بگرین هەموومان وەک برا

ئەو برایەی هەر لە ڕێ ی سەربەستی من
خۆی بەخت کرد چۆن نە بزوێ هەستی من ؟

خانمی مەی گێڕ خەم و دەردو کەسەر
دەوریان داوم بە زەحمەت بچمە دەر

زوو بە زوو جامێ لە مەی ڕەنگ ئەرخەوان
با بنۆشم هەست دەکەم ئێستا ژیان

شەرمەزارم ڕووم نی یە سەر هەڵبڕم
ئێستە خۆم ناسی لە دوژمن دڵ پڕم

گەر فیداکاری نەکەم بۆ نیشتمان
لێم حەرام بێ ئەی برای کوردم ژیان!!

بۆ چلەی خوا لێخۆشبوو
هونەرمەند تایەر تۆفیق

١٩٨٧/١١/٢٠

ئەمــــرۆ ڕۆژێکە کــەوا تێـــپــــەڕ دەبێ ڕۆژی چلەی
چونکە هەر لەم ڕۆژەدا وەســــتـــــا لە لێـــدان ئەو دڵەی
ئەو دڵە پڕ ســـۆز و پڕ جـــۆش و چریکەی بولبـــولەی
نیشتمان بوو خواستی ئەو خستبوویە شوێنی ئەو گوڵەی
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

ژین و مـــەرگ حـــاجی دەڵێت وێنەی هەتاوو ســـایەیە
ئەو کـەسەی خووی چاکی کـردە پیشە بۆی سـەرمایەیە
خـــۆشـــەویســـتی کـــۆمـــەڵە هەردەم لە بەرزی پایەیە
کـــردەوەی چاکی پەسندە جێ ی ڕەزای ئەو خـــوایەیە
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

ئەو کـــەســـە زانایە گـــەر ڕۆژانی ژین بایی نەبێ
تووشی بێ ڕێزی و هەڵە و شـــێـــوان و ســـەودایی نەبێ
گـــەر لەمـــاوەی ژینیـــا چەند پێش کـــەوێ بایی نەبێ
زۆر دەبێ ئاگـــای لە خـــۆی بێ تووشی ڕیســـوایی نەبێ
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

زۆر هەژاری چەشت لە ژین دا مـــاوەیێکیش ڕای بوارد
مل کـەچی بۆ کـەس نەکرد تا ڕۆژێ هات گـیانی سپارد
یارمـــەتی داوا نەکـــرد و خـــواســـتی بۆلای کـــەس نەنارد
خـــۆی لەبۆ خـــۆی هان دەدا بۆ پیـــاوەتی خـــۆی هەڵبـــژارد
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

کـــۆڕی شـــینی بۆ دەگـــێـــڕێت هەر کـــەسێ کـــۆڵی نەدا
هەر کـەسێکی تاکو مردن قـەت لە ڕێ ی ڕاست لای نەدا
هەر کـــەســـێک وابوو لە مـــاوەی ژینیـــا خـــۆی بانەدا
ئافـــەرین بۆ ئەو کـــەســـە بۆ دەست برین خـــۆی هەڵ نەدا
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

ســـەد دروودو ســـەد ســـەڵاوم بێ لە گـــیـــانی پاکی تۆ
دەستـەیێ گوڵ پێشکەشی سەر گۆڕەکە و سەر خاکی تۆ
ئافـــەرین ســـەد ئافـــەرین بۆ هەست و نەســـتی چاکی تۆ
خوایە ڕەحـمـەت ڕێژی کـا سـەرگـۆڕی باوک و دایکی تۆ
نـامـــرێ دەنگی دەمـــێنێ تایەری خـــۆش خـــوانی من

مێژوو

ئەگەر ڕاستیت دەوێ مێژوو درۆیە
هەموو ڕووداو و ڕابردوو درۆیە!

بە چاوی خۆت دەبینی کارەساتێک
دەگۆڕێ پێچەوانەی هەر لە کاتێک

ئەوەی مێژوو دەنووسێ وەک بە ڕۆژە
گوڵێکە تابیعی سوورانی ڕۆژە!!

شیعری وەسف

ئەی گوڵ

ئەی گوڵ لەسەر چڵانت
بووین بەپاسەوانت،
لە ترسی بولبولانت
بۆ تۆ ئەی گوڵ، گوڵی سوورم
لە تۆدوورم من مەلوول

ئێستا لە تافی جوانی
قیبلەگای دڵدارانی
منیش دەڵێم گۆرانی
بۆ تۆ ئەی گوڵ، گوڵی سوورم
لە تۆ دوورم من مەلوول

نا مەوێ ژینی پەستی
دەکەومە بیرو هەستی
دەینم مژدەی سەربەستی
بۆتۆ ئەی گوڵ گوڵی سوورم
لەتۆ دوورم من مەلوول

شـــــــەوو ڕۆژ بیـــــــرو خـــــــەیاڵم،
دڵـــداری لـــێـــــــــــوی ئـــاڵـــم،
گـــــــــــــوێ بـگــره نـاڵـــه نـــاڵـــم!
بۆ تـۆ ئەی گـــــوڵ گـــوڵـی ســـــوورم
لــــە تـــۆ دوورم مـــن مـــــــــــەلـوول

بەهیـــــــوای بەخـــــــتـــیــــــــــاری
چـــووم لـــــە پـــێـــــنــــــاو دڵـــداری
گـــــــــــــوێ بـگــره شـیـن و زاری
بۆ تـۆ ئەی گـــــوڵ،گـــوڵـی ســـــوورم
لــــە تـــۆ دوورم مـــن مـــــــــــەلـول

وەک هوزارێک

وەک هـــوزارێـــک لـــە گـــــــــوڵـــزارێـــک
لانـەم هـەڵـبـــــــەست لـەســــــەر دارێـک

بەرامـــــبـــــەر بە گـــوڵ هەمـــیـــــشـــــە
نـــاڵـــینـم کـــــــرد بـووه پـیـــــشـــــــە

لـــە ئـێـــــــــــــواره تـــا بـــەیـــانـــی
مـــن کـــــــــرد بـووم پـاســــــــــەوانـی

چـریـکـــه و ئـــاوازی خــــــــــــــــۆشـم
نـــاڵـــەی دڵـــی پـڕ لـــە جـــــــــــۆشـم
چیـــــــــمـــــــەن پڕ بـوو بـوو لـه شـــادی
نـــەم بـــوو هـــیـــچ تـــرســـی بـــێ دادی

هـیـــــــــــــوام ژیـــانـــی بـــێ ژان بـــوو
ســـــتـــــەم کـــاریم لاگــــــران بـوو

هـەمـــــــوو ئــاوات و مـــــەبەســــــتم
لەگـــەڵ خـــونـچـــەی خـــۆشـــەویـســـتم

کۆڕێ ببەستین دوو بە دوو
پێ ی بڵێیم تاکەی من و توو؟

داخ لە دڵ و ڕەنجەڕۆ بین
جێگای ڕەخنە و پەند وپۆ بین

خونچە گریا یەخەی دڕاند
دڵۆپێک فرمێسکی ڕژاند

گوتی: من جوانی ی ڕوخسارم
بویتە هۆی دەردو ئازارم

دڵنیا نیم لە هیچ کاتێ
دەستی باخەوان نەم گاتێ

بێ بە زەیی بێت بم چنێ
ڕیشەی ژینم هەڵ بکەنێ

بم با لە بازاڕ بە هەرزان
بم فرۆشی بە ناکەسان!!

دەم ژاکێنن هەڵ دەوەرم
لە ژێر پێیان دا دەمرم!!

بولبول (١)

وەرە ئەی بولبولەکەی خۆش خوانم،
هۆگری خونچە گوڵی باخانم!!

باخەوان دەنگی نی یە نیوە شەوە
دەرفەتە تاکو بەیانی مەخەوە!

بەر لەوەی خونچە کەوا پێ بکەنێ
باخەان هەستێ لە خەو گوڵ بچنێ!

چڵ بە چڵ شوێن گوڵی هیوا بکەوە
بۆی خەریک بە پەلەکە دوا مەکەوە

هیچ گـــــومـــــانم نی یه هەر دەست دەکــــەوێ
کـــــۆڵ نەدانـی گـــــەرەکـــــە ڕەنجی دەوێ

هەر گـــــەلێ درێژە بدات گــــەر بە خـــەبات
بـانـگـی ئـازادی لـە بـۆ دێـت بـە خـــــەڵات

ئەم بەراتەی کــــە بە خــــوێن دەست دەکـــەوێ
نـرخـی بـۆدابـنـێ ژێـر پـێ نـەکـــــــەوێ

بەرهەمی ڕەنجـــــە برا بـەخـــتـــــەوەری
داری ئـازادی بـە خــــــوێن بـەر دەگـــــری!

وەرە ئەی بولبـــــوولەکــــەی دەنگ خـــــۆشم
مـــــژدە بێ لێت کــــە منیش دڵ خـــــۆشم

من و تۆ و گـــــوڵەکـــــە یەک دەگـــــرین
لێک جـــــیـــــا نابینەوە تا دەمـــــرین

تـۆ بـخــــــوێـنـە لـە لـق و پـۆپـی چـڵان،
دەنـگـی ئـازادی بـگـەیـنـە بـە گـــــــوڵان!

هێـــرشی هێــــزی شکا شـــۆڕی خـــەزان
چاوەڕێ بـن هـەڵـی کــــــا بـادی خــــــەزان

گــــوڵ بە ڕوو ســــــووری بە ناز پێ بکەنێ
بەرگی بێ شــــــەرمی لەبەر دا بکەنێ

دۆســـــتی ئێـــوەش کـــە بەڵێن دا پێـــتـــــان
هـەمـــــــوو ڕوو داوێ بـنـووسـێ بـۆتـان!

(١) ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٢١ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤ دا بلاو کراوەتەوە.

کەو

ئەی کەوی ڕەوت جوان
ئەی دەنگ خۆشی ناو مەلان

دەنووک سوور گەردن نەخشاو
نە کەوی یە ناو بەندو داو!

لەم سەر بەرد بۆ ئەو سەر بەرد
هەڵدەفڕی بێ ئەرک و دەرد!

لە نسێ و لە نزاران،
لە هەردەو کۆهساران!

لە دەشت وکێو و گەلی
ئەتو جوانترین مەلی

هۆگری دەنگی خۆشم،
پەندێکت پێ دەفرۆشم!

واز بێنە لە دانەو داو،
ڕاو کەرێک دەتکا بە ڕاو!

کە ڕووداوی ڕۆژگار
بۆ کەس نایەتە ژمار

هەرچەند بۆخۆشت کەوی
شوێن دەنگی کەو نەکەوی

بۆت دەخوێنێ بە گەرمی
بانگت دەکا بە نەرمی!

بۆ ئەوەی بتخاتە داو،
باڵ شکاوو سەر بڕاو!

نەورۆزی ساڵی تازە

نەورۆزی ساڵی تازە جەژنی بەهارە ئیمرۆ
دەنگی بلوێر لە دێ یە یان نەی لە شارە ئیمرۆ
خونچە لە باخی شادی لێوی بە پێکەنینە،
بۆیە لەسەر چڵانی شینی هوزارە ئیمرۆ

مەی گێڕ بە چاوی مەستی لە کۆڕی بەزمی یاران
موفتی سەما دەکێشێ واعیز خومارە ئیمرۆ

زولفی لە ڕووی کە شێواند، کزەی وەزانی شە و بۆ
میسکی خوتەن بە تا تا، عەنبەر بە بارە ئیمرۆ

لەم دەشت و مێرغوزارە، لەو باخ و جۆیە بارە
قومری بە شین و زاری، شایی چنارە ئیمرۆ

پۆل پۆلی کیژ و لاوە، لەو دەشتە تێکەڵاوە
هەر زەرد و سەوز وئاڵە بو سەو کەنارە ئیمرۆ

دڵدار ویاری دولبەر، ڕاز و نیاز و ئاوات
هەر یێکەدوو لە سێ یە، هەر سێ لە چوارە ئیمرۆ

ئاسکی ئەم هەرێمە، ماڵی یە دەستە مۆیە
شەهێنی ڕاوە یاخۆ بازی شکارە ئیمرۆ!

(عەونی) بە یادی جاران، لە کۆڕی بەزمی یاران
لە ڕیزی مەی گوساران، تەنیا دیارە ئیمرۆ!!

وەرزی بەهار

ئارایشی خـــۆی داوە چەمـــــەن وەرزی بەهارە
بووکی گــوڵە ئامـــادەیە، دامـــادی(١) هـــــــوزارە

بنوارە کـــە وێنەی هونەری دەســـتی ســروشـــتـــە
ئەم دەشت و کــــەژە گـــوڵ گـــوڵ و ڕەنگین و نیگارە

بەیبـــوون و بنەوشـــە بە جـیـــا ســونبـــول و ســـووسن
وەک پـــەرچـــەمـــی یـــارە بـــەرەزا وا لـــە نـــەزارە

شـــەونم مــەیە، نێـــرگـــز قـــەدەحـــە، لالە ســـوراحی
دارو دەوەن و دەشت و چیـــا مـــەست و خـــومـــارە

گـــۆرانی یە، ئاهەنگە، چ بەزمـــێکە لە گـــوڵزار
قـــومـــری، بە نەواو(٢) نـــاڵـەیە چۆپی لـە چنـــارە

ئاهیـــســـتـــە(٣) نەســیم دێت و دەبزوێنێ گـەڵای دار
شـــا باشی دەکـــا گـــەوهەرو مـــرواری بە بارە

لـوء لـوء دەڕژێـنێ لە دەر و پـشـــتی بنەوشـــــە،
بەخـــشندەیە گـــوڵ یەعنی کـــە دڵـــسۆزی هەژارە!

مـەی گـێـرچ دەبێ ئـیـمـشـۆ ئەگـەر کـۆڕێ ببەســتین
لەم باخـە کـە وەک جـەننەتە جـێـی مـەسکەنی یارە
ئەم شـارە کـچی حۆری یە کـوڕیان هەمـوو غـیلمـان
سـەیری کـە هەمـووی شـادو گـەش و خـەندە لە زارە

دوور بی لە بەڵا و ئافـــەتی ناوەخـــتی زەمـــانە
ئەم خـــاک و گـــەلی کـــوردە نەیاری بە هەزارە

سـاقی قـەدەحی مـەست و خـومـارم کـە هەمـیشـە،
دووریم لە خـەم و جـەورو جـەفـا و دەردو پەژارە

(١)داماد: زاوا (٢) نەوا: ناڵە، ئاواز
(٣) ئاهیستە: لەسەرە خۆ

ڤینۆس

ڤینۆس وێنەی خۆی کێشا بە جوانی
تەنیا ناوی خۆی نا بوو (خوای جوانی)

ڕۆژێک بە ڕێک کەوت لە ڕێگوزارێ
چاوی هەڵ ئەنگوت لە نەو نیگارێ

هێزی پێ ی نەما هەنگاو هەڵێنێ
ویستی ڕوو بە ڕوو خۆی بۆ بنوێنێ

ئەو ساکە وەستا بەرامبەر بە تۆ
تۆقی بەندەیی تۆی خستە ئەستۆ

سەری دانەواند وەک سەروی سەرکەش
ڕووی سووری زەرد بوو وەک سێوی دڵ ڕەش

لە شۆخی و شەنگی تۆ شەرمەزار بوو
لە بڕیاری خۆی گەلێ بێزار بوو

گوتی: کیژۆلە پەپوولەی بێ گەرد
بژی بە شادی بێ ئازار و دەرد

بە وێنەی خونچە دەمت کردەوە،
گەرەوی جوانیت لە من بردەوە!

بەلقیس و جولێت، شیرین و لەیلا
بۆ کەنیزەییت هاتنە بەر دەرگا

سوێند بە یەزدان و زەند و ئاوێستا
نەم دیوە جوانێک وەک تۆ تا ئێستا

منیش بەم هەموو عیشوە و نازەوە
بەم هەموو نازی بێ ئەندازەوە!!

نەم توانی پیرێک بەند کەم لە داوم
مل کەچ بوەستێ بۆ سیحری چاوم

هەرچەند جوانترین کیژی فەڕەنگی
کە هاو تات نی یە لە شۆخ و شەنگی

تـۆ وەک مـن نـەکـــــــــەی لـە ڕووی نـەزانـی
خـــۆت بـە پـێـــشـــەوای جـــوانـان بزانـی

ئـەتـۆش بـەرامـــــبـــــەر نـازداری کـــــوردان
دەبـیـــە گـــولاڵـەی مـــانـگـی جـــۆزەردان

گـــەر گـــەشـــتێ بکـەی لـە کـــوردســـتـــانـا
بـەنـاو گـــولـزار و بـاخ و بـۆســـتـــانـا!

پـۆل پـۆل دەبـیـنـی کـــیـــژی شـــۆخ و شـــەنـگ
بـێ لاف و گـــــــەزاف، بـێ هـەسـت و بـێ دەنـگ

هـەر کـــام یـەک لـەوان نـاسـکـتـــر لـە گـــوڵ
پـەرچـەم ســـوسـن و ئـەگـــریـجـــە ســـونـبـــول

ئـەوان جـــوانـتـــریـن کـــیـــژی جـــیـــهـــانـن
بـێ کـل و کـلـدان، مـــیـــکـــیـــاج نـازانـن

گـــفـــتـــوگـــۆ شـــیـــریـن، پـاک خـــوو و ڕەوشـتن
نمـوونـەی جـــوانـی دەســـتـــی ســـروشـتن

نـــازدار و دولـبـــــــــەر هـەم دڵ شـکـێـنـن
بـاجـی تـەمـــاشـــا لـە چـاو دەســـتـــێـنـن!

بـەڵام داخـــەکـــەم چـەرخـی بـەد پـیـــشـــە
ڕەشـــپـــۆشـی بـۆ وان کـــردۆتـە پـیـــشـــە

زیـزن لـە داخـی مـــــــەرگـی ئـازیـزان
زســـــتـــــان و بـەهـار، هـاویـن، پـایـزان!

لـــە هـــەر چـــوار وەرزا دیـــلـــی بـــێ دادیـــن،
بـێ بـەش لـە خـــۆشـی و شـــادی و ئـازادیـن!!

خەباتی گەلان

ڤیەتنام

کۆیە ١٢/٤/١٩٦٩

سـڵاوی زۆر و چەپکێک گـوڵی سـوور
دەنێـرم لە بۆ خـۆر هەڵاتی دوور

سـڵاو لە ڤـیـەتنام مـەکـۆی دلێـران
لانەی نەبەردان، مـەڵبـەندی شـێـران

سـڵاو لە ڤـیـەتکۆنگ لەڕێ ی ئازادی
دەجـەنگن لە گـەڵ هێـزی بێ دادی

سـڵاو بۆگـەلی ڤـیـەتنامی مـەزن
ئازاو نەبەردن هەرگـیـز نابەزن

هەر چەند زۆریشـە ژمـارەی دوژمن
فـڕۆکـەو تانک و ئاگـر و ئاسن

بەڵام کـار ناکـا لە بیـرو ئایین
دا نا چـڵـەکـێـنێ دڵی پۆڵا یین

سـوپای داگـیـر کـەر لە ڕێ ی بێـدادی
ناوەسـتێ لە ڕووی هێـزی ئازادی

گـەلێ ئاشنای چین و شـورەوی
ئازادی خـوازی هەمـوو ڕووی زەوی

هەمـووپشـتگیـری گـەلی ڤـیـەتنامن
لەقـارەمـانی ڤـیـەتکۆنگ سـەر سامن

ئیـمـپـریالیـزمی خـاوەنی دۆلار
هەر دەتوێتـەوە وەکـو بەفـری پار!

ژیان دوا ڕۆژی خـۆشی بۆ گـەلە
حـوکـمی سـروشتـە پێ ی ناوێ پەلە

شـەمـاڵ زوو بە زوو وەک پەیکی ڕەوان
بڕۆ بە پەلە بەبێ پشـوودان

بەرەوڤـیـتنامی بە خـوێن سـوور کـراو
بەرەو ڤـیـەتنامی گـڕ تێ بەر دراو

ئەوسا گەیشتی بە بێ ترس و لەرز
بچووە بارەگای ڤیەتکۆنگی نەبەز

بلێ: ئەرکی ڕێ ی دوورم کێشاوە
سلاوی گەلی کوردم هێناوە!!

بۆ ئەو لاوانەی کە چەک لە شانن
گیان بەخت کەری ڕێ ی نیشتمانن

تا بە خوێنی گەش سوور نەبێ ولات
هەرگیز ئەو گەلە ناگا بە ئاوات

مژدە بێ بلێ زۆری نەماوە
زۆردار لە دەنگی گەلان ترساوە

چلی زەیتوون و کۆتری بیکاسۆ
مژدەیی ئاشتی دەگەیەنن بە تۆ

نامەیەک

بۆ برا فیدایی یەکانی فەلەستین

کۆیە ١٩٦٩/٢/٢٤

سلاوی ئێمەی ئازاو و کۆڵ نەدەر
پێشمەرگەی کوردین لە مەیدانی شەڕ

سلاوی ئێمەی بازوو پۆلایین
خەباتمان لەلا بووە بە ئایین

سلاوی ئێمەی مەردو بە هەڵمەت
بە هێرش دوژمن دەکەین لەت و پەت

سەد هەزار سلاو لە نزیک و دوور
پێشکەش بە گیانی فیدایی جەسوور

سلاوی ئێمەی برای کوردتان
هەست دەکەین هەموو زام و دەردتان

سلاوی ئێمەی لە کوردستانا،
لە بەرزترین لووتکەی کێوانا

بۆ برای فیدایی لە فەلەستینا
لە گەڵ خەباتی سەختی خوێنینا!

لە دەردو زاریی ئێوە بێزارین
دژی ئیستیعمار، دژی زۆر دارین

ژێر دەستی پیشەی بێ دەسەڵاتە
ئازادی بەرهەم ڕەنج و خەباتە!

لە سەرکەوتنتان شادو دڵخۆشین
کە نسکۆ بێنن زۆر بە پەرۆشین!

خوا لەگەڵ حەقە و ئێوەش حەقدارن
چەوسێنراوەی دەستی زۆر دارن

دەر بەدەر، هەژار، برا کوژراون
خاک داگیر کراو، گیرۆدەی داون

بەڵام لەو ڕۆژەی شۆڕش دەگێڕن
خاکی وڵاتتان بە خوێن دە دێرن!

بە هەڵمەت بردن وەک شێری شەرزە
دوژمن لە ترسان کەوتۆتە لەرزە

هەر گەلێک لە ڕێ ی ماف بەدەست هێنان
نە ترسێ لە مەرگ لە کۆت و زیندان

ئەم گەلە دژی نامرێ ناوی
وەر دەگرێتەوە مافی خوراوی

لا پەڕەی مێژووی نزیک و دووری
بنووسێتەوە بە خوێنی سووری

بە لێ ئەو گەلە شیاوی ژینە،
خەباتی سەختی هەمووی خوێنینە

ئەگەر دەستم بێ برای فیدایی
بەڵێن بێ بەبێ فەرق و جودایی

وەک برای دڵسۆز من دێم بۆ یاریت
خوێنم دەرژێنم لە ڕێ ی ڕزگاریت

دەبم بە هاوڕێ ی سەختی خەباتت
تا دەگاتە جێ هەموو ئاواتت

ئەم ئاواتەی تۆ کە ئازادی یە
وەک تۆ بۆ منیش مایەی شادی یە

وای پێشان داوە مێژووی ڕابوردوو
ڕژاو تێکەڵ بوو، خوێنی من و توو

خۆشەڕی سەلیب هەر لەبەر چاوە
لە زۆر جێ ئێستاش ئاساری ماوە

کوردم من نەوەی سەلاحەددینم
برای بە وەفای عەهدی دێرینم!

برای فیدایی نەک هەر من تەنیا
بۆت بە پەرۆشم وەک باوک و برا

هەموو ئازادی خوازانی جیهان
پشتیوانی تۆن وەک من بێ گومان

برای فیدایی قۆڵ تێک هەڵکێشین
تا ڕیشەی دوژمن لە بن دەرکێشین

دەست لە ناو دەست کەین پشت بە خوا بەستین
هەردوو عەودالی شوێن یەک مەبەستین!

من بۆ کوردستان، تۆ بۆ فەلەستین
تا ڕزگار دەبن هیچ ڕا نەوەستین

تۆ بۆ من برای منیش براتم،
بۆیە ڕزگاریت بۆتە ئاواتم!

هیوای ڕزگاری گشت فەلەستینە،
لە دەست سەهیۆنی پیسی لە عینە!

مژدە بێ مژدە مژدەی سەرکەوتن
نزیکە ڕۆژی دوژمن دەرکردن

ئەمجا پێکەوە لە قودسی پیرۆز،
بە یەکتر دەڵێین جەژنمان پیرۆز!!

فەلەستین

١٩٨٦/١٢/٤

وەرن ئەی شۆڕشگێڕانی فەلەستین،
لە پێناو چارەنووس کۆڕێ ببەستین

هەموو داگیرکەرانی ئێمە یەک سەر
بە زەحمەت ببتە چوار ملیۆن بە دەفتەر

نفووسی گشت عەرەب بکرێت ژمارە
سەدو پەنجاو دوو ملیۆن دیارە

لە بیست دەوڵەت زیاتر خۆ دەزانن
هەموو خاوەن سوپا و هێزو کیانن

لە وانە کامی دۆستی زایۆنیزمە،
لەناو بۆتەی عەرەب کەم نرخ و نزمە!

ئەوانە ڕوو ڕەش و بەدکار و گێژن
لە جیاتی یارمەتی خوێنم دەڕێژن!

ئەگەر داگیرکەران چەند خوێن بڕێژن
سزای بەدکاریی خۆیان هەر دەچێژن

لە زۆر خاکی عەرەب نزیک وەیادوور
تە ماشا چۆن بە خوێنی من کرا سوور

چ هێزێک ناتوانێ بم شکێنێ،
لە ڕاست دوژمن بە چۆکم دابهێنێ!

ئەوەندە خوێن دەڕێژم بێتە لافاو
کە دوژمن وەک پەلاش بێنێتە سەر ئاو

سەر و ماڵ و ژن و منداڵی ساوا
بە گڵپەی ئاگری دوژمن سوتاوا

دروشمێکم هەیە من کۆڵ نەدانە
هەتا سەرکەوتنم هەربێ وچانە

خودا یاربێ بە یاریدەی برایان
بە سەرکەوتن دەبێ جەنگ بێتە پایان

دەبێ ئاڵای فەلەستین هەڵ شەکابێ
بە خوێن ئازادی تێ دا نووسرابێ

ریکاردۆسێکی تر هێرش بهێنێ
سەلاحەددینێ ماوە بی شکێنێ!!

تێبینی:
(١) ئەم هۆنراوەیە بە زمانی تێکۆشەرێکی فەلەستینی گێڕاوە.
(٢) ڕیکاردۆس لە شەڕی خاچ پەرستەکان سەرکردەی سوپای فەڕەنگەکان بوو.

چیرۆکە شیعر

سەرگوزشتەی مام ڕێوی و ورچ

ساڵ کژی پایز لە ئاخە لێوە
هەڵی کرد سەرماو بەفرو کرێوە

مام ڕێوی خۆی و لەگەڵ سێ بێچوو
دەگەڕا شوێنێک دابین بکا زوو

کە لە زستاندا لێ ی دڵنیا بن
دوور لە ئاژاوەو دەردو بەڵا بن

بەرەنگاریان بوو ورچێکی سەرچل
ئەویش لەگەڵیا سێ بێچووی سەر زل

ڕێوی لێ ی پرسی ئەی گەورەی زانا
خاوەن دەسەڵات هێزو توانا

من وا خەریکم بۆ ئەم زستانە
شوێنێک پەیدا کەم بیکەم بە لانە

ئەی ئێوە بەڕێز لەگەڵ بێچووەکان
لە چی دەگەڕێن وێڵ و سەرگەردان

ڕووی کردە ڕێوی ورچی هیچ نەزان
گوتی: وا منیش لە ترسی زستان

ئاوارە بووم لەم دەشت و چۆڵە
وا دەپشکنم ئەم هەردەو دۆڵە!

شوێنێک پەیدا کەم تێ ی دا ستار بین
لە سەرماو سۆڵەی زستان ڕزگاربین

مام ڕێوی پێ ی گوت: بەڵەدنی لێرە
تۆ ئەم خزمەتە بەمن بسپێرە!!

من زۆر شارەزام لە کێو و مەرزە
ئەشکەوتێک هەیە لەم شاخە بەرزە

هەردووک وەک برا بۆ ئەم زستانە
بچین دروست کەین ئارامگەو لانە!

پەیمان ببەستین هەروەک یەک خێزان
پێکەوە بژین تا دوایی زستان!!

ئەتۆ بگەڕێ لە ڕاوو شکار،
من لە ماڵ دەبم بۆ خزمەت گوزار!

ماوەی چەند ڕۆژێک وایان بەسەر برد
تا ڕۆژێک سەرماو تۆفان هەڵی کرد

ورچە ئەو ڕۆژە هەر چەند خەریک بوو
بۆ ماڵ گەڕاوە چی دەستگیر نە بوو!

شەو گار درێژ بوو هەر نەبڕایەوە
بە زگی برسی سەریان نایەوە

دیسان بەیانی بۆڕاوو شکار
ورچە کەوتە ڕێ بە دڵێکی خەمبار

ئەمجا مام ڕێوی لەگەڵ بە چکەکان
پیلانی ڕێکخست دژی ورچەکان

کردیان بە گاڵە ها بردی بردی
بە چکە ورچێکیان برد بۆ پشت گردی

بە بێ ڕاوەستان ورگیان هەڵدڕاند
بە هەر سێ و چوار گۆشتەکەیان خوارد

ورچە ئێوارە لە ڕاو گەڕاوە،
دیتی مام ڕێوی لە ڕێ وەستاوە

دڵی خورپەی کرد پرسی ها خێرە
وا بە خەمباری وەستاوی لێرە!

مام ڕێوی گوتی: جەرگم بڕاوە
لە بێچووەکانمان یەکێک خوراوە

ورچە لێ ی پرسی لەوانەی تووە
مام ڕێوی گوتی: لەبیرم چووە!

فەرقیان ناکەم هی کامە مانە!
بەڵام وا دیار بوو سەر زلە کانە

گەڕانەوە ماڵ بە دڵی خەمگین
ئەو شەوە کردیان بە گریان وشین

چەند ڕۆژ تێپەڕی لەم فەند و فێڵە
دیسان هەڵیکرد سەرما و ڕەهێڵە!

ڕێوی ئەمجارەش وەک جاری پێشوو
شانۆ گەریەکەی هێنایەوە ڕوو!!

بەهار دیاری دا بە سەرچوو زستان
دیسان مام ڕێوی لەگەڵ بێچوەکان

لەسەر زلەکان هەر یەکێک مابوو
ئەستێرەی ژینی ئەویش ئاوابوو

ڕێوی شاردی یەوە گشت بە چکەکانی
لە شوێنێکی وا هیچ کەس نەزانی

ئەمجا گەڕاوە سەر ڕێگای پێشوو،
بە هەمان گەزو و کێش و تەرازوو

ورچە لێ پرسی هی کامە مانە؟
مام ڕێوی گوتی: سەر زلەکانە!

لە ڕاستی بۆ خۆت زۆر زۆر دڵ پیسی
بۆیە هەموو جار وام لێ دەپرسی

هی تۆ یان هی خۆم بێ درۆ کردن
ڕۆژێک لە ڕۆژان فەرقم نەکردن

بەڵام لەگەڵ هی وەک تۆبرایەتی
سەر دەکێشێتە دوژمنایەتی

ئەوا ڕۆیشتم وازت لێ دێنم
بەڵێن بێ ئیتر قەت نەت دوێنم!!

ڕێوی و دەهۆڵ

لە نزیک گوندێک شایی و لۆغان بوو
پیاوێک کە پیشەی دەهۆڵ لێدان بوو

بە خۆشی و شادی وبەزم و گۆرانی
شایی دەگێڕا شەو تا بەیانی

شایی تەواو بوو وەک هەموو جارێک
دەهۆڵی خستە ژێر لقی دارێک

ڕۆژێک مام ڕێوی بە شادی و دەماخ
لە گەشت دەگەڕا ، لە بێستان و باخ

ڕۆیشت گەیشتە دارستانی چڕ
دەنگێکی گەورەی هاتە گوێ لە پڕ

ڕێوی وای زانی پیلان و داوە!
تایبەت بۆ کەوڵی ڕێوی کراوە

لە ترسان خێرا کەوتە ڕاکردن،
تا گیان ڕزگار کا لەدەستی مردن

ڕای کرد ماندوو بوو هەڵوێستێکی کرد
ئاوڕێکی داوە سەری بڵند کرد

هیچ کەسی نەدیت کە بێ بە شوێنی
فێڵبازە ڕێوی کەوتە تێ بینی!!

دەمێک پشووی دا تا حەسایەوە،
لەو ڕێگەی هاتبوو ڕاست گەڕایەوە

چوو بۆ شوێنی دەنگ هێندەی نە کێشا
شتێک سەرنجی ڕێوی ڕاکێشا

گوتی: بە دیەن گەورەو مەزنە
لە ڕواڵەت دا پێستی بزنە!!

یا خود قاورمەی خاوەن بێستانە
حەشاری داوە لەم دارستانە!!

هەڵمەتی بۆ برد قۆڵی هەڵماڵی
دۆڵ دڕا دیتی ناو زگی خاڵی

کە ئەمەی بینی ڕێوی حەپەسا،
گوتی: من تازە بووم بە مامۆستا!!

پەیکەری گەورە، بۆش و بەتاڵە
مەسەلەی کوردە چەند هەزار ساڵە

سەرگوزشتەی ورچ و مەیموون

کۆیە ١٩٧٠

لە ڕابوردوو دا وەها ڕووی داوە
ئەم بە سەرهاتە وا باس کراوە

لە وڵاتێکی خۆش ئاو و هەوا
ڕەگەزی مەیموون بە خۆشی دەژیا

وڵاتێکی خۆش فێنک بە میوە
وێنەی بەهەشت بوو لە هەموو شێوە

کانی و سەرچاوەی هەمووی لا لەزار
وەرزی پاییزی خۆشتر لە بەهار

خاکی خۆیان بوو زۆر ئاشکرا بوو
پشت بە پشت لە کۆن بۆیان جێما بوو

لە سنووری وان هێندێک بەرەو خوار
وڵاتێک هەبوو وشک و گەرمە سار

ناوی ئەو شوێنە ورچ ئاوا بوو،
وڵاتێکی زۆر وشک و گەرما بوو

ڕۆژێک لە ڕۆژان ورچێک لە برسان
سنوور بە زیی کرد هات بۆ دارستان

هاتە ناو خاکی خۆشی بۆ زینە
کە وەک بەهەشتی خولدی بەرینە

ورچی چاو برسی وتی: ئەم خاکە،
بۆ مەیموون ناشێ، بۆ ئێمە چاکە

زۆری خوارد میوە و بەری دارانی
تێر بوو گەڕاوە بۆ لای خوێشانی
گوتیان: لە کوێ بووی بێ باس و خەبەر
ئێمە لێت گەڕاین هەموو دەشت و دەر

گوتی: بەڕاستی ئیمڕۆ لە گەشت بووم
نەک لەسەر زەوی لە ناو بەهەشت بووم

ڕێکەوت هەڵەم کرد لێرە بەم لاوە
داری میوەیە و سەرچاوەی ئاوە!

وڵاتێکی خۆش ، زۆر سازگارە،
چوار وەرزی ساڵی هەموو بەهارە

ڕەگەزی مەیموون دەژی لەم دەشتە،
ئەو دەشتەی وەکو باخی بەهەشتە

ئێمەش لەم دێمە و لەم گەرمە سارە
هیچ لێ نە هاتووین، برسی و ئاوارە

مەیموون بچووک و بێ دەسەڵاتن!
لەو پەڕی شادی و خۆشی و ئاواتن

ئێمەش بە دیمەن گەورەو بە کارین
کە چی هەمیشە برسی و هەژارین

پێویستە هەموو هێرشێک بەرین
چ مەیموون هەیە لە ناوی بەرین

بیکەین بە خاک و وڵاتی خۆمان
مادام بە هێزین، دەگونجێ بۆمان

پۆڵ پۆڵ دەهاتن، بوو بە جەماوەر
گوتیان: ئەتۆمان وا کرد بە ڕابەر

هەرچی تۆ بڵێ ی زۆر زۆر بە جێ یە
هەر ئەمر بکە، سەرمان لە ڕێ یە!

گوتی: پێویسته هەر بە (شەبەی خوون)١
قەلا چۆ بکەین ڕەگەزی مەیموون!!

لەشکر کەوتە ڕێ هات بۆ دارستان
ئابلووقەیان دا دەمی بەر بەیان

بوو بە شەڕو شۆڕ هاوار و کوشتار
لە مەیموون کوژراو گەیشتە هەزار

پەراگەندە بوون، پەرت و ئاوارە
هەندێک زامدار و هەندێک بێ چارە

کوڕ لەگەڵ باوک ، برا لەگەڵ برا
منداڵ ودایک لەیەک دابڕا

بە شەپرزەیی و سەر لێ شێواوی،
بە ماڵ وێران بوون بە لێ قەوماوی

بە شادی و خۆشی ورچی بەد کردار
بوون بە خاوەنی باخ و مێرغوزار!!

دانای ناتەوان تەوانا دەبێ
تەوانای نەزان، ناتەوان دەبێ

پاش ئەم ڕووداوە و ئەو بەسەرهاتە
مەیموون کەوتنە خۆ بە ماتە

بۆ پیلان دانان بۆ ڕاوو تەگبیر
بۆ ڕێک و پێکی هاتن بۆلای پیر

سەرۆکی مەیموون کەم هێز و پیر بوو
بەلام زۆر زانا و دوور بین و ژیر بوو

گوتی: برادەران! ئێوە :گوێ بگرن
نرخی گرانە پەندم لێ بگرن!

لێم دەن بە لیس و بە بەرد و بەدار
خوێن لە سەرو گوێم بچۆڕێتە خوار

دەست وپێم بشکێ، پشتم زامدار بێ
تا بێ هیچ کامتان بۆم خەفەتبار بێ

ئەمجا تکایە بەبێ گیر و دار
بم بەن فڕێم دەن لە نزیکی شار

گەورە لە پێناو گەلی هەژاری
خۆی بەخت نەکا نابێ ڕزگاری

چوار ڕۆژ پاش ئێستا بەڵێن بێ بۆتان
بگەڕێنەوە ولاتی خۆتان!!

هەرچی پێ ی گوتن چۆن بڕیار درا
فەرمانی سەرۆک جێ بە جێ کرا!

کاتی خۆر کەوتن گزنگی هەتاو
ورچێکی پیرە دەهات بۆ سەر ئاو

مەیموونێکی دیت سەرو ودەست شکاو
هاواری دەکرد برا کەس نەماو

ورچە ئەمەی دیت گەڕاوە بۆ شار
ئەوەی دیت بووی گوتی بە سەردار

سەردار ئەمری کرد ورچێک دەست و برد
بە ڕاکردن چوو مەیموونی هاورد

ڕووی کردە مەیموون ورچ بە وردی
پرسی پێیم بڵێ: کێ وای لێ کردی؟

مەیموون گوتی پێ ی: گەورەی گەورانم
بە جێیم هێناوە ئەرکی سەرشانم

لەڕێ ی ئێوەدا وا دەر بەدەر بووم
تووشی کڵۆڵی و ڕەنج و کەسەر بووم

ورچ پێ ی گوت: مەگەر کارێک رووی داوە
بۆم بگێڕەوە لە سەرە تاوە،

گوتی: گەورەی خۆم لێت ناشارمەوە
ئەوەی کە دیومە،بۆت دەگێڕمەوە

لە پاش ئەو شەوە کە ئێوەی بەکار
هێرشتان هێنا بوون بە گەورەی شار

مەیموون کەوتوونە خۆکۆکردنەوە،
بۆ هەڵمەت هێنان، تۆڵە سەندنەوە

سوپایان زۆر تر لە بیست هەزارە
دوو شەوی ماوەی هێرش بڕیارە

هاتم بە ئێوە بڵێم کارەسات
وەکو دم بینی وەهام بەسەرهات

وتیان سیخورە ئەم پیرە بۆزە
دژی نەتەوەو ڕەگەزو هۆزە!!

پیرە ورچ دەمێک کەوتە بیرکردن
سەری هەڵبڕی بۆ تەگبیر کردن!

گوتی: سەرلەشکر بانگ کەن بە پەلە
تاکو لەدەستمان نەچووە ئەم هەلە!

دەبێ هەر ئێمەشەو هێرشێک بەرین
تا کیان لێ ببڕین لە ناویان بەرین

دەنگ درا لە شار، بڕیار وەها بوو
لەشکر بە ڕێ بێ کە خۆر ئاوا بوو

بە مەیموونی گوت: تۆش بەزانایی
لە گەڵمان وەرە بۆ شارەزایی

هەرچەند زامدار و کەم هێزو پیری
بەڵام بە وەفاو و دڵسۆز و ژیری

ئەمرەکەم ورچێک بتکاتە سەر شان
لە پێشەوە بی بۆ ڕێ نیشاندان

مەیموون لە وەڵام گوتی: «بەجێ یە
بۆ خۆشی ئێوە سەرم لە ڕێ یە!»

لە شکر کەوتە ڕێ مەیموون ڕابەر بوو
هەر خۆی دەیزانی ، چی لە ژێر سەر بوو

ڕووی کردە چۆڵێک وشک ودێمەکار
شەو تا بەیانی ڕۆیشتن بە غار

پێش خۆر هەڵاتن بەیان ڕووناک بوو
لەشکر شپرزە و ماندوو وهیلاک بوو

ورچێکی بایی ڕووی کردە مەیموون
کوان لە کوێن تاکو بیان کەین زەبوون؟

مەیموون پێ ی گوتن: ئەی قورتان بەسەر
بۆ مەرگی ئێوە، بووم بە ڕابەر!!

بوەستن هەتا خۆر سەر دەردێنێ
گەرما جۆرێکە دەمان سووتێنێ!

لەگەڵ ئێوەدا هاتم بۆ مردن
بمرم لەڕێگای گەل رزگار کردن

گیان رزگار ناکەن لەم دەشت و چۆڵە
کەسێک زۆڵ نەبێ دەستێنێ تۆڵە

پاش ئەوەی مەیموون بێ ترس وەستان
گەڕانەوە ناو شارو دارستان

ئیدی ئەو ڕۆژەی وەکو یادگار
هەموو ساڵ جەژنە بە یادی سەردار!!

(١) شەبەی خوون: هێرش بردنی بەشەو.
(*) لە کەلیلەو دمنەوە بە شیعر کراوە بە کوردی و لە ڕۆژی ١٦/١/١٩٧٠دا تەواو بووە.

پیرێک

پیرێک دەڕۆیشت لە ڕێگوزارێ
بە ڕەنگاری بوون چەند هەرزەکارێ

پیر تەماشای کرد بەم لاو بەم لاوە
هەڵوێستێکی کرد ماندووی حەساوە

سەری هەڵبڕی بە ڕووی ئاسمان
لەڕووی هاتە خوار فرمێسکی گریان

لاوێک لێ ی پرسی ئەی پیری زانا
چیت ون کردووە لە ڕووی جیهانا ؟

وا ماندوو و شەکەت بۆی بە پەرۆشی
ناکرێ چاوی گەر لێ بپۆشی!!

پیر بە پێکەنین تەماشای کردن
لە بیرم ناچێ تا ڕۆژی مردن

بە نرخترین کالا و سەرمایە!
لە کیسم چووە، لە دەستم دایە!!

یەک (تەندروستی) دووەم (لاوێنی)
ناگەڕێنەوە خۆی بۆ بمرێنی!

ڕۆڵە ئەگەر تۆش نەمری بە لاوی
ڕۆژێک دێت وەک من دەکەونە داوی

بەر لەوەی تەمەن بڕوا بێ هوودە
نرخی بزانی یە کجار بە سوودە

کە دەوری گرتی پیری و نەخۆشی
ڕزگاریت نابێ هەر چەند بکۆشی

چیت بۆ ناکرێ بە خۆزیا و بریا
یاسای سروشتە وەها دا نرا!

ئەگەر زۆر زاناو ژیر و هوشیاری
بگرە گوێ، پەندم بۆ ئامۆژگاری!

خۆش ڕابوێرە ماوەی ژیانت
ڕێزت لێ بگرن هاو نیشتمانت

ئەمە سەرمایەی دین و دنیایە!!
جێ ی ڕەزا مەندیی خەڵک و خودایە!

مامەی لادێی

ڕۆژێک بەیانی بەر لە خۆر هەڵات
مامە لادێی ڕوو بەرەو شار هات

کەم هێزوو ماندوو کفت و شەکەت بوو
سەرو ڕیش بە تۆز دڵ پڕ خەفەت بوو

سڵاوی کرد لێم، وەڵام سەد سڵاو
زۆر بەخێر هاتی مامی قەد چەماو

- بۆچ وا پەشێوی چیت لێ قەوماوە
نەژدە لێ ی دای یان ماڵت سووتاوە؟

- نە نەژدە لێ ی دام، نە ماڵ سووتاوم
بۆ خزمەت شێخە یەکجار بە تاوم

- مەبەستت کام شێخە؟ (حاجی شێخ بابە)
شێخومە شایخ عالی جەنابە!!

- بۆچ وا بە پەلە، وا بێ ئارامی؟
- هەر بۆ زیارەت زاتی کیرامی!!

کورم نە خۆشە هاتووم بۆ نووشتە
بۆ هەموو دەردێک دەرمانی گشتە!

- دیارە ئەرکی ڕێ ی دوورت کێشاوە
دیاری و بەراتت بۆ شێخ هێناوە؟

- هەرچی بۆی بەرم بۆ شێخ شایستە
چونکە لەلای خوا زۆر خۆشەویستە

دوعای یەک بە یەک وەک پەنسلینە،
دەرمانی هەموو دەردو برینە!

پێم گوت: مامە گیان توو بەشقی خودا
کەی بۆتە دەرمان کشتەک و دوعا

کورەکەت بەرە بۆ نەخۆشخانە،
هەموو پزیشکەو پڕ لە دەرمانە

دوکتـــــۆر بیـــــبینی دەردی دەزانی
زوو چاری دەکـــا زۆر بە ئاســـانی

کەی نووشتـــە و کـشتـەک دەرمـانی دەردە
تاکـــەی تێ ناگـــا خـــوایە ئەم دەردە؟!

پێیم گـوت: مـامـە گیـان حـاجی شێخ بابا
ئەو زاتـەی بێ بـەش لـە هـەمـــوو بابـا

غـــــەیری دەست بڕین بە فـــــریب بردن
ســـوێندت بۆدەخـــۆم چی بۆ نەکـــردن

بۆ خــۆی نەخۆش بێ شـێـــخی جـادوو کـەر
بۆ نەخـــۆشـــخـــانە ڕادەکــا یەکـــســـەر

ئەی بـۆچی بـۆ خـــــۆی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان
کـشتـــەک و دوعـــا ناکـــا بە دەرمـــان؟!

فـــەرمـــوو با بچین بۆ نەخـــۆشــخـــانە،
بۆ خـــزمـــەت شـێـــخی ورگ هەمـــانە

ئەوە چـەنـد ڕۆژە بـۆ چـارەو دەرمـــــان
لە وێ کـــەوتووە شـــێـــخی هیچ نەزان

مـــامـــە کـــە بینی لە نەخـــۆشـــخـــانە
شـێـــخـیش مـوحـتـــاجی دەواو دەرمـــانە

مـــامـــەی لادێیی لە شـوێن خـۆی وەســتـا
کــە شـێـــخی بینی مـــات بوو حـەپـەســا

گـــوتی: «ســـەد لەعنەت لەو شـــێخ و پیـــرە
لە پەنای دین دا پیـــشـــــەی تەزویرە!!

مارو باخەوان

ئەی برادەر خۆت دەزانی بێ گومان
سەر گوزشتەی مارو مامەی باخەوان

باخەوان ڕەش پۆش بوو بۆ مەرگی کوڕی
مار بە دەستی باخەوان کلکی پەڕی

باخەوان ڕووی کردە مار «ئاشت بینەوە
هەرچی بوو چوو ئێستە هێور بینەوە!!»

مارگوتی: « ئەی باخەوان تۆ درۆزنی
من هەمیشە بێت دەڵێم تۆم دوژمنی

من کوڕی تۆم کوشت و جەرگی تۆم بڕی
هەر بەدەستی تۆ بوو من کلکم پەڕی!!

ئاشنا بوونمان بە یەکتر بێ گومان
جێ ی گومانە جێ ی گومان!!

کلکی خۆم هیچ دەم لە بیر نا چێتەوە،
حەقتە تۆش بۆ ڕۆڵەکەت سوێت بێتەوە

دڵنیا بوونمان لە یەکتر گەوجی یە
تۆڵە ساندن فەلسەفەی بێ مەرجی یە!!»

گوڵ و بولبول

گوڵی پشکوتوو بۆ بولبول
هەڵی ڕشت ڕازو نیازی دڵ

گازاندەی کرد لە خاوەنی
باخی ڕازاوەو گوڵشەنی

ئەمەی وت ئاخی هەڵکێشا،
جەرگ و دڵی لەگەڵ ئێشا!

-: «باخەوان ئەوەی مەبەستە
دەستم ببەستی بە دەستەتە

ببا بۆ کووچە و بازاڕان
بکەوم دەست هەرزەکاران

بە پوولی کەم بم فرۆشێ
تاڵی مەرگم پێ بنۆشێ!

سیس و ژاکاو هەڵ بوەرم
زوو بێت مەرگی کت و پڕم!!

- گەردو گێژە لووکەی خەزان
لە تۆش زوو تاڵ دەکا ژیان

لانەو مەرزت دەشێوێنێ
گەڵای باخان دەوەرێنێ

گوڵ نامێنێ لەسەر چڵان
تێک دەچێ لانەی بولبولان

سەرمای کوشندەو ڕەشەبا
وێنەی دێڵە گورگی بە با

ڕووی کردە هەر جێگاو مەرزێ
گیان لەبەر تێ ی دا دەلەرزێ

لە تەختی گوڵ، چقڵ و دڕوو
لە جێی هوزار، قەلی بەد خوو

ئەم بە تیژی و زەخم گازی
ئەم بە ئاوازەی ناسازی

ئەو زام بەخش، ئەو رووی ڕەشە
ڕۆژ ڕۆژی خوێڕی و ڕوو ڕەشە

بازرگان و توتی

١٩٨٥/٣/١٩

وا دەگێڕنەوە لە ڕۆژگارێک
تاجیرێک هەبوو لە گەورە شارێک

ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خێزانی
وتوویژیان بوو بە شادمانی

گوتی: «من دەڕۆم بۆ سەفەری دوور
پڕ مەترسیی یەو لەو پەڕی سنوور!!

کە گەڕامەوە شادو بەختەوەر
چیتان بۆ بێنم دیاری ی سەفەر

هەر یەک پێویستی چی بوو بۆی نووسی
سەفەرت خێر بێ دوور لە مەترسی

توتی یەکی هەبوو کاکی بازرگان
قەفەزی زێڕی بۆ کردبوو بە لان

ڕووی کردە تووتی: ئەتۆ چیت دەوێ؟
شەرت بێ بۆت بێنم گەر دەستم کەوێ

تووتی ڕووی کردە ئاغای بازرگان
بەڵێنم دەیە بە دڵ و بە گیان

بازرگان گوتی:« تووتی بەڵێن بێ
بۆتی دەهێنم لەهەر جێ و شوێن بێ»

تووتیەکە گوتی :«لە دوورگەی خاوەر
لە خۆر هەڵاتی دوورگە لە ئەو بەر

هێلانەی دایکم لەسەر دارێکە
بۆم سۆراخ بکە لە چ حاڵێکە

سەفەرت خێر بێ بە شادمانی
بگەڕێیەوە بۆ ناو خێزانی

لە دوای چەند ڕۆژێک ئەم بازرگانە
کەوتە ڕێ لەگەڵ بارگەو بارخانە

هەتا گەیشتە دروگەی جاوە
کڕین و فرۆشتن کە لەوێ باوە

فرۆشتی هەر چەند کالای هێنابوو
قازانج و سوودی زۆری تێ دابوو

کەوتە بیر کردن بۆ گەڕانەوە،
ئامادەو دروست بە بارخانەوە

لە پڕ تووتی یەکەی هاتەوە خەیاڵ
گوتی: «بەڵێنم داوە بە هەر حاڵ»

بە پرسیارکردن ڕێگەی گرتە بەر
هەتاکو گەیشتە دروگەی خاوەر

چوو بۆ ئەو شوێنەی نیشان کرابوو
بانگی کرد وەکو ڕاسپێردرا بوو

دایکی تووتی یەکە لە دار هاتە خوار
پێ ی گوت: «بفەرموو چیت هەیە پرسیار؟»

بازرگان پێ ی گوت: «دەبێ دڵخۆش بی
نابێ بۆ کچەکەت هیچ بە پەرۆش بی

من خۆشم دەوێ زۆر شادمانە
قەفەزی زێڕم بۆی کرد بە لانە

هەر چەند لە لای من شادو ئازادە
بەڵام هەمیشە تۆی هەر لە یادە

تووتی کە ئەمەی بیست لە بازرگان
لەسەر دارەکە کەوتە خوار بێ گیان

بازرگان سەرسام لەوە دڵگیر بوو
مردنی تووتی یەکەی لا بە تەئسیر بوو

ناچار گەڕاوە بۆ لای هاوڕێکان
ئەو بەسەر هاتەی گێڕاوە بۆیان

دوای ئەوە کەوتە کەل و پەل کڕین،
بارکرا کالاو کاڵای ڕەنگین

کـــاروان بە ڕێ کـــەوت بەرەو مـــاڵ دەهات
دوای چەند ڕۆژێک گـــەیـیـــەوە وڵات

بەیەکـــتـــر شـــاد بوون خـــۆی و خـــێـــزانی
کـــەوتنە هەڵپـــەرکێ و شـــایی و گـــۆرانی

کـــاتێک بازرگـــان تـووتی یەکـــەی بینی
لە گـــۆشـــەی قـــەفـــەز زۆر بە غـــەمگینی

تووتی یـەکـــــە پێ ی ووت: چیت بۆ هێناوم
یان لـەبیـــرت چوو ڕاســـپـــێـــردراوم؟

بازرگـــــان گـــوتی: تـووتی بە ڕاســـــتی
لە ڕاســـپـــاردەت نـەم نـواند ســـســـتی

مـن زۆر دڵـگیـــر بووم لـەم کـــارەســـاتـە
چیت بـۆ باس بکەم لـەم بـەســـــەر هـاتـە

تووتی یەکـــە گـــوتـی: لـە ســـەرەتـاوە،
بـۆم بـگـێـــــــــڕەوە هـەرچـی ڕووی داوە

بـازرگـــــان هـەر چـی دی بـوو دەیـزانـی
بـۆی گـــێـــڕاییـــەوە بە نـیـگـەرانـی

تـووتـی ئـەوەی بـیـــست ڕاچڵـــەکی لـەرزی
لاشـــە بێ گـیـــانی کـــەوتە ســـەر ئەرزی

بـازرگـــان تـووتـی دەرکـــرد لە قـــەفـــەس
کـــە تـەمـــاشـــای کـــرد بێ هەست و نەفـــەس

لـە پێش خـــۆی دانا تـەمـــاشـــای دەکـــرد
دەی گـــوت: مـن بـۆچی ئـەم باســـەم بۆ کـــرد

لـەنـاکـــاو تـووتی جـــوڵا و هـەڵ فـــڕی
لـە لـقـی دارێـک هـەڵـنـیـــــشـت و چـڕی

بـازرگـــان ســـەرســـام کـــە ئەوەی بینی
بێ دەنگو مـــات بوو کـــەوتە تێـبـــینی

گـــوتی: ئـەی تـووتـی گـــوێت بـۆم بدێرە
تـۆ یـەکـــەم تـووتی قـــەفـــەزت زێڕە!

خواردنت هەموو شەکر و حەلوایە
زۆر خۆشەویستی لە لام بەو خوایە

لەسەر چڵان دا لەگەڵ ناکەسان
دەترسم ڕۆژێک بمری لە برسان

وەرەوە بۆ ناو قەفەز و لانت
لە خۆت تاڵ مەکە خۆشی ژیانت

تووتی یەکە گوتی: ئاغای بازرگان
من تۆم خۆش دەوێ بە دڵ و بە گیان

ئەتۆ کە دیتت دایکم خۆی مراند
ئەوی پەندێک بوو بۆ منی نواند

تا خۆم ڕزگار کەم لە بەندو قەفەس
ئازاد و سەربەست هەڵکێشم نەفەس

قەفەزی زێڕ و گەنج و دارایی
بێ نرخە لە لام من بە تەنیایی!

لەسەر دارێکدا هەڵ بەستم لانە
با لەوێ بمرم بێ ئاوو دانە

گەر وەها بمرم لەلام خۆشترە
ئازادی نرخی لە ژین زۆر ترە!!

ماڵت ئاوابێ ناگەڕێمەوە،
با بەسەر بەستی سەر بنێمەوە!!

پێنج خشتەکی عەونی

پێنج خشتەکی عەونی

***

بەقەد شمشادی بۆستانە بە ڕوو باغ و گوڵستانە
بە لێو کەوسەر، بە چاو ساقی، بە وێنە حوورو غیلمانە
لەسەر کێوی دڵم دایم وەکو مووسایی عیمرانە
بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری هەموو دنیا چراخانە
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خووبانە

***

لە نێو خوبانی عالەم تاکە ئەم شۆخە بە بێ باکی
بە حوسنی سەرکەش و مەغرووره مەشهوره بە سەفاکی
دڵەگەر تۆ نەترساوی چی یە وا مات و غەمناکی
لە مەیدانی مەلاحەت شاسوارێکە بە چالاکی
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خووبانە!

***

شوکر یاران لە قەیدی خەم دڵی بێ چارە ئازادە
دەخیلت بم وەرە موتریب فیدات بم ساقی ی سادە
لە بۆم لێ دە لە عوود ونەی پەیاپەی بێنە بۆم بادە
حیکایاتی من و یارم وەکو شیرین و فەرهادە!
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە

***

بە خەندە و پێکەنین و چاوی مەخمووری دڵی بردم
بە غەمزە و نازو عیشوە و نازکی عەقڵی لەسەر بردم
لە بابل دەرسی سیحری خوێندووە وا فێڵی لێ کردم
ڕەفیقان سا مەکەن لۆمەم ئەگەر بەم دەردە من مردم
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە

***

بەیان نابێ بە نووسین چەندە شیرین و چ مەحبووبە
بە لەنجەی سەرو مەعیووبە، بە خەندەی خونچە مەحجووبە
بیحەمدیللا کە بێ هەمتایە وەک ئەولادی یەعقووبە
بە ئینعام و عەتا یارم بە حەقیقەت کانی مەطلوبە
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە

***

لە ترسی تەلعەتی ڕووی ڕۆژ کە سەرگەردانە هەڵنایێ
نە ئەو هات و نە ئەم هەڵهات دەزانم ئەو کە هەرنایێ
کە قەیسی عامیری چی بوو لە عەشقی ڕووی لەیلایێ
هەموو عالەم ئەگەر بێ ببتە مەجنوون عەیبی لێ نایێ
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خووبانە!

***

دەگـــریێم و دەناڵم ڕۆژ و شـــەو دایم لە هیـــجرانی
لە دەریایی خـــەفـــەت خنکام وکـــو (عـــەونی) کـــە نازانێ
لەلایێ جـــەیشی ئەگریجەی، لەلایێ تیـــپی مـــوژگـــانی
هەزار عـــاشق کـــەتاب و تاقـــەتی نابێ لە مـــەیدانێ
تەمـــاشـــای دولبـــەری من کـــەن ســـوپا ســـالاری خـــووبانە!

وەکو قومری

***

وەکـــو قـــومـــری لە باخ و جـــۆبی باران
لە بۆ ســـەروی قـــەدی شـــاهی نیگـــاران
دەرێـــژم ئـــەشکـــی چاوم عـــەیـــنی باران
دەناڵـێـنم لە عـــەشـــقی گـــوڵ عـــوزاران
وەکـــو بولبـــول لە چڵ فـــەســـڵی بەهاران

**

لە دووریت زارو ڕەنجـــوورم هەمـــیـــشـــە
لە عـــەشـــقت مـــات و مـــەهجـــوورم هەمـــیـــشـــە
ئەویـــســـتـــا بۆیە مـــەســـروورم هەمـــیـــشـــە
بەبێ مـــەی مـــەست و مـــەخـــموورم هەمـــیـــشـــە
بەڵێ مـــەســـتم بە نەشـــئـــەی چاو خـــومـــاران

**

لەســـەر بۆ چیـــمـــە تاجی کـــەی قـــوبادی
تەڵەب ناکـــەم هەتا زینـــدوومـــە شـــادی
دەپۆشم بـەرگی نـا چاری و کـــەســـادی
وەکـــو مـــەجنوون دەڕۆم وادی بە وادی
لە تەعـــقـــیـــبـــاتی یارم دوور لە یاران

**

لە چـاوم دێـتـــە خـــوار ئـەشکی ڕەوانم،
زەمین شـێـــوا لەبەر نالـەو فـیـــغـانم!
نـەوەک بمرم ئەجـــەل نادا ئـەمـــانم
وەرە ئەی خـوســـرەوی شـاهی جیـــهـانم،
بپـرســـە جـاری حـالی غـەم گـوســاران!!(١)

**

بە لـوتـفت شـــادمـــان ســـەر فـــرازم
ئەگـــەر مـــەحـــموودی تۆ من هەر ئەیازم
بکە ڕەحـمێ کـە یەک ڕوخـســـەت بخـوازم
بە خـــەنجـــەر بم کـــوژە قـــوربان چ لازم
بە تـابووری مـــژەت بۆ تیـــرە باران!

***

بە دیمەن ڕووت و بێ کەس وەک هەتیوم
وەکو پیرێکی سەد ساڵە ڕزیوم،
هەتا مردن دەبێ هەر قوڕ بپێوم
لە ژێر باری خەفەت من چۆن چەمیوم
بە گەنجی چوومە ڕیزی دەست بە داران

**

کە تۆ عاجز بی من بۆ چیمە ژینم
فیدات بم عەقڵ و ماڵ و روح و دینم
مەکە مەنعم کە جار جارت ببینم!
لەگەڵ (عەونی) بە بێ مەیلت دەبینم
فیدات بم چی بەسەر هات لوتفی جاران؟

----

(١)غەم گوساران: غەم گوسار، خۆشەویست، مەعشووق

ژووان

بەڵێن وا بوو شەوێک بێ ی بۆ ژوانم
بپرسی حاڵ و ئەحواڵ و ژیانم
منیش عەرزی بکەم ڕازی نیهانم
ئەگەر چی پیرو کەم هێز، ناتەوانم
بە یادی ڕوویی تۆ هەردەم جوانم!

لە خۆشی و شادی هەردەم بێ نەسیبم
لە گۆشەی بێ کەسی زارو کەئیبم!
ئەگەر لوتفی ببێ ڕۆژێ حەبیبم
نی یە باکم لەبەد گۆبی ڕەقیبم
بگا دەستم بە یاری میهرەبانم!

ئەوەی دیومە ئەوەی بیستم لە شاران
بەسەر هات ، سەر گوزشتەی ڕۆژگاران
لە دەستی شۆخ شەنگو چاو خوماران
لە سەد لاوە دڵم پێکاوە یاران
بە تیری دولبەری ئەبرۆ کەوانم

دەمێ دڵ موبتەلای دوو لێوی ئاڵە
دەمێ ئاڵۆز و داخی زوڵف و خاڵە
دەمێ دنیای لە لا خەون و خەیاڵە
دەزانم خۆ کە ڕزگاری مەحاڵە
لە فیتنەی چاوەکانت بێ ئەمانم

لە خانەی خەم نشین وەک پیری کەنعان
دوو چاوم هەردوو تاریک بوون بە گریان
شەو و ڕۆژ هەردوو لای من بوونە یەکسان
بە یادی چاوی مەستی تۆیە قوربان
کە ئیمڕۆ خادیمی پیری موغانم!

دەزانی خۆژیانی من بەبێ تۆ
هەموو هەر شینە، هەر گریانە ڕۆ ڕۆ
دەناڵێنم لە ژانی زامی ئەبرۆ!
نە هاتی بەختی بەد بۆ من کە ئیمڕۆ
نیشانەی تیرو تانەی ناکەسانم

لە ڕۆژانی ژیان تۆ بووی مەبەستم
لەلای تۆ بوو هەمیشە بیرو هەستم
ئەمە مەرجە وەکو بت بتپەرستم،
گوتی (عەونی) کە دەر ناچی لەدەستم
ئەتۆ بەندی بە سیحری چاوەکانم!

مەهابادی (١)

لە ڕێ ی دڵداریا ژینم بە با ڕۆیی بە نامرادی
لە شوێن یارا وەکو شێت کەوتمە دەشت و کەژو وادی
لەدەستی چارەنووس خۆشیم نە دیوە غەیری نا شادی
لەبەر جەوری کەسێکی کۆیی بێزار بووم بە بێ دادی
فەلەک خستمیە بەر دەست چاو جوانێکی مەهابادی

کە یار ویستی گوزەر بێنێ لە ڕێ یدا کەوتمە بەر پێ ی
نیازم بوو کە دەرفەت بێ نهێنی دڵ بپرسم لێ ی
منی دیت تووڕە بوو فەرمووی لە ڕێگام لاکەوە تۆ کێ ی
کە لێ ی دام غەمزەیێکی خستمی هەستام وەهام گوت پێ ی
کچی کورد ئافەرین بۆ تۆ کە چالاکی لە سەیادی

لە نەی ڕەنگی زەمان و دوو ڕوویی ئەم خەڵکە تێ ماوم
هەتا دوێنێ چ بوو ئیمڕۆ چی یە من بۆیە تا ساوم
گوتم: نابێ لە ڕێگای ڕاستی خۆم لا دەم هەتا ماوم
گوتی: هەر کەس کە کەوتە بەندو داوی پەرچەمی خاوم
مە حاڵە بەر ببێ نابێ بکا قەت بیری ئازادی

به لەیلایی کە دولبەر دەست و پێ ی بەستم وەکو مەجنوون
بە شیرینی کە پیشەی کردمە هەڵکەندنی بێستوون
گوتم : قوربان چی یە ئەم عالەمە وا دیل و بەندی توون
لە کوردستان نەبوو سیحرو تەلیسم و جادوو ئەفسوون
لە کوێ فێربوویی شۆخی و دولبەری وا هێندە ئوستادی

بە نازو ناسکی شۆخی هونەرکاری دڵی بردم
بە غەمزەی چاوی فەتتانی لەسەد لا جەرگی لەت کردم
لەکەم هەستی و بە دڵ پاکی منی دیت تێگەیشت کوردم
بە شێوەی شیرنی تۆقی ئەڤینی خۆی لە مل کردم
منیش وا لێ براوم بێنمە دی ئاکاری فەرهادی

نە پێویستم بە دارایی و نەهیوام تەختی دارایە
نە مەیلی بە زمی جەمشید و نەدڵ خۆشیم تەمەننایە
لە کۆری ئێمە شینە گریە یە ڕۆ ڕۆیە غەو غایە
ئەمن مەجنوونم و زنجیری ئەستۆم زولفی لەیلایە
ئەگەر مەیلی ببێ یا خۆ نەبێ من هەر دەکەم یادی

لەیەک ڕەنگی گومانم بوو کە چی ئەم چەرخە سەد ڕەنگە
گوڵاڵە ڕەنگی سوورە چونکە خوێناوی دڵ و جەرگە،
لە باوە بەد ڕەوشتی چاکە ئێستا شوورەیی و نەنگە
لە دووری تۆیە (عەونی) کەوتووە وا چاوەڕێ ی مەرگە
کە نەت بیست چاوەکەم جارێ چریکە و داد و فەریادی

(١) ئەم پێنج خشتەکی یە لەسەر شیعرێکی شاعیر خۆیەتی کە لەبەشی دڵداریی ئەو دیوانەی دا بڵاو کراوەتەوە.

پێنج خشتەکی لەسەرشیعری نالی

١٩٨٨/١١/١٦

نیشتمانم کە سەراسەر گوڵ و باخ چەمەنە
لا لە زارێکە هەمووی سوسن و شەوبۆ و سەمەنە
هەر کەسێک دژ بێ بە خاک و گەلەکەی نارەسەنە
دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

مـاری گـەنجـینەیی ڕووی زوڵفی لە گـەردن وشـانی
ویسـتی وێنەی بگرێ، دەسـتی دەلەرزی (مـانی)
لوتفی یەزدانە کـە پێ ی داوە نیگاری و جـوانی
پەرچەمی سـونبلی و قـەددی (قـەضـیب البـانی)
زوڵفی بە هلوولی و خـەت ڕەنگی و وەجـهی حـەسـەنە

هەرکـەسـە جـۆرێ دووا مـاوەیی ڕۆژانی ژیان،
کەس بە ئامـانج نە گـەیشت دەرکی نەکـرد رازی نیـهـان
کـە نەزانی لە مـەدا گـشـتی هونەرمـەندی جیـهـان!
تەلعـەتی ئایەتی جـان مـەزهەری ئیـعـجـازو بەیان
لەبی درج و دەهەنی سـیـرڕ و کـەلامی عـەلەنە!

ڕێ ی نەجـاتم نی یە تا دەم خـەنە ژێری گڵ و خـاک
من لە گـێـژاوی غـەمـا شـێـفـتـە مـاوم تەک وتاک
دولبـەری شـۆخ و نیگارم بەسـە سینەم مـەکـە چاک
دەست لە خـوێنم مـەدە ئالوودە مـەکـە دامـەنی پاک
خـوێنی من سـابیـتـە باتڵ نی یە وەک ڕەنگی خـەنە!

حـاڵی بولبـول چی یە ئەو کـاتە کـە گـوڵ پێ دەکـەنی
زارو بێـزارو سـەراسـیـمـە لە خـەو ڕادەچەنی
کـە بکەم باسی قـەدو قـامـەت و غـونچـەی دەهەنی
وەک گـوڵی ئاتەشی خـەمڵـیـوە بە بەرگی چەمـەنی
قـــامـــەتی نـارە بەرە، نـارەوە، نـارەوەنـە!!

قەدی یەعـقـووب لە خەمی یوسفی گوم گەشتە چەمی
چاوی تاریک بوو کـەوا گـۆشـە نشین بوو لەخـەمی
هاتە گـوێ ی مـژدە کت و پڕ کـە ڕەوی دەردو هەمی
ڕەوشنیی دیدەیی ئینسـانە کـە مـژدەی قـەدەمی
ڕەوشـنیی دیدەیی غـەم دیدەیی (بیت الحـزنە)

دڵی زارم بە هیـوای گـەشـتی لە باغـە ئێـسـتـاش
بۆچی نازانی کـە پڕ قـەل و زاغـە ئێـسـتـاش
(عـەونی) باوەڕ بکە هەر چەندە نە ساغـە ئێـسـتـاش
دڵی (نالی) کـە ئەنیـسی قـەرەداغـە ئێـسـتـاش
داغی سـەر چاوە وو دیـوانـەیی دارو دەوەنە!

پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعری (وەفایی)

ئەی شاهی زەمان مەرحەمەتی خۆت بنوێنە
زنجیری محەببەت لە دڵم دا مەپسێنە
بازاری مەلاحەت لە جەمالت مەشکێنە!
ئەی حوسنی ئەزەل وا نەفەسی خۆت بنوێنە
ئاوێنەیی ڕووی خۆتە دڵی من مەشکێنە!!

دڵ حەپس و گرفتارە لە حەڵقەی خەمی گێسووت (١)
تەن عاجزو خەمناکە لەبەر دیدەیی جادووت
هەر مونتەزیری مەرحەمەتم جارێ کە فەرمووت
کەوتوومە شکەنجەی (٢) خەمی زولفت بە تەمای ڕووت
یاریم کە نەکەی چووم بەتەلیسماتی خەزینە

ئەم چاوە کە ئیمڕۆ نەزەری زەوقی بەمەی دا
ناڵەی دڵی زارم بوو کە ناڵینی بە نەی دا
ئەی دڵ سەفەری خێرە ئەگەر بمرێ لە ڕێ دا
ڕابڕە بە دامان و خیابانی یەخەی دا
نەختێ لە گوڵ و سونبول ونەسرین بوەشێنە

لەو ڕۆژەوە پەروانەیی دڵ چوو بە چرا دا
بەو دەوڵەتی وەصڵت کە بگەم ڕوح لە بەها دا
عەقڵ و دڵ و دینم هەموو بێ هوودە بە بادا
چونکە سەبەبی قوربی بەقا وا لە فەنادا
ئەی دڵ وەرە تا زیندوو دەبی خۆت بمرێنە

پەروانە سیفەت دێم بە ڕووی لالە عوزاران
دایم دەگریم هەروەکو بولبول لە کەناران
فرمێسکی دوو چاوم دەڕژێنم وەکو باران
چونکە سەبەبی دەوڵەتی خەندەی گوڵە باران
ئەی دیدە هەتا هەی بگری خوێن بڕژێنە

لەو ڕۆژەوە ئەی دڵ کە بە ناکامی بەسەر چووی
زانیم خەتەرە بۆ من و تۆ حەڵقەیی گێسووی
ئێستاکە لە ژێر سەڵتەنەتی تاقی دوو ئەبرۆی
عەینی کەرەم و مەرحەمەتە هەرچی بفەرمووی
لوتفت نی یە جارێ بە جوێنم بدوێنە!

سەر گەشتەوو دێوانە بە دوو چاوی خوماری
سەودا سەرو ڕیسوا و مەلامەت گەری کاری
گەه گر دەگرێ دڵ لە نەزەر شەمعی عوزاری
سووتاوە دەروونم وەرە ئەی بادی بەهاری
زیندووم کەوە بۆنێکی لە غونچەی دەمی بێنە

دەرناچێ دەمی دولبەرەکەم قەت لە خەیاڵم!
هەر چەندە کە دوو چاری غەم و جەور و مەلالم
(عەونی)م و لەدڵ دا زەدەیی پەنجەیی ئالم
فەرمووتە (وەفایی) بە دڵی تۆبە و بیسالم
قوربان هەر ئەتۆ و دڵ وەرە روحیش بستێنە!!

(١) خەمی گێسو: پێچی زولف، یان پێچی کەزی
(٢) شکەنجە: عەزاب، ئەزیەت و ئازار.

پێنج خشتەکی عەونی لەسەر غەزەلی (صافی)

دڵ وەکو مەجنوون لە عەشقا دەشت و دەر واتەی ئەکا
یار کە وای زانێ ئیتر لەیلا صیفەت لۆمەی ئەکا!
یەعنی خۆی تەکلیفی بەزم و مەجلیسی بادەی ئەکا
دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێ لە دەنگی سازو عودو بەزمی نای و نەی ئەکا

گاهێ بۆ نووری جەماڵت دڵ وەکو پەروانەیە
گاه لە عەشقی لێو و کوڵمت بولبولی دێوانەیە
گاه مجەوری تەکیە یە گاه مل کەچی بوتخانەیە
سەردەمێ مەست و خومار و خادیمی مەیخانەیە
وەختێ تەسبیحی لە دەستە، صۆفیە حەی حەی ئەکا

گاهێ وا بەرماڵ لە شانی خاڵە زاهید خۆیەتی
گاهێ ناصیحی ئەمینە، گاهێ فاسید خۆیەتی
گاهێ مەیخانە نشینە مەستە شاهید خۆیەتی
هێندە جاران عالیمی عامیل و عابید خۆیەتی
وەختێ جەهل و فیسقی زۆرە عالەمێ لۆمەی دەکا

گاهێ سولتانی جیهانە گاه غولام و بەندەیە
گاهێ بەستەی زولفی یارە گاه لە غەم ئازادەیە
من کە هەر فیکری جنوونی لێ ئەکەم لەم مادەیە
جار بە جارێ زۆر بە کەیف و پێکەنین و خەندەیە!
هێندە شەو مەجنوونە شین وگریە بۆ لەیلەی دەکا

جارەها عەرزی دەکەم بەس تاڵبی نادانی بە
بەس لە دژ من وا لە چۆڵ و دەشت و سەر گەردانی بە
یارئەگەر ئەمرێکی کرد فەرمان بەر و قوربانی بە
پێ ی دەڵێم ئەی دڵ وەرە ئێسرانی یا توورانی بە
ئەو لە بەینی هەردوو ڕێگە ڕوو لە دەشتی ڕەی دەکا

ڕۆژێ هوشیارەدڵم ڕۆژێکی وا مەستانەیە
گاه لە کێوو گاه لەدەشت وگاه لە کۆی جانانەیە
چەندی من لۆمەی ئەکەم واز بێنە لای ئەفسانیە
دڵ نەزان و شێتە یا سەر خۆشە یان دێوا نەیە
یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بە من تاکەی ئەکا!

دڵ لە ڕیزی مردووان بوو، تاکو ئێستا گەر ژیا
چەند لە نێو شاران گەڕابوو بیوە سائیل و گەدا
(عەونی) تۆ وەحشەت لە دڵ بۆچی ئەکەی هەرچی دەکا
دووری یارە دڵ لە بۆیە بێ سوباتە (صافی) یا
تاکو لەم سەگ مەرگە دابێ ئیختیاری وەی ئەکا

پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعری (مەیلی)(١)

وا چرای کولمەی بە عەزمی سوتنی دڵ شوعلەدا
چۆن وەکو پەروانە سوتێم ڕوو بە ڕوویی لا لەدا
چۆن وەکوبولبول نە ناڵم من لە دەوری غونچەدا
وا لەدەوری باخی کولمی ماری زوڵفی حەڵقەدا
بولبولی دڵ پاسەوان و حاجیبە لەم باخەدا

دڵ وەکو منداڵی ساوا، وا لە دەرگات کەوتووە
نا ڕوا چونکە بە شەهدی لوتفی تۆ پێ ی گرتووە
موودەتێکە وا لە شەککەر خەندەیی تۆی چەشتووە
من کە تیفلێکی نەفامم لەم یەخەم گر گرتووە
تا وەکو قەندی مەمی بۆم دەر دەخا لەم سینەدا

گاه لەگەڵ بولبول لە گوڵشەن ناڵە ناڵێکم هەیە
گاه لەگەڵ قومری دەناڵم چۆن فیغانێکم هەیە
هەردەمە من باخەوانانە خەیاڵێکم هەیە
من لەناو باخ و گوڵستان نەو نەمامێکم هەیە
دوو هەناری زەردو سوور و دوو گوڵ و خونچێک ئەدا

دڵ وەکو مەجنوون دەناڵێ وا لەبەر پێ کەوتووە
هەم بە نەشئەی تاس و تورەی پەرچەمت تەسخیر بووە
تۆ کە لەو ساوە بە قەتڵی ئێمە وادەت فەرمووە
وا بە لەرزانەی گوارە دڵ بە لەرزین کەوتوە
زۆر ئەترسم هەڵقەنێ ڕوحم بەدەم ئەم لەرزەدا

تا بەکەی ئەم تاڵی یە ئەی دولبەری شیرین کەلام
بێتو گەر جارێ کەرەم کەی تۆ بە خەندە بێ یە لام
نامەوێ من نەهری کەوسەر یا نەخۆ دارولسەلام
جەننەت و دۆزەخ چ فەرقێکی نی یە قوربان لەلام
من هەتا ماوم ئەگەر شادبم لە ئەم فیردەوسە دا

قەت بەیان نابێ بە نووسین ماجەرای دەردی دڵم
گەرلەلای تۆوە چ ڕەحمەت بێ چ میحنەت قایلم
حاڵ و بێ حاڵیم ئەگەر بێ پێت دەڵێم چۆنە گوڵم
خانەیی سەبرو تەحەمول ڕوو لە وێرانە دڵم،
جار بە جار بۆ قووەتی دڵ ماچی لێوانی ئەدا

چاوەکەم چاوم لە ڕێتە تا سەحەر نانووم شەوێ
ئینتزاری لەلالەیی ڕووتم کە کەی بۆم دەردەکەوێ
هەروەکوو (عەونی) بە قوربان بەرگی شادیت قەت نەوێ
(مەیلیا) گەر مەیلی ڕووی ڕوحی شیرینت نەوێ
هەروەکو پەروانە ڕووحی خۆی بە ڕوویی لالە دا

(١) مەیلی: ناز ناوی شیعریی شاعیری کورد (مەلا سابیری مەلا حەبیب)ە و لەساڵی ١٩١٤دا لە شاری کۆیە لەدایک بووە و ئێستا لە شاری کەرکووک دەژی.

عیشق و ئازادی
پێنج خشتەکی لەسەر
شیعری هێمن

بە هیـوا بووم کـە شـادی بێت و خـەم بڕوا دەمـێکی تر
پزیشکم سـاز بکا بۆ چاری زەخـمـم مـەرهەمـێکی تر
لە ناکـاو ئاسـمـانی گـرتە بەر تۆزو تەمـێکی تر
ئەگـەر چی شـەو درەنگە سـاقی بۆم تێکە کـەمـێکی تر
کـەوا ئەمـشـەو لە ناخم دا سـەری هەڵ دا خـەمـێکی تر

لەدەریای خەم شکا کەشتیم کتوپڕ کەوتە قووڵی ئاو
دەبێ دۆسـتـێک درێژ کا دەست و دەربێنێ منی داماو
دەمـێکە چاوەڕێتم ساقی چاو مـەست شۆخەکەی بێ ناو
لە بادە ئەم ژەمـە تێـرکـە منی تینووی جگەر سـوتاو
بە چی دیارە کـە دەی بینم شـەوێکی تر ژەمـێکی تر!

پزیشکێ دەست کـەوێ وابێ بلـێن دڵپـاک و زانایە
بپـرسن لێ ی نەخـۆشی من ئەڤـینە یا خـۆسـەودایە
ئەگـەر چی خـۆم دەزانم هەوڵ و تێکۆشـان لە خـۆڕایە!
ئەوەندە دەردە دارو بێ پـەرسـتـارم کـە پێم وایە
لەسـەر کـێکی تەمـەن هەڵناکرێ تازە شـەمـێکی تر

بە هیـوای مـژدەیەک بووم بۆم بنێـری چیت نەنارد ئاخۆ
لەگەڵ سروەی بەیان هات ڕادەبرد من رام سپارد ئاخۆ
دوامین بەرژەوەندێکی کـە بۆ خـۆم هەڵبـژارد ئاخـۆ
گـەلێکم ڕۆژگـاری تاڵ و شـیـرین ڕابورد ئاخـۆ
مـەرگ مـەودا دەدا دیسـان ببـینم سـەردەمـێکی تر؟

درێژەی ژینی پڕ ژانم بەخت کـرد بەرژەوەند زانیم
قوتابی خوێندگەی پڕ نرخ و بەرزی (حاجی) و (خانی)م
ئەمن کـۆڵم نەدا ڕۆژێ ئەوەندەی پێم کـرا توانیم!
گـەیشـتـمە سـەر تروپکی ئارەزوو ڕۆژێ کە چی ڕوانیم
لە پێشم دایە زەردو سـەخت و مـاه و ئەستـەمێکی تر

لەسەر کۆهساری دەردو خەم ئەوند بەرزم وەکو هەڵگورد
ئەوەی من ئارەزووم بوو بێت نەهات چی بکەم تەمـەن ڕابوورد
وەکو ئاونگی سەر گوڵ دا ڕژا سەر من خەمێکی ورد،
هەتا چار شـێو بەسـەر تۆوە دەبینم نازەنینی کـورد
بەسـەر بیلبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمـێکی تر

لەبەر زامی بژانگی تیژی دوو چاوی گەلاوێژی
بە ئازارم بە هیوام بەم زووە ڕووکاتە سارێژی
ئەگەر بەکرۆکەیەک پەیدا نەبێ دەم دا لەبەد بێژی
نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژی
دەنا ئێستاش لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر

لە باخی پڕ گوڵی هیوا هەمیشە شادو بێ پەروام
بەرامبەر لالە زاری مێخەک و شەوبۆ بوو ڕاوەستام
ئەوەی هەستم دەبزوێنێ و سەرنجی زۆری ڕاکێشام
پەپوولەی خۆشەویستی ی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام
دەنیشێ و باڵی دەبزێوی لەسەر سینەو مەمێکی تر

بە هیوا بووم لەبەرزی سەرکەوم دێوێک لەڕێم وەستا
فریشتەی پاک سروشتی تالعم جووڵا لەخەو هەستا
بە گیانی پاکی لاوی خوێن ڕژاو، سوێندم بە ئاوێستا
هەزار هێندە پەرێشان و سیا چارە بژیم هێشتا
لە ناو دڵ دا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر

بە ئاشتی و هێمنایی ئاشنام و دژ بە بێ دادیم
لە ئاژاوەو بە شێوی دوور دەبم لایەنگری شادیم
لە کۆڕی بەزم و دڵداری ئەگەر جێم بێ وەکو خادیم
هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

بە هیوا بووم کەوا سروەی بەیان بێت مژدەیەک بینی
لە ناو بێشکەی ئەمەل کۆرپەی جگەر گۆشم کە ڕاژێنی
لە ناخم وەک بروسکە دێت و هەستی من دەجوولێنی
کە فرمێسکم لەسەر ڕوخساری کیژی دڵ شکاو بینی
گوتم: یا خوا لەسەر سەر گوڵ نەبینم شەونمێکی تر

لە ڕۆژێکی کە خۆشم ویستی هەر لەو ساوە تۆ ویستت
هەموو زانست و هەست و هۆش و بیرم بێتە ژێر دەستت
ژیانیشم بە جارێ کردە پێشکەش چاوەکەی مەستت
شەوێکی چاوەڕوانت بووم نەهاتی گیانەکەم ویستت
منی دڵ ناسکی شاعیر بگێڕم ماتەمێکی ترا!

هەمیشە بیر ویادی تۆ دەکەم نەی کەم لە چی بدوێم!
ژیانم بێ بە ئاونگ و لەسەر ڕوخساری گوڵ بڕژێم
ئەگەر ئەسپی ئەجەل هەروا لە مەیدان لنگ بدا دەگلێم
خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێ دا نووسێم
ئەوندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر

گوتم: وا گەیمە لووتکەی چارەنووس سەیری دەکەم دوورم
منی وا لا نەواز و بێ نەوا بێ هێزو و رەنجوورم،
ئەگەر بۆ خۆم نەکەم چاری دڵی تاریک و بێ نوورم
بە تۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا مەرهەمێکی تر؟

چریکەی بولبول و قومری لە گوڵشەن سەروی ئازادە
پیاڵەی پڕ نەبێ شەونم بە پەنجەی ساقی ی سادە
لە شایی جەژنی نەورۆزدا کە نێرگز شادو ئامادە
بەهار و گوڵ، کچ و مانگە شەو و شیعری تەڕو بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر؟!

تاوانی بێ هێز
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری هێمن

لە گوێ بگرە وتەی شیرین و ناسک نەستەق و پەندە
دەمێکە ئەو دڵەی زارم لە چینی پەرچەمت بەندە
لە خەجیان پرسی ڕەش پۆشی؟ گوتی: شینی سیامەندە
لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لە بۆ کوردی پەڕاگەندە،
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە

دەمێکە خەمزەدەی ئەبرۆی کەوانی خان و مانێکم
لەگەڵ پیری موغان ئیمڕۆ خەریکی لێ دوانێکم!
کە چی ئێستا دەزانم ئەو لە بانێک، من لە بانێکم
منی زنجیر پسێن لێرە ئەسیری بسکی جوانێکم
زەمانە گەرچی ئاڵۆز و پەشێوە کەڵ بە موو بەندە

لەبیرم چۆن دەچێت ئەو ڕۆژە بانگی کردم و نەم بیست
خەیاڵی وەک مژی داوێنی کێوێک هات لەسەر سەرنیشت
ئەوندە خۆش بوو لام ناشێ هەتا ماوم لە بیر دەرچێت
گوتی: ئێوارە بازاڕێ وەرە ماچت دەمێ نەم ویست
هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و نازیم بە دەستەندە

ئەوەندەم خۆش دەوێ ی گیانە، ئەوەی بیکەی گلەی ناکەم
ئەگەر غەمزەت هەمووی ئاراستەیی دڵ کەی سوپەر ناکەم
لە ڕۆژێکی کە بیستم لێت گوتت سەرفی نەزەر ناکەم!
دڵم سەد هێندی دیکانە بە نازبشکێنێ دەنگ ناکەم
چ سوودێکی هەیە کێ یە بپرسێ دادو گازەندە!

له گوڵشەن دەنگی ئاهەنگ و سەفایە بەزم و سەیرانە
سەراسەر چەهچەی قومری و هوزار، ئاوازی مەستانە
ئەوەی پێ ی شاد نی یە بڕوا، نەمێنێ لەم هەرێمانە
جیهان و هەرچی خێر و خۆشی یە بۆ هەڵبژاردانە
بە قانوونی تەبیعەت پاشەڕۆک خۆرە ئەوەی گەندە

هەمووی هۆی یەک نەبوونی ودوودڵیم بوو وەک لەڕێم لادا
کە ئێستا وا پەرێشان بوویمە تۆزوگەرد لە ژێر پا دا
مەلا گەر خۆی نەمردبا چۆن کەری دەخورا لە سەحرادا
ئەگەر تاوانی بێ هێزی نی یە بۆچی لە دنیادا
بەشی من ماتەم و شینە، بەشی خەڵکی زەماوەندە

لە ڕۆژێکی کە فەرمووت دوژمنم نامەردو سەر شۆڕە
ئەوێستاش تیشکی ئەدرەوشێ بە ڕووناکی وەکو خۆرە
بە زیندووی تێ دەگەن قەت نامرێ ئەم زاتە پسپۆرە
بە مردوویش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللە پڕ شۆڕە
ئەوێستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە

بە زانست چارەسەر دەکرێ ئەوانەی کۆسپی سەر ڕێمن
ئەوەی بەرد بۆم دەهاوێژی هەموو کاتێک لەژێر پێمن
گوتی: (عەونی) دەبێ بمرن ئەوانەی چاو لە ڕێ و جێمن
سەری تەعزیم لەبەر تۆ دا نەواندن فەخرە بۆ (هێمن)
بژی حاجی کە کێوی هیممەتت سەد هێندی ئەلوەندە!

پێنج خشتەکی لەسەر شیعری هێمن

ئەو دڵەی بێ خەم دەژی ئەی چی دەخوا گەر خەم نەبێ
چۆن لە شادی دوور ئەبێ گەر هۆگری ماتەم نەبێ
ئاشنا زۆر کەم بووە کەس با لە دەورم جەم نەبێ
نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێ کەسی دا خەم نەبێ
چاکە ئەو لێرە وەفای هەرماوە سایەی کەم نەبێ

باسی ڕابردووی تەمەن دێرێکی وای تێ دا نی یە
گەر موتالای کەی بفەرمووی لێرە جێ ی بڕوا نی یە
شین لە باتی شایی یە ناڵێن لە جێ ی گۆرانی یە
لاپەڕەی ژینم هەمووی هەڵدەیتەوە تێ ی دا نی یە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ

شین وهاوار و بڕۆم شێوەی لە (هۆزەی جاف) ی یە
ڕوو بە هەر لایە دەڕۆم شادیم بەرەو ئیتلافی یە
چەک بەکارهێنان دژی من شەرتی بێ ئینسافی یە
ڕەنجی دووری دولبەرم بۆ کوشتنی من کافی یە!
گەر لە دونیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ

ساڵەها دەردی ئەوین چی کرد بە حاڵ و باڵی من
ئاگرێکی چەند بە تینی خستە گیان و ماڵی من؟
پێکەنینی گرت منی دیت دولبەری چاو کاڵی من
کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من
ئەو کەسەی گیرۆدەبی ئەگریجەو پەرچەم نەبێ

دەردو ئازاری ئەوین دیسان سەری هەڵدایەوە
لە شکری خەم هێرشی هێنا سەرم نە پسایەوە!
پێچەوانەی ئارەزووی من بوو کە ڕەنگی دایەوە
ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆ سەییێکی نایەوە
نەم دی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ

ڕۆژگاری بەد ڕەوشت دژ بوو ئەوەندەی پێ ی کرا
چەند لەلام خۆش بوو، بۆ زیندانی ئەوین بردم پەنا
ڕا دەبرد جار جار بە گوێم دەنگی بە سۆزی ئاشنا
ڕەمزی دلداری لە ژینێ فێر نەبوو یارم دەنا
کوا ئەوین دارێ وەفادارێ وەکو من مەم نەبێ؟

کاری بێ ئەنجامە خوو گرتن لەگەڵ تەزویر و غەش
سەیری چەند چەسپە لەسەر بوردی یەمەن خاڵی حەبەش
ئافرەتی لادێ هەمووی ئازادە ڕوومەتسوورو گەش
کیژی شاریمان لە خۆی وەرگرتووە چار شێوی ڕەش
داخەکەم نەمدی لەوێ مانگێکی دەوری تەم نەبێ

ڕەنجەڕۆم ئەی باخەوان من وەک هوزاری سەرچڵم
خۆت دەزانی ڕۆژ و شەو هەر چاو لەدەم خەندەی گوڵم
خەم بە قەد کێوی سەفین نیشتۆتە سەر شان و ملم
شادی جارێکی بە میوانی نە هاتۆتە دڵم!
ڕەنگە خەڵوەت خانەیی خەم شوێنی نا مەحرەم نەبێ

گیان لە ڕێ ی پێشخستنی گەل، بۆیە وامن بەخت دەکەم
هیچ نەوستاوم لە بۆ پێویست لە ڕۆژێ، هەست دەکەم
(عەونی) وەک(هێمن) لە مەیدان ئاگرێ وا هەڵ دەکەم
خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵکا ڕەوشەن بکەم
کێ وەکو شاعیر لە ڕێ ی خەڵکا دەسووتێ شەم نەبێ

گڵێنەی شاعیر
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری
هێمن

١٩٨٧/٨/٢٢

دەنووسم نامــــە بۆیارم بلێ بادی ســـەبا بی با
نیـــشانەی بەخـــتـــیـاریم بوو، ئەگـــەر وازوو جەوابی با
چ خـۆش بوو گـوێم لە ڕەخنەگرتن و نازو عـیـتـابی با
ئەگـەر خـەرمـانی عـومـرم ئێـسـتـەکانە پاکی با بی با
بە مـەرگی تۆ مـچـوڕکـیـشم بە لەش دانایە با بی با

ژیان تاڵاوی مـــەرگی پێ چەشـــاندم لەم نەهاتەی دا
یەکـــەم ڕۆژی ژیانم ســـەرنەکـــەوتم لەم خـــەباتەی دا
بەڵێ کـاکی هونەرمەند ڕاستی فەرموو لەم شکاتەی دا
هونەر گـــەر خـــۆی پەرێشـــانی نەبایە لەم وڵاتەی دا
بەشی مـن بۆ دەبوو چارە ڕەشی و خـــانە خـــرابی با

نەزانی و بەد ڕەوشتی و خوو خراپی باوی سەند ئێستا
کـــەســـێکی کـــارزان وژیر و زانا بوو لە ڕێ وەســـتـــا
نە گـۆڕا ڕۆژگـــار شـــێـــوەی لە ڕابردوو هەتا ئێـــســـتـــا
لە کـوێ حاڵی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆ پەرست ئێستا
ئەگـەر دونـیـا ئوسـووڵ و قـاعـیـدە ونەزم وحـسـابی با!

دەبێ کـــرنووش بەرم کـــاتێ بەیان هات بۆ بڕۆی تاقی
بلـێـم ئەی نازەنینی شـۆخ و شـەنگ مـەشـهـووری ئافـاقی
تکا کـــارم لە کـــووپەت دا ئەوندەی مـــاوە مـــەی باقی
بە جـامێ بادە تێـــر نابم ئەگـــەر مـــەیلت هەیە ســـاقی
گـڵـــێنەی خـۆم دەنێـرمـە خـزمـەتت بۆم تێکە با بی با

دەزانم پێـــشـــەوای ئایین و ئەخـــلاقی جـــەنابی شـــێخ
لە زیکری خـانەقـا مـەشـهـووری ئافـاقی جەنابی شـێخ
لە پاش زیکر و دووعا گەر وەختی ما باقی جەنابی شێخ
وەبەر من نایەڵێ لێـرەش مـەی و سـاقی جـەنابی شـێخ
دەنا لەو لا شـــەراب و حـــۆری با هەر بۆ جـــەنابی با

گەرەکتە ژین و خۆش بەختی دەبێ دژ بی لەگەڵ هەستی
ژیانت خـۆش دەبێ نایێـتـە لات ڕۆژی خـەم و پەسـتی
لەدەس خۆتی مەدە ئەم دەرفەتە مەنوێنە قـەت سـسـتی
هەموو عومری ئەبەد تێ ی دانی یە خۆشی دەمی مەستی
خـدر ئاوی حـەیاتی بۆ چ بوو؟ فـێـری شـەرابی با!

چارەنووسی شاعیر
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری
هێمن

نیگاری شۆخ و شیرینم چ ڕووی دایە کە تۆ ڕایە؟
دەمێکە ئەو دڵەی زارم دوو چاری دەردی سەودایە
بەهەشت بو دۆزەخیش بڕوا بفەرموو ڕاستە هەروایە
بەهاربوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم دەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بەهار نایە!

لە ژینی پڕ لە ژان و دەردو خەم خۆشیم نەدی ڕۆژێ
دەبێ هەر سەرکەوم بۆ بەرزی کێوی ئارەزوو ڕۆژێ
بەڵێن وایە نەوەستم تا مەبەستم دێتەوە دی ڕۆژێ
لە بارانێ مەپرسە تا هەور بگرێ بەری ڕۆژێ
دەبێ بگریم هەتا ڕووی تۆ لە ژێر چارشێوی ڕەش دایە

مەبە بایی بە باڵای بەرزی سەروی سەرکەشت ئاخر
کە ئارام نابێ ماری زوڵف لە ڕووی پشکۆی گەشت ئاخر
ئەگەر چین هێزی خۆی بێنی، ببێتە هاو بەشت ئاخر
هەناسەم لا ئەدا چارشێو و ڕوو بەندی ڕەشت ئاخر
هەور هەر چەندە پڕ بێ کوا حەریفی قودرەتی بایە؟!

دڵی زارم دەمێکە نا بەڵەدبوو کەوتە نێو داوت
تکا کارم کە ڕزگار بم لە چینی پەرچەمی خاوت
ڕەوشت وداد پەرستیت بوویتە نرخی شۆرەت و ناوت
لە ژێر سایەی برۆکەت دا حوکمڕانی دەکا چاوت
لە سایەی دۆخی شمشێرە کە حاکم حوکمی ئیجرایە!

لە ڕۆژانی ژیانم دا لە شادی کوردمت بێ بەش
ئەوەندەم تاڵ و سوێری چێشت هەتا خستمتە چاڵی هەش
ئەویستا شارەزا بوویم و نزیک نابم لە فەند و غەش
لەسەر بەفرێ بەکار نایە وەکو بیستوومە داوی ڕەش
لەسەر کوڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بسکە تاتایە؟!

ئەگەر هێزی سروشت پەنجەی هونەر کاری بجووڵێنێ
بە زەحمەت پەیکەرێکی چەشنی باڵای تۆ بخولقێنێ
دەبێ ڤینۆسی خوای جوانی وەکو تۆ خۆی بخەملێنێ
هونەر ناتوانێ جوانی تۆ بە هیچ شێوێکی بنوێنێ
لەمەڕ مەڕ چۆن دەتاشرێ هەیکەلی ئەم بەژن و باڵایە؟

شەو ڕۆژم هەمیشە لێم جودا نابێ خەیاڵی تۆ
ئەگەر چی خۆم دەزانم سەرکەشی و شۆخی و دەلالی تۆ
لە هەر کوێ بێتە بەر گوێم دەفعەیەک مژدەی ویسالی تۆ
بەڕیشی بۆ زەوە سوجدە دەبەم من بۆ جەمالی تۆ،
ئەدی بۆچی دەیان گوت: دار کە پیربوو تازە دانایە!!

بەڵەد بووم لێت و تۆم ناسی لە ماوەی ژینی تاڵم دا
ئەتۆ قاڵ بوویتەوە وەک زێڕ لەناو بۆتەی خەیاڵم دا
بە شێوەی وا پەشێو باڵای چەمیوی وەک هیلالم دا
بزەت نایێتە سەر لێو و بەزەت نایە بە حاڵم دا
ئەگەر چی زۆر لە مێژ ساڵە لە دووت دەخشێم وەکو سایە!

بەدەستی چەرخی بەد ڕەفتار و بەدکردار گرفتارم
لەبەر زامی برینی کۆن و تازە بە ئازارم
ئەگەر بێ ئاشنایەک ، پێ ی دەڵێم گوێ بگرە گوفتارم
دەزانی بۆچی هێندە پەرێشان و خەفەتبارم؟
لە بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە!

فەلەک بەو خوایە ڕۆژی دەم شکاند چەرخت توانی بام
بەجۆرێ ڕێک و پێکتر دام دەرێژا من کە بانی بام
لەچارە نووسی خۆم داوا دەکرد تووشی نەزانی بام
بە«توتوو»ش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کەزانی بام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت بەشی ئینسانی زانایە

دەبێ خۆم هۆگری ڕۆژی ڕەش و ژینێکی پڕ خەم کەم
خەیاڵی ژینی شادی و بەختیاری من دەبێ کەم کەم
لەمەولاوە خەیاڵی ژینی بێ ژانیش لەسەر دەرکەم
لەگەڵ چارە ڕەشی و دووره بەشی و نەگبەت دەبێ هەڵ کەم
لەمێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەروایە!!

ماچی شیرین

پێنج خشتەکی لەسەر شیعری

هێمن

١٩٨٧/٨/٢٤

ئەگەر بێ پەرچەمی ئاڵۆز و شێواوت لەرووت لاچێ
خەم و دەردو پەژارەم دوور نی یە بڕوا لەگەڵ باچێ
دەزانی خۆشەویستیت.بۆ لەدڵ چەسپاوە دەرناچێ
بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ
بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ!

ئەوەندەم شین و زاری کرد نەبوو دڵسۆزێ لەوشارەی
کە ڕزگارم بکا ڕۆژێ لە دەست ئەم ئێش و ئازارەی
گوتی پێم ئاشنایەک ڕۆژی ئەووەل تۆ سیا چارەی
بە سەد دکتۆر و دەرمان و پەرستار ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لەدڵ ڕاچێ

ڕەفیقان لێم مەپرسن بۆ چی وا شێواو و ئازوردەی
لەداخی چی کە ڕووم کردۆتە ئەم دەشت و کەژو هەردەی
بەگەنجی لۆمەکاریم بۆ دەکەن سەیر بکە لەم دەردەی
دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵ تەڕ ئەو کچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بە مۆدەی تازە هەڵپاچێ!

ئەمن باکم نی یە هەر چەند لە ناو دەریایی غەم غەرقم
لە مەکتەب ڕۆژی ئەووەل دەرسی دڵداری بوو سەر مەشقم
ئەگەر ئێستا دەپرسی لێم لەبەر چی پەست و بێ شەوقم
خەم و دەردی زەمانە پیری کردم، وشک وبێ زەوقم
کە شاعیر وشک وبێ شۆر بوو لە ناو خەڵکی دەبێ لاچێ

لە ڕۆژێکا ئەتۆم دیت خستمە بەر گوێت ئێش و ئازارم
گوتم: گیانە دەمێکە من بە دەردی وا گرفتارم
بە هیچ کەس ناکرێ چارەی ئەگەر خۆت نەبیە خەم خوارم
لە گۆشەی بێ کەسی دا ئێستە وا دڵ تەنگ و خەمبارم
نی یە باکم ئەگەر ماڵم بە جارێکی بە قوڕ.داچێ

لە چەرخی ڕۆژگاردا سەر نزم ناکا ئەوەی مەردە
لەسەد کۆشک و تەلار خۆشتر لەلای ئەو ناو کەژو هەردە
جیاوازیی چی یە بۆ ئەو هەوا گەرمە وەیا سەردە
بەشی کوردێکی زانا لەم وڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتوبست بڵێ ڕەببی بەدەردی کوردی زانا چێ

ئەوەی زانایە داماوە لە هەست و فیکری تۆ هێمن
لە ناو کۆڕی ئەدیبان دێتە مەیدان زیکری تۆ هێمن
لەلای (عەونی) بە نرخە وردە کاری بیکری تۆ هێمن
لە ناو بازاڕی ئەوڕۆ کەی ئەدەب دا شیعری تۆ (هێمن)
وەکو پوولی چرووکە هیچ ڕەواجێکی نی یە و ناچێ!

* * *

وەرە مەی گێڕ

پێنج خشتەکی (عەونی) لەسەر شیعری (هێمن)

هەر بە شادی گەڕەکە پەستی لە دڵ خۆم ڕەم کەم
یار لە باوەش بگرم سەیری سەرو پەرچەم کەم
بۆ مەزە دەم دەمە ماچێکی لە لێو و دەم کەم
وەرە مەی گێڕ دەمەوێ ئەمشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لوزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم

کاتێ بۆتیری موژەت سنگی منت کردە نیشان
چەند ی پاڕامەوە لێت سوودی نەبەخشی گریان
چونکە دەرمان نەکرا زوو کتوپڕ هاتنە ژان
تەشنا بوونەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە بە مەیی کۆنی دەبێ مەرهەم کەم

نازو عیشوەت مەفرۆشە بەسە ئەی شۆخی دەلال
تۆ کە هاوتات نی یە جوانیت گەیی یە حەددی کەماڵ
گەر بکەم باسی قەدو کولمی گوڵ و چاوی کەژاڵ
مشت ومالی دەوێ ئاوێنەیی ژەنگاوی خەیاڵ
مەست وگێژم کە هەتا گاڵە بە جامی جەم کەم

چارەنووس ڕوو کەمە کوێ چەند لە شوێنت دەگەڕیم
ڕۆژگار تۆقی ستەم بەستی لە دوو دەست و لە پێم
ئاشنا و دۆست و هەڤاڵم، هەر کەسی پرسی لە کێم
ئێستە بۆ چارەیی خەم گۆشەیی مەیخانەیە جێم،
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم

دەمەویست بیخەمە ڕوو بیر وتواناو هەستی
دژ بوەستم لە هەموو کاری بەبێ جێ و سستی
خۆم بە دوور گرت لە خەم دەردو پەژارە و پەستی
تا نەڕووخاوە بلا پڕ بێ لە خۆشی و مەستی
تازە پێ ی ناوێ ئەمن هۆدەیی خۆم مەحکەم کەم

وا لە ژێر باری خەم و دەردو کەسەرا چەمیوم
لە هەموو ڕێگەیەکی ترسی هەبوو تێپەڕیوم
ئێستە وەک ئاسکێ ڕاوی بکرێ وا ڕەمیوم
چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا تێ گەیوم
لەم وڵاتە هەموو شتێ زۆرە بەنی ئادەم کەم

سۆزی دڵداری و لاوێتی لەسەر نا سڵەوێ
ڕوو لە هەر لایێ دەڕۆم خۆی دێ بە شوێنم دەکەوێ
یادی ڕۆژانی لەمەو بەر مەکە بۆ دەردەکەوێ
پیرو بێ هێزم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەرو ماڵم بە فیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم

سەرو ماڵ، گیان وژیان پێشکەشی چاوی بەڵەکە
دڵنیا نیم شەوو ڕۆژ ساتێ لەدەست ئەم فەلەکە
ئێستە وەک گەنجینەیە باس لە ڕابردوو مەکە
داستانی مەم و زین کۆنە، کچێکم گەرەکە
شلکە ڕانی بگوشم بۆنی لە سینەو مەم کەم

وەک زەدەی دەستی پەری سەردەمی زو کەتمە کێو
وێڵ و سەر گەشتەوو ئاوارە، وەها زارو پەشێو
ئێستە بەم پیری یە کەوتوومەتە دڵداری بە نێو
من لە جوانی دەگەڕێم تێپەڕە زستانی دزێو
کچ کە ڕووم نادەنێ با سەیری گوڵ و شەونم کەم

(عەونی) هوشیار بە نەسووتێ ی و ونەچی ڕوو بە فەنا
ئاگرێکە گڕی بەرداوە لە دارو دەوەنا،
ڕوو لە کوێ کەم کە نەماون نەحەشارگە و نەپەنا
شەڕە بایە لە چیاکان و هەوا تووشە دەنا
وەکو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

چوارینەکانی عەونی

چوارینەکانی عەونی

ئەگەر دەردی دڵی خۆم هەڵبڕێژم
دەزانم زۆر خەم و ئازار دەچێژم
بەڵام من لێ بڕاوم وا لەلای تۆ
هەموو ڕازی نهێنی خۆم دەبێژم

**

لە من دڵگیرە دڵدارم لەسەر چی؟
ڕەوای بینیوە ئازارم لەسەر چی؟
گریمان ئێستە کاری نا بە جێم کرد
ئەدی ئازارەکەی پارم لەسەر چی؟

**

بە چاوی مەستی تۆ سەر خۆش و مەستم
لەسەر خۆشی دەبزوێ بیرو هەستم
لەناو بۆتەی ئەوین قاڵم وەکو زێڕ
وەهای دارشتووم وەستای ئەلەستم!

**

لەبەر هەڵمی هەناسەم ڕووت لە مژ ما
کە ڕۆژی من لەژێر دەسرۆک و قژما
دەمم برد بۆ دەمی، نەم زانی ناکاو
لە دوو لا ماری ڕەش هاتن بە گژما

**

گوڵێکم دیت لەتافی نەو جەوانی
لەسەر تەختی بەهاری شادمانی
گوتم: ئەی گوڵ مەبە بایی و بترسە
کە تۆ مەحکوومی بایێکی خەزانی!

**

لە خەوما چاوەکەی کاڵت لە خەوما
وەکو بەختی ڕەشی من هەر لە خەوما
بە زەبرو زەنگی گێتی نەی توانی
ئەمن لادا لە ڕێ ی ڕاست و پتەوما

**

ئەمە پەندێکە نرخی زۆر گرانە
گەلێ سوودی هەیە چاکی بزانە
نەزانە،کەودەنە، نا خوێنەدەوارە
ئەوەی نەی خوێند لە دانیشگای زەمانە

**

هەڵی کرد ئاه و ناڵەی بەر بەیانم
سەری کرد جۆگە خوێنی چاوەکانم
لە گەرمی سۆزی سینەی خۆم دەترسم
کە ئاگر بەر بداتە جیسم و جانم!

**

چەهچەی بولبول لەناو باخی گولان
شۆرشێکی خستە ناو خاوەن دڵان
باخەوان بۆ خۆی بزانی نرخی گوڵ
بەرگری ناکا لە زاری بولبولان!

**

کە من پرسیم لە یاری نازەنینم،
گوتم: تۆ کێ ی؟ گوتی: من خاتو زینم
گوتم: گیانە منم مەم خۆت دەزانی
دەمێکە بەندی زیندانی ئەوینم!

**

گوڵ ولالە لەباخ و جۆبە باران،
بە شەونم مەست دەبن وەرزی بەهاران
گوڵی من وا دەباری خەم بەسەرما
لە پایز وەک گەڵا ڕێزانی داران!

**

لە مەی گێڕ بگرە بگرەی جامی مەی بێ
لەنەی ژەن دەنگی سازو عودو نەی بێ
لە کۆڕێکی وەها پڕ بەزم و شادی
بە قوربانی هەزار جەمشید و کەی بێ

**

قژی کاڵی لە دەوری گوڵشەنی روو
پەرێشان بوو وەکو سەربازی هیندوو
لە باخی سینە شەو کاتی بەیانی
کە دەستم کەوتە سەر دوو دانە سنجو

**

گوتی زولفم؟ گوتم: داوی بەڵایە
گوتی: ئەبرۆم؟ گوتم: تیغی فەنایە
گوتی: کولمم؟ گوتم: بۆ شەو چرایە
گوتی: لێوم؟ گوتم: کانی بەقایە

**

لە لانەی شێرێ پرسیم کوانی خێوی؟
کە دەنگی هات، گوتی: ڕای کردە کێوی
گوتم: بۆچی؟ گوتی: بۆچی مەپرسە؟
لە ترسی زەبرو زەنگی دێڵە ڕێوی!!

**

شەوە تاریکە، سەختە ڕێ ی خەباتم
کە من دوچاری ڕێ ی هات و نەهاتم
دەکۆشم تا گزنگی تیشکی هیوا
سەری دەرخا لەئاسۆی خۆر هەڵاتم

**

به پەیکانی موژەی ئەنگا و تراوم،
ڕەوی کرد دڵ لە لانەم دا بڕاوم
گەرەکتە گەر نێچیری خۆت ببینی
بچۆ شوێن ڕێچکەیی خوێنی ڕژاوم!

**

بەیانی دا لە ناو باخی بەیانی
بەیان دەکرێ وەرن نرخی بەیانی
بە هەرچەند بیفرۆشن گەر بەیانی
منم کڕیار بەیانی و دوو بەیانی

**

منیش هاتم سەرم هێنا لە ڕێ دا
لەبۆ سەر خاکی ژێر پێ ی تۆم فڕێ دا
خودا پێدابوو بەختم چاکی هێنا،
کە بەر شەق کەوت و ئەمجا نرخی پێ دا

**

گوتی: عودو کەمانت بێ گوتم:نەی
گوتی: جامی شەرابت بێ گوتم: مەی
گوتی: گوشتن سەوابت بێ گوتم: دەی
گوتی: ماچێ خەڵاتت بێ گوتم: کەی ؟!

**

نە سەرخۆشی مەی و وێسکی و شەرابم
نە گوێ دێری نەی و چەنگ و ڕەبابم
بە یادی چاوی مەستی تۆ هەمیشە
لە ناڵینی دڵەی پەستم خەرابم

**

لەسەر چڵ دا کە گوڵ شۆخ و قەشەنگە
لە شوێن خۆی دا کە بەرد قورس و بە سەنگە
گوتەی نەستەق بە کوردی وا دەبێژی
کە دۆزەخ هەر وەکو خانەی بە جەنگە!

**

بەڵێنی داوە یاری نازەنینم!
لە کاتی مەرگ دا بێتە سەرینم
ئەگەر ڕاستە بە جێ بێنی بەڵێنی
لە نوو دەست پێ دەکا دووبارە ژینم

**

لە ڕاکردن وەکو ئاسک بە بازی
لە نێچیر گرتنا شاهێن و بازی
ئەتۆ تاکی لە نازو عیشوە بازی
ئەتۆ ڕوگەی دڵانی جێ ی نیازی

**

بەهاران بولبولی ئەو خونچە زارەم
لە هاوین قومری ئەو بالاّ چنارەم
لەپایز جێگری پەروانە زستان
کە بالّ سووتاوی ئەو لالە زارەم

**

بنەوشەم دیت کزو داماوو خەمبار
گولّم دیت شادو ڕووگەش دەم بەخەندە
نی یە زانایێ تاکو لێ ی بپرسین
گەلێک زۆر چارە ڕەش یەک بەهرە مەندە

**

دلّەی ئاسک لە ترسی چاوی بازی
لە ڕاکردن تەماشای ڕەوت و بازی
خەیالّی خاوە دەرناچێ لە دەستی
مەحالە لەم هەرێمە سەر فرازی

**

کزەی بادی سەبا ئێمشەو بەیانی
لە گولّزارا کە مژدەی خۆشی هانی
گوتی: خونچە بەسەدناز لێوی پشکووت
هوزاربش کەوتە بانگ و نەغمە خوانی

**

ماوەییێکی زۆرە بۆ یەک تاکە گولّ
پشکنیم باخ وگولّستان چلّ بە چلّ
داخەکەم هیوام بڕا دەستم نەکەوت
زۆر کەسی تر ئەم مەبەستەی بردە گلّ

**

سەیرە لام کوردێک ببێژم بێ خەمە
خانومانە خورەم و خاتر جەمە!
پێکەنین بۆ ئەو حەرامە شێت نەبێ
شین و ڕۆ ڕۆیە لە چوار لا ماتەمە

**

دەمێک بۆ خۆت دەمێک بۆ خوا بکۆشە
کە هەردوو دەم وەکو یەک بۆ تۆ خۆشە
لە هەردوو لاوە گەر نا بەهرەمەندبی
بە بێ هوودە ژیان جێگەی پەرۆشە

**

لە دەست ئەم چەرخە زانا زۆر کەسادن
هەمیشە دیل و پەست و نامرادن
بەلّام نادان و پەست و لات و خوێری
هەمیشە بەختیار و بەرزو شادن!!

**

کــــه شــــادی هات لام نا شــــارەزا بوو
لە ناچاری لە گـــۆشـــەی دڵ خـــزا بوو
خـــەمی لێ هاندە دەم ئێـــستـــا دەری کـــا
یەخـــەی بگرێ کـــە شـــایانی ســـزا بوو!

**

لەگـــەڵ خـــەم ئاشنا بی و گـــۆشـــە گـــیـــر بی
لە شـــادی دوور لە خـــۆشی پەست و زویر بی
بــڵــێ: خـــــەم ئاشـــنایە، ئاشـــنایە!
لە تەنگ دەســـتی ئەوەی دۆســـتی لە بیـــر بی

**

بەرەنجی خـــۆت پەیاکـــە نانە جـــۆبێ
گـــەلێ خـــۆشـــتـــر لە چێشت و نانی دونان
لە کـــوخێ گـــەر بژی ئازاد و ســـەربەست
مـــەچۆرە کـــۆشکی نامـــەرد بۆ پشـــوودان!

**

بە هیـــوای گـــەر لە ژین دا بەخـــتـــەوەربی
لە گـــوێت بگرە کـــوڕی لاو، پەندی پیـــران
گـــەرەکـــتـــە ســـوود مـــەند و بێ زەرەر بی
بکـــە پەیڕەو ڕەوشـــتـــی چاک و پیـــران

**

گـــوڵی ژاکـــاوی شـــادیم هەڵـــوەری
مـــەلی ئاوات و هیـــوام هەڵـــفـــڕی
بۆیە وەکـــو شـــێت لە کـــۆهســـاران!
یەخـــەی ئارامم ســـەراســـەر دڕی

**

دڵم وەک خـــونچـــەی لێـــوی تۆ تەنگـــە
ڕۆژیـــشـــم شـــــەوە، تـــاریـــکـــە، زەنگـــە
ســـەری من گـــۆیە، قـــەدەمیش چەوکـــان
یاری پێ دەکـــا، ئەو شـــۆخ و شـــەنگـــە

**

نیگاری بێـــســـتـــوون دەست کـــردی فـــەرهاد،
لە ســـەد لا وێنەی شـــیـــرینی کـــێـــشـــا
بە هیـــوای دیتنی ڕۆژێـــک ببێ شـــاد
کـــە یاری شـــیـــرنی دیت بۆ تەمـــاشـــا

**

ئەو کـــەســـەی گـــیـــانی بەخت کـــردووە
لە ڕێ ی ئازادی گـــەڵ دا مـــــردووە
وێنەی لە چاوگـــەی ئاوێنەی مـــێـــژوو
وا نیـــشـــان دەدا کـــە هەر زیندووە

ڕێزو پیاوەتی هەر بە بەخشینە
بەهەشت وەرگرتن، بەخوا ناسینە،
هەر کەس بەخشین و خوا ناسی نەبێ
مردنی سەد جار چاتر لە ژینە!!

**

دولبەر پێ ی گوتم: بۆچی غەمگینی
گرفتاری کام شۆخی شیرینی
هەستام ئاوێنەم بۆ هێنا گوتم:
«لە ئاوێنەدا تۆ کێ دەبینی؟!»

**

لە ساوایما تاکو بووم بە پیر
زۆرم بیستووە لە زاناو و لە پیر
شادی و سەربەستی ژیان و خۆشی
ئەنجامی کارە لەلای پیاوی ژیر!

**

ساقی پیالە بۆدڵەی غەمگین!
بەڵکو شاد دەبێ دەردەچێ لە شین
دەنگی گریانی بە جێ خۆشترە،
نەک لە جێ نەبێ قاقای پێکەنین!

**

ساقی پیالە تا خۆم بکەم مەست
چەند ڕۆژێک ژینەبا نەڕوا لە دەست
چەرخی ستەمکار نەی بەخشی بەکەس
دڵێکی بێ غەم، ژینێکی سەربەست!

**

پاش مردن کاتێک، کۆ دەکرێنەوە
لە گۆڕەپانی لێ پرسینەوە،
هەرکەس دەفتەرێک دەدرێتە دەستی
دەڵێن: «کردەوەی خۆت بخوێنەوە!»

**

پرسیان لە ژاڵە، بۆ هێندە تاڵی،
وەڵامی داوە لەبەر برا مردن!
پێیان گوت: گوڵت بۆ هێندە ئاڵە،
پێکەنی گوتی: بۆ دۆست ودوژمن!

**

عەونی واپیر بووە بێ یاوەر و یار ماوەتەوە!
ئاشنایان هەموو ڕۆیشتن و کەس نایەتەوە!!
ئەوە کاروانێکە لە ڕێ دایە بەبێ ڕاوەستان
لەو دەمە ئادەم و حەوا بووە نە پساوەتەوە!

**

من کــه کــوردم کــەی لە ئازادی وەها بێ بەش کــرام
ئەو دەمــەی مــاف بەش کــرا، ئەو ڕۆژەبوو من بەش کــرام
هاتەکــار لەوح و قــەڵەم بۆ چارەنووسی مــیللەتان
من حــەواڵەی ئینگلیــزی ڕووسپی ڕوو ڕەش کــرام!

**

هەر کەسێ خولیای سواری کەوتە سەر ئاوزینگ و زین
ئەسپی خۆی باتاو بدات و بێتــە مــەیدانی بەزین!
تا بە خوێنی زامــەوە بەرگی سپی خۆی سوور نەکــا
قــەت خــەیاڵی وا نەکــا ڕۆژێ ئەگــەر دەرچێ لە شین

**

گــەر قــەڵەم بۆ گــەل نەنووسێ خۆی نەکــاتە ڕابەری
خوایە هەردوو دەستی بشکێ ، کوێر بێ چاوی نووسەری
هەستــیــارێ، هەست نەکــا ئازار و دەردو ژانی گــەل
پێ ی بڵــێن: «بیژووی ئەتۆ لەم ئاوو خاکە بێ بەری!!»

**

گــوڵ کــە بایی بوو بە شۆخی و ڕەنگوڕوو زوو هەڵوەری
دەستــە دەستــە کــەوتە بازاڕ کەس بە پولێ نەی کــڕی
دەردی بایی بوون بەڵایێکە کــوشندە و بێ ئەمــان
تا ســەری نەشکێ لە ســەد لا دەستی لێ هەڵ ناگــرێ

**

شــەرتە کــردوومــە ئەمن قــەت شوکری نا چاری نەکــەم
هەوڵە دەم گــیــرو گــرفــتــێک بێتــە ڕێم چاری بکەم
خــاوەنی مــافی ڕەوام، چاوم لە مــاڵی کــەس نی یە
هەر کێ کــۆسپ بێ لە ڕێگام تووشی ئازاری دەکــەم

**

بەخــتــیــاریم گــەرەکــە بۆ گــەلەکــەم وێڵی ئەوم
وا خــەریکم بە شــوێنیــا دەگــەڕێم ڕۆژ و شــەوم
بێ جــیــاوازی لە هەر لاوە کــە دەستم بکەوێ
ڕەنگ و ڕووی چۆن بێ مەبەستم نی یە لێ ی نا سڵــەوم

**

ڕۆژی حــەشرە شــەرمــە زارم ڕووم نی یە ســەر هەڵبــڕم
دەتکە جــۆبێ چاکــە شک نابەم پەنا بۆکــوێ بەرم
بەم هەمــوو تاوانی کــردوومــە نەجــاتم چۆن دەبێ؟
گــەر لە لای یەزدان تکا کــارم نەکــا پێــغــەمــبــەرم!!

**

هێندە بەدکــارە فــەلەک بۆیە لە ئەو بێ ئەمــەلم،
جــارەها ئاگــری بەرداوەتە خــەرمــان و خــەلم!!
وەکــوشــابازێ بەســەر چۆل و چیــادا دەفــڕیم
باڵی بەستــووم و بە ناچاری یە ژێر دەستی قــەلم!

**

له گوڵشەن چەهچەهەی بولبول دەزانێ شینی گوڵ ناکا
گوڵیش هەر پێکەنینی دێت و گوێ بۆ دەنگی شل ناکا
لەبەر ئازارو دەردی بێ وەفایی گوڵ نی یە بولبول
لە ترسی باخەوانە ئاشیانی خۆی لە چڵ ناکا!!

**

هەموو دەردێک کە دەرمانی هەیە غەیری برا مردن
کە ناسۆری دڵە قەت ناکرێ چاری هەتا مردن
فەلەک بۆ خۆی کەسێکی گەر دەمرد مەعلووم دەبوو ئەوسا
کە زوو وازی دەهێنا ئەو لە کاری نارەوا کردن!

**

چرام ناوێ وەکو پەروانە تا باڵم بسووتێنێ
گەرەکمە ئەو لەتاریکی شەوا خۆی دابگیر سێنێ،
لە بۆی ڕووناک بکا ڕێ ی تەنگو تاریکم کە بتوانم
بە ئازادی منیش پێ ی دا بڕۆم ونەم خلیسکێنێ!

**

دەبا چاو هەر بڕێژێ تاکو خوێن وەک لالە دەروێنێ
هەتا بەر بەستی ئەم دەربەندە بەم لافاوە دەشکێنێ
شەپۆلی چەند بگاتە دەشت و ئەم چۆل و بیابانە
لە جێ ی خاری موغیلان دڵنیام هەر لالە دەڕوێنێ!

**

بە چەندان دولبەرانی شۆخ و شەنگ ڕۆژانی لاوێنی
یەکێکی نەی توانی تۆزێ هەستی دڵ بجووڵێنی
تۆمەز گیرۆدەیی سیحری نیگارێ بوو لە پەنهانا،
بە ئەفسوون چاوی بەستا بوو نەبوو ماوەی هەڵی بێنی

**

ڕۆژگار خۆی بەد خووە هەر حەز لە دڵگیری دەکا
درۆیە یادی میهرەبانی و ئاقڵی و ژیری دەکا
کاکە دەروێش دەرفەتە ئەو شیعری (عەونی) م بۆ بڵێ
باسی ژینی کاتی لاوی و سەردەمی پیری دەکا!

**

گەر ژیان ماوەم بدات ئەی پیری من پەیمان دەکەم
ببمە کۆیلە بۆ خەرابات خزمەتی ڕەندان دەکەم
دەی خەمە ژێر پێمەوە بەر ماڵ و تەسبیح و عەسا
تاکوماوم هەم نشینی شۆخ و چاو مەستان دەکەم

**

مژدە بدەن بە یاران بادی سەبا لەڕێ یە
هود هودی خۆش خەبەر هات نامەی ویصالی پێ یە
ئەی مەلە دەنگ خۆشەکەی خۆشتر لە دەنگی داوود
گوڵیش وەکو سولەیمان خاوەنی دەست وپێ یە!

**

هێــــزی تاریکی شکاو شـــەو خـــۆر هەڵات
دژ نەوەســتێ کـەس بەرامـــبەر خــۆر هەڵات
چـەنـدە خـــــۆش بـوو وەک بـەیانـی دا بـەیان!
هەرکـــە بیـــــستی شـــەو بە ڕاکــردن هەڵات

**

ئـەوانـەی شـــۆخ و شـــەنگ و دڵ ڕفـــێنن
هەمـــوویان ســـەرکـــەش و پەیمان شکـێنن
فــریبـــیـان قـــەت نە خـــۆن وا نـاسـراون
ئـەوانـە تاقـــــمـــــێکن بێ بەڵـێنن!!

**

مـــــەیلی گـــوڵ ناکـــــەم و زوو هەڵ دەوەرێ
بۆ هەمـــوو دەنگی کـــە بێت گــوێ دەگـرێ
بـاخـــــەوان چۆنی مـــــەبەست بێ وایە،
هەمـــوو کـــەس مـــافی هەیە لێ ی بکرێ!

**

وەڵامـی دایـەوە گـــــــوڵ ڕۆژێـکـە یـان دوو
ژیانـی تاڵـمـــــان هاکـــــا بە ســـەر چوو
دەمـــــێکە خـــــۆش ڕابوێرین کێ دەزانـی
بـەســـــەرهات چۆن دەبێ ڕۆژێ نەهـاتـوو؟!

**

خـــۆ گـــرتن و نـەبەزین لـەهـەرکـــارێک
ئەت گـــەیەنی بە هیـــوا و ئامـــانج جـارێک
هەرکـــەســێک کـــۆڵ نەدا کـــاتی ژیان
ئـەو کـــــە بێ ترســـــە لـە هـەر دژوارێـک!!

**

دەرمـــــانی دەردی دەمـــاغ نـەخـــۆشـــان
زۆر بـوو لـە کـــۆڕی قـــەڵـەم فـــرۆشـــان
شـــووشـــەیەک شـــەڕاب لـە خــوێنی لاوان
هـەرزان دەفـــرۆشن بـە بادە نـۆشـــان!

**

من گـــوڵێکم لـە چیـــمـــەن بۆن خـــۆشم
مـــاچی لێـوم بە گــــران دەفــرۆشم!!
ئـەو کـــەســـەی خـــۆشی دەوێم چەشنی هوزار،
ڕابکێـــشێ ســـــەرنج و هـۆشم!!

**

من خـومـاری چاوی مـەستی دولبـەرێکم مـوو قـەدە،
شێـخی سـەنعانیش زەمـانێ بوو بە کـوبلەی مـەیکەدە
هەر دڵە سـۆزێکی تێکەوت هەر سـەرە سـەودایەکـە
با نەشێوێ لێ ی گەڕێ وەک خۆی بێ دەستی لێ مەدە

**

دوو دەستم هەردووگیراوە بە زوڵف وگەردەنی ساقی
پیاڵە وەرگرم کامیان بەرەڵڵا کەم لە لام شەرمە
سەرینم گەر نەبێ باکم نی یە فرمێسکی دوو چاوم
بەشەو نەرمی دەکا وەک لۆکە ئەو بەردەی لە ژێر سەرمە
لەفارسییەوە وەرگیراوە

**

تەرکی شیعر و ئەدبیم کردووە بۆ بێ ئەدەبی
کەسبی مادده شەرەفی چی هەیە بۆ موکتەسبی
هەر کەسێک جەوهەری زاتی لە وجود مونعەدیمە
اعتباری نی یە بۆی چی بووە ئەصڵ و نەسەبی

**

وە نەوشەم دیت کزو داماو وخەمبار
گوڵم دیت شادو ڕوو گەش دەم بە خەندە
نی یە زانایێ تاکو لێ ی بپرسین
یەکێک وا چارە ڕەش یەک بەهرە مەندە!

**

هوزارێکم لە باخی کوردەواری
بەهار ڕۆیی گوڵی هیوا نەپشکووت
لە هاوین دا لەبەر گەرمای تەمووزا
چلەش ڕۆیی گەلاوێژ هەر نە ئەنگووت!

**

بژی ئازادی، ئازادی خواهان
بمرن زۆر داران، بمرن بەد خواهان
کە هێزی میللەت گشت یەکدی گیر بوو
دەرکەوت زاڵم چلۆن حەقیر بوو

**

دەمەویست لەگەڵ عەرەب برا بم
لەم نیشتمانە وەک هاوبەش وا بم
بەڵام ئەو ویستی کە من بێ بەش کا
هەڵەی کرد منیش وا ڕازی نابم!

**

بەبۆنەی بەیانەکەی ١١ی ئادارەوە نووسراوە

حیزبی بەعسی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کورد
بۆعەرەب ئەو پێشەوایە، ئەم لە ڕێ ی داهاتی کورد
ئەرکی سەرشانیانە هەردوو تێ بکۆشن وەک برا
ئەو لە بۆ وەحدەی عەرەب ئەم بۆ یەکێتی وڵاتی کورد

* * *

له چوارینەکانی خەیام

دەڵێن: ئەوانەی چاک پاک دەبنەوە
چۆن دەمرن وەها زیندوو دەبنەوە
هەر لە ئێستاوە من ویار و مەی
تاکو لەودنیاش تێ هەڵ چینەوە

***

لەبەر دڵی من گیانە هەستە زوو
دانیشین دەمێ جوانی شیرین خوو
با پێکی شەراب نۆش کەین بەر لەوەی
بیکەن بە گۆزە، گڵی من و توو

***

چی دەبێ سبەی؟ هیچ کەس نای زانی
ئیمڕۆ ڕابوێرین بە شادمانی
گیانە مانگە شەو مەی نۆش کەین، کە مانگ
دێتەوە و جێگای ئێمە نازانی

***

کە ناخۆیتەوە مەستان مەشکێنە
بنچینەی فڕو فێڵ دا مەزرێنە!
تۆ بایی مەبە کە ناخۆیتەوە
کردەوەت هەموو ئابڕوو تکێنە!

***

بە وێنە و دیمەن شۆخ و جوانم
لالە ڕوو بالا سەروی ڕەوانم!
ئاشکرا نەبوو لە جەرگەی خاکا
بۆ دروست کرام؟ بۆچی؟ نازانم!

***

من و ساز ژەندو کوخی ڕماوم
گیان،دڵ، پیاڵەی پڕ مەی کراوم
نە هیوای ڕەحمەت نەترسی عەزاب
ئازاد لە باو خاک، ئاگر و ئاوم

***

لە چیمەن هەورە، باران و نێ یە
بێ پیاڵە و مەی ژیان لە کێ یە؟
ئەم سەبزە زارە سەیرانگەمان بوو
سەبزەی خاکی من سەیرانگای کێ یە؟

***

ئەم شانشینەی جێی بە زمی جەم بوو
ئاسک لانەی کرد تیایا جەم بوو
بارام کە پیشەی هەر ڕاوی گۆر بوو
گۆڕ نێچیری گرت ناوی بەهرەم بوو!

لە گێتی گیانی هاتی بە ڕێک کەوت
سەرسام لە پێنج و چوار و شەش و حەوت
مەست بە نازانی لە کوێوە هاتووی
ناش زانی بۆ کوێت دەبا چەرخی چەوت؟

***

ئەم کەونە کاتێک هاتە کایەوە
هەر کەس بە جۆرێ لێکی دایەوە
بەڵام تا ئێستا لە ڕوویی ڕاستی
هیچ کەس نەی زانی هەروا مایەوە!!

***

ئەم کۆنە سەرای کە گێتی ناوە
جێگای سانەوەو تاریکی و تاوە
شانشینێکە تەختی بەهرامە
بەزمێکە جەمشید سەری سوڕماوە

***

ئەم دوو سێ ڕۆژی ژینی ڕابردوو
وەک ئاوی جۆگا و گەردو بای دەشت بوو
خەمی دوو ڕۆژم بە یاد دا نەهات
ڕۆژی ڕۆیشتوو ڕۆژی نەهاتوو!

***

بەر لەمن و تۆ چی بوو چی نەبوو
شتێک پێویستە بیزانی ئەتوو
هەرچی پێ دەنێ بەسەر ڕووی زەوی
بیلبیلەی چاوی جوانێکە وەک توو

***

بەرد بە ڕووی دەریا تاکەی باوێژم
بۆ بت پەرست، کەنیشت، چ بێژم؟
کێ دەڵێت خەیام جێ ی ناو ئاگرە؟
ئاگری بەهەشت، کێ چوو، هات، بێژم؟

***

ئەم پیاڵە بە ئەرک دروست کراوە
مەست بۆ شکانی فتوای نەداوە
دەست و سەرو پێ ی چەند نازەنینە
بەرهەم هات بەناز بەقین شکاوە

***

ئاونگی نەورۆز شووشتنی ڕووی لالە
مەی گێر بۆم پڕ کە جام و پیاڵە
ئەم سەوزە زارەی فەرشی ژێر پێ یە
ئێمەش کە مردین ئەوەمان حاڵە

***

نەورۆز پیاڵەت پڕ مەی گوڵ ڕەنگ بێ
هاوڕێت جوانێکی زۆر شۆخ و شەنگ بێ
مەی نۆش کەو شاد بە ئەم کۆنە چەرخە
دەت دا بە خاکا زوو یا درەنگ بێ

***

چەرخ بەئارەزووی هونەرمەند نەبوو
حەفت بێ یان هەشت بێ فەلەک لەلای توو
بمرین بەر لەوەی پێک بێ ئارەزوو
چ گورگ بمان خوا چ مارو مێروو!

***

خاکەکەی ژێر پێ ی هەر هەرزەکارێ
پەنجەی شۆخێکە و گۆنای نازدارێ
هەر خشتێ لەسەر چینی دیوارێ،
دەستی وەزیرە و سەری سەردارێ!

***

خوا کە مرۆڤی دروست کرد بە ناو
بە وێنەی ئێستا هێنایە بەر چاو
گەر ڕێک و پێکە بۆ دەی شکێنێ
گەر ناتەواوە کێ یە لێ پرساو!!

***

کەس لە نهێنی سروشت تێ نا گا
تەنیا گیان نەبێ هیچ کەس پێ ناگا
جێ ی سانەوەمان ناو جەرگەی خاکە
مەست بە هیچ کەس لەم چیرۆکە ناگا!

***

نوست بووم مەردێک لە خەو پێمی گووت
خونچەی شادی کەس لە خەو نەپشکووت
مەست بە بێ گومان ژێر خاکە جێگەت
هاودەمت مەرگەو ئەجەل دێتە دووت

***

لەو جغزەی ئێمە کە لێ ی دەر دەچین
نەسەری دیارەو نە دووایی یەقین
لە ڕوویی ڕاستی، هیچ کەس نازانێ
لە کوێ وە هاتین لە بۆ کوێ دەچین؟

***

گەر پەری ڕوویێک وەرزی بەهارێ
جامێک مەی بدات پێم لە گوڵزارێ
هەر چەند لەلای خەڵک زۆر ناشیرینە
نا مەرد بم ناوی بە هەشت بەم جارێ

***

ڕێک کەوت ڕێم کەوتە کارگەی گۆزگەر
دیم لە دەوری چەرخ وەستای پڕ هونەر
لە کەللەی پاشا و لەدەستی وەزیر
بۆ گۆزەی دەکرد ، مل و دەست و سەر

***

گیانە با نە خۆین خەمی بەیانی
بژمێرین کاتی ژین بە هەرزانی
هاو ڕێگای مردووی سەد هەزار ساڵەین
کە مردین سبەی بەبێ گومانی

**

هەروەک نەبوونە بوونی ئەلەستی
ژینی پڕ گومان دانیشی پەستی
جامێ وەرگرین لەم خەرا باتە
بێ ئاگا دەمرن هوشیار ومەستی

***

ساقی سەوزەو گوڵ زۆر شادمانن
چەند ڕۆژێک دەژین، بەرەو نەمانن
هەڵسە بخۆوە تا چاو بڕ دەکا
سەوزە بوویتە پووش گوڵ داوەرانن

***

ڕابردووی ژینم پڕ تاڵی و خەم بوو
ناخۆشیم زۆر و شادیم کەم بوو
سوپاس بۆ یەزدان هۆی دەردو بەڵا
هەر چەند پێویست بوو لەلای خۆم جەم بوو

***

بەهار لە چیمەن گۆشەی گوڵزارێ
دانیشتێ لەگەڵ شۆخی نازدارێ
بێنە پیاڵە مەستانی سەحەر
دڵنیای مزگەوت و کڵێسان جارێ!

***

نازانم وەستای ئەلەست دای ڕشتم
دۆزەخیم یاخۆ شیاوی بەهەشتم
بادەو ساز و یار لە مێرخوزارێ
بۆ من بێ ، بۆتۆ، کاخی بەهەشتم

**

پەردەی تاریکی دڕی مانگە شەو
مەی نۆش کەین چاکتر دەست ناکەوێ لەو
مەترسێ شاد بە زۆر جار مانگە شەو
لەسەر گۆڕمان پەرت دەکا پرتەو!!

**

سەرخۆشی و شادی خواهیشتی خۆمە
دوور لە کفر و دین ڕەوشتی خۆمە
پرسیم لە بووکی گیتی مارەییت
گوتی دڵ خۆشیت مارەیی خۆمە!!

**

مەی ڕەنگ ئەرخەوان گۆزە کانیتی
پەیکەر، پیاڵە، شەڕاب، کانیتی
ئەو بادەی بەمەی دیتە پێکەنین
شار دراوەی خوێنی کاوە کانیتی

**

بخۆوە بادە بژی مەستانە
دەست کەوتی لاوی و مایەی ژیانە
کاتی بادەو گوڵ یاران سەرخۆشن
دڵ خۆش و شاد بە ئەوەت ژیانە

**

چاکی و خراپی مرۆڤ پەیوەستە
شادی، خەمباری، کاری ئەلەستە
گلەیی چی دەکەی لە چەرخی گەردوون
چەرخیش وەکو تۆ لەم کارە پەستە!

**

لە هەر جێ باخ و لالە زارێکە
لە خوێنی سووری شەهر یارێکە
لە خاک وەنەوشە کە سەر دەرێنێ
خاڵی سەر گۆنای نەو نیگارێکە

**

ژیان دوایی دێت چ شیرین چ تاڵ
پیاڵە پڕ بی، حەرام بێ، حەلاڵ
مەی نۆش کەین کە مانگ لە پاش من و تۆ
هیلالی جغزە، جغزیشی هیلال

**

ئەوانەی زیرەک کە زۆر زانابوون
لە زانین لای خەڵک وێنەی چرا بوون
لە شەوی تاریک ڕێگەیان گوم کرد
چیرۆکیان دەخوێند، خەوتن ئاوابوون

**

ئەوانەی بۆ چۆل ڕۆیین سەرگەردان
کاریان بە جێ بوو، ڕەوشتیان جوان
بەهانە دەگرن ئیمرۆ بێ گومان
سبەینێ هەر ئەو دروستە و ڕەوان

**

ئەوانەی کۆنن، ئەمانەی تازە
هەر یەک خەریکی ڕاز و نیازە
گێتی هەتا سەر نامێنێ بۆ کەس
ڕۆیشتن، دەڕۆن، دێن و دەر بازە
**
یەکێک دێت تازە یەکێک دەڕفێنن
ڕازێکە بۆ کەس دەری نانوێنن
ئەوەی لە گەردوون ئێمە بیزانین
پەیمانە ژینمان هەڵ دەچەرخێنن
**
بە هەشت ودۆزەخ خۆ کەس نەی دیوە
کەس ڕووی زەمینی نە پشکنیوە
هیواو بێزاری من لە شتێک دا
ناو ونیشانی خۆی نەزانیوە!
**
ئەوانەی لەکار کەتێ دەکۆشن
خۆڕایی هەموو گای نێر دەدۆشن
وا چاکە بەرگی شێتی بپۆشن
گەر خاوەن هۆشن با ئاو بفرۆشن
**
ئەو شانشینەی بەرزو بڵند بوو
شاهان لەوێ دا دەیان برد کڕنوو
دیم لەسەر بانی کوندە بەبۆیێ
هەڵ نیشتووە دەی کرد کوکو کوکو کوو
**
کە مردین گیانی پاکمان دەبێ دوور
یەک دوو خشت دەکەن بە سەرپۆشی گۆڕ
ئەمجا بۆ گۆڕی کەسانێکی تر،
لە گڵی ئێمە دەکەن خشتی سوور
**
لەسەر ڕووی زەوی نووستوو دەبینم
لە ژێر زەوی دا زیندوو دەبینم
لە چۆڵی نەبوون هەر چەند دەنوارم
نە هاتووەکان و ڕۆییو دەبینم
**
لەسەر قەلای تووس مەلێک نیشت بوو
کەللەی کاوسی لە چنگ گرت بوو
بە کەللەی دەگوت: حەیف و مخابن
کوا دەنگی زیل و ناڵەی تەپڵی توو؟
**

دوێ شەو بووم لەلای ، وەستای گۆزەگەر
دوو هەزار گۆزە هوشیار باخەبەر
ناکاو گۆزەیێک بە گریان گوتی:
کوانێ گۆزگەر، کڕیار، فرۆشەر؟

**

وەستای گۆزگەر دەی دەی هەڵستە
تاکەی خەریکی بەم بەندو بەستە
پەنجەی فەرەیدوون دەستی کەی خوسرەو
خستۆتە بەر چەرخ تۆ چیت مەبەستە؟

**

دوێنێ لە بازاڕ دیم گۆزە گەرێ
قوڕی دەشێلا ئەم سەر ئەو سەرێ
قوڕ بە زمانی کات گوتی: ئەی وەستا
دوێنێ وەک تۆبووم ئیمڕۆ لێم گەڕێ

**

لە زانست ڕێگای زۆرم بڕیوە
هەموو ڕازێکم چاک پشکنیوە!
ڕۆژ و شەو حەفتاو دوو ساڵ بیرم کرد
ئەمجا تێ گەییم ، چیم نە زانیوە!!

**

ئەو ئەستێرانەی بە ئاسمان بەندن
جێ ی سەرسام بوونی گشت خیرەو مەندن
نەکەی سەر ڕشتەی زانین لە دەست دەی
ئەوانەی زانان نا بەهرەمەندن!

**

هەوا چەند خۆشە وا لەم کاتەوە
نم نم لە گوڵزار گەرد دەشواتەوە
بولبول بە زمانی حاڵ بە گوڵ دەڵێ
هاوارە هەر کەس نەی بخواتەوە!

***

لە بوونم،گەردوون قازانجی چی بوو؟
لە ڕۆیشتنما توانجی چی بوو؟
لە کەسم نەبیست من بەم دوو گوێ یە
لە هات و چۆی من ئامانجی چی بوو؟

**

گیتی کە نامەی جوانی دڕی
بەهاری شادی ژینی لێم کڕی
ئەومەلەی ناوی نرا لاوێنی
هاوار نازانم بۆ کوێ هەڵ فڕی؟

**

کاروانی ژیان دەڕوا بە پەلە،
کاتمان بە خۆشی بەسەربەین هەلە
ساقی چی دەخۆی خەمی بەیانی
مەی بێ، شەو ڕۆیی، خۆر لەسەر کەلە!

**

پێنووسی ئەلەست بەبێ من نووسی
من بێ تاوانم نیمە مەترسی
کە بانگی کردم لە دادگا داوەر
چاکی و خراپیم چی لێ دەپرسی؟

**

کە زوهرەو مانگت لە ئاسمان دیوە
چاکتر لەمەی ناب هیچ کەس نەی دیوە
من سەرسام ماوم لەومەی فرۆشەی
مەی فرۆشت، چاکتر چی پێ کڕیوە؟

**

تاکەی گیرۆدە و دیلی ڕەنگ و بۆی
تاکەی لە شوێنی ناشیرین نیکۆی
گەر چاوەی زەم زەم ئاوی ژیان بێ
لە جەرگەی خاکا گوم دەبی و دەڕۆی

**

من بێ مەیی ناب،تاڵە ژیانم
بێ بەزم وبادە ساتێ ناتوانم
بەندەی کاتێکم کە مەی گێڕ دەڵێ
ئەم جامەش بگرە، منیش ناتوانم!

**

کە مردم بم شۆن بە ئاوی ترێ
چوارمەست و سەرخۆش تەرمم هەڵگرێ
بەهەشت و هیوای غیلمان و حۆری
دڵنیام هەرگیز بەکەس نادرێ

**

ڕاو کەری ئەلەست دانەی خستە داو
نێچیرێکی گرت ئادەمی نا ناو
چاکی و خراپی هەرچی ڕوو دەدا
ئەو دەیکا و ئێمەی پێ دەکا بەد ناو

**

بادە بایی بوون لەسەر دەکا کەم
کلیلە بادە بۆ بەندی مەحکەم
ئەهریمەن جارێک بێ چێشت با لەمەی
هەزار کڕنووشی دەبرد بۆ ئادەم!

**

دەمەو بەیانە گیانە زووکە دەی
بۆم سازکە سازێ، بێنە جامێ مەی
لە هات و چوونی ئەم ڕۆژگارە
نێژراون لە خاک هەزار جەم وکەی!!

**

دەستم با وەک خوا، چەرخی بەد پیشە
دەرم دەهێنای لە ڕەگ و ڕیشە
ئاسمانێکی وام دروست دەکرد
ئازاد لە ژێریا بژیاین هەمیشە!

**

دوێ شەو بە ڕێکەوت چووم بۆ مەیخانە
دیم لەوێ پیری مەست و دێوانە
گوتم: شەرمت بێ، پیر هەڵسا وتی:
دەرگەی بەخشینی خوا فراوانە!!

**

دوێ شەو دام لەبەرد شووشەو پیاڵە
سەرخۆش و مەست بووم کەوتمە ئەم حاڵە
بە زمانی کاتێ پێ ی گوتم: شووشە
دێیتە ڕیزی من تۆش لەم چەند ساڵە

**

هەڵسە گیانەکەم بامەی بنۆشین
بێ سوودە تاکەی هەر تێ بکۆشین
چەرخی جەفا کار لە ناکاو ڕۆژێ،
ماوەمان نادا نەفەس بکێشین!

**

مەی نۆش کەین لە دڵ زۆر و کەم خەفەت
هەڵ دەگرێ ترسی حەفتا ودوو میللەت
قەت دوو دڵ مەبە، لە نۆشینی مەی
دڵۆپێک دەبا سەد هەزار عیللەت!

**

تاکەی لە مزگەوت بۆ ڕۆژ و نوێژ
وەرە مەیخانە مەست بە گێژ و وێژ
خەیام بنۆشە بادە گڵی تۆ
گەه دەیکەین بە جام، گەه پیاڵەی لەب ڕێژ

**

بەر لەوەی مەرگ کە هێرش بێنێ
بفەرموو ساقی مەی گوڵ ڕەنگ بێنێ
خۆ نابی بە زێڕ لەناو خاک و گڵ
هەم بت شارتەوە، هەم دەرت بێنێ!

**

دەرگــەی ڕازی مــەرگ هەرگــیــز نەکــراوە
نــەزان و زانــا وەک یــەک دا مـــــاوە
مــن وا دەزانم بــچــووک وگـــــەورە
پـــەســتن لـــەو ڕۆژە لـــە دایــکــی زاوە!

**

جــامی پڕ لـە مـــەی ، ســەرمــایەی ژینە
بـاجی ولاتـی چـین و مـــاچـینـە!!
لەســـەر ڕووی زەوی مـــەی تاڵـە تـەنیـا
نـرخی بەرامــبــەر هەزار شــیـرینە!!

**

لە منداڵیــمــا بووم بە مــامـۆسـتــا
گـــوتم: ســەد ئۆخـەی گـەیشـتـمـە هیـوا
بە چی گـــەیشـــتم لە ئەنجـامی کـــار
لـە خـــاک دەرهـاتم کــــەوتمە دەم بـا

**

ڕێ ی کـــەوتە ناو باخ ســەر خـۆش بوو بولبـول
دی پێکـەنینی جـــام و گـــەشـــەی گــوڵ
هات بە زمـــانی کـــات لـەبن گــوێم گــوتی:
بە شـــوێن ڕابردوو هەرگــیــز مــەخـۆ خـول

**

هوشــیـــار بە هەڵســـە کــۆچ دەکـــات ژیان
دەچـتـــە ژێر پەردەی نهـــێنی و نـەمـــان
مـــەست بـە نـازانی لە کـــێـــوە هاتی
نـاش زانـی بۆکـــوێ دەڕۆی بێ گـــومـــان

**

پێم دەڵـێن: دۆزەخ جـــێگای مـــەســـتانە
بـەهەشت بۆ شـــێـخ و صـــۆفی ڕیش پانە
گـــەر مـــەست و دڵدار جـــێگای دۆزەخ بێ
بەهەشت چایەرە مـــۆڵگەی حـــەیوانە!!

**

پێکی مـــەی چاکـــتــر لە مـــوڵکی کـــاوە
لـە چین ومـــاچین لـە هیـندو جـــاوە
ناڵـەی ســـەر خـــۆشی،هەنگامی ســەحـــەر
لـە گـــــوێم وەک زەبـوور دەنـگـی دەداوە

**

هـەر زەڕە تـێـکـەڵ خـــاکـی زەمین بـوو
بـەر لـــەمـن وتـۆ، تــاج و نـگـین بـوو
هەر گـــەردو خـــۆڵێ لە ڕێ گـــوزارێ
دەسـت وســـــەرو پـای چـەنـد نـازەنین بـوو!

**

خونچەی پیرۆزیت دەگەشێتەوە
دەستت لە جامی مەی نەکرێتەوە
مەست بە ڕۆژگار دوژمن بە تۆیە
ئیمڕۆکە دەڕوا نا گەڕێتەوە!!

**

لەبەر چاوی تۆ جیهان ڕەنگینە
مەنوارە زانا لای نا شیرینە!
زۆر کەس وەکو تۆ هاتن ڕۆیشتن
هەر یەک بەشی خۆی ڕفاند ببینە!

**

هەر چەند دەتوانی کەس دڵ مەشکێنە
بە ئاگری قین کەس مەسووتێنە!
گەر بەختیاری یەکجاریت دەوێ
خۆت بڕەنجێنە کەس مەڕەنجێنە!

**

من تاوانبارم کوا لێ بووردنت؟
کوا مایەی شادی و دڵ خۆش کردنت؟
بە هەشتم دەیتێ بە نوێژ و ڕۆژ وو
کوا بەخشندەیی داوا کردنت؟

**

لە هەزار لاوە داوی بۆ ناوم
دەڵێت: دەت گرم دەتکەم بەڕاوم
یەک موو دەر ناچی جیهان لە ئەمرت
فەرمان ڕەوام تۆی، بەد ناوت ناوم!

**

لە ڕازی ئەلەست هەردوو داماوین
لە خوێندنی پیتێک نەزان و خاوین
لە پشت پەردەیە گوتەی من تۆ
کە پەردە لاچوو هەردووک نەماوین

**

هیندێک هەر بەلاف لە خۆبوون بایی
هیندێک بۆ پەری و بە هەشتی خوایی
دەرکەوت کە پەردە لاچوو لە ڕووی کار
ئەمانە کەوتن دوور لەئاوایی!

**

ئەی دڵ کە گێتی حەز بکا پەست بی
گیانت دەردەکا بێ هەست ونەست بی
بەر لەوەی گیا و گوڵ شین بێ لە خاکت
بە شادی و خۆشی بژی هەر مەست بی

**

بە ڕەنج ئادەمی دەبێتە سەروەر
سەدەف لەقەترە دەبێتە گەوهەر
گەرما لەدەست چوو سەر لە جێ ماوە
پیاڵەی بەتاڵ پڕ دەبێ تا سەر!

**

حەیفم سەرمایەی جوانی لەدەست چوو
بە دەستی ئەجەل جگەر پڕ خوون بوو
کەس نە هاتەوە تا لێ ی بپرسین
حاڵی ئەوانەی ڕۆیشتن چۆن بوو!!

**

گەر ئێمەش نەماین گیتی هەر دەبێ
ناو ونیشانی ئێمە ون دەبێ
بەر لە هاتنمان هیچ نەوەستا بوو
کەئێمەش دەڕۆین چۆن بوو هەر دەبێ

**

من دڵ خۆش نەبووم هێنامتە کایە
لە ژین سەرسامی بۆم بویتە مایە
ڕۆییم دڵگیر بووم نەم زانی چی بوو
لەم هاتوو چوون و بوونی خۆڕایە

**

هێندێک بیر دەکەن لە مەزهەب و دین
هێندێک سەرسامی گومان و یەقین
لە ناکاو دەنگێک هاتە گوێم گوتی:
ئەمانە ڕێگای ڕاستەقینە نین!!

**

گەڕام گەشتم کرد لە دەشت و لەدەر
پشکنیم جیهان هەمووی سەرانسەر
نەم بیست کە هیچ کەس گەڕابێتەوە،
تا ئێستا جارێک مردووی لەمەو بەر

**

پەیکەر جامێکە بە هۆش ڕازاوە
سەد ماچی بەنازلە ڕووی کراوە
ئەم جامی نازک وەستای گۆزەگەر
دروستی کردو لەبەردی داوە!

**

سەرەتای خولی چەرخ زێڕینە
ئەنجامی وێران بوون لە بنچینە
نەزانرا بە بیر بە لێکدانەوە،
چەند لێ ی زانابی هەر نەزانینە

**

ژیانت تاکەی بە خۆ پەرستی
بەسەر برد، لە شوێن نەبوون و هەستی
مەی نۆشکە ژینێک مەرگی لە دوابێ
چاکە بەختی کەی بەخەو، بەمەستی

**

ئەی دڵ زانینی پەنهان تێ ناگەی
بەرێزی زانا و زیرەکان ناگەی
لەمەی لە عل ڕەنگ بەهەشتێ سازکەین
لەو سەر بە بەهەشت دەگەی یان ناگەی

**

پێرێ تێ پەریم لای گۆزەکارێک
دەی نواند هەردەم وێنە و نیگارێک
گڵی باوکم بوو لە ناو دەستی دا
من دیم نای بینێ هەر هەرزەکارێک

**

لە مێشکی گەنم، گەر بم بێ نانێ
گۆزەیەک پڕ مەی گۆشتی مەڕ ڕانێ
لە وێرانەیێک لەگەڵ دولبەرێ
ژینێکە خۆشتر لە ژینی خانێ!!

**

ئاسمان وزەوی چی تێ دا برا؟
یەک یەک بەوردی تەماشاکرا
بۆ هەموو دەردێک دەرمان پەیدا بوو
تەنیا دەردی مەرگ ما چاری نەکرا!!

**

هونەر قازانج و سوودی نەماوە
شێتی، نەزانی، گێلی لەباوە
بۆم بێنە ئەوەی مرۆڤ شێت دەکا
کە بەختەوەری پێوە بەستراوە!!

**

تیشکی خۆر پەنجەی خستە کۆساران
ڕۆژ کشا بەسەر کۆڵانی شاران
بانگ دەر بانگ دەکات دەمی بەیانی
مەی بخۆنەوە هەتا ئێواران!!

**

سەرمایەی زانا نە زێڕ، نەزیوە
ئەوانەی بێ زیو جەرگیان تەزیوە
وە نەوشە سەرکز لەبەر هەژاری
گوڵ شادو ڕووگەش زێڕی بەزیوە

**

کێ بێ لە گێتی نەی کرد بێ تاوان
چۆن ژیا ئەوەی دوور بوو لە تاوان
سزای بەد کارییم گەر بەدکاری بێ
گەورەو بچووکی چی ما لە ناوان؟!

**

گوڵ گوتی: جوانتر لەمن کام جوانە
گوڵا وگر بۆچی لێم، دەگری بەهانە؟
بولبول وای فەرموو بە گوڵ، سزات بێ
ڕۆژێک پێکەنین، ساڵێک گریانە!

**

گەر من سەرخۆشی دێری موغانم
گەر من لە ڕیزی بت پەرستانم!
هەر کەس بە جۆرێک لەمن تێ دەگا
منیش هەر ئەوەی کە خۆم دیزانم!!

**

فەلەک کردوونی بە تۆپی یاری
لە ڕووی ڕاستی، نەک هەرزەکاری
یاری گەمان بوو، ئەم سەر زەمینە
بەر لەوەی بڕۆین بەرەو نا دیاری

***

ئەم کەلەشێرەی دەمی بەر بەیان
دەخوێنێ، دەڵێ: هەژاری نەزان
خۆش ڕابوێرە نا گەڕێتەوە،
شەوێکی دیکەش ڕۆیشت لە ژیان!

**

فەلەک نا شادم، لە کارو بارت
دەی ئازادم کە، بەس بێ ئازارت
تۆ کە ئاشنا و دۆستی نا کەسی
منیش کۆسپ نیم لە ڕاگوزارت

**

شێخێک بە ژنێکی دەگوت: نا پاکی
لەبەد ڕەوشتی لە گێتی تاکی
ژن گوتی: یا شێخ چیت فەرموو وایە
ئەتۆش ڕاست بڵێ پیاوێکی چاکی

**

ئەم زانایانەی موو دەقەڵێشن،
دەربارەی زاتی خو ادوور ئەندێشن
دەرگەی ئەم ڕازە بۆ کەس نەکراوە
نە بڕاوە ئێستاش لە کێشمە کێشن!!

**

لە خوت بپرسە گەر زانا و وردی
هاتی چیت هێنا؟ چیت برد کە مردی؟
لە ترسی مردن مەی ناخۆیتەوە
بخۆی یان نە خۆی کە مردی مردی!!

**

من قەت خووم نە گرت بە نوێژ و ڕۆژوو
گەردی تاوانم پاک نەکرد لە ڕوو
هیوا بڕاو نیم لە بارەگای تۆ،
تۆم بەیەک زانی هەرگیز نەم گوت دوو

**

بۆیە مەی ناخۆم ببمە لۆتی ولات
دژی خوو ڕەوشت ئاژاوەی ولات
بۆ هەوڵ دەدەم، مەست وبێ هۆش بم
ڕۆژێک بێ خەم بم دوور لە کارەسات

**

فەرمووتان کە من شایانی سزام
لەم چاوە ڕاوە بۆیە نە ترسام
شوێنێک تۆی لێ بێ سزا کوا لەوێ
جێ یەک تۆی لێ نی نەدراوە ئەنجام

**

لە مزگەوت، لە دێر، موسڵمان، تەرسا
بە هەشتی دەوێ، لە دۆزەخ ترسا
کەسێک شارەزای نهێنی خوا بێ
تۆی وا نا چێنێ لە دڵ هیچ کەسا

**

گیان فیدای کەسێک خاوەن هونەرە
سەر خستنە ژێر پێی وەک تاجی سەرە
حەز دەکەی دۆزەخ بزانی چی یە؟
دۆزەخ دۆستی کەم هەست بەد فەرە!!

**

ژیان وتەمەن بێ پەروا دەڕوا
زارو خەمبار و بێ هیوا دەڕوا
لەدرێژی ژیان شادیم نە دیووە
حەیفم بۆ ژینێک دەڕوا وا دەڕوا

**

لەگەڵ پیرێکدا هاتینە دووان
پرسیم دەنگو باس لە ڕابردووان
پێکەنی گوتی: زۆری وەک ئێمە
هاتن، ڕۆیشتن، بە دوومردووان

**

شکاندنت شووشەی ڕەنگ ئەرخەوانی
بەستت لێم هەموو ڕێ ی شادمانی
من هەرچی دەی کەم مەست و سەرخۆشم
لە من مەستتر تۆی، ئایا دەزانی؟

**

من کە بەد ناوم بەمەی گوساری
کەوتمە بەر ڕەخنەو بەر لۆمەکاری
هەموو تاوانێ گەر پێ ی مەست دەبووین
هەرگیز نەدەما کەس بە هوشیاری

**

بخۆوە دەچیە ژێرخاک و زەوی
بێ یارو یاوەر لەوێ دەخەوی
ئەم ڕازە لای کەس ئاشکرا نەکەی
گولێک کە سیس بوو چۆن دەپشکوی

**

گیانە با بەمەی خۆمان دلشاد کەین
بەس لە نەهاتوو، ڕابردوو یادکەین
با گیانی پاکی ناو زیندانی خەم
دەمێک لە بەندی زانین ئازاد کەین

**

کە شادیی و خۆشی دروست کرد خودا
بۆ ئەو کەسە بوو کە تەنیا دەژیا
کاتێ لە تاکی کە خۆی کرد بە جووت
ژینی ئارامی خۆی خستە بەر با

**

ڕۆژ نیاز دەکەم شەو دەکەم تۆبە
لە مەی لە ساقی جامی جەم تۆبە
ئێستاکە فەسلی گول هات بێ باکم
تۆبە بێ تۆبە چۆن دەکەم تۆبە!!

**

مردم فڕێم دەن لە کوچەی شارێک
بەرد بارانم کەن، وەک تاوانبارێک
گلم دوو بارە بە قوڕ بشێلن،
بیکەن بە شووشەی دەست مەی گوسارێک

**

شادی مەخوازە تەمەن دەمێکە
هەر خشتی دیوار کەللەی جەمێکە
ژیان، دلخۆشی چەرخ و ڕۆژگار
خەو و خەیال و هەورو تەمێکە!!

**

راسپاردەم بێ ئەو ڕۆژەی مردم
مەرگ نەمامی ژینی هەڵ کەندم
لە گڵم پیاڵەی شەراب دروست کەن
زیندوو دەبمەوە پێ بەهرەمەندم!!

**

ئەوەندە کەتۆ دەخۆی، دەنۆشی
دروستە هەر چەند بۆ تێ دەکۆشی
لەوە زیاتر هۆشت بێ، بۆچی
ژینی بە نرخت هەرزان دەفرۆشی؟

**

گیان کە هاتەلات دابەزی لە خاک
میوانی تۆیە دڵگیر و خەمناک
ڕێزی لێ بگرە هاکا هەڵفڕی
دەگەڕێتەوە ناو عالەمی پاک

**

هەڵسە بۆم لێ دە عودو نەی و چەنگ
ساقی بۆم بێنە پیاڵەی گوڵ ڕەنگ
بەرماڵی نوێژم بۆ مەی دەفرۆشم
دەشکێنم بەبەرد شووشەی نام ونەنگ

**

مردووی گۆڕستان بوون بە تۆزو گەرد
با بردی پەرت بوو، لە ڕووی دەشت وهەرد
ئای لەو شەرابە هەر کەس کە نۆشی
بێ هەست بێ ئاگا لە هەر گەرم و سەرد

**

دەمەو بەیانی گوڵ بە ئاشکرا
بەسەر هاتی خۆی باس کرد بۆ سەبا
لە ماوەی دە ڕۆژ چەرخی ستەمکار
خونچەی کرد بە گوڵ گوڵی دا بە با

**

ئای بۆ ئەو دڵەی بێ سۆز وتینە
خاڵی لە سەودا و میهرو ئەڤینە
بەسەر بردنی ڕۆژێک بێ بادە
کارێکی دیژوار زۆر دڵ تەزێنە

**

ڕەنگ و ڕووی گیتی نەخشی سەر ئاوە
گەر وای تێ نەگەی خەیاڵت خاوە
دانیشە شاد بە نۆشکە جامێ مەی
خۆت دوور ڕابگرە لەم بەندو باوە!

**

یاران ئەو دەمەی کە کۆڕ دەگێڕن
بە شادی و خۆشی ئاهەنگ دەگێڕن
لەیادم نەکەن، گیانم شاد دەبێ
کە جار جار بەخێر دوعا بنێرن!

**

لەو ڕۆژە خاکم بە قوڕ شێلدرا
لەگەڵ دەردو خەم لە قاڵب کرا
توانام نەبوو شتێک بگۆڕم
هەر لەیەکەم ڕۆژ وا دروست کرا

**

بگرە گوێ پەندم بیکە بە پیشە
مەست و دڵ خۆش و شاد بە هەمیشە
سەیری یاریگەی ڕۆژگار بکە
لە گۆشەیەکدا ئارام دانیشە!

**

تەمەن و ژیان بێ پەروا دەڕوا
زارو خەفەتبار بێ هیوا دەڕوا
بەدرێژی ژیان شادیم نەدیوە
حەیفم بۆ ژینێک دەڕوا وا دەڕوا

**

خۆتی خاوەنی مردن و ژیان
مانگ و ئەستێرە و زەوی و ئاسمان
منیش بەندەی تۆم هەرچەند بەدکارم
وات دروست کردم من نیمە تاوان!!

****

مەتەڵ

مەتەڵ

(١)

ئاوێکی شیرین زۆر سازگاره
ناوەستێ دەڕواو ڕوو بەرەو خواره
لەشەش پیت پێک دێت ناوی تەواوی
دەکرێ بە سێ لەت، چاوەو دەراوی
چوار وپێنج و شەش شارێکە بە ناو
لە کوردستانی ژوو رووی بەش کراو
سێ و چوار و شەش ئێستا زۆر کەمە
بە برنجی کوردی نەی خۆن ستەمە
یەک و دوو سێ خواردنی دەرمانە
مارلێ ی ڕادەکا بۆ گیانی ژانە
یەک و چوار وسێ ڕەنگێکی باوە
دەکرێ بە تارا بۆ بووک وزاوا
یەک ودوو و چوار هەم سوور هەم زەردە
قوبەی سەر سینەی کچێکی کوردە
دوو وپێنج و سێ زۆرم خۆش دەوێ
گەر ڕۆژی جەژنی نەورۆز دەرکەوێ!
شەش و پێنج و سێ ترش و شیرین بێ
لە شارەبان بێ یا نازەنین بێ
بە بیرو زانست مەتەڵ هەڵێنە
بە هێزی بازوو بەرات بستێنە!!

وەلام (سیروان)

(٢)

ناوی شارێکە گەورەو کورد نشین
گەر ئەم حەوت پیتە بەڕیز بنووسین
یەک وسێ و دوو لەگەڵ شەشەمین
ڕیزی لێ دەگرن بە دین و بێ دین
یەک و دوو چوار پەرستشگایە،
ئەگەر ڕووی تێکەی عەینی خەتایە
یەک و سێ و حەوت لە لادێ و لە شار
قەلاچۆی دەکەن بە تەورو مشار!
شەشەم و سێ یەم بی دەن بە یەکا
دەی کرێ ئەوەی پێویست بێ بەکا
پێنج و شەش و حەوت زۆرت مەرامە،
ناوی پیاوێکی گەورەی ئیسلامە!
پێنج و چوار وسێ برا برایە،
مەتەڵ نەزانی هووچەت بڕایە

وەلام (دیار بەکر)

(٣)

مەتەڵ حەوت پیتی کرد بە نیشانە
ناوی شارێکە لە کوردستانە
پیتی پێنج و حەوت، بە سووک و ئاسان
کارێکە و بوبتە پیشەی ناکەسان
چوار و شەش و یەک دوو وحەفت هەموو
ڕۆژێکی خۆشە لەلای من وتو
حەوت و سێ و یەک بەبێ بیر کردن
دەشێ بۆ چاکە و خراپە کردن!!
یەک وسێ و حەوت، بە پێچەوانە،
ئاشکرای نەکەی کارێکی جوانە
پێنج و شەش و یەک، دوو بێتە بانی
بە کەسێک دەڵێن دژی ئینسانی
پێنج و یەک و سێ لەگەڵ شەشەمین
هەموو کەس هەوڵی بۆ ئەدا لە ژین
یەک و سێ دوو خۆشە بە سواری
ئەگەر بیزانی بۆت دێنم دیاری
وەلام (رواندوز)

(٤)

کێوێکی بڵند بەقەد هەڵگوردە
نیشانەی بەرزیی نەتەوەی کوردە
لە پێنج پیت پێک دێت ناوێ بۆ وێنە
جێ ی نەوەی میدیای ئاشوور شکێنە
یەک دوو و چوار بۆ ئەو کەسانە
دژ و نەیارن لەم نیشتمانە
چوار و دوو پێنج بەشی هەژارە
بێنج و چوار و سێ زۆرە لەم شارە!
سێ و دوو و چوار ڕەنگی شەرابە
هەڵی گێڕەوە سەگ و سەگبایە!!
مەتەڵ هەڵێنی بە ژیر و وردی
قبوولی بخۆ بە برنجی کوردی
وەلام (کۆسرەت)

(٥)

ولاتێکی خۆش ناو هەشت پیتە
زانایان دەڵێن یەگجار بەپیتە
یەک و شەش و حەوت و هەشت لەسەر یارە
ئەوەی بیکڕێ بۆ کراسی یارە
پێنج ودوو شەش لەگەڵ حەوت و هەشت
لێ ی ڕزگار دەبین کە چووین بۆ بەهەشت

پێنج و دوو، حەوت و سێ بە ئاسانی
سوار بە بە کوردی ئەگەر بیزانی
پێنج و دوو سێ سوور دیارە
هەڵی گێڕەوە لە دین بێزارە!
چوار وسێ و حەوت دووی بخەرەبان
زۆری خۆش دەوێ مرۆڤ لە ژیان
چوار ویەک شەش، دوو وسێ گشتیان
وەکو پزیشکە بۆ داوو دەرمان!
چوار و حەوت وپێنج بۆ خەلە وخەرمان
ئەگەر ئەو نەبێ ناگرم سەپان!
شەش و حەوت و پێنج جێگای سەر ڕاسە
بێ خەم و دەردو پەژارە و تاسە!
بیر بکەرەوە ئەگەر بیزانی
دڵسۆزی کوردی لە کوردستانی !!
وەڵام(کوردستان)

(٦)

شەش پیت ژمارەی دێ یەکی کۆکە
باریکی نیسک تایەکی نۆکە
پێنج و دوو وشەش سێ ی بخەرە سەر
حەز دەکەی بلێ یونس پێغەمبەر
شەش و دوو چوار بۆت بێت بە شادی
لێ ی خۆشتر نی یە مەگەر ئازادی
سێ و پێنج و دوو هەم سوور هەم زەردە
جەمعی ئەو بارە تاکی ئەم فەردە!!
چوار ودوو پێنجیش دووجار تەواوە
شارێکی کۆنی کوردی بە ناوە!
مەتەڵ هەڵێنی بە گۆڕی حاجی
پێشکەشت دەکەم هەموو باواجی
وەڵام(پۆسکێن)

(٧)

شارۆچکە یەکی تازە دانراو
لە پێنج پیت پێک دێ ناوی ئەو تەواو
یەک و چوار و دوو لە ژێر کەوانە
لە دوور و نزیک نرخی یەکسانە
دوو چوار و پێنج شارێکی بەناو
هەڵی گێڕەوە زوو دێتە بەر چاو
سێ و چوار و یەک ڕۆژانی لاوی
مەزەی شەرابە دوور لەبەد ناوی
سێ و چوار و دوو زۆر ئاشکرایە،
ناوی پیاوێکی گەورەی دونیایە!

مەتەڵ هەڵێنی بەسەری شێخی
کەبابی دەخۆین لە گۆشتی بەرخی!!
وەلام(چۆمان)

(٨)

دێ یەکم بینی لە دەشتێکی پان
شەش پیت بوو ناوی ڕۆژێک لە ڕۆژان
زستان وەک ماسی جێ ی لە ژێر ئاوە
هاوین دەبینی نیوە خنکاوە
سێ و پێنج و شەش جێگای لەبانە
چوار و پێنج و شەش زۆر بۆحەیوانە
دوو و پێنج و چوار چست و بە بازە
گازت لێ بگرێ کارت نا سازە!!
یەک و سێ و چوار کاری زیندووە
لە دوا دوایی دا خانەی مردووە
یەک وچواروپێنج لەگەڵ شەشەمین
زۆر جار دراوە بە ڕۆن و هەنگوین
یەک و دوو چوار لەسەر گەردانی
نا حەسێتەوە تا مابێ گیانی
یەک و چوار دوو جار ئاوازی قەلە
بەخێر بگەڕێ بۆمان ئەم هەلە!

(٩)

شوێنێکی دڵ گر زۆر باسەفایە
جێگای تەجللای دیداری خوایە
بە تەمەن پیرە، بە دیمەن لاوە
ڕیش سپی، سەری ڕەشی بێ کڵاوە
لەشەش پیت پێک دێ شۆرەت و ناوی
دەکەوتە یادی ڕۆژانی لاوی
یەک و دوو و سێ بەدارە دارە
چوار وپێنج و شەش لەژین بێزارە!
چوار و دوو سێ خاوەن فەرمان بوو
میری میری بوو لە کوردستان بوو!!
دوو وپێنج و سێ سەر لە بەیانی
دەم بە پێکەنین لە ڕێگای کانی
شەش و پێنج و سێ وەک زوڵفی یارە
مەگەر پاسداری گەنمی ڕوخسارە!
سێ ودوو وپێنج کاری ناکەسە
دوور بن لە پیاوی بەدرۆ و دەلەسە!!
وەلام(پیرمام)

(١٠)

پڕ لە شوێنەوار کۆگای دەستکردە
شارێکی کۆن و دێرینی کوردە
هەموو پێنج پیتە بێ زیاد و کەم
بە ئەبجەد دەکات سەدو بیست سێ کەم
دوو پیتی پێشی بخەرە لاوە
ناوی ئاوازێک ئەوەی کە ماوە!
سێ پیتی دوایی بە پێچەوانە،
ناوی شارێکی کۆنی کوردانە
یەک و چوار و پێنج لەگەڵ سێ یەمین
گەر ئەومان نەبێ زستان چۆن دەژین
سێ و پێنج و چوار بۆ عام و خاسی
گەر هەڵی گرین کەس کەس نا ناسی
مەتەڵ تەلیسمە گەر بیشکێنی،
گرەوی هونەر بۆ خۆت دەرفێنی!!
وەلام(نینوا)

ناکە شیعر

کردەوەی چاکت ئەگەر بوو بێ لە مەرگ ترست نەبێ
ئەو کەسانەی کردەوەی چاکیان بووە قەت نامرن!

**

کەس نی یە لە جیهان کە دڵگیر نەبێ
مەگەر ئەو کەسەی شێت بێ ژیر نەبێ

**

من لەگەڵ هێزو توانام دەست لە ئەژنۆ ناگرم
خاوەنی مافی ڕەوامە دەستی لێ هەڵ ناگرم

**

شیعرەکانم وەک شعورم کرد بڵاو،
ئێستە چەند ڕاویان دەکەم ناکەونەداو!

**

ماوەیەک پشت گوێ خرابوو تیخی ژەنگاوی خەیاڵ
بۆ جەلا ئێستاکە سەقڵ و مشتوماڵێکی دەوێ

**

من بە ئاواتم لە لووتکەی کێوی هیوا سەرکەوم
پێ ی شکاندم ڕۆژگار، هەرگیز خەیاڵی وا نەکەی

**

گەر هەموو تاوانێ وەک مەی ئادەمی سەرخۆش دەکرد
لەم جیهانە نەت دیت تەنیا کەسێ سە رخۆش نەبێ!!

**

دولبەری شۆخم لەگەڵ من خوایە مەیلی کەم نەبێ
شادمان و بەختەوەر بێ، تووشی دەردو خەم نەبێ

**
نیگارم عیشوە بازو سەرکەش وبێ ڕەحم و بێ دینە
لەلای ئەو خوێن ڕژاندن، بەدخوبی ئاداب و ئاییینە!
**
ئافەرین بۆ ئەو گوڵەی گوڵ یاد دەکا
ئەو گوڵەی درێژەی ژیان دڵ شاد دەکا
**
بێوەژن بۆشوو مەیلی هەر ماوە
کوێر هەتا دەمرێ بە تەمای چاوە
**
هەر کەسێکی هەلی بۆ هەڵ کەوت، کەوتە هەڵە
بێ گومان مافی ژیانی نی یە دەمرێ بە پەلە
**
ئەوەی بۆ دوژمن کە سەر شۆڕ ناکا،
جێگای زۆر بەرزە لە ژوور ئەفلا کا!!
**
گەر ئارام بگری نەبی تەنگە تاو،
پەسیرەی ترش دەکەی بە دۆشاو!!
**
ئەگەردولبەربەچاوی مەستی خۆیناتوانێ من مەست کا
بەڵێن بێ تاکو ماوم هۆگری ویسکی و شەڕاب نابم!!
**
تف لەوەی نانی هەیە مەیلی بەدو دوونان دەکا
تف لەوەی خوانی هەیە خولیایی بەزمی خان دەکا
**
کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و دادگای دادی گەلان
بۆگەلان سوودیان نی یە تەنیا کە هۆی دەردو بەڵان
**
موغەننی دەی ماقامێ بێژە بەیتێکی کەمالی بێ
لەزەت زۆرتر دەگەیەنی گەر مالی بێ جەمالی بێ
**
پیاوە خێرەو مەند و هونەر پیشەکان
لازمە بۆ وان هەبێ دوو جار ژیان
جاری یێکەم تەجرووبەی پێ وەرگرن
جاری دووەم تاکو نەبینن زیان!!
ئەم چوارینەی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی
**

هەڵبژاردە

ملوانکەیێکی لە هەڵبەستی جوان
بۆی دەهۆنمەوە وێنەی مرواری

بە کێشان سووک بێ، بە نرخ گران
پێشکەشی دەکەم بە ناوی دیاری!

کە کردیە ملی گەردانەی هونەر
وەک لەعلی سوورە، شین وەک پیرۆزە

زۆر بە نرختر، لە دانەی گەوهەر
ئەوە جەژنانەی جەژنی نەورۆزە

***

بەشی پەخشان

دیاریی لاوێک

ماوەیەکی زۆر بوو دانیشتوانی شارەکە چاوەڕوانی هاتنی کاروان بوون، چونکە لە ڕۆژگاری پێشوودا هەموو شتێک و پێویستی یەکی دیکە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بە هۆی کاروانەوە دەگواسترانەوە، بەڵام ماویەکی زۆر بوو کاروان نەهاتبوو، شتومەک و پێویستی لە بازاڕدا زۆر کەم بوو بوو، دانیشتوانی شارەکە چاوەڕوانی هاتنی کاروان بوون، ڕۆژێک دەنگ بڵاوبووەوە کاروان گەیشت، خەڵکەکە زۆر دڵخۆش بوون. بەڵێ کاروان گەیشت، شتوومەک گواسترایەوە بۆ کۆگاو دوکانەکان، ئەو ڕۆژە ڕۆیشت، ڕۆژی دوایی کۆگاو دوکانەکان کرانەوە، کڕین و فرۆشتن دەست پێ کرا، هەر کەس پێویستی خۆی دەکڕی و بەرەو ماڵ دەکەڕایەوە، تەنیا کوڕێکی لاونەبێ، کە هیچی نەکڕی بوو، سەری بەهەموو کۆگا و دوکانەکاندا دەکرد، زۆر بە وردی سەرنجی دەدا، یەکێک لە خاوەن کۆگا و دوکانەکان ڕووی کردە کوڕە لاوەکەو پێ ی گوت: «ئەی کوڕی لاو وا دیارە بە شوێن پێویستی یەکی تایبەتی کەوتووی و لێ ی دەگەڕێیت و نای دۆزی یەوە» لاوەکە لەوەڵامدا گوتی: «بەڵێ کاکی بازرگان پێویستیم بە شتێک هەیە و بە شوێنی دا دەگەڕێم بەڵام نای دۆزمەوە و تەنیا هەر بۆ ئەو عەودالم» بازرگانەکە ڕووی کردە لاوەکە و پێی گووت: «ئەی کوڕی لاو ئەوەی بە دوای دا دەگەڕێ ی و دەتەوێ بیکڕی پێم بڵێ چی یە؟». لاوەکە گوتی: «ملوانکەیەکە شایانی دیاری بێت بۆ خۆشەویستەکەم، تا بتوانم بە دڵنیایی لە گەردەنی بکەم!» بازرگانەکە پێ ی گوت: «ئەی کوڕی لاو ئەوەی ئەتۆ بە دوای دا دەگەڕێ ی لای من چنگ دەکەوێ! بەڵام بۆیە نای خەمە پێش چاوان چونکە نرخی یەگجار گرانەو هەموو کەس ناتوانێ بیکڕێت!!»

لاوەکە گوتی: «من ئامادەم بە هەموو نرخێک بیکڕم و بۆم بێنە تەماشای بکەم.» بازرگان هەستا سندوقێکی هێناو سەری هەڵدایەوە ملوانکەیەکی دەرهێنا و دایە دەست لاوەکە و پێ ی گوت: «وا بزانم ئەوەی کە دەتەوێ بیکڕی ئەوەیە!» لاوەکە ملوانکەکەی وەرگرت و تەماشای کرد، ملوانکەکە بریتی بوو لە چەند دانە گەوهەرێک لەسەر هەر گەوهەری پیتێک نووسرابوو، هەموو پیتەکان ئەم دێرە نووسینە بوو «بە هۆی {٠} ئازادی، رزگاری، بەختیاری دەست دەکەوێ!»

لاوەکە گوتی: «کاکی بازرگان لەم نووسینە هیچ تێ ناگەم وا دیارە ئەم ملوانکەیە دانە گەوهەرێکی لێ کەم کرابێتەوە، چونکە نووسینەکە بێ ئەنجام دەمێنێتەوە و ئەتۆ نازانی ئەوگەوهەرەی کە لە گەردانەکەدا جێگای چۆڵە چی لەسەر نووسراوە؟» بازرگانەکە گوتی «ئەی لاو من نازانم کەم و کووڕی گەردانەکە چی یە؟ من هەروەهام کڕیوە و هەروەهاش دەی فرۆشم و زۆر کەس

له پێش تۆدا کڕیویانه و بۆ خۆشەویستەکانیان بردووە!» لاوەکە گوتی: «زۆر باشە ئەمە نرخی چەندە؟» بازرگان گوتی: «جارێ نرخەکەیت لێ وەر ناگرم، فەرموو ئەوە ملوانکەکە ببیبە ئەگەر خۆشەویستەکەت بە دڵی بوو، ئەو پێت دەڵێ: نرخی چەندە؟ هەر کاتێ گەڕایەوە بۆ ئێرە پارەکەم بۆ بێنە، خۆ ئەگەرلێ ی وەر نەگرتی ئەو کاتە گەردانەکەم بۆ بێنەوە.» لاوەکە گوتی: «لێت وەرناگرم هەتا نرخی ملوانکەکەت پێ نەدەم!» بازرگان گوتی: «ئەی لاو لە ڕاستی دا منیش نرخی نازانم، بەڵام بڕوابیم بە تۆ هەیە، فەرموو ئەمە ملوانکەکەو، لێرە بەرەو باشوور گۆڕستانێک هەیە ،ئەگەر بچی بۆ ئەوێ ئافرەتێک دەبینی لێ ی بپرسە، ئەو دەزانێ نرخی ملوانکەکە چەندە؟». لاوەکە ملوانکەکەی وەرگرت و بەرەو گۆڕستان ڕۆیشت تاگەیشتە ئەوێ و دیتی ئافرەتێک لەسەرگۆڕێک دەگریەو فرمێسکی خوێنین دەبارێنێ بۆ جگەر گۆشە جوانە مەرگەکەی. لاوەکە بە دیتنی ئافرەتەکە سەرسام بوو، بێ دەنگ بەرامبەری ڕاوەستاو ماوەیەکی زۆر تەماشای کرد، تا ئافرەتەکە سەری بڵند کردو ڕووی تێ کرد و پێ ی گوت: « ئەی کوڕی لاو لەم گۆڕستانە چ کارێکت هەیەو بە شوێن چی دا دەگەڕێ ی؟» لاوەکە گوتی: «دایکی بەڕێز ملوانکەیەکم کڕیوە بۆ خۆشەویستەکەم، دەمەوێ بە دیاری بۆی بیەم بەڵام خاوەن ملوانکەکە نرخەکەی لێ وەر نەگرتووم و پێ ی گوتووم بیبە بۆ گۆڕستان لەوێ پێت دەڵێن نرخی چەندە؟ منیش هاتووم لێت بپرسم نرخی ملوانکەکە چەندە؟» ئافرەتەکە پێ ی گوت: «کوا ملوانکەکە؟» لاوەکە دەستی خستە گیرفانی و بۆی دەرهێنا، ئافرەتەکە تەماشای ملوانکەکەی کردو ڕووی کردە لاوەکە و پێی گووت: «ئەی لاو تۆ ناتوانی بگەی بە خۆشەویستەکەت و ئەوملوانکەیەی لە گەردنی بکەیت! چونکە ئەم ملوانکەیە گەوهەرێکی کەمە و هەتا ئەم گەوهەرە لە شوێنی خۆی دانەنرێ، ملوانکەکە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و نووسینی گەوهەرەکانی دیکە هیچ واتایەکی وا نابەخشێ کە پی ی دڵنیابی و ئەتۆش بە ئاوات ناگەی و هەروەکو ئەوانەی لە پێش تۆدا هاتن و بەئاوات نەگەیشتن! ئەی لاو تەماشای ئەم گۆڕستانە بکە، کە پێ ی دەڵێن گۆڕستانی گیان بەختکەران، هەموویان لاوی گیان فیدا کارو ودلێر بوون، لێرەدا گیانی خۆیان بەخت کردو ، هیچ کامێکیان نەیان توانی دیاری یەکانیان ببەن بۆ خۆشەویستەکانیان و بەئاوات بگەن!» دەستی درێژ کردو لە باخەڵی چەند دانە ملوانکەیەکی دەرهێنا وگوتی: «ئەی لاو خاوەنی ئەم ملوانکانە وەکو تۆ بۆ خۆشەویستەکانیان دڵسۆز بوون، چونکە ئەم ملوانکەیە وەکو گوتمان دانەیەکی کەمە، هەتا ئەم دانەیە پەیدا نەکرێت و لە شوێن خۆی دا دانەنرێ نووسینی ملوانکەکە هیچ واتایەک نابەخشێ و کەس لێ ی تێ ناگات و هەر کەسێ بتوانێ ئەم دانەیە دەست خۆی بخات و لەناوی دا داینێ ئەوا ملوانکەکە تەواو دەبێ و دەتوانی لە ملی خۆشەویستەکەتی بکەی!» لاوەکە گوتی: ئەی دایکی بەڕێز! ئەگەر هاتوو ئەم گەوهەرە پەیدا کراو لە شوێن خۆی ڕیزکرا، نووسینی سەر ملوانکەکە چۆن دەخوێنرێتەوە؟» ئافرەتەکە گوتی: «ئەو دانە گەوهەرە لەسەری نوسراوە

(یەکیەتی). ئەوکاتە هەموو گەوهەرەکان بەڕیز بهۆندرینەوە نووسینەکە بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە: «بەیەکیەتی، ئازادی و رزگاری و بەختیاری دەست دەکەوێ!»

ئەی لاو تەماشاکە ئەوانەی لەم گۆڕستانەی خۆ بەختکەران گیانی خۆیان سپاردووەو نە گەیشتوون بە ئاوات!» لاوەکە گوتی: «ئەی دایکی بەڕێز دەبێ ئەو گەوهەرەی ملوانکەکەی پێ تەواو دەبێ هەر پەیدای بکەم تا بتوانم لە گەردەنی خۆشەویستەکەمی بکەم! ئەی دایکی بەڕێز ئەم گەوهەرە لە کوێ دەست دەکەوێ؟ بەڵێن بێت من بەهەر نرخێک بێت بیکڕم!»

ئافرەتەکە گوتی: «ئەی کوڕی لاو، ئەو بازرگانەی ئەم گەوهەرەی لا دەست دەکەوێ، ناتوانێ بۆ ئەم دەورو بەرە بێت، چونکە لەو بازرگانانە دەترسێ کە ئەم ملوانکانە دەفرۆشن و بازرگانی پێوە دەکەن! کەوشەی بریقەداری وەکو ئازادی و رزگاری و بەختیاری لەسەر نووسراوە و لە بەرژەوەندیی ئەم بازرگانانە نی یە، ئەو بازرگانەی گەوهەری (یەکیەتی) لەلا دەست دەکەوێ، بێت بۆ ئەم دەورو بەرە، چونکە دەبێتە هۆی سست بوونی بازاڕ و کەم بوونی دەست کەوت و ئاشکرا بوونی درۆ ودەلەسە و خیانەتکاری یەکانیان. ئێستاش ئەی کوڕی لاو،گوێ لە ئامۆژگاریی دایکی خۆت بگرە و هەر ئێستا بگەڕێوە بۆ لای دایکت و باوکە پیر و هەژارەکەت چونکە زۆرت پێوە ماندوو بوون و ڕەنجیان پێتەوە کێشاوە و بە خۆڕایی جگەر سووتاویان مەکە و گیانی خۆت بێ هوودە لەدەست مەدە. لاوەکە گوتی: «ئەی دایکی بەڕێز و جگەر سووتاو، زۆرسوپاست دەکەم، بەڵام بەڵێن بێ نە گەڕێمەوە تا بە ئامانج دەگەم و گەوهەری (یەکیەتی) وەدەست دێنم!

لەگەڵ ئەو لاوانەی کە کڕیاری ملوانکەن بۆ خۆشەویستەکانیان دەبێ بەهەر نرخێ بێت پەیدای بکەین و لە ملی خۆشەویستەکانمانی بکەین! ئای چەندە بە نرخە یەکیەتی چونکە ئازادی و رزگاری و بەختیاریمان پێ دەست دەکەوێ. ئافرەتەکە ڕووی تێ کردو پێ ی گوت؟ «ئەی لاوبە هیوای گەیشتن بە ئامانج برۆ خوات لەگەڵ بێ!!»

پاشبەند

عەونی شاعیری هەڵکەوتوو، هیوا ڕوون

عبدالرزاق بێمار

ڕۆژی ٢٠ تەمموز مامۆستا عوسمان عەونی دواماڵئاوایی لێ کردین وەکو ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی ئەدەبیاتی کورد ناوی لە دەفتەری نەمراندا جێگیر بوو.

عەونی شاعیرێکی هەڵکەوتوو بەهرەدارو کۆششکار بوو. سەرەڕای ئەوەش تەمەنی ٧٨ ساڵەی(١٩١٤ ـ ١٩٩٢) گەنجینەیەکی داخراوی ئەدەب وهەڵبەستی شاعیران وکەلەپووری میللی کوردو قسەو هەواڵ وسەرگوزشتەی مەجلیسان ونموونەی ئەدەبیاتی فارس ومێژووی کوردو یادگارو بەسەرهاتی ساڵانی خەبات وکارەسات وتەنگو چەڵەمەکانی وڵات بوو.

شاعیرێکی هەڵکەوتوو بوو. چونکە لە سەرەتای لاوی لەپڕ کانیاوی شیعری تەقییەوەو لە دنیای شیعرو شاعیراندا دەنگی خۆی چەسپاند. سەرەتا دەسمایەی ڕۆشنبیرییەکی زۆری نەبوو کە هاتە کۆڕەکەو ئەزموونێکی زۆریشی نەبوو لە کاری هەڵبەست وئەدەبیات، بەڵام شیعرەکانی وەکو نموونەی غەزەلیاتی سەردەم بە بەستەو مەقام دەگوتران وزۆر شیعری بەسەر زاری خەڵکی کۆیەو دەوروبەرییەوە بوو. بۆ شاعیرێکی لاو ئەوەندە بەسە کە صافی هیرانی(١٨٧٦ ـ ١٩٤١) شێخی ناوداری تەریقەت وشاعیری بەرزی تەصەووف شیعرێکی ئەم بکا بە پێنج خشتەکی. هەروەها(دڵدار)ی ڕۆشنبیرو شاعیرو سیاسی لە یادداشتی خۆیدا بەوپەڕی ڕێز باسی عەونی بکات ولە بۆنەیەکیشدا پێکەوە شیعرێک بهۆننەوە.

نەجمەدین مەلا چەند غەزەلێکی عەونی لە کەشکۆڵێکدا نووسیوەتەوەو وای بۆ چووە ئەم عەونییە شاعیرێکی کۆنی سەدەی ڕابردووە. ئەگەر چی وەکو دەڵێن عەونییەکی تر لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەبووە، بەڵام ئەم شیعرانەی نەجمەدین مەلا نووسیوویەوە دەق ئەوانە بوون کە عەونی کۆیی دایناون ولە دیوانی ئەودا هەن، ئەمەش بەڵگەی پلەو پایەی شاعیریی عەونی لاوە.

لە ڕاستیدا سەرەتاو سەرهەڵدانی شیعری شاعیر دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش وجێی تێڕامانە، چونکە هەر لەو تەمەنەدا غەزەلیاتی عەونی لە شێوەو ڕوخسارو ناوەڕۆکدا هیچی وای لەبەر غەزەلی کۆنی شاعیرانی ناسراودا نەبوو، کەوا لە کێش ومۆسیقادا بە ئاهەنگ ولە داڕشتندا لێ هاتوو بێ گرێ ورەوان بوون ولە زمانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیک بوون وبۆ ئاوازی بەستەو مەقامی گۆرانی بێژان زۆر چاک دەسازان. ئەگەر چی هەر لە چوارچێوەی غەزەلی کۆنیشدا بێت تامو بۆیەکی هاوچەرخیان پێ درابوو.. لەم کۆڕەدا ئەم غەزەلانەی عەونی زۆر بەناوبانگ بوون:

هات فەسڵی گوڵان بولبولی دێوانە لە کێیە؟
شەو ڕۆیی، ئەدی عاشقی پەروانە لە کێیە؟
موتریب بە فیدات بم ڕەهی مەیخانە لە کێیە؟

هەروەها:

وەکو قومری لە باغ وجۆیباران
دەناڵێنم لە چڵ فەسڵی بەهاران

له بۆ سەروی قەدی شاهی نیگاران
بە دیمەن بێ کەس وورووت هەتیوم
لەژێر بای غەمت من چۆن چەمیوم
وەکو پیرێکی سەد ساڵە رزیوم
لە گەنجی چوومە ریزی دەست بەداران

***

عەونی لە شیعردا نەک هەر لە کۆڕپەستنی سەرهەڵدان ورادەی شیاوی شیعرە سەرەتاکانیدا دەردەکەوێ، بەڵکو لە بەردەوامیی شاعیرییەت وتێکەڵ بوونی بە رۆژگارو دانەبڕانی لە کاروانی راپەڕیوی شیعری کوردی ونوێ بوونەوەی وپۆشتە بوونەوەی بە ناوەڕۆکی هاوچەرخانیشدا.

ئەگەرچی لە ماوەی نیو سەد شیعر نووسیندا بەرهەمێکی زۆری نییە، بەڵام بەڵگەیەکی بەهرەداری ئەوەیە لەو ماوەیەدا کانیی شیعری وشک نەبوەتەوەو لە کات وسەردەمی پێویستدا وەک برووسکە شیری شیعری لە چەخماخەی داوەو تێکەڵ بە کاروباری میللەت بووە.

لە سالانی چلەکاندا لەو رۆژانەدا کە شەپۆلی تێژو رۆیی کوردایەتی لە بەرزیدا بوو. شیعرەکانی عەونی نموونەی شیعری خەبات وبەربەرەکانی بوو. بەتایبەتی ئەم شیعرەی زۆر بەناوبانگە کە دەڵێ:

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم باسی کوردستان دەکەم
قەتڵ وعامی تورکەکان وغارەتی ئێران دەکەم.
چونکە ئەو دوو قەومی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر رژاند
دوژمنی خاک و وڵاتم پەرت وسەرگەردان دەکەم

لە دواییدا دەڵێ:

خزمە گوێ بگرن لە بەندە(عەونی) زۆر بێ چارەیە من گرینم نەک لە بۆ خۆم بەڵکو بۆ کوردان دەکەم.

ساڵی ١٩٤٨ لە رۆژانی راپەڕینی گەلی عێراق دژی کار بەدەستانی کۆنە پەرست وپەیمانی پۆرتسموٚث لە رۆژانی بە(وەثبە) ناسراودا، عەونی یەکێک بوو لە شاعیر خوتبەخوێنانی کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان ودەربارەی یەکیەتیی نیشتمانی دەیگوت:

عەرەب وکوردو مەسیحی وجوو
گشتی یەک زمان، یەک بیرو یەک روو
گشتی یەک زمان وا هاوار دەکەن
لەعنەت لە چارەی ئیستعمار دەکەن

لە چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ وساڵانی کۆماریدا دەنگی دیار بوو لە شۆڕشەکانی کوردو دەردو مەینەتیەکانی گەلدا بەردەوام بوو لە هۆنینەوەی شیعرو لە حەفتاکان وهەشتاکانیشدا هەر بەردەوام بوو.. چەند نموونەیەکی سەرکەوتووشی لە گۆڤاری(بەیان) و(کاروان)دا بڵاو کردەوە.

جگە لەوە کە عەونی شاعیرێکی هەڵکەوتوو بەهرەدار بوو. شاعیرێکی کۆششکار بوو. مەبەستیشم لە کۆششکار ئەوەیە کە شاعیر نەهات لەسەر ئەو چەندە بەهرەو ئاورەنگەی هەیەتی کڕ لێی بکەوێت وپاڵ بداتەوە. بەڵکو هەمیشە خەریکی خۆ رۆشنبیرکردن ودانەبڕان بووە لە کاروانی شیعردا.

سەرەتا ئەگەر لە قوتابخانەی نالی و وەفایی دەرچوو. پاشان تێکەڵ بوو بە رێبازی شیعری حاجی قادرو بێ کەس وئەثیری دوایی سەیری هەوڵ وکۆششی کوردانەی پیرەمێردو رێچکەی ژینی کردو شاگەشکەی شۆڕشی نوێیی گۆران بوو، سەرسامی زمان

وداڕشتنی شیعری هەژارو هێمن بوو.. لەمانە گشت وردبووەوەو لێی کۆڵیەوەو لێی وەرگرتن وهاوڕیەتی کاروانی بەرەو پێش چووی شیعری پێ کردن. ئەگەر عەونی شاعیرێکی کۆششکار نەبووایە لە شوێنی خۆی دەمەیی ولە کاروان بەجێ دەما.

***

عەونی لە تەمەنی شیعریدا بۆ دڵداری وکوردایەتی وخەباتی مرۆڤایەتی لە پێناوی ئازادی وئاسایش ودادی کۆمەڵایەتیدا شیعری نووسیوە. دەنگی شاعیر هەمیشە دەنگی هاندان وهیوا بەرز کردنەوەو بە گوڕخستنی ڕەنج وتێکۆشانە ودەنگی سەرومڕییە لەگەڵ کاروانی ڕووەو بەیانی وخۆرهەڵات. هەروەها بۆ خەباتی فەلەستین وڤیتنام وگەلان ڕاپەڕیوی دژی ئیمپریالیزم شیعری گوتووە. ئەوەتا ساڵی ١٩٨٧ لە گۆڤاری کاروانی ژمارە(٥٧)دا بە بڕواوە دەربارەی خەباتی گەلان دەڵێ:

خەیاڵی بووکی شادی بۆ دڵی پەستم زەماوەندە

دەنەیژەن لێدەنەی با چۆپی بڕوا چەند گەڕێکی تر.

دەبا دەهاکی بەدخوو خوێن بڕێژێ تاکو ڕۆژی دێ

دەکەوتێمە بەر شەپۆلی هەڵمەتی ئاسنگەری تر لە جوێم دەنگی زرنگا پێی گوتم(عەونی) بە هیوابە

ئەمە چەرخە دەسووڕێ دێتەوە دەوروبەرێکی تر، لەو چەند نموونەیەی لەم ساڵانەی دواییەدا بڵاوی کردۆتەوە. شێوەی هەڵبەستی عەونی بریتییە لە هەڵچنینی بابەتێکی سەربەخۆو ئەنجام لێ دەرهێنانی وکردن بە(ڕەمز)، ڕەمزەکەش داخراوو پۆشراو نییە.

بە نموونە لە هەڵبەستی(خونچە گوڵێک)ی ژمارە(١٢٥)ی گۆڤاری(بەیان)دا، کێشەو بەربەرەکانی لەنێوان خونچە گوڵێک وبولبولێک دەکا بە بابەتی شیعرەکە، بەڵام مەسەلە باوەکەی دڵداری نێوان گوڵ وبولبول بە جۆرێک هەڵدەگێڕێتەوە کە خونچە گوڵی باخی کوردەواری نایەوێ خۆ بەدەستەوە بدات هەر بولبولێک بۆی بخوێنێ لێوی خۆی بۆ ناکاتەوەو بە بولبول دەڵێ:

گوتی: بولبول هەرزەکاری

لێت بوویتە خوو، شین وزاری

هەردەم لەسەر لقێ چڵی

هەر ڕۆژ بەرامبەر بە گوڵی

زۆر خۆت دەکەی ماندوو شەقی

چڵێک لەژێر پێت دەچەقی

من تا ئێستا پارێزراوم

چڵی خۆمە دەوری داوم

نە ئەتۆو نە باغەوانی پیر

ناتوانن بمکەن دەستەگیر

خونچە باخی کوردەواریم

بەراتی مۆژدەی ڕزگاریم

هەر بەم جۆرەش لە هەڵبەستی(ڕەنج دەکێشم) کە لە ژمارە(٦٦)ی گۆڤاری کارواندا بڵاو کراوەتەوە وتووێژ لەگەڵ کەمانچە ژەنێک دەکا بە بابەتی شیعرەکەو دەڵێ:

ئەی کەمانژەن لێدە ئاوازی نەوا

بێژە ڕاست تا دێتە سەر شۆڕو سەبا

هەروەها پێی دەڵێ: من بێ ئارامم ودڵم پڕ دەردە

لە ململانێی چەرخی چەپگەردا بەردەوامم چونکە:

ئاشنا نابین لەگەڵ یەک چونکە من

نابمە هەم سایەی ئەوانەی بێ خەمن
رەنج دەکێشم، تێ دەکۆشم ورۆژ وشەو
تا بە دەست دەینم هەموو مەرجی گرەو
ئەو دەمە زۆر سەرفرازو بەختیار
دەچمە ریزی چینی داماو وهەژار

هەر چەندە شاعیر خۆی بە جۆرێک بە کەمانژەن دەناسێنێ کە رێگەی راستی گرتووەو هیوای بەرزە، بەڵام رووی تێ دەکا:

ئەی کەمانژەن بیرکەوە واهات بەیان
شەو بەسەر چوو چیت نەکرد بۆمان بەیان
پێی گوتم(عەونی) وەرە ئێستا برۆ
زۆر نەماوە دێیتەوە سەر گفتوگۆ

هەر بەم شێوەیەش لە شیعری(گەشتی مانگە شەو)دا باسی رێبوارێک دەکا کە ئاوارەو سەرگەردان چیاو دۆڵ وکۆهسارو بنار دەبرێ بەڵکو بگاتە(قۆناغ):

تا ماندوو بووم لە پێ کەوتم
هەورازێک بوو، سەرنەکەوتم
لەو کاتەدا مانگ ئاوا بوو
رێگەی کورتم لێ کۆتا بوو.

ئەم(بابەت)ە دەکاتە رەمزی تێکۆشان وئەنجامەکەشی بەهیوا دادەخات.

دەبێ چاو لە رێی کاروان بم
گوێ گری بانگی بەیان بم

* * *

کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر
١٩٧١/١/١٥

لەراستەوە بۆ چەپ:
طاهر احمد حوێزی، عشمان عەونی، مام هەژار،
شێخ محمد هەرسینی، جلال غریب، عشمان مصطفی خۆشناو

هاوینەهەاری بێخاڵ ساڵی ١٩٦٠

لە راستەوە بۆ چەپ:

١- مامۆستا یەحیا خەڵکی دهۆک

٢- احمد دڵزار(شاعیر) کۆیە ١٩٢٠

٣- عبدالله گۆران(شاعیر) هەڵەبجە ١٩٠٤

٤- محمدی ملا کریم(نووسەر) سلێمانی

٥- عثمان عونی حبیب(شاعیر) کۆیە١٩١٨

هاوینەهەواری شەقلاوە

لە راستەوە بۆ چەپ:
مامۆستا یحیی، عەونی، گۆران، محمد ملا کریم، دلزار
١٩٦٠/٨/١٨

بارەگای رۆژنامەی (التاخی) بەغداد

چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ جلالی میرزا کریم لە بارەگای رۆژنامەی (التاخی)

بەندیخانەی(نوگرە سلەلمان) سالی ۱۹٦۳

لە راستەوە بۆ چەپ:
کامەران موکری، عەونی

سوپاس و پێزانین

لە کانگای دڵەوە سوپاسی ئەو دۆست و هەڤاڵانە دەکەم کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا یارمەتییاندام بۆ ئامادەکردنی «دیوانی عەونی» چ بە زانیاری دەربارەی هەندێ لە شیعرەکانی چ بە دۆزینەوەی هەندێ لە شعرە وونبووەکان یان بە ڕێنمایی کردنیان دەربارەی چۆنیەتی چاپکردنی ئەم دیوانە.

هەروەها ئەو هاوکارییەی هەڤاڵی خوشەویست کاک شەوکەت شێخ یەزدین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی «پ.د.ک» و وەزیری دارایی کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز لە بیرناکەم کە ئەرکی لە چاپدانی «دیوانی عەونی» لە ئەستۆی خۆی گرت، جارێکی دیکەش سوپاس بۆ هەموولایەک.

فەرهاد عەونی
١٩٩٧/٣/٢٥ ـ هەولێر

لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

چاپ کراوە/هەولێر

سەرنج

عەونی شاعیری نەتەوەیی کوردمان لە پێشەوەی ئەو شاعیرانە بووە کە بەبۆنەی گەڕانەوەی سەرۆک بارزانیی نەمرەوە لەیەکێتی سۆڤیەت لە رۆژی **٦/١٠/١٩٥٨**دا بۆ وڵات، شیعری داناوەو بە جوانترین شێوە پێشوازی لێکردووە.

بەوبۆنەیەوە شاعیر ئەم هۆنراوەیەی لەژمارە **«٣٥»**ی رۆژی **٢٢/١١/١٩٥٨**ی رۆژنامەی **(پێشکەوتن)** دا بڵاوکردۆتەوە. ئێمەش لەکاتی ئامادەکردنی دەسنووسی ئەم دیوانەدا لەساڵی **١٩٩٢** ئەم هۆنراوەیەمان لەبەردەستدا نەبوو تاکو بیخەینە ناو دوو توێی دەست نووسەکەوە و دواتر لەژمارە **«١٨١٤»**ی رۆژی **٦/١٢/١٩٩٣**ی رۆژنامەی **(برایەتی)**دا چنگمان کەوت و والێرەدا دەقەکەی بڵاودەکەینەوە و داوای لێبوردنیش لە خوێنەری بەڕێز دەکەین.

نامەیەک بۆ بارزان

ئەی سروەی شەماڵ، کزەی بەربەیان
فیدات بم هەڵسە، بڕۆ بێ وچان
نامەی گوشادی کوردو کوردستان
هەڵگرە بیبە بۆ شاخی بارزان
بڵێ مژدە بێ ئەی کێوی سەربەرز
دێنەوە وڵات شێرانی نەبەز
رۆڵەی ئازادین، هاوڕێی دڵسۆزن
خەمخواری گەل و خاکی پیرۆزن
ئەوان رابەری گشت تیرەو هۆزن
بانگدەری مژدەی جەژنی نەورۆزن
بڵێ موژدەبێ، موژدەی یەکجاری
گەل رزگار ئەبێ لەدەست زۆرداری
بڵێ مژدەبێ بەسەرچوو گریان
بەسەرچوو رۆژی شین و قوڕ پێوان
بەسەرچوو بۆ گەل کەلەپچەو زیندان
ئاسایش خوازی بکرێ بەتاوان

کاروانی گەلان لەرێی ئازادی
دێتە گوێ دەنگی زەنگۆڕێ شادی

ئەوجا بای شەماڵ لەوێوە بڕۆ
بۆ دهۆک، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ
بۆ مووسڵ، ژەنگار، دیاربەکر، شنۆ
بۆ سنەو سابڵاخ، سلێمانی، کۆ

بەسەر کەرکووک و هەولێر راببرە
گوێ لەئاوازی ئازادی بگرە

ئەوجا بای شەماڵ رۆیشت گەڕاوە
گەشتێکی وایکرد لەهەموو لاوە
لەشار، لەلادێ، لەم لا، لەولاوە
هەرچی بیستبووی بۆمی گێڕاوە

ئەڵێ هەر کوردە وەک شێری ژیان
سوێند ئەخوا بە کورد خاکی کوردستان

لەمەولا ئەبێ هەر تێکۆشەر بین
بەوێنەی تیرو شیرو خەنجەر بین
هەڵبڕی ئاسک و گیانی تێکدەر بین
کوشندەی هەموو چینی شەڕکەر بین

هەر بەتێکۆشان بەهەوڵ وخەبات
گەل ئازاد ئەبێ ئەگات بەئاوات

سوێند بەو دارە بێ لەبن قووت کرا
سوێند بەو بەردە بێ بەخوێن سوورکرا
سوێند بەو دایکە بێ کە جەرگی بڕا
سوێند بەو باوکە بێ کە رۆڵەی کوژرا

سوێند بەسێدارەو بەخوێنی گەش بێ
سوێند بەوڵاتی کوردی بەش بەش بێ

کۆڵ نادەین ئێمە هەرگیز ناوەستین
زۆر زۆر لەمێژە لەدوژمن پەستین
خاوەنی هۆش و زانین و هەستین
ئەبێ یەک بیرو یەک دەنگ و هەست بین

ئێمەش ئێستاکە ئازادی خوازین
بۆ گشت گەلان و بۆ کورد دەخوازین

کوردیش خاوەنی نیشتیمانێکە
لەمێژووی گەلان قارەمانێکە
بیری یەکێتی کوردستانێکە
تایبەتی خاوەن کە داستانێکە

بۆ کورد سەربەستی و سەربەخۆیەتی
مافی خۆیەتی مافی خۆیەتی

DÎWANÎ EWNÎ

ÇAPÎ YEKEM

1997

Çapxaney Perwerde - HEWLÊR